



موستەفا ئیبراهیم زەڵمی

کاروانی ژیانم


بسم الله الرحمن الرحيم



کاروانی ژیانم



کاروانی ژیانم

بەرگی یەکەم

١٩٢٤- ١٩٥٥



دکتۆر

موستەفا ئیبراهیم زەڵمی

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی بەڕێز
(دکتۆر ئەرسەلان بایز)
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
چاپکراوە

کاروانی ژیانم

- دکتۆر موستەفا ئیبراهیم زەڵمی
- پێداچوونەوەی : مەسعود مستەفا زەڵمی - ڕێدار ئەحمەد
- نەخشەسازی ناوەوە: جمعە صدیق کاکە
- سەرپەرشتی : ڕێدار ڕەئوف ئەحمەد
- چاپی یەکەم - ٢٠١٤
- سەرپەرشتی چاپ : یاسر یە عقوبی
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٦٢٠) ٢٠١٣ پێدراوە

تێبینی: مەبەست لە فرۆشتنی ئەم کتێبە تەنها دابینکردنی تێچوونی چاپی داهاتوویەتی.

http://zalmi.org/arabic
dr.alzalmi@gmail.com
facebook.com/dr.alzalmi

ناوەرۆك

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

لە بەهاری ساڵی ١٩٢٤ز لە دێی زەڵم هاتومەتە ئەم دونیایەوە، تا ئێستا کە تەمەنم ٧٧ ساڵەو[1] یاداشتەکانم دەنووسمەوە، نە لەم دونیایە گەیشتم و نە لەو کەسانەی لە گەڵیاندا ژیام، بیروباوەڕم بەخوای گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) و ئاینی ئیسلام زۆر پتەو و بەهێزە، چونکە ئەم بیروباوەڕەم لە ڕێگەی دواکەوتنی دایك و باوکەوە نەبوو - ئیمانی تەقلیدی- بەڵکو لەماوەی ژیانمدا لە نێوان بەراوردکردنی ئاینی ئیسلام و هەموو یاسای دەوڵەتان و بیروباوەڕی جیاوازو ئاینەکانی تر زیاتر لە چل ساڵ و، تێکەڵاویم لەگەڵ خەڵکی جیاوازی جۆر بەجۆر ئەم بیروباوەڕەم بۆ دروست بوو، شتێکم نەدی ئیسلام بڵێت مەیکە ژیری بڵێت بیکە، هەروەها بە پێچەوانەی ئەوەوە شتێکم نەدی ئیسلام بڵێت بیکە ژیری بڵێت مەیکە، گەورەترین شت بۆ ژیانی ئادەمیزاد لە ئیسلامدا ئەوەیە پەیوەندیت دەبەستیت بەهێزێکی نادیارەوە کە پێی دەوترێت - خوا- تەنها ئەو نادیارە دەتوانێت ڕۆحی نادیارمان خۆشحاڵ بکات و، هەر تەنها ئەوە دەتوانێت ڕۆحی نادیارمان لە ژەنگ و پیسیی جیهانی مادده ڕزگار بکات. تەنها ئەشقی خوای نادیارە خۆشییەکانی بێ سنووورە وەك زەریاکان.

مەبەستم لە ئیسلام نوێژ و ڕۆژو و حەج و زەکات و ڕیش هێشتنەوە نیە کە لە قورئاندا لە (١٠٠) ئایەت کەمتر باسی دەکات، کەس بیر لەوە ناکاتەوە کە بەشەکانی تری قورئانی پیرۆز باسی چی دەکات؟

---

[1] ساڵی ٢٠٠١ دەست بە نووسینی یاداشتەکان کراوە.

مەبەستم لە ئیسلام لێرەدا شتە ماددیەکان نیە، بەڵکو ئاشق بوونی ڕۆحی نادیارمان بە خوای مەزنی نادیار.


لێرەدا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە زەریای ئیسلام بە هەزاران کەشتی خۆشی و کەشتی ڕزگارکردن بۆ مرۆڤایەتی تێدا دەسوڕێتەوە، بۆیە باسکردنی ئەم زەریا گەورەیە نەك بە من، بە هەزارانی وەك من ناکرێت.

تەنها پێناسەکردنی دڵۆپەیەك لە زەریای ئیسلام دوو ڕاستی نیشان دەدات:

یەك: بە هەزاران قەڵەم ناتوانن تەواوی جوانی و نهێنی ئەم زەریایە نیشان بدەن، بۆیە من بە تەنها بە پێناسەکردنی دڵۆپەیەك فێرار دەکەم لەم زەریا گەورەیە.

دوو: کورد گۆتەنی (مشتێك گەنم نموونەی خەروارێکە)، بۆیە تواناى ناساندنی من تەنها ناساندنی دڵۆپەیەکە لەو زەریا گەورەیە.

(٨٠٪)ی ئادەمیزاد زیاتر لە (٦٠) ساڵ ناژین، ئەم شەست ساڵەی نیوەی بەشەو و بەخەو تەواو دەبێت، تا چوار یەکێکی تەواو دەبێت کە پانزە ساڵە مرۆڤ چاکی و خراپی نافامێ و دەستی ڕاست و چەپی لەیەك جیا ناکاتەوە، واتە ئەم ماوەیە بەژیانی ڕاستەقینە ناژمێرێ و شەش یەکێکی لە (١٠) ساڵدا بە نەخۆشی و ئازار و ناخۆشی بەسەر دەبات کە هیچ سوود لەم ماوەیە وەرناگرێت، واتە لەو شەست ساڵە تەنیا (پێنج) ساڵی وەك ئادەمیزاد دەژی.





بەشی یەکەم

سەرەتای ژیانم و سەردەمی فەقێیەتیم
(١٩٢٤-١٩٤٥ز)




زەڵــم



زەڵم لەچیەوە هاتووە؟

تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە بۆم کە بنچینەی ئەم ناوە لە چیەوە هاتووە؟
بەڵام لە فەرهەنگەکاندا گەڕام دەڵێن ناوی گیایەکە نە گوڵ دەکات و نە بەری هەیە.
ئەمەش دەگونجێ ئەم جۆرە گیایە بەشاخەکانی زەڵمەوە هەبێت بەڵام نازانم چیە.
هەندێك دەڵێن زەڵم ناوی ئاوەکە بووە، پێی وتراوە زێی (لولو)، ئەم مانایە لە مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرسم وەرگرت (خوا تەمەنی زیاد بکات)، فەرموی: مامۆستا مەلا بەها کە پیاوێکی بە تەمەن و پیاو چاك بوو لە بیارەدا وتی: من لە سەرچاوەیەکدا دیومە کە دەڵێن زەڵم لە (زێی لولو)دەوە هاتووە، ناوی ئاوەکەیە و کاتێك (لۆلۆ)[1]ەکان حوکمڕانی ئەو ناوچەیان کردووە ناوەکە دراوەتە پاڵ ئەوان و لە پاشاندا بەدرێژایی ڕۆژ وشەکە گۆڕاوە تا

---

[1] لولوەکان: خوالێخۆشبوو مامۆستا (محمد أمین زەکی) لە بەرگی دووەمی کتێبەکەی (تأریخ الدول والامارات الکردیة) (١٩٤٥م/مصر/ص٢) دەڵێت: حکومەتی لولوەکان شتێکی وا تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە یان نیە کە باسی مێژووی تەواویان بکات بەڵام ئەوەی دیارە ئەمان لەسەردەمی (سرجون) و (نرام سین) کە هەردووکیان (ئەکەد)ی بوون باسیان هاتووە، سنوری لولوەکان لای (ئاررافا=کرکوك) و (کاسیەکان) واتە ئەو جێگەیە ئێستای ناوچەی سلێمانی و دەورویەری دەکات.

بووەتە وشەی (زەڵم)، ئەمە زۆر نزیکە لە ڕاستیەوە چونکە هەندێك ڕووبار هەن لە عێراقدا پێیان دەوترێ (زێ) وەك زێی بچوك و زێی گەورە کە دەچنە سەر ڕووباری دیجلە.

وشەی (زێ) واتە چەم و ڕووبار.

لە سەرچاوەیەکی دیکەم وەرگرت کە زەڵم ناوی کوڕی یەکێك لەو ئەمیرانە بووە کە حوکمڕانی شارەزووریان کردووە لە مێژوویەکی کۆنەوە، خوالێخۆشبوو مەلا جەلالی سەعاتچی نیشتەجێی ئەو گەرەکە بوو لە سلێمانی کە من مەلا بووم لە (١٩٤٩- ١٩٥٥)، زۆر تێکەڵی هەبوو لە گەڵم و خۆی بەخاوەنی مزگەوتەکە دەزانی چونکە لە نەوەی مەلای پێشوی ئەو مزگەوتە بوو کە ناوی مزگەوتی مەلای ئەحمەدی هەرمەنی بوو، کتێبێکی مێژوویی هەبوو (ناوەکەی و دانەرەکەیم لەبیر نەماون) باسی ئەوانەی ئەکرد کە لەپێش ئیسلامدا حوکمی شارەزووریان کردووە، لەو سەرچاوەیەدا دەیوت زەڵم ناوی کوڕی یەکێك لەحوکمڕانەکانی شارەزوور بووە، کە دوو کوڕی هەبووە، یەکێکیان ناوی میر (خورماڵ) بووە و، ئەوی تریان ناوی میر (زەڵم) بووە، لەبەرئەوە ئەو شوێنەی کە ئێستا پێی ئەڵێن (خورماڵ) بەناوی ئەو کوڕەوە ناونراوە و چەمی زەڵمیش بەناوی کوڕەکەی ترەوە ناونراوە.

هەندێ لە دانیشتوانی دێکە دەڵێن (زەڵم) لە (سەرزێڵێ)ە وە هاتووە کە یەکەم دێیەك بووە باو و باپیرمان تیایدا جێگیر بوون بۆ یەکەم جار لە نزیکی قەڵاکەی (خان أحمد خان) کە ئێستا پێی ئەوترێت (بەرقەلا)، کاتێك هاتونەتە چەمی زەڵم بۆ یەکەمجار لەوشوێنە خانوویان کردووە و ناوی ئەو دێیە – سەرزێڵێ - بووە دواتر گۆڕاوە بۆ زەڵم.

بەڵام لە هەموویان شیاوتر سەرچاوەی دووەمە کە زەڵم ناوی ئاوەکە بووە پێی وتراوە زێی (لۆلۆ)، هەروەك ئێستا بەدوو ڕووبارە گەورەکەی کە ئەچنە سەر دیجلە ئەوترێت زێی بچوك و زێی گەورە.

"زەڵم"[1] بەکاردەهێنرێت بۆ دێکە پێی دەوترێت دێی زەڵم و، بۆ تاڤگەکە پێی دەوترێت تاڤگەی زەڵم، هەروەها چەمەکەش هەتا تێکەڵاوی ڕووباری تانجەرۆ دەبێت لەدوواوان پێی دەوترێت چەمی زەڵم.

---

[1] لە کتێبی (مذكرات مامون بگ بن بیگە بگ) دەڵێت: (قلعة ظالم) کە تورکەکان وایان پێ دەوت، کە سەنتەری حوکمڕانی شارەزوور بووە، مێژوونووسانی عەرەب ناویان بردووە بە (زەڵم- زلم) (یاقوت الحموی، معجم البلدان بیروت ١٤٦، ١٠، ١٩٥٧)، beuetemc,xxxi,١٣٢. (مذكرات مامون بگ بن بیگە بگ،ص٨، ترجمە محمد جمیل ڕۆژبەیانی و شکور مصطفی، بغداد/ ١٩٨٠).

(زەڵم) بە هەڵە لە فەرمانگەی میریدا بە - ظلم- دەنوسرێت و ئەمەش ڕاست نیە چونکە پیتی (ظ) لە کوردیدا نیە، جگە لەوەش هەندێ برادەر کە پەیوەندیان بە (ئەحمەد ئاوا)وە هەبوو کە کەوتۆتە خوارەوەی زەڵمەوە ناوی هاوینە هەوارەکەیان گۆڕی لە جیاتی (هاوینە هەواری زەڵم) کرا بە (هاوینە هەواری ئەحمەد ئاوا)، لە ڕاستیدا هاوینەهەوارەکە هی سەرچاوەی زەڵمە بەڵام دراوە بە ئەحمەد ئاوا، کە ئاو و باخێکی ئەو تۆی تێدا نیەو موڵکیشیان لەزەڵمدا نیە.



دێی زەڵم و شاخی زەردا

شاخی زەردا زیاتر لە (٢٠٠) هێلانەی (داڵ)ی تیا بوو، پاش ساڵی (١٩٨٨ز) کاتێك بەر شاڵاوی کیمیاویباران کەوت داڵەکان فەوتان و نەمان و نەهاتنەوە.

ئەم داڵانە ئاوی زەڵمیان نەدەخواردەوە چونکە ئاوی زەڵم قورس بوو، دەچوون ئاوی(داڵانی)یان دەخواردەوە، شاخی داڵانیش بەهۆی زۆری داڵەوە ناوی داڵانی بەسەردا بڕاوە.

ناوبردنی هاوینەهەواری زەڵم بە هاوینەهەواری ئەحمە ئاوا وەك ئەوەیە کە مەولەوی دەفەرموێ:

(زەڵم) بە هەڵە لە فەرمانگەی میریدا بە - ظلم- دەنوسرێت و ئەمەش ڕاست نیە چونکە پیتی (ظ) لە کوردیدا نیە، جگە لەوەش هەندێ برادەر کە پەیوەندیان بە (ئەحمەد ئاوا)وە هەبوو کە کەوتۆتە خوارەوەی زەڵمەوە ناوی هاوینە هەوارەکەیان گۆڕی لە جیاتی (هاوینە هەواری زەڵم) کرا بە (هاوینە هەواری ئەحمەد ئاوا)، لە ڕاستیدا هاوینەهەوارەکە هی سەرچاوەی زەڵمە بەڵام دراوە بە ئەحمەد ئاوا، کە ئاو و باخێکی ئەو تۆی تێدا نیەو مولکیشیان لەزەڵمدا نیە.



دێی زەڵم و شاخی زەردا

شاخی زەردا زیاتر لە (٢٠٠) هێلانەی (داڵ)ی تیا بوو، پاش ساڵی (١٩٨٨ز) کاتێك بەر شاڵاوی کیمیاویباران کەوت داڵەکان فەوتان و نەمان و نەهاتنەوە.

ئەم داڵانە ئاوی زەڵمیان نەدەخواردەوە چونکە ئاوی زەڵم قورس بوو، دەچوون ناوی(داڵانی)یان دەخواردەوە، شاخی داڵانیش بەهۆی زۆری داڵەوە ناوی داڵانی بەسەردا بڕاوە.

ناوبردنی هاوینەهەواری زەڵم بە هاوینەهەواری ئەحمە ئاوا وەك ئەوەیە کە مەولەوی دەفەرموێ:

من و (شەوال) هەردوو هام دەردین
کەلارە نشین هەناسە سەردین
غورە غورەی ئەو، صەفاش پەی غەیرێ
ئازیز قیبلەی من، وەفاش پەی غەیرێ.

واتە: ڕۆژی یەکەمی شەوال هی مانگی شەواڵە کەچی دراوە بە ڕەمەزان، پێی دەوترێت جەژنی ڕەمەزان، هەروەها ئازیزەکەم یار و دۆستی منە کەچی وەفاداری بۆ یەکێکی ترە کە گۆڕەکەیەتی.

زەڵم کەوتوەتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی زیاتر لە (٧٠)کم دوورە لەو شارەوە، بریتیە لە دۆڵێك درێژاییەکەی نزیکەی (٢٠کم) دەبێت، ئاو بە ناوەڕاستی دۆڵەکەدا دێتە خوارەوە، تاڤگە لەسەر تاڤگە تا دەگاتە دەشتی شارەزوور بەبەردەمی دێی ئەحمەدئاوا، ئەمبەر و ئەوبەری دۆڵەکە شاخ و تەپۆڵکەیە و ئەم بەرو ئەوبەری ئاوەکە کاتی خۆی باخ و باخات بوو جۆرەها میوەی تیادا بوو.

بەڵام لە پاشاندا لە ساڵی ١٩٧٩ میری هەڵستا بە گواستنەوەی دانیشتوانی دێیەکە و کۆچی پێ کردن، باخەکان هەمووی وشك بوون، ماوەی پێنج شەش ساڵ لەمەو پێش ئاوەدان کرایەوە، لە(١٣٠) ماڵ نزیکەی (٣٠) ماڵێك گەڕانەوە ئاواییەکە.
سەرلەنوێ دەستیان کردەوە بە ئاوەدانکردنەوەی باخەکان.

دێی زەڵم نزیکە لە سنوری ئێران و هەوارێك هەیە کە پێی دەوترێت (داڵانی)، جاران مانگی سێیەمی بەهار و مانگی یەکەمی هاوین ئەوەی مەڕ و ماڵاتی هەبوایە دەچوون بۆ ئەو کوێستانە، لوتکەی ئەو داڵانیە (٢٠٠٠) پێ لە ئاستی دەریاوە بەرزەو، کانیاوێکی زۆر ساردی تێدایە وەك بەفراوە، گیای ناو شاخەکان هەموو بۆندارن و بۆنێکی زۆر خۆشیان هەیە کە لە سروشتەوە ڕواوون لە نێوان شاخەکاندا وەك (بەرزە لنگ) و (سور هەڵاڵە) و (مێزە مێزە) و (چنور)و (شلێر)، بۆنیان ئەوەندە خۆشە عەتری فەرەنسی و ئینگلیزی نایانگاتێ، شاخی - داڵانی- چەند دۆڵێکی گەورەی تێدا دێتە خوارێ بۆ دەشتاییەکە کە پێی دەوترێت (کەڕەجاڵ)، ئەویش هەوارگەیەکە پێش ئەوەی خەڵکەکە بچنە داڵانی بۆ ماوەی دوو هەفتەیەك لە وێ دەمانەوە تا سەرماکەی داڵانی تۆزێك کەم دەبووەوە، پەناگاش بووە بۆ خۆ حەشاردان لەدوژمن.

لە باکوری دێیەکەدا شاخێکی زۆر بەرز هەیە پێی دەوترێت شاخی - زەردا-، بەرامبەر بەو شاخە بەو بەری دێیەکەوە لە باشوریەوە شاخ و تەپێکی زۆر بەرز هەیە و ئەشکەوتێکی گەورەی تیادایە کە پێی دەوترێت (ئەشکەوتی گردە)، هەروەها شاخێکی گەورە هەیە لە باشوری رۆژهەلاتی دێیەکەوە پێی دەوترێت (قەلاَ سۆلێ)، خۆشی و جوانی سروشتی دێی زەلّم بە ئاو و شاخ و باخەوە مرۆڤ ناتوانێت بەزمان یان بەقەلّەم باسی بکات.

ئاوی زەلّم دێتە خوارەوە بۆ ناو شارەزوورو بۆ کشتوکالّ بەکاردەهێنرێتو، چەند جۆگای گەورەی لێ هەلّگیراوە:

یەکەمیان (دەیمەجۆ)، دووەم (دەلێن)، سێیەم (جۆگەی قولّنگە چین)، چوارەم (گەنەبۆ)، بەناو چەمەکەشدا هەندێك لە ئاوەکە دەمایەوە دەچوو بۆ خورمالّ، ئەو ئاوی زەلّمە بەدەشتی شارەزووردا دەهاتەخوارەوە تاوەکو تێکەلّ دەبوو لەگەلّ ئاوی تانجەرۆ (ئاوی تانجەرۆ دەرژێتە رووباری سیروان)، کە ئەم رووبارە پاش ئەوەی دەگاتە خاکی عەرەبستان پێی دەوترێت رووباری دیالیو، جۆگای خالصیشی لێ جیا ئەکرێتەوە.

لە دەوروپشتی دێی زەلّمدا دێهاتی زۆر هەبوو لە باکوریەوە دێی (هانەی قولّ) و (ئێلاَن پێ) و (بانی شار)، لە رۆژهەلاَتیشەوە دێی (دەرەی مەڕ)، (سەرگەت)، (گولّپ)و، لەپشت دێی زەلّمیشەوە گوندی (دزلّی) هەیە کەئەکەوێتە ئەو دیوی شاخی دالاَنیەوە کە بەنیشتەجێی (مەحمود خان)ی دزلّی بەناوبانگە. بەلاَم بەداخەوە ئەم دێهاتانە هەندێکن لەو (٤٥٠٠) دێیەی کوردستان، کەهەموویان ڕاگوێزکران و دانیشتوانەکانیان سالّی ١٩٧٨ بردنیانە ناو بەندینخانەکانەوە کە پێیان دەوترێت (ئۆردوگای زۆرەملێ) و، بێ بەشکران لە سوود وەرگرتن لە ئاو و خاکی باو و باپیریان کە بە هەزاران سالّ تێیدا ژیاون لە پێش گەلەکانی تری عێراقەوە. ئەم کردەوە نارەوایە زیانێکی زۆری هەبوو بۆ هەموو گەلی عێراق بەشێوەیەکی گشتی و بۆ گەلی کورد بەشێوەیەکی تایبەتی، چونکە دانیشتوانی ئەم دێهاتانە بەرهەمێکی زۆریان هەبوو لە کشتوکالّ و مەڕ و مالاَت و باخ جگە لەوە کەسابەتی تریان دەکرد و شتیان لە عێراقەوە دەبرد بۆ ئێران و بە پێچەوانەوە سودێکی زۆریان وەردەگرت لەم ئالوگۆڕە.

بەلاَم وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَ مَعَ العُسْرِ يُسْراً﴾ واتە لەگەلّ هەموو تەنگانەیەك رووناکی و ئاسانیەك هەیە.

کورد لەبەرئەوەی بێ تاوان بوو، بێ گوناه بوو، ئەوەی لەگەڵ کرا خوا دەرگایەکی تری بۆ کردەوە، ئەوەی کە ویستی بچێتەوە شوێنی خۆی لەرێگەی ئەو دەرگایەوە گەڕایەوە ئێستا نزیکەی (٣٠) ماڵی تیایە کە جاران زیاتر لە (١٣٠) ماڵ بوون.

سەر لە نوێ ئاوەدان کراوەتەوە و دەستیان کردووە بە درەخت ناشتن، هەندێك لەو درەختانە هاتوونەتە بەرهەم، هەروەها دەستیان کردووە بە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات، هەروەك لە دێهاتەکانی تریشدا هەندێك لە دانیشتوانەکان گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی باو و باپیرانیان.

هیوادارم کورد لەنێوان خۆیاندا یەك بن بۆ ئەوەی ئەو دەرگایەی بۆی کراوەتەوە جارێکی تر دانەخرێت.



تاڤگەی زەڵم:

ئەم تاڤگەیە یەکێکە لە تاڤگە سەرنج راکێشەکان لە کوردستاندا، ئاوەکەی لەنزیکی لوتکەی شاخەکەوە دێتە دەرەوە، ئەو تاڤگەی لێ دروست بووە، خۆی لە ناوەوە لە ئەشکەوتێکدا هەڵدەقوڵێت وئاوی ئەشکەوتەکە زۆر دوور و درێژە تا ئێستا دانیشتوانی دێیەکە نەیانتوانیوە بگەنە کۆتایی ئەشکەوتەکە.

دوو دەرگای تیادایە یەکێکیان ئاوەکەی تیادا دێتە دەرەوە ئەوی تریان کەوتۆتە لاوە بەهاویناندا کە ئاو کەم دەبێت مرۆڤ دەتوانێت بچێتە ژوورەوە، هەندێك جار دانیشتوانی دێیەکە بەچرا چوونەتە ژوورەوە بۆ ماوەیەکی زۆر بەناو ئەشکەوتەکەدا رۆشتوون کە وشکاییە

بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیوە بزانن لە کویّ کۆتایی دێت، لەنزیك داڵانیەوە کونێکی هەیە کایان تێکردووە لەسەرچاوەی زەڵمەوە دەرچووە.

جوانی تاڤگەی زەڵم کەڵە شاعیرەکانی کوردی هێناوەتە گۆ، ئەوەتا حەزرەتی (مەولەوی) دەفەرموێت:

وەهاران، سەیرەن، سەوزەی دیاران
نم کەوت نە دەیدەش چون شەو بێداران
پەی دڵەی مانیای دەروون مەلاّن
سایە بەستەوە خەیمەی گوڵاّن
بۆی یەخەی سەحەر پەی دەماخ دڵ
مانۆ وەنەسیم جێب جەمین گوڵ
چوون دێوانەیێ، شۆر ئازیز نەسەردا
شەتاو سەر هۆر گرت وە دەشت و دەردا

واتە: بەهارە وەختی تەماشایە سەوزە گیای دەشت و کێوەکان ئاوەنگ نیشتووەتە سەرچاویان، وەك پیاوانی خواپەرست کە شەو ناخەون و بیر لە خوا ئەکەنەوە فرمێسك لە چاویان ئەدرەوشێتەوە.

مانیا=ماندوو: واتە خێوەتی گوڵاڵەکان سێبەریان کردووە بۆ دڵی ماندووی دڵ پڕ لە خەفەتەکان.

مانۆ: لەوە ئەچیّ، جیب: سینگ و پەڕ، واتە: بۆنی بەرەبەیان لە هەوای سنگ و بەرۆکی نازداران ئەچێت لە خۆش کردنی دەماخی دڵدا.

شور: عەشق.

مەولەوی لە شیعرێکی دیکەیدا کەباسی کۆچی جافەکان بۆ کوێستان دەکات، باسی زەڵمیش دەکات و دەڵێت:

گێج مەدا سەبوون شارەزوور دڵ
سیروان هوناو دەروونش گوڵ گوڵ
واژاوش مەویەرد نە دەماخ دەمدەم
تاف مەوەست سەراو چەرخ "زەڵم" چەم
عەدەمش نەپووش هەستی مەکەرد ساف

منمانا چون خەس هەستیش نەرووی تاف
هەوای هاژەی تاف بەردەبێ هۆشم
بەڵام ئەی چەند بەیت ماما نە گۆشم:

واتە: هەناسەی گەرمی دڵی وەك بای سەبوونی شارەزوور بەتینە، گێژی ئەخواردو خوێناوی دەروونی ئەوەندەی ئاوی سیروان زۆرەو هاتبوە کوڵ، ئەو خوێناوەی دەروونی تاوبەتاو لەبەر زۆری لە لوتیەوە سەری ئەکردو ئاوی(چاوی) وەك چەمی زەڵم تاڤگەی ئەبەست، هەوای تاڤگەی ئاوی چاوی هۆشی لانەهێشتبووم، هەرئەوەنە بوو گوێم لەم چەند شیعرە بوولەلەشی وەك پوشیەوە بەسەر ئاوی تاڤگەکەوە، پاش ئەوە بەچەند بەیتێك مەولەوی شینەکەی بۆ کۆچی جاف تەواو دەکات.

هەروەها خوالێخۆشبوو شاعیری مەزن - پیرەمێرد- ئەم پارچە شیعرەی بەسەر زەڵمدا وتووە لە ساڵی (١٩٥٢) و دەفەرموێت:

ئاوە جوانەکەی سەرچاوەی زەڵم
بۆ گەلا ڕێزان سەر بەتەم و هەڵم
ئەڵێی سەرچاوەی بەختی کوردانی
سەرەوتت نیە وێڵی هەردانی
تاڤگەکەت سەربەرز ساردە وەك تەرزە
دانەی مرواری لەنجەی سەر تەرزە
لەو ئاسمانەوە ئەڕژێتە خوارێ
لە چاوی گەردون فرمێسك ئەبارێ
وێنەی عاشقی کە ناڵە کاربێ
سەحرانە وەرد بێ پەیجوری یار بێ
وێڵ و سەرەڕۆ، بە ڕۆ ڕۆی پڕ دەرد
بە قەڵبەزەوە سەر ئەدەی لەبەرد
دەست لە ملانی لەگەڵ تانجەڕۆ
بە سەودای سیروان شەیدا و ڕەنجەڕۆ
لە دواوان دا کە یەك ئەکەوی
دوو میسرەعی بوو بەیتی مەولەوی

سیروانی ئەم چەم تانجەرۆی ئەو چەم
بدەن بەیەك دا ئەم چەم تا ئەو چەم
مەوەستە بڕۆ بە لم و خاك دا
بگری لەبارگەی سلمانی پاك دا
پێی بلێ قوربان تۆ ناوت پاکە
بانخەرە ڕێی یەکێتی و چاکە
لەبەر ئاودێری ئەو خاکە دێمە
کە پاراو ئەبێ بەئاوی ئێمە
با گول و نێرگز هەردوو پێکەوە
شاد بن بەدلی ڕێك و پێکەوە

زەلم لەبەر سروشتی شوێنەکەی کە هەر چوار سنورەکەی بە شاخی گەورە گیراوە، وا دیارە لە کۆندا ئەوانەی کە حوکمڕانی ئەو ولاتەیان کردووە پایتەختەکەیان لە زەلمدا بووە، چونکە زۆر شت هەیە لە دیوار و شورای کۆن نیشانی دەدا کە ئەمە شوێنی ئەوانە بوون کە مەترسیان لە دوژمن بووە.

لە نزیکی دێیەکە شوێنێك هەیە پێی دەوترێت (تەپۆڵە)[1]، شوێنێکی زۆر بەرزە بەسەر هەموو شارەزووردا دەڕوانێت، ئەو ژوورانەی لەوێ دروست کراون، لە ژوری قەلا و کۆشکی سەرۆکایەتی دەکەن وبەردی دیوارەکان گەورەن و چوار سوچن، مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ کە چۆن ئەو بەردە گەورانە لەسەر یەك دانراون.

لە نزیکی ئەو شوێنەدا لە ناوەڕاستەکەیدا شاخێکی زۆر بەرز هەیە، بەرامبەری لەسەر شاخەکەی تر کۆشکی کوڕان هەیە ودۆڵەکە پێی دەلێن چەمی (وشکە ناو)، ژورێك تاشراوە لە پال ژوورەکەدا حەوز و ئاوێك دروستکراوە، دانیشتوانی دێیەکە بەو شوێنەیان دەوت (کۆشکەو کناچا) واتە (کۆشکی کچان)، وادیارە ئەم شوێنە دروست کراوە بۆ ژنی حوکمڕانی ئەو شوێنە.

لەو شوێنانەی کە نزیکن لەوێ زۆر گۆڕستان دۆزراوەتەوە کە مردووەکانیان لە نێو کوپەی گەورەی سورەوکراوەدا نێژراون و، هەندێکیان لەگەل مردووەکەدا شتیان تیادایە وەك خشل و مورو ئەو کەرەستانە بووە کە بۆ جەنگ لەو سەردەمەدا بەکارهاتووە.

---

[1] تەپۆڵە: ئەم شارە (زوور بن الضحاك) دروستی کردوە (قاموس المحیط).

زەڵم جێگەی حوکمڕانی ئەردەڵانیەکان بووە، ئێستا قەڵایەك هەیە لەبەردەمی شاخێکی بەرزدا لە شوێنێکی بەرزایی دا کەپێی دەوترێت قەڵای (خان ئەحمەد خان)[1].

زەڵم لە پاش هاتنی ئاینی ئیسلام سێ جار بووە بە پایتەختی ئەردەڵانیەکان لە کاتێکدا کە حوکمڕانی کوردستانی عێراق و ئێران بوون، وا دیارە ئەوکاتیش هەروەك ئێستا وا بووە هەر بەشێك لە کوردەکان یارمەتی فارس و عەرەب و تورکیان داوە لە دژی ئەوانەی کە ویستوویانە قەوارەیەك بۆ ئەم میللەتە دروست بکەن.

هەرجار کە دوژمن زۆری هێنا بێت بۆ ئەردەڵانیەکان پایتەختەکەیان بردۆتە زەڵم، چونکە هەر چوار دەوری شاخ و بەرزاییە و بە هێزێکی کەم بەربەرەکانی دوژمنی پێ ئەکرێت کاتێك بیەوێت بچێتە ئەوێ، بۆ نمونە ساڵی ١٩٧٥ کە سوپای عێراق شەڕی دەکرد لەگەڵ کورددا نەیتوانی بچێتە زەڵم تاوەکو ڕێکەوتنی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێران کرا دژی کورد، کەبەشدار بووانی ئەو ڕێکەوتنەی دژی کورد ئیمزا کرا بریتی بوو لە محەمەد رازا شای ئێران و هەواری بومەدینی جەزائیرو سەدام حوسێن لە عێراق و بەسەرپەرشتی ئەمریکا.

ئەردەڵان لە چییەوە هاتووە:

ئەردەڵانیەکان نەوەی (قوباد ئەردەڵان) بوون کە پێیان وتووە (بابا ئەردەڵ)، قوباد لە ساڵی (١٣٢ك)[2] خوراسانی ئێرانی بەجێ هێشتووە هاتووەتە عێراق، ماوەیەك حوکمڕانی موسڵ و دیاربەکری کردووە لە پاشا ناوچەی شارەزووری گرتۆتە دەست، بەم جۆرە زنجیرەی ئەردەڵانیەکان کە حوکمڕانی ناوچەی شارەزوور بوون تا ساڵی (٥٦٤ ك) کە پایتەختەکەی زەڵم بووە خوالێخۆشبوو (مەردۆخ) لە مێژووەکەیدا ئەڵێت[3]:

تا ساڵی ٥٦٤ سلسلەی ئەردەڵان : (در نواحی شهرزور حکومت داشته اند و قلعه (زلم) را مقر حکمرانی خود ساخته اند).

لە پاشا لە کاتی حوکمڕانی (کلول بەگ ی ئەردەڵان) کە ماوەی (٢٣) ساڵ حوکمڕانی کردووە (٦٠٦ك- ٦٢٩ك) پایتەختەکەی لە زەڵمەوە گواستۆتەوە بۆ پلنگانی هەورامان- دیارە ئەوێ شوێنێکی سەخت و شاخاوییە- یەکێکە لە دێهاتەکانی کوردستانی ئێران.

---

[1] ئەم قەڵایە، سەکۆیەك بەشاخەکە دروست کراوە کە (١٤) چین دیوار بە قسڵ و کەچ کراوە.

[2] ئەمە لە کاتێکدا بووە کە (أبو مسلم خراسانی) لە زەمانی السفاح ابو العباس (عبدالله عباس) دیارە بەجێ هێشتنی خوراسانی لەبەربەربەرەکانی (عەباسیەکان- ابو مسلم خراسانی) بووە.

[3] تاریخ مەردۆخ تاریخ کورد و کوردستان - بەرگی دووەم- لا ٩٠ چاپی سێیەم.

حوکمڕانی ئەردەڵانیەکان بۆ کوردستانی عێراق و ئێران:

ئەردەڵانیەکان بۆ ماوەی زیاتر لە (٦٠٠) ساڵ حوکمڕانی هەموو کوردستانی عێراق و ئێران بوون. سنووری کوردستان ئەوکاتە بەجۆرە بووە:

١- ڕۆژهەڵات: هەمەدان، ئەو شارانەی کە لە ڕیزی هەمەدان بوون لە لایەن ڕۆژئاواوە.

٢- ڕۆژئاوا: کەرکوك، هەولێر، موسڵ.

٣- باکور: زنجان، ئەو شارانەی لە ڕیزی زنجان بوون.

٤- باشور: کرمانشاه، ئەو شارانەی لەڕیزی ئەوبوون لە باشورەوە.

ماوەی حوکمڕانی هەر یەکێ لە ئەردەڵانیەکان بەم جۆرەی خوارەوە بووە:

حوکمڕان	ماوەی حوکمەکەی بەمێژووی کۆچی
١- کلۆڵ بەگ	٦٠٦- ٦٢٩
٢- خدر- خضر- بەگ	٦٢٩- ٦٦٣
٣- الیاس بەگ کوڕی خدر بەگ	٦٦٣- ٧١٠
٤- خدر بەگ دووەم کوڕی الیاس بەگ	٧١٠- ٧٤٦
٥- أمیر حسن کوڕی خدر بگ	٧٤٦- ٧٨٤
٦- بابلو بەگ کوڕی أمیر حسن	٧٨٤- ٨٢٨
٧- منذر بەگ کوڕی بابلو بەگ	٨٢٨- ٨٦٢
٨- مامون بەگ کوڕی منذر بەگ	٨٦٢- ٩٠٠
٩- بگە بەگ	٩٠٠- ٩٤٢
١٠- مارن بەگی دووەم کوری بگە بەگ	٩٤٢- ٩٤٤
١١- سرخاب بەگ کوڕی مأمون بەگ یەکەم	٩٤٤- ٩٤٧
١٢- سلطان علی بگ	٩٤٧- ٩٧٥
١٣- بساط بەگ کوڕی سلطان علی بەگ	٩٧٥- ٩٨٦
١٤- تیمور خان	٩٨٦- ٩٩٦
١٥- جلوخان برای تیمورخان	٩٩٦- ١٠٢٥
١٦- خان أحمد خان	١٠٢٥- ١٠٤٦
١٧- سلیمان خان	١٠٤٦- ١٠٨٢
١٨- أحمد خانی دووەم	١٠٨٢- ١٠٩١
١٩- خسرو خانی دووەم	١٠٩١- ١١٠٧

٢٠- محمد خان ١١٠٧- ١١١٣

٢١- حسن خان علی خان ١١١٣- ١١١٨

٢٢- حسین علی خان ١١١٨- ١١٢٠

٢٣- کەیخسرو بەگ ١١٢٠- ١١٢١

٢٤- عەباس مکرخان ١١٢١- ١١٢٩

٢٥- نەجات مکرخان ١١٢٩- ١١٣٢.

ئینجا لێرەدا زنجیرەی حوکمڕانی ئەردەڵانیەکان ئەپچڕێ ئەکەوێتە دەستی بابانەکان:

*خانە پاشا بابان[1] ١١٣٢- ١١٣٦

*عەلی خان بابان ١١٣٦- ١١٤٢

دووبارە حوکمڕانی ئەکەوێتەوە ژێردەستی ئەردەڵانیەکان بەم جۆرە:

٢٦- عەباس مکرخانی ئەردەڵان ١١٤٢- ١١٤٣

٢٧- سبحانوردی خان ئەردەڵان ١١٤٣- ١١٤٨

٢٨- مصطفی خان ئەردەڵان ١١٤٨- ١١٤٩

٢٩- سبحانوردی خان ئەردەڵان (جاری دووەم) ١١٤٩- ١١٥٣

٣٠- ئەحمەد خان ئەردەڵان ١١٥٣- ١١٦١

٣١- حەسەن عەلی خان ئەردەڵان ١١٦١- ١١٦٧

*سەلیم پاشای بابان ١١٦٧- ١١٦٨

٣٢- خەسرەو خان ئەردەڵان ١١٦٨- ١١٧٧

*سلێمان پاشای بابان ١١٧٧- ١١٧٩.

شایەنی باسە خان احمد خان کاتێك حوکمڕانی کوردستانی عێراق و ئێرانی کردووە لە ماوەیەکی زۆردا پایتەختەکەی زەڵم بووە، خان أحمد خان زاوای (شاه عباس) بووە کە خوشکەکەی خۆی داوە پێی ناوی (زەرین کولاه) بووە کە بە کوردی پێی ئەوترێت (کڵاوزەڕ).

خان احمد خان پیاوێکی زۆر ناشیرین بووە، بەڵام زۆر زۆر ئازا بووە، لەسەر داواکردنی (شاه عباس) (کەرکوك و موسڵ)ی خستۆتە ژێردەسەڵاتی خۆی، (٤٠) رۆژ لە موسڵ ماوەتەوە لە پاشان ئەچێت بۆ بەغداد و، هیچ بەربەرەکانیەك دووچاری نابێت بەڵکو بە پێچەوانەوە دانیشتوەکانی بەغداد پێشوازی گەرمی ئەکەن ودیاری باشی پێشکەش ئەکەن،

---

[1] ئەمانە حوکمڕانی بابان بوون.

هەروەها وەك مەردۆخ ئەڵێت: (حەوت ساڵ و سێ مانگ) لە نێوان عەرەبەکان ماوەتەوە لە موسڵ و بەغدا لە پاشان کە گەڕاوەتەوە (شاه عباس) خەنجەرێك کە (کێلان)ەکەی هەمووی ئاڵتون دەبێت لەگەڵ (١٠٠٠ تمەنی زێڕدا) بەدیاری بۆی ئەنێرێت لە پاداشتی ئازایەکەیدا.

خان ئەحمەد خان لە خوشکەکەی شاه عباس کوڕێکی ئەبێت بە ناوی (سرخاب) و(شاه عباس) هەر بە منداڵی خوشکەزاکەی ئەباتە لای خۆی وبە خوێندن و پەروەردەیەکی پاك پەروەردەی ئەکات بۆ جێگەداری باوکی.

لە ساڵی (١٠٣٨ك) شاه عباس کۆچی دوایی ئەکات (شاه سفيه) دێتە جێگەکەی ئەبێتە شای ئێران وئەویش بۆ بەرژەوەندی خۆی لە دژی تورکەکان پەیوەندییەکی زۆر بەهێز پەیدا دەکات لەگەڵ خان أحمد خان.

بەڵام بەداخەوە کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە بەدەستی بێگانە دوژمنی خۆی بووە، بۆ نمونە (سلێمان پاشای ئەردەڵان) کە ماوەی حوکمڕانی (١٠٤٦- ١٠٨٢)بوو، بۆ ئەوەی خۆی نزیك بکاتەوە لە شاه سفيه بە شاه سفيه دەڵێت خوشکە زاکەی شاه عباس (سرخاب کوڕی خان أحمد خان) بە تەمای جێگاکەی خاڵیەتی کە (شاه عباس)ە، ئەیەوێت بەهەر جۆر بێت لەناوت بەرێت و لە جێگەی تۆ بێت بەشای ئێران، لەگەڵ ئەوەشدا کە (سلیمان خان) و (خان أحمد خان) هەردووکیان ئامۆزا بوون.

ئینجا لەبەر ئەو ناڕەواییەی کە سلیمان خان ئەیکات، شاه سفيه ئەنێرێت بەدوای (سرخاب)دا ئەڵێت پێم خۆشە ببێت دیدەنی من بکەیت، کاتێك ئەگاتە ئەوێ فەرمان ئەدات کە بە زیندوویی هەردوو چاوی هەڵکۆڵن، کە هەواڵەکە دەگات بە خان أحمد خان شێت دەبێت وئەم پارچە شیعرە دەڵێت:

بی تو أی جان جیهان بادل خونین چاکنم
بهر بیٚ چشمیت أی چشم جیهان بین چاکنم
بیٚ گنه دیده أت از حرقه بیرون ئاوردند
چشم من کور بگو پس من مسکین چاکنم

لەماوەی یەك ساڵدا بەم شێوەیە بەرای پیاو ماقوڵانی خان أحمد خان لە ژوورێکی تایبەتدا دائەنێن دوای ئەوە ئیسماعیل بەگ وەزیری خان وڵات بەڕێوە دەبات، دوای یەك ساڵ خان هۆشی دێتەوە سەر خۆی بۆ تۆڵە سەندنەوە لە (شاه صفيه) پەنا دەبات بۆ (سوڵتان مورادی عوسمانی) و، دەکەوێتە شەڕ لە دژی شاه (صفيه) پاشان شارەکانی (کرماشان، سەقز،

هەمەدان، گەرو، ورمێ، خوی) لەم شارانە کاربەدەستی خۆی دادەنێت و، دواتر لە چەند شەڕێکدا لە دژی (شاە صفیە) لەگەڵ لەشکری عوسمانیدا هێرش دەکەن و دەشکێن، لە ساڵی (١٠٤٨ك) خان ئەحمەد خان ماڵئاوایی لە ژیان دەکا، لە نزیکی گۆڕی حەزرەتی (یونس) (درودی خوای لەسەر بێت) لەشاری موسڵ دەینێژن[1].

لەدوایدا بەو هۆیەوە دوژمنایەتی ئەکەوێتە نێوان ئەوانەی لەگەڵ سرخاب بوون و ئەوانەی لەگەڵ سلێمان خان بوون وتەنیا شاە سفیە سوودی لێ وەردەگرێت.

زەڵم جارێکی تر ئەبێت بەبنکەی ئەردەڵانیەکان کاتێك فارسەکان و تورکەکان و عەرەبەکان هەروەك ئێستا پەیمان ئەبەستن لە دژی کوردەکان، بڕیار ئەدەن کۆتایی بە حوکمڕانی ئەردەڵانیەکان بێنن، ئەوانیش ئەچنەوە زەڵم بۆ ئەوەی خۆیان رزگار بکەن لە دەست ئەم دوژمنانە، ماوەیەك لەوێ ئەمێننەوە، هەواڵ دەنێرن بۆ کوردەکانی تر کە یارمەتیان بدەن بەڵام هیچ کەس ناڕوات بەدەمیانەوە لە کوردی ئێران و تورکیا و عێراق، ماوەیەك ئەمێننەوە خواردەمەنیان لێ ئەبڕێت ئەوانیش ناچار ئەبن خۆیان تەسلیمی تورکەکان بکەن وئەیان بەن بۆ (ئەستەنبوڵ) کە ئەوکاتە پایتەختی (خلافە)ی عوسمانیەکان بووە[2].

لە باسی مێژووی ئەردەڵانیەکان دەردەکەوێ لە سەرەتای مێژووەوە تا ئێستا نە کورد بووە بەهیچ کە تاقانە گەلێکە لەسەر ئەم زەمینە قەوارەیەکی نیە و هەر چوار دەوری بەدوژمنی گیراوە خۆشی لەناو خۆیدا بەش بەش بووە و دوژمنی بەشەکەی ترە.

باپیرە گەورەم چۆن هاتۆتە زەڵم:

خوالێخۆشبوو باپیرم (سۆفی محمد أمین جوامێر) کە تەمەنی (١٢٠) ساڵ دەبوو لە ساڵی (١٩٦٤) کۆچی دوایی کرد، ساڵی ١٩٤٦ بۆی باسکردم کە چۆن باو و باپیری هاتونەتە دێی زەڵم.

دەیوت: باوکم - جوامێر- کوڕی رەجەب ئاغای کوڕی یەحیا ئاغا خەڵکی ئێران بوون، لەدێی (بڵبەر) نشتەجێ بوون، ئەم دێیە نزیکی تەختی هەورامانە، لەدواییدا هاتونەتە عێراق، جوامێریش کە باوکی باپیرمە حەوت کوڕی بووە.

---

[1] مێژووی کورد و کوردستان، مەردۆخ، بەرگی دووەم، لا١٠٣- ١١٠.

[2] کاتێك سلطان مراد سلطانی عوسمانیەکان بووە هەموو کوردەکانی راست کردەوە لە دژی خان أحمد خان بۆ ئەوەی موسڵ و کرکوك بخاتە ژێردەستی خۆی.

دایکم (ریحان) کچی محمد سلیم بووە کە ئەویش نەوەی موسا بەگ بووە کە لە خورماڵ دانیشتووە، لەکاتی خۆیدا مزگەوتەکەی خورماڵ کە سوڵتان سەلیم بینای کردووە ئەو تازەی کردۆتەوە، ئەم تازە کردنەوەیە بەکورتی کراوە بە شیعرێك لەسەر پارچە مەرمەرێك هەڵکەنرابوو، ئەم پارچە مەرمەرە لەسەر دەرگای مزگەوتەکە چەسپ کرابوو، ئەمەش شیعرەکەیە هەر چەندە بەردەکە بووەتە چوار پارچەوە لەکاتی ڕووخاندنی مزگەوتەکەدا لە لایەنی میریەوە کاتێك هێرشی کردە سەر کوردستان و دێکانی هەموو وێران کرد، بەڵام شیعرەکە هەر دەخوێنرێتەوە کە بەم شێوەیە نوسراوە:

والی ملك شاه عباد	ان سليمان تخت عزتُ داد
مسجد كوهنه سال شاه سليم	ديده گشت بجاه قزر و رماد
يد بيضاء نمود موسى را	ز گلعنبرش با لطف داد
در بنایای خیر شد ساعی	بهر اجر ثواب روز معاد
از كرم چند پدره سرف شد	تا بیاف أو حسن مراد
أين اشارت ز غيب شد تأريخ	(بوده مسجد بذكر حق اباد)

بەم شێوەیە ڕستەی (بوده مسجد بذكر حق اباد) (١١٦٢)ی کۆچی دەر ئەچێت، بەگوێرەی پیتەکان (ابجد هوز) وئەم شیعرانە نووسراون لە پەڕاوی (محمدیە)دا کە مەلا نور الله کاکۆ زەکریائی وەری گێڕاوە لە تورکیەوە بۆ فارسی بە فەرمانی موسی بەگ وەك لە (فهرس)ی (مخطوطات مكتبة الاوقاف المركزية)دا لاپەڕە ٣٥٧- ٣٥٨ هاتووە[1].

ئەم مزگەوتە زۆر گەورە بوو (نۆ) گومەزی هەبوو، شوێنەوارێکی مێژوویی نایاب بوو بەڵام سوپای عێراق وێرانیان کرد بە مادەی (T.N.T) سەر و شوێنی نەما، هەروەها منارەکەیان دایە بەر تۆپ نیوەی نەما و نیوەکەی تریشی خەریکە ئەڕوخێت[2].

باوکی باپیرم و خزمەکانی پێش زیاتر لە (٢٠٠) ساڵ هاتوون بۆ زەڵم، لە کاتێکدا ئەم شوێنە ئاوەدانی تیا نەبووە هەمووی شەخەڵ و دارستان بووە و شوێنی دڕندە بووە، لە شوێنێکی بەرزایی بەرامبەر بەدێیەکەی ئێستا دێیەکیان کردووە کە ئێستا پێی دەوترێت (دەگا کۆنی) واتە (دێ کۆن)، لەبەرئەوەی هاتووچۆ ناخۆش بووە پەڕیونەتەوە بۆ ئەوبەر لەبەر

---

[1] کلیەی دەروون: نووسینی عمر أحمد نظامي، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠ز، بە سوپاسەوە ئەم کتێبە بەنرخەی پێشکەش کردم.

[2] هەمان سەرچاوە.

شاخی (زەردا) ئەم دێیەیان دروست کردووە کە ئێستا پێی دەوترێت (زەڵم)، ئینجا دەستیان کردووە بە سوتاندن و بڕینی ئەو شەخەڵ و درەختە بێ بەرانە و لە جێگەی ئەوان درەختیان ناشتووە و کردویانە بە باخ، هەندێك لە شوێنە شاخاویەکانیان ڕووخاندوە کردویانە بە تەلآن بۆ جێگای کشتوکاڵ، شوێنی وا هەیە بە کۆڵ خاکیان بردووە بۆی، لە نێوانی شاخەکاندا درەختیان تیا ناشتووە، بەم جۆرە ماوەیەك ماونەتەوە لە پاشاندا هەندێك لە بەگەکانی ئێران کە لەوێوە نزیك بوون وەك بەگەکانی قزلّی، چاویان بڕیوەتە شوێنەکانیان و پێیان وتوون: یان دەبێت زەڵم بەجێ بهێڵن یان دەبێت ئێمەش بەشداربین لە بەرهەمەکاندا، ئینجا باپیرە گەورەم (جوامێر) چووە بۆ لای شێخ بهاءالدین کوڕی شێخ سراج الدین لە شێخەکانی تەوێڵە، پەنای بۆ بردووە کە کارێك بکات بەگە زۆردارەکانی ئێران دەست درێژی نەکەنە سەریان.

شێخ بهاءالدین لەبەرئەوەی پیاوێکی گەورەی ئایینی بووە دانیشتوانی ناوچەکە زۆر شەرمیان لێکردووە بە بەگەکانی وتووە کە وازیان لێ بهێنن و دەست درێژیان نەکەنە سەر، چونکە ئەوانە خۆیان بە مورید و (منسوبی) ئەو دەزانن و سەر بەشێخن.

باپیرم و خەڵکەکەش بەرامبەر بەو چاکەیە لە وەفاداری خۆیان هەموو ساڵێك لەکاتی کۆکردنەوەی بەرهەمی باخەکان هەندێك لەو بەرهەمەیان بردووە بۆ خانەقای شێخ بهاءالدین.


شێخ علی حسام الدین

لە پاشدا شێخ بهاءالدین کۆچی دوایی کرد، شێخ علی حسام الدین لە جێگەی بوو بەشێخی ئیرشاد و (٦٣) ساڵ شێخایەتی کرد تا لە ساڵی ١٩٣٨ ئەویش کۆچی دوایی کرد.

شێخ حسام الدین:

پیاوێکی ژیر و زیرەك بوو، زۆر کەسایەتی خۆی ڕادەگرت، شێخەکانی تر چەند جار هاتوون بۆ بەغدا بۆ لای مەلیك یان نوری سەعید یان یەکێکی تر، ئەو باوەڕ ناکەم لە تەمەنی شێخایەتیدا جارێك سەردانیان کردبێت لە بەغدا.

لە ساڵی (١٩٣٣) مەلیك فەیصەلی یەکەم هات بۆ خورماڵ، من ئەوکاتە منداڵ بووم بیرم

دێت لەناو بازارەکەدا تاقێکیان بۆ کردبوو بە گەڵا و گوڵی ژاڵە تاقەکەیان رازاندبووەوە، چرایەکی لۆکسیان پێوە کردبوو، هاتنەکەی مەلیك تەنها بۆ لای شێخ حسام الدین بوو کە ئەوکاتەماڵیان لە خورماڵ بوو، کاتێك مەلیك هات نەچوو بەپێشوازیەوە لە دەرگای حەوشەی ماڵەکەیان وەستا چاوەڕوانی کرد، نەهاتە ئەم دیوی دەرگاکە کاتێك مەلیك چووە نێو حەوشەی ماڵەکەیان لە هەمان کاتدا حەوشەی مزگەوتەکە بوو ئینجا دەست و مشتاقی لەگەڵ کرد، مزگەوتەکە کە سوڵتان سەلیم دروستی کردبوو شتێکی نایاب بوو، مەلیك ویستی بچێتە ناویەوە

لەگەڵ شێخ چوون کاتێك ویستی پێلاوەکانی دانەکەنێت بچێتە ژوورەوە شێخ حسام الدین پێی وت: ﴿فَاخْلَعْ نَعْلَيْكَ إِنَّكَ بِالْوَادِي الْمُقَدَّسِ طُوًى﴾[1]. واتە: پێلاوەکانت دا بکەنە چونکە تۆ وا لە شوێنێکی زۆر پیرۆزدای، ئینجا دوای ئەوەی پێلاوەکانی دانا چووە ژوورەوە،


مەلیك فەیسەڵ

شێخ حسام الدین مرید و سۆفیەکی زۆر زۆری هەبوو لە عێراق و ئێران و تورکیا و پاکستان، پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند بوو، مولکێکی زۆری هەبوو لە عێراق و ئێران، هەموو هاوینێك یان دەچووە هاوینە هەوارەکەی (کراویە دۆڵ) لەسەر سنوری عێراق و ئێران یان دەهاتە زەڵم، هەر ساڵێك بهاتایەتە زەڵم بە (دە) رۆژ لەوەو پێش مام و ئامۆزاکانی ئاگادار دەکردەوە بۆ ئەوەی جێگەی بۆ ئامادە بکەن، ئەوانیش (گۆشەی پرد) کە لە بەشی باپیرمدا بوو پانایییەکی فراوانی هەبوو، خۆشترین شوێن بوو لە زەڵمدا، بە هەر چوار دەوریدا بە گەڵا بەڕوو ئەیان تەنی و حەوت هەشت کەپریان بۆ دروست ئەکرد لە ناوەوە، شوێنێکی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ دانیشتن لە ئێوارانـدا کە ئێستا پێی دەڵێن (نزرگای شێخ حسام الدین)، بەو بەری ئاوەکەوە بەشە باخەکەی مامە (عظیم)م کرابوو بە خانەقا، سێ مانگەی هاوین ئەو شوێنە وەك شارێکی شارستانی لێ دەهات وهەموو جۆرە میوانێك لەو دەوڵەتە

[1] سورة طه.

ئیسلامیانەوە کە باسم کردن دەهاتن بۆ لای وەهەفتەی سێ چوار جار لە نێوان باخەکاندا دەگەڕا وهەندێ شتی دەگۆڕی وەك یەکێك کە ئەو باخانە هی خۆی بێت، دیارە ئێمە نازانین شێخ حسام الدین لە پاشی ئەوەی لە جێگەی باوکی دانیشتووە بۆ شێخایەتی دێی (زەڵم)ی بەناوی خۆیەوە تۆمار کردووە لە ئەستەمبۆڵ کاتێك کە حوکمڕانی عوسمانیەکان بوو، ئێمەش بەم کارەساتەمان نەزانی تا ساڵی (١٩٣٧)ە ئەو ساڵە هاتبوو بۆ زەڵم، کێشەیەك دروست بوو کەهیچ پەیوەندی بەئێمەوە نەبوو، پاش ئەوە شێخ فەرمانی دا هەموو ئامۆزاکانم بگرن و بیانخەنە بەندینخانەوە لە هەڵەبجە بەڵام هیچیان لەسەر ئیسپات نەبوو بەریان دان، شێخ زیز بوو باری کرد و چۆوە باخە کۆن ولە پێش ڕۆشتنەوەیدا پێی وتین ئەم باخانە هی منن وەرەقەی (قاقانی)م هەیە کە تۆمار کراون لەسەر من لەمەولا بە ئیجار نەبێت نابێت تێیدا بمێننەوە.

دیارە ئەمە شتێکی زۆر سەیرە شێخێك بەڵێن بدات بە چوار پێنج ملیۆن موسڵمان کە لە ڕۆژی قیامەت شەفاعەتیان بۆ بکات ولە جیهاندا بیانپارێزێت لە هەموو شتێك وئیمانیان سەلامەت بکات لەگەڵ ئەوەشدا بە پێچەوانەی فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەم کردەوەیەی کرد، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (من أحيا أرضا ميتة فهو له). واتە: هەر کەسێك زەوی یەکی مردووی بێ خاوەن زیندو و ئاوەدانی کردەوە بە باخ یان کشتوکاڵ دەبێتە موڵکی تەواوی خۆی.

هەروەها یاسای دەوڵەتی عوسمانی دەڵێت: هەر کەسێك لە هەر زەوییەکدا لە هەر دۆنمێکدا (٤٠) درەخت بنێژێت و(دە) ساڵ بەڕێوەی بەرێت ئەبێتە موڵکی خۆی وتۆمار دەکرێت بەناوی ئەوەوە، دیارە وەك باسم کرد فەرموودەکەی پێغەمبەر و یاساکەی دەوڵەتی عوسمانی هەردووکیان لە باخەکانی ئێمەدا دێتە دی، چونکە کاتێك باپیرە گەورەم هاتۆتە زەڵم ئەو شوێنە هەر شەخەڵ و جەنگەڵ و جێگای دڕندە بووە و ساڵەهای ساڵ باخیان تیا کردووە لە زۆر شوێندا بەکۆڵ خاکیان بردووە لە نێوان شاخەکاندا کردوویانە بە تەلان ودرەختیان تیا ناشتووە، ئینجا داواکردنی شێخ و وەرەسەکەی بۆ ئەم باخانە لەلاپەڕەکانی دواتری ئەم یاداشتەدا باس دەکەم کاتێك ساڵی ١٩٥٦ (تسويه) چووە زەڵم.

یەکەم کۆسپی ژیانم:

کە تەمەنم چوار ساڵ بوو کەوتمە ناو ئاگرەوە، هەموو گیانم سوتا وخوا بەلوتفی خۆی رزگاری کردم، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو ماڵی باپیرم گوێزیان دەتەکاند، بەلقە وشکەکانی دارەکە ئاگرێکیان کردبۆوە زۆر گەورە بوو، منیش چوو بوومە ناو ئاو هەموو جلەکانم تەڕ

بووبوو، هاتمە لای ئاگرەکە خۆم وشك بکەمەوە بەڕوودا کەوتمە ناو ئاگرەکەوە، تا دەریان هێنام زۆر لە گیانم سوتا، هەشت مانگ لە جۆلانەدا بووم کە ناوەکەیان پڕ کردبوو لە لۆکە و بەدەرمانی ئەوکاتە تەداویان دەکردم، دیارە من لەم تەمەنەدا بێ گوناه و هی ئەوە نەبووم سزا بدرێم وەك خوا دەفەرموێت: ﴿إن الله لا يظلم مثقال ذرة﴾[1]، واتە خوا هێندەی گەردێك کە بچوکترین شتە ستەم لە کەس ناکات، وا دیارە ئەم سوتانە بۆ ئەوە بوو کە من هەر لەم تەمەنەوە ئامادەبم بۆ ئەوەی لە ماوەی ژیانمدا بەرگەی سزا و ناخۆشی و سەختی بگرم، بەڕاستی باوەڕ ناکەم لە سەدەی بیستەمدا کەس هەبێ هێندەی من ناخۆشی و ناهەمواری خوێندنی دیتبێ وەك بەدرێژی باسی دەکەم لەم یاداشتەدا.

کۆچ کردنمان لە زەڵمەوە بۆ خورماڵ :

ساڵی ١٩٣٢ز ماڵی باوکم و ماڵی مامە (عبدالقادر)م باوکی (دایکی محمد) کۆچیان کرد لە زەڵمەوە بۆ خورماڵ، لەبەر ئەم هۆیە:

خوالێخۆشبوو (حەمیدە خان) کچی شێخ حسام الدین ئافرەتێکی بە شەوکەت و بەحورمەت و هەڵکەوتوو بوو، شێخ حسام الدین کەسی بەهاوتای خۆی نەدەزانی تا بیداتێ ـ ئەویش لەو پەڕی ژیانی خۆشیدا دەژیا دیارە کچ لەم تەمەنەدا و لەم ژیانەدا پێی خۆشە شوو بکات، قادر بەگ یەکێك بوو لە بەگەکانی لهۆن وحوکمڕانی تەوێڵە بوو لەو ڕۆژەدا، بەدزی باوکیەوە مارەی کردبوو، پاشان کە ئاشکرا بوو بە شێخ حسام الدینی وت: ئەگەر کچەکەت کە ژنی منە بەڕەزامەندی خۆت نەمدەیتێ شەوێك کۆمەڵێك لەگەڵ خۆم دەهێنم و بەزۆر دەیبەم بۆ تەوێڵە، ئینجا شێخ حسام الدین فەرمانی دا بە باوکم و مامم کە شەو بچنە باخە کۆن وحەمیدە خان بەدزی یەوە بهێنن بۆ زەڵم، لەماڵی باپیرم بێت بۆ ئەوەی قادر بەگ توشی گێچەڵیان نەکات، ئەوانیش فەرمانەکەی شێخیان جێبەجێ کرد، لە پاش ئەوە قادر بەگ بە عبدالله بەگ ی کوڕی محمود خانی وت: دەبێت تۆڵە لەو دوو پیاوە بسێنین لەسەر ئەوەی ئەو ئیشەیان کردووە، ئینجا ئەوانیش ناچار بوون باریان کرد بۆ خورماڵ لەوێ دوکانیان دانا، ماڵی ئێمە ساڵی ١٩٣٤ گەڕاینەوە بۆ زەڵم بەڵام مامم خوالێیخۆش بێت هەر لە خورماڵ مایەوە تا ڕۆژێك بە تۆپی سوپای عێراق ساڵی ١٩٦٣ شەهید کرا کاتێك نوێژی عەسری

---

[1] سورة النساء/٤٠.

دەکرد، لەکاتی نوێژەکەدا تۆپی سوپا وەك گوللە دەباری بەسەر کورددا، دابوی بەشوێنێکی نزیکی ئەودا و شەهید بوو.

چوونم بۆ قوتابخانە:

ساڵی ١٩٣٤ میرزا (فتح الله لهونی) کە لە (لهۆن) پیاوێکی کوشتبوو لەوێ هەڵهاتبوو بۆ ئەوەی بێت پەنا بەرێتە بەر بەگەکانی هەورامان تاکو سزای نەدەن..

لەو کاتەدا لهۆن و حەسەن سانی هەر چەندە هەردووکیان هەورامی بوون بەڵام هەردەم ناکۆکی و دوژمنایەتی لەنێوانیاندا بوو، بە جۆرێك لەهەر لایەك یەکێك شتێکی بکردایە دەچووە لاکەی تر بۆ ئەوەی پارێزگاری بکات، وەك زۆربەی عەشیرەت و تیرەکانی تری کوردستان.

میرزا فتح الله خوێندەوار بوو، قورئانی دەزانی و دەیزانی بنوسێت، لەو رۆژەدا هەر کەس کە خوێندەواری بزانیایە پێیان دەوت (میرزا)، لەبەر ئەمە بۆ یەکەم جار (حوجرە) لەدێی ئێمە دانرا و مامۆستاکەی میرزا فتح الله بوو، دێیەکەمان زیاتر لە (١٥٠) ماڵ بوو، تەنیا دوو کەسی تیادابوو بتوانێت نامە بخوێنێتەوە.

یەکەمیان خەلیفە حەمە کریم بوو کە زاوای باپیرم بوو وخەلیفەی شێخ حسام الدین بوو.

دووەم کەس باوکم بوو - خوالێیخۆشبێت- کە پێیان دەوت - مەلا ئیبراهیم- یان فەقێ ئیبراهیم، کە هەتا کتێبی - جامی- لە (نحو) دا خوێندبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩١٤ کە گرانی گەورە پەیدا بوو لەبەرئەوەی هیچ کەس ئەرکی فەقێی لەئەستۆ نەدەگرت وازی هێنا لە خوێندن لە هەڵەبجە وگەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی و دوای ژن هێنان دەستی کرد بە کاسبی، دوکانی هەبوو شتی دەهێنا لەئێران بۆ عێراق وبە پێچەوانەوە.

میرزا فتح الله لەماڵی خۆیدا بەرگدوور بوو، جلی دەدووری و ژوورەکەی خۆیانی کردبوو بە قوتابخانە و ئێمە منداڵی دێیەکە نزیکەی (٢٠) کەس چوینە ئەو قوتابخانەیەوە بەپارە دەرسی پێ دەوتین.

ئەم مامۆستایە زۆر دڵڕەق بوو، هیچ کاتێك بەزەیی بە قوتابییەکاندا نەدەهاتەوە، دەرسی ئێمە قورئانی پیرۆز بوو، هەفتەی یەکەم پیتی فێرکردین (ا.ب.ت.ث.ج) ولە سەرەتای ئەم پیتانە نوسرابوو (یاالله توفیقم بدەیت یا فتاح فتحم بدەیت یا رزاق رزقم بدەیت)، مامۆستا ئەگەر هاوین بوایە باقەیەك تولە هەناری لای خۆی دادەنا بۆ ئەوەی سەر و چاومانی پێ بشکێنێ ئەگەر زوو دەرسەکە ڕەوان نەکەین، بەزستاندا مقاشێکی دەخستە ناو ئاگرەکەوە بۆ

ئەوەی سور بێتەوەو دەی هێنا بەسەر دەستی ئەو کەسەدا کە زوو دەرسەکە وەرنەگرێت، یان خۆی جگەرەکێش بوو جگەرەکەی دەنا بەبناگوێی قوتابیەکەوە. رۆژێك ئامۆزایەکم هەبوو خوالێخۆشبو (محمد شریف) دەرسەکەی باش ڕەوان نەکردبوو، مامۆستا مەلا فتح الله جگەرەکەی نا بە پەنا گوێیەوە، ئەویش زیڕاندی بەگریانەوە چووەوە ماڵەوە، مامە شەریفم خوالێیخۆشبێت تورە بوو دەستی محمدی گرت وهات بۆ ژووری قوتابیەکانو بە میرزا فتح الله ی وت: (هەر یەرە تەلاقەم کەوتەبۆ ئەگەر ئی کوڕەم بۆ بە ئیمامی شافیعی جاریٚ تر نماز و وانۆ). واتە: هەر سێ تەلاقم کەوتبێ ئەگەر ئەم کوڕەم ببێت بە ئیمامی شافعی جارێکی تر ناهێڵم بخوێنێت.

وورده ورده قوتابیەکان کەم بوونەوە تا هەر من مامەوە چونکە بە چوار ساڵی سوتابووم بەرگەی مقاشەکەی مامۆستام دەگرت کە سوری دەکردەوە دەی هێنا بەسەر دەستمدا.


مامۆستا ژن خاتوو (ئامینە):

بەڕاستی مامۆستا ژن گەلێك دڵرەقتر بوو لە مامۆستا، هەر چەندە دەڵێن ژن دڵنەرمترە بەڵام دیارە ئەمە هەموو ژنێك ناگرێتەوە، لە خوێندنی حوجرەدا دوو رۆژ پشوو بوو کە رۆژی سێ شەممە و هەینی بوو، لەم دوو رۆژەدا دەبوایە قوتابیەکان هەموومان بچین بۆ ناوباخەکان دار بێنین بۆ ماڵی مامۆستا بۆ ئەوەی نان و چێشتی پێ بکەن، چونکە ئەوکاتە هیچ هۆیەکی تر نەبوو بۆ ئامادەکردنی خواردن جگە لە دار، لەبەرئەوەی هاوڕێکانی حوجرەم زۆریان لە من گەورەتر بوون، زرت و زیندوو بوون، ئەوان دار و لقە داری باش و گەورەیان دەهێنا بۆ مامۆستا ژن منیش داری وردم کۆ دەکردەوە، کاتێك کە دارەکانمان دەهێنایەوە بۆ ماڵەوە لەناو دەرگاکەدا مامۆستا ژن رادەوەستا لەمن تورە دەبوو دەیوت: (چەم شۆ لگاوی جاریٚ تەر هێزمیٚ وردیٚ باری ماڕوشا سەر و چەماترە)، واتە: چاو ڕیپۆقاوی ئەگەر جارێکی تر دارەکانت ورد بن دەیان شکێنم بەسەر و چاوتدا، من هەردەم چاو ئێشەم لەگەڵ بوو وەك مامۆستا ژن دەیوت ڕیپۆقاوی بوون.

هەر چۆن بوو توانیم دوو بەش لەسێ بەشی قورئان لای مامۆستا و مامۆستا ژن تەواو بکەم.

گرتنی مامۆستا فتح الله:

ڕۆژێکیان مامۆستا دەرسی پێ دەوتین دوو پۆلیس لە خورماڵەوە هاتن مامۆستایان باڵ بەست کرد و بردیان بۆ خورماڵ، لەسەر ئەو تاوانەی لە لهۆن کردبووی پیاوێکی کوشتبوو (١٥) ساڵ حوکمیان دا و بەند کرا، پێش ئەوەی مامۆستا بگیرێت من و دوو قوتابی مابووین کە ناچار ئێمەش بێ مامۆستا ماینەوە، بۆ ماوەی ساڵێك کەس نەبوو دەرسم پێ بڵێت، باوکم دەچوو لە ئێران گیسك و کاوڕی دەکڕی منی کردبوو بەشوان لەناو باخەکاندا دەملەوەڕاندن تا قەڵەو دەبوون ئینجا دەیفرۆشتن.



ماوەی فەقێیەتیم (١٩٣٤- ١٩٤٦ز)

مامۆستا سەید عارف وماڵی پورم:



مامۆستا سەید عارف زانایەکی زۆر گەورە بوو، تازە ئیجازەی وەرگرتبوو لای مامۆستا شێخ عمری قەرەداغی، بوو بە مەلای خورماڵ و لەوێ مەدرەسەیەکی دانا و دەستی کرد بەتەدریس و دەرس وتنەوە، پورە رەعنام ژنی خەلیفە حمە کریم بوو وەك باسم کرد کچێکی هەبوو (معصومە) مامۆستا سەید عارف خوازبێنی کرد ومارەی کرد، هێشتا نەیگواستبوەوە جار جار دەهات لە خورماڵەوە بۆ ماڵی خەزووری لەگەڵ یەك دوو فەقێ.

رۆژێك چووم بۆ مزگەوت دیم دوو کوڕی گەنج هەر یەك کەوا و سەڵتەیەکی جوانیان لەبەر دایە جامەدانی سەریان لە چویت دراون و وریشوەکەیان هۆنراوەتەوە بە گوڵنکەی ورد کە دەچن بەرێگەدا گوڵنکەکان دەلەرێنەوە، منیش پرسیم: ئەم دوو کەسە کێن؟ وتیان: ئەمە فەقێن، لەو کاتەدا وەك شیشێکی سورەکراو بکەن بە جەرگمدا ئەوەندە ئازارم پێ گەیشت کە

مامۆستا سەید عارف و ماڵی پورم:



مامۆستا سەید عارف زانایەکی زۆر گەورە بوو، تازە ئیجازەی وەرگرتبوو لای مامۆستا شێخ عمری قەرەداغی، بوو بە مەلای خورماڵ و لەوێ مەدرەسەیەکی داناو دەستی کرد بەتەدریس و دەرس وتنەوە، پورە رەعنام ژنی خەلیفە حمە کریم بوو وەك باسم کرد کچێکی هەبوو (معصومە) مامۆستا سەید عارف خوازبێنی کرد ومارەی کرد، هێشتا نەیگواستبوەوە جار جار دەهات لە خورماڵەوە بۆ ماڵی خەزووری لەگەڵ یەك دوو فەقێ.

رۆژێك چووم بۆ مزگەوت دیم دوو کوڕی گەنج هەر یەك کەوا و سەڵتەیەکی جوانیان لەبەر دایە جامەدانی سەریان لە چویت دراون و وریشوەکەیان هۆنراوەتەوە بە گوڵنکەی ورد کە دەچن بەرێگەدا گوڵنکەکان دەلەرێنەوە، منیش پرسیم: ئەم دوو کەسە کێن؟ وتیان: ئەمە فەقێن، لەو کاتەدا وەك شیشێکی سورەکراو بکەن بە جەرگمدا ئەوەندە ئازارم پێ گەیشت کە

منیش بۆچی نەمخوێنند تا ببم بەفەقێ، بەگورجی گەڕامەوە بۆ ماڵەوە دەستم کرد بەگریان وتم: دەبم بەفەقێ، باوکم لەبەر سودی خۆی داواکەی منی بەدڵ نەبوو چونکە دەیویست هەر شوانی بکەم، لەبەر ئەوە وتی: رۆڵە کەی کەلکی خوێندنت ماوە، منیش ئەوەندەی تر دەنگم بەرز کردەوە بەقوڵپەی گریان، وتم بەباوکم: ئەگەر نەمنێریتەوە بۆ خوێندن خۆم دەدەم بەئاوەکەی زەڵمدا، ئەویش لەترسی ئەوەی کە من تووشی کارەساتێك نەبم، ژێری کردمەوە وتی: شەو دەتبەم بۆ ماڵی پورت بۆ لای مامۆستا سەید عارف، شەو چووین بۆ ماڵیان و باسەکەی بۆ مامۆستا سەید عارف گێڕایەوە، ئەویش فەرموی: دەتوانیت هەموو رۆژێك بێیت بۆ خورماڵ بخوێنیت ئێوارە بگەڕێیتەوە؟ وتم: بەڵێ.

منیش بەیانی کراسە کۆنێکی باوکم هەبوو کردم بە دوو کەرتەوە کەرتێکم کرد بەبەرگ بۆ قورئانەکە و دوای مامۆستا و فەقێکان کەوتم.

کاتێك چووینە خورماڵ بردمیانە حوجرەی فەقێکان، فەقێیەکی گەورەی لێ بوو ناوی (مەلا محەمەدی عەمەڵەیی) بوو وتی رۆڵە بۆچی هاتووی؟

وتم: من خزمی مامۆستام هاتووم بۆ خوێندن.

وتی: بەخوا بەپەڕۆی قورئانەکەتدا دیارە زۆر نەگبەتیت، ئێستا کە رۆژی (٢٩- ٧- ٢٠٠١)ە هێشتا ئێشی ئەو قسەیە لەدڵمدا ماوە.

لە پاشدا مامۆستا هات بۆ حوجرە، بە مەلا مەحمودی سەرگەتی کە خزمی مامۆستا بوو وت: هەموو رۆژێك لەگەڵ فەقێ کەریم دەرسی پێ بڵێن و زۆر چاودێری بکەن.

ئینجا سەر لەنوێ دەستم کردەوە بەخوێندنی قورئانەکەم، لە هەمان کاتدا دەرسێکی (گوڵستان)یان پێ دەوتم، کە بەزمانی فارسیە، چونکە ئەوکاتە کوردەکانی ئێران و عێراقیش لە نزیکی سنوری ئێراندا نامەیان هەر بەفارسی دەنوسی بۆ یەکتر، هیچ کات کوردییان بەکار نەدەهێنا، هەروەها کوردەکانی شارەکان و مەلاکان نوسینیان بۆ یەکتر هەر بەعەرەبی بوو، دەیان وت: (العربية في الكلام كالملح في الطعام) واتە: وشەی عەرەبی لەناو رستەدا وەك خوێی ناو خواردن وایە، هەموو وتارێك کە بڵاو دەکرێتەوە بەعەرەبی نەرازێتەوە هیچ تام و بایەخێکی نیە.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەناو کوردا بوو بەهۆی ئەوەی هەموو میللەتێك بەزمانی خۆی کارەساتی نەوەکانی دەنوسێتەوە ئەبێت بەمێژوو جگە لەکورد نەبێت کە هیچ مێژوویەکی راست و دروستی نیە باسی گەلەکەی بکات، بەڵکو هەر دڵسۆزی بێگانە دەکات و خزمەتی

بێگانە دەکات بەکردەوە و بەمێژوو، تەنانەت زۆربەی مێژوونوسەوەکانی عەرەب و فارس و تورکن .

ساڵی (١٩٥١) لە سولەیمانی مەلا بووم، کتێبێکی (دابەشکردنی میرات) کە پێی دەوترێت (الفرائض) یان (المواریث) دامنا و ناردم بۆ هەندێ لە مامۆستاکان، وتیان: زۆر جوانە وزۆر باشە بەڵام عەیبی ئەوەیە بەکوردی داتناوە.

کورتەیەک لە ژیانی مامۆستا سەید عارف:

"ناوی: حاجی مەلا سەید عارف مەلا سەید ئەبوبەکر مەلا سەید طە مەلا سەید عبدالقادر مەلا سەید عبدالغفور مەلا شێخ عبدالرحمن (باوە شێخ) مەلا سید محمود مەلا سەید عبدالرحمن مەلا سەید مصطفی مەلا سەید حسن مەلا حاجی مەلا سەید عبدالکریم حسن مەلا ئەبوبکری چۆڕی. ناسراوە بە(مامۆستا مەلا ئەبوبکری مصنف)، تاریخی مردنی خۆی داناوە لە دوو بەیتە شیعردا کە ڕستەی (خیر مقدم) بەشێکە لەو دوو بەیتە تاریخی مردنی ئەم پیاوەیە. المصنف، (الپیر خضر الشاهۆیی).

لە دایک بوون: ١٢مولود ١٣٢٨ کۆچی.

شوێنی لەدایك بوون: گوندی (پێلەنگە) لە شارەزوور، خۆرئاوای شاری هەڵەبجە سەر بەپارێزگای سلێمانی- عێراق.

دایکی: حلیمە کچی مەلا شێخ علی سەید محمد مەلا سەید مصطفی مەلا شێخ جلال الدین ی سەرگەت لەبنەماڵەی (سبحان ئاغا)ی سەرای سوبحان ئاغا.

خوێندنی قۆناغی منداڵی: قورئانی پیرۆزی لە خزمەتی خاتوو حلیمەی دایکیدا خەتم کردووە.

خوێندنی سەرەتایی: کتێبە وردەکانی لە خزمەتی باوکی و براکانیا خوێندوە کە هەموو خوێندەوار بوون.

پاش وەفاتی باوکی: لە ساڵی (١٣٣٧ك) باوکی وەفات ئەکات و تەرمەکەی ئەبرێتە (مڵەی مزیار) لەنێوان هانە سورە و پریسدا ئیتر ئەمیش خولیای گەڕان بۆ خوێندن ئەکەوێتە سەری.

سوختەیی: لەگەڵ مەلا سەید نجم الدین سەرگەتی ئەچێتە هەڵەبجە و پریس و عەبابەیلێ و بیارە و قەرەداغ و سلێمانی.

موستەعیدی: لە خزمەتی ئەم مامۆستا بەڕێزانە دا خوێندوویەتی:

١- مامۆستا مەلا عبدالکریم. - بیارە-
٢- مامۆستا مەلا عزیز. - پریس-
٣- مامۆستا مەلا صالحی تریفە.
٤- مامۆستا مەلا شێخ مصطفی شێخ نجیب قەرەداغی.
٥- مامۆستا مەلا شێخ نوری شێخ باباعلی تەکیەی قەرەداغ.
٦- مامۆستا مەلا سید غفور تەکیەی سید حسن سلێمانی.
٧- مامۆستا مەلا شێخ رسول هەڵەبجە.
٨- مامۆستا مەلا شێخ حیدر عەبابەیلێ.
٩- مامۆستا مەلا شێخ مارفی قەرەداغی.
١٠- مامۆستا مەلا شێخ عمری قەرەداغی.
١١- مامۆستا مەلا شێخ بابا رسول بێدەنی.

ئیجازەی عیلمی: دوا ماددەکان لە خزمەتی مەلا شێخ عمری قەرەداغی ناسراو بە (ابن القرەداغی) ئەخوێنێت و هەر لە خزمەتیدا ئیجازەی عیلمی وەردەگرێت.

دووبارە ئیجازەی عیلمی: پاش گەڕانەوەی لە سلێمانی بۆ هەڵەبجە ئەچێتە خزمەتی شێخ بابا رسول بێدەنی بۆ زیاتر زانیاری وەرگرتن ئیتر لەوێ جارێکی تر ئیجازەی عیلمی وەردەگرێت، دوای ئەوە ئەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان کە (سەیدەکان)ە لە شارەزوور نزیك (دۆڵاش) و (تەپە کەل).

ئەو جێگایانەی تیا خوێندوویەتی بەگشتی: هەڵەبجە، بیارە، پریس، عەبابەیلێ، قەرەداغ، سلێمانی، کەرکوك، خانەقین، مەریوان، موکریان، هەولێر، کۆیە.

هاوەڵانی کاتی خوێندن و دواتر: مەلا عبداللهی محمدی چروستانی، مەلا رحیم پەرخی، مەلا محمد بهاء الدین بیارە، ملا مارف خاوەیی، مەلا سلام پیسکەندی، مەلا محمد گەلاڵە، مەلا مارف سەرگەڵو، مەلا محسن نوشی، مەلا خالدی مفتی سنە، مەلا رحیم همزە ئاغا، مەلا شێخ نجم الدین خانەقینی، مەلا شێخ محمدی خاڵ، مەلا حسن عەبابەیلێ، مەلا محمدی دار الاحسان، مەلا محمدی چاومار، مەلا سید احمدی شێخ الاسلامی مەریوانی، مەلا سید محمد چێشانە، مەلا محمودی عنب، مەلا حسن هندی، مەلا محمدی لار، مەلا سید مجیدی شانەدەری، مەلا عارف پێنجوینی، مەلا شێخ محمدی أحمد برنە، مەلا شێخ مارف نێرگسەجاڕی، مەلا فتاحی قاینەچە، مەلا قانعی

شاعر، مەلا مجیدی قطب (کرکوك)، مەلا شێخ عثمان شێخ علاءالدین، مەلا شێخ جلالی ئابلاخی، مەلا سید توفیق برزنجە، مەلا مصطفی بارزانی، مەلا أسعدی محوی، ئەو بەرێزانەی لە خزمەتیدا بەهرەمەند بوون زۆرن بەڵام چەند ناوێکیان دەخەمە بەر دیدەی خوێنەری ئازیز:

مەلا احمدی مفتی زادە، مەلا احمد و مەلا زاهد و مەلا سعداللە نووشی، مەلا محی الدین دەگاگایی، مەلا صالحی زارای، د. مصطفی زەڵمی، د. شێخ علی القرداغی، مەلا محمد امین نینولی، مەلا عبداللە هورایی، مەلا عبداللە هەجیجی، مەلا عبدالرحمن (کۆڵ)، مەلا احمد و مەلا هبە اللە قازی پێنجوین، مەلا کریمی مەریوانی، مەلا حسن گردە زبیری، مەلا شێخ عثمان شێخ مارف نیرگسە جاری، مەلا محمود عبدالرحمن سەرگەتی، مەلا خالد خورماڵی، مەلا عبداللە پەرخی، مەلا صدیق ملا رحیم پەرخی، مەلا شێخ بابا علی شێخ عمر قرەداغی، مەلا شێخ مصطفی شێخ معروف قەرەداغی، شێخ محمد شێخ تاڵشی، مەلا جمیل بێسارانی، مەلا هادی مفتی زادە، مەلا عبدالرحمن (عەینەك)، مەلا محمدی مل چەور، مەلا کریمی سەردەشتی، مەلا محمدی دەشتی، شێخ علی قەرەداغی، سەید حسیب نجم الدین سەرگەتی، طیب مامۆستا سید عارف، مەلا سید نجم الدین تەپی سەفا، مەلا سلام مەلا عابد، مەلا سید لطیف واژە، مەلا عبداللە قەشان.

خێزانی: لەبەرئەوەی شێخ حسام الدین پورزای مەلا سید ابوبکری باوکی بووە بۆتە خەمخۆری، خوازبێنی خاتوو معصومەی کچی خلیفە حمە أمینی زەڵمی بۆ کردووە.

مەلایەتی: هەر بەهۆی خەمخواری شێخەوە کراوە بە مەلای خورماڵ دواتر لە (تەپەی کەل) ئینجا گوڵپ.

بەڵام بەهۆی شێخانی تاڵەبانی خزمی بوون کراوە بە مەلای تەکیەی تاڵەبانی لە سلێمانی بەشێوەیەکی ڕەسمی لە ساڵی ١٩٣٨ز دا.

وازهێنان لە مەلایەتی: پاش وەفاتی شێخ عبدالرحمن برا گەورەکەی لە گوندی سەیدەکان بۆ سەرپەرشتی برازاکانی ئەگەڕێتەوە سەیدەکان.

بوونەوە بە مەلا: شێخ حسام الدین داوای لێ ئەکات بگەڕێتەوە گوندی (تەپەی کەل) لەوێ ببێتەوە بە مەلا و جوتیاریش بکات ئیتر چەند ساڵێك لەوێ بێ فەقێ ئەبێت،

لەبەرئەوە دێتە خورماڵ بۆ مەلایەتی و خەریکی کشتوکاڵ ئەبێت، لە جوتیاریدا سەرکەوتوو بوو بەتایبەتی توتن کە بە هۆیەوە دەوڵەمەند بوو.

وەفاتی خاتوو معصومەی خێزانی: رۆژی ٢٥/١٢/١٩٥١ خاتوو معصومە بەسەر سکەوە لە دنیا دەردەچێت لە گۆڕستانی (بلال) لە گوندی زەڵم بەخاک ئەسپێردرێت.

خێزانی دووەم: لەبەر پێویستی خێزانەکەی بەناچاری لە ماوەیەکی کورتدا خوازبێنی خاتوو مەلیحە کچی شێخ مارف قەرەداغی دەکات و ئەبێتە هاوسەری و، پیشەکەی دەگوێزێتەوە بۆ سلێمانی و ئەبێت بە (امام و مدرس) لە مزگەوتی سید نوری نقیب - مزگەوتی ئەوقاف- دواتر ئەچێتە مزگەوتی خوکانە شوێنی مامۆستا مەلا حمە سعید مامۆستای خۆی بە ناونیشانی ئیمام و مدرس هەروەها مدرسی مزگەوتی پاشچاوش و بەتاقیکردنەوە بردیەوە.

خانەنشین بوونی: پاش خانەنشین بوونی لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی چوار باغ ژوورێك تەرخان ئەکات بۆ مەکتەبەکەی و دەرس وتنەوە بەو بەڕێزانەی کە ئەهاتنە ماڵەوە بۆ خوێندن بە خۆڕایی.

پەیوەندی کۆمەڵایەتی: رێزێکی فراوانی لەناو خەڵکدا هەبووە بۆیە دۆست و برادەری زۆری هەبووە هەمیشە دەوری قەرەباڵغ بووە دوای دەرس وتنەوە.

نوسین و حاشیە: حاشیەی زۆری لەسەر هەموو ئەو کتێبانە هەیە کە دەرسی تیا وتوەتەوە لە هەموو مادەکاندا.

نووسین: هەندێ نوسینی لە (ریاضیات) و (منطق) و (فلکیات) هەیە، لە ساڵی (١٩٥٠ز)ەوە دەستی کردوە بەحاشیە نوسین لەسەر کتێبی (الوضوح) کە کتێبی مەلا (أبوبکری مصدق) لەسەر کتێبی (محرر) نوسیویەتی، پێکهاتووە لە (٥) مجلدی گەورە، چواریان هەموو بابەتە شەرعیەکان دەگرێتەوە بەیەکەوە بەڵام جلدێکی تایبەتی بە (میراشا)ەوە کە حاجی مەلا سید عارف حاشیەی لەسەر نەکردووە چونکە دەستی نەکەوتووە، ئیتر چوار بەرگەکەی تر جگە لەبەشی عیبادات درەنگ دەستی کەوتووە هەمووی حاشیەی لەسەر کردووە بەهەمووی پێکەوە خۆی لە (١٠) جلدی گەورە دەدات.

توانای هەبووە لە نوسینی شیعر بە کوردی و بە عەرەبی و بە فارسی بەڵام زۆر کەم خۆی پێوە ماندوو کردووە لەبەر تەدریس.

زمان: زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی بەچاکی زانیوە دەرسی پێ وتۆتەوە.

قورئان: قورئانی بەتەواوی لەبەر بوو لەکاتی بەتاڵیدا دەوری ئەکردەوە.
شەونوێژ: زوو ئەنوست و زوو هەڵدەستا ئەی فەرموو خوا ئێمەی بۆ شەونوێژ دروست کردووە هەمیشە نوێژی دەکرد.
شارەزایی گشتی: لە بابەتەکانی (منطق، فلك، عقائد، فقه، نحو، صرف، بلاغە، تفسیر، حدیث)دا زۆر بلیمەت بووە حاجی مەلا رحیم پەرخی لەکاتی کێشەیەکی نحوی ئەی فەرموو ئای بۆ (سیبویه)ەکەی خۆمان (سەید عارف).
جورئەت: هەرگیز رازی نەئەبوو بە (أضعف الایمان) هەمیشە لەسەر ڕاستی تووشی شەڕ ئەبوو هەمیشەش سەرکەوتوو بوو.
سەرانە: لەکاتی فەلاحەتیدا قەت موڵکانەی نەئەدا چونکە بەناحەقی ئەزانی و چاوپۆشیشی لێ ئەکرا.
حەج: ساڵی ١٩٦٥ چووە بۆ حەج لەگەڵ جەنابی حاجی سەید أحمدی شێخ الاسلامی مەریوانی چۆری.
گفتوگۆ: جارێك لە کۆنگرەیەکی ئیسلامیدا لە بەغدا لەگەڵ (آیة الله محسن الحکیم) ئەکەوێتە گفتوگۆیەکی قورسەوە لە ئەنجامدا (آیة الله) دانی پیا دەنێت و ستایشی زۆری ئەکات و عەبایەکی عەرەبی چاکی پێ ئەبەخشێت تا ئێستا لەماڵیان ماوە.
پلەی لەناو زانایاندا: ئەندامێکی چالاکی بزوتنەوەی زانایانی ئیسلامی بووە، بەرپرس بووە لە زۆر کێشە زانستیەکان، سەرچاوەی (فتوی) شەرعیەکان بووە.
پەیوەندی: بە نامە لە زۆر شوێنەوە داوای دەربڕینی رایان کردووە لەسەر زۆر شت وەك (تفسیری ئایەت) یان (شەرحی حدیث) یان مەسەلەی شەرعی یان عقائدی و شتی تر.
حیزبایەتی: حەزی لە حیزبایەتی نەکردووە پەیوەندی بەهیچ حزبێکەوە نەبووە رای پەسند بووە لە بزوتنەوە ئیسلامیەکان.
دۆستایەتی تایبەت: دۆستایەتی لەگەڵ شێخ عبدالله محمد صراف، أمجد زهاوی، ملاجمیل رۆژبەیانی، قازی ئەتروشی، قازی شێخ محمدی خاڵ، مەلا مجید قطب، علاءالدین سجادی، هادی چاوشلی زۆر بووە.
لە شەوی ٢/٣- ١٢- ١٩٧٥ لە شاری سلێمانی لە دنیا دەرچوو، ئارامگای لە گردی سەیوانە لە سلێمانی، دوو کوڕ و کچێکی هەیە: (طیب، عبدالقادر، منیرە).

دوا وەسیێت: دوا وەسیێتی بۆ کاك طیبی کوڕی:

کوڕی خۆم لەمەودوا گوێ بگرە هەوڵ بدە خاسر الدنیا و الاخرة نەبیت، من پاش مردن چاوەڕێی ئێوەم ڕێبازی باپیرتان مەگۆڕن سەرفراز ئەبن، ئەوا تۆم سپارد بە لوتف و کەرەمی خوا لەگەڵ باقیا (باوکت سید عارف).

مەکتەبەی سەید عارف پێکهاتووە لە کۆمەڵێك کتێبی نایابی هەمە چەشنە پڕیەتی لە حاشیەی دەست و خەتی خۆی لەگەڵ چەند کتێبێکی دەست نووسی کۆن و نوێ."[1]

* * *

سوختەی سوختە:

فەقێی مزگەوت دوو جۆرن لە پلەی خوێندەواریدا، جۆرێکیان پێیان دەڵێن: (مستعد)، ئەمانە لای مامۆستای گەورە دەخوێنن و لە پاش تەواو کردنی (نحو) و (صرف) دەچنە ئەو پلەیەوە.

جۆری دووەم پێیان دەوترێت: (سوختە): ئەمانە لە قورئانی پیرۆزەوە تا دەگەنە (الفیه إبن المالك) پێی دەوترێت (سیوطی) دەخوێنن، سوختە لە هەموو مەدرەسەیەکی دینیدا دەبێت وەك خزمەتکار خزمەتی موستەعیدەکان بکات وچایان بۆ لێ بنێت وقاپ و کەوچك بشوات وگسك بدات وکاتێك دەچنە دەرەوە پێڵاوەکانیان بۆ دابنێن.

دەگێڕنەوە دەڵێن: ڕۆژێکی هەینی مستەعدێك نەچووە بۆ نوێژی هەینی پێیان وتووە بۆچی نەهاتی بۆ مزگەوت، وتوویەتی: سوختەکەم لێرە نەبوو پێڵاوەکانم بۆ دابنێت، ئینجا ئۆباڵ بە ئەستۆی ئەوەی ئەمەی بۆ گێڕامەوە ڕاست بێت یان درۆ.

لەو مەردەسەیەدا لەگەڵ فەقێ مەحموود دوایی بوو بەمەلا محمود سەرگەتی خزمی مامۆستا سەید عارف بوو، بووین بە دوو برادەری خۆشەویست هەروەك لەم نامەیەدا دەردەکەوێت و دواتر بەنازناوی(بێزار)و (بێوەیی) شیعری دەنووسی و پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات ئەم شیعرەی بۆ نووسیووم:

---

[1] لە بنەماڵەی مامۆستا وەرگیراوە.

نامه‌ هه‌ر [illegible] نووسینه‌ نامه‌یێکی تازه‌ نین
بۆیه‌ ریز و به‌ریز و زانا خاوه‌نی اکرام و دین

تۆ له‌ جێی من ماچکه‌ زۆر به‌ خۆشی و به‌ [illegible]
ریز و [illegible] بۆ بخوازه‌ هه‌م به‌ [illegible] بڕێ

بدۆزیای خۆشی ئیوه‌ هه‌مدی رب العالمین

کاکه‌ مصطفی گیان السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته

[illegible]

کاکه‌ [illegible] مصطفی [illegible]

[illegible]

محمد عبدالرحیم الحسینی
٩٧٧/١١/٢٤

خامـــه هەڵســـە سابنووســـە نامـــەیێکی نـــازەنین
بـۆ بـەڕێز و بـەرز و زانـا خـاوەنی اکـرام و دیـن
تـۆ لـەجێی مـن ماچـکە زۆر بەخۆشـی و پێکـەنین
ڕێز و فەزڵی بۆ بخوازە هەم بە لەش ساغ بژین
بـــۆ ژیـــانی خۆشـــی ئێـــوە حەمـــدی رب العـــالمین

کاکە مصطفی گیان السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته:
هەواڵی سەلامەتیتان ئەپرسم و لەخوا داواکارم بۆ سەربەرزی و بەختـەوەریتان احترامـم بـۆ مامۆستا ژن و چاوی مندالآن ماچ ئەکەم مهروبە دەستان ماچ ئەکات نوخشـە و بـەختیاریش زیاد لە دەست ماچ کردن، ئێمە چاکین و چاکی ئێوەشمان ئاواتە.
کاکە نازانم شێخ مصطفی محمود (ئەوراقەکانی) منی نەناردووە بۆ خزمەتتان؟
بچوکتان لە سید صادق
محمود عبدالرحمن الحسینی
١٩٧٧/١٠/٢٣

لەگەڵ فەقێ کەریم هەر ئیشێکیان هەبوایە لە دەرەوەی حـوجرە دەهـاتن بـەمنیان دەکـرد، من دەچوومە ژووری مزگەوتەکە دەرسەکانم ڕەوان دەکـرد، فـەقێ کـەریم دەهـات لـە دەرگـای مزگەوتەکەوە دەوەستا بەدەنگێکی زۆر بەرز دەیوت: مصطفی منیش دەموت: بەڵێ، دەیوت: قوزەڵقورت وەرە ئەو کاسەیە ببە بـۆ ئـاوایی پـڕی دۆ بێنـە، ئـیتر ئەمـە ڕۆژ و دوو ڕۆژ نـەبوو هەموو ئیشەکانی ناو ئاواییان بەمن دەکرد.

ژیانم لەماڵی مامۆستا سەید عارف:

لە پاش ئـەوەی مامۆسـتا پورزاکـەمی گواسـتەوە پێـی وتم: لەمـەولا تـەنها سێ شـەممە و هەینی بچۆرەوە بۆ زەڵم، ئیتر منیش بۆ ماوەی شەش مانگ هـەر لـە مـاڵی مـامۆستا بـووم وەك کوڕی خۆی تەماشای دەکردم، خوا گیانی پاکی بە بەهەشت شاد بکات.

ئەوانەی کە خوێندم لە خورماڵ:

لەو ماوەیەدا کە لە خورماڵ بووم ئەم بابەتانەم خوێند:

١- **قورئانی پیرۆز**: جارێکی تر پیایدا چوومەوە ومامۆستاکەم فەقێ کەریم بوو کە لە پاشدا بوو بە مەلا کەریم ساڵی (١٩٩٠) لە مەریوان کۆچی دوایی کرد لەوێ ئیمامی جومعە بوو (خوالێی خوشبێت).

٢- **تصریفی زنجانی**: ئەم بابەتە لە زانستی (صرف)ەوە وەریانگێڕاوە بۆ زمانی کوردی و بەشێوازی (لەبەر) مامۆستاکە بەفەقێکەی دەلێتەوە.

وایان بڵاوکردبۆوە لەناو فەقێکاندا هەر کەس تەماشای کتێبەکە بکات هەردوو چاوی کوێر دەبێت، لەبەرئەوە لەدوور یان لە نزیکەوە نەمدەوێرا نزیکی ئەم کتێبە بکەمەوە یان بیخوێنمەوە لە ترسی ئەوەی کە چاوم کوێر نەبێت.

٣- **عواملی جورجانی لەگەڵ (أجرومیە)**: ئەویش هەر لە بابەتی (نحو)ە مامۆستا مەلا صالح زارا پێی دەوتم، پێنج ساڵ پێش ئێستا لە سید صادق کۆچی دوایی کرد (خوالێیخۆش بێت).

بۆ جاری دووەم کە چوومەوە خورماڵ تصریفی (مەلا علی)م لای مامۆستا (مەلا محمود عەنەبی) خوێند.

جاری سێیەم (سیوطي) یان (الفیة إبن مالك)م خوێند لە خزمەت مامۆستا سەید عارف دا(خوا لێیان خۆش بێت).

ئەم کتێبە مامۆستا مەلا عبدالرحمن دار بەڕوڵەیی پێی دەوتم کە ئێستاش لە ژیاندایە خوا تەمەنی درێژ بکات، مامۆستا لە خورماڵ ئەو کتێبەکەی دەگرت بە دەستەوە هات و چۆی دەکرد و لەناو حەوشەی مزگەوتەکەدا بۆمنی دەخوێندەوە، منیش وەك توتی بەدوای وتەکەی ئەو دەم وتەوە تا یەك دوو جار دەبوو لەبەری بکەم وهەموو رۆژێك دەوری بکەمەوە تا لە بیرم نەچێتەوە، بەڵام ئەوەی پێی ئەوتم (٥٠%)م نەدەزانی باسی چی دەکات.

کورتەیەک لەژیانی مامۆستا مەلا عبدالرحمن داربەڕوولەیی:



مامۆستا مەلا عبدالرحمن عبدالکریم داربەڕوولەیی

"مامۆستا مەلا عبدالرحمن لە گوندی (دار بەڕوولە) سەر بەناحیەی تانجەرۆ لە سلێمانی لە بنەماڵەیەکی جوتیار لە (١٩١٤) هاتۆتە دنیاوە. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەستی کردووە بە خوێندن لە خزمەتی مەلای دێکەیان مامۆستا مەلا عبدالله، لەسەر داب و نەریتی کوردەواری ئەوکاتە کوردستانی عێراق و ئێران گەڕاوە بەشوێنی خوێندندا. بڕوانامەی زانستی لە خزمەتی مامۆستایان مەلا (عنایە الله) وەرگرتووە ولە ڕێکەوتی (١٥/١٠/١٩٤٢) بووە بە ئیمام و مدرسی مزگەوتی خانەقای مەولانا خالد لە سلێمانی.

لە (٤/٩/١٩٤٢) بەشداری تاقی کردنەوەی کۆڕی زانستی سلێمانی کردوە و بڕوانامەی دەرچوونی وەرگرتووە، بووە بە مدرس و پێش نوێژ لە مزگەوتی (شێخ حسین قازی)، لە (١٩٤٦) گوێزراوەتەوە بۆ پەیمانگەی ئیسلامی لە مزگەوتی گەورە تا ١٩٤٧.

لە پاشان بە فەرمانی وەزارەتی ئەوقاف‌وکاروباری ئیسلامی هەرێمی کوردستان، مامۆستا خانەنشینەکان گەڕانەوە بۆ سەر مزگەوتەکانیان، لە (١٩٩٣) تا ئێستا لە مزگەوتەکەی خۆیدا ماوەتەوە خزمەت دەکات."[1]

---

[1] دەقی ئەم نوسراوە لە زاری مامۆستا خۆی وەرگیراوە.

گەڕانەوەم بۆ زەڵم:

لە ساڵی ١٩٣٦ شێخ حسام الدین مامۆستا مەلا خالیدی مفتی زادەی (سنە)ی کرد بە مەلای دێی زەڵم، منیش بەیەکجاری وازم لە خورماڵ هێنا چوومەوە لەوێ لای فەقێیەکانی مامۆستا دەرسیان پێ دەوتم، دێی زەڵم فەقێ و مەلای نەبوو لەوە و پێش جۆری ژیانی فەقێیان نەدەزانی لەبەرئەوە مامۆستا دانیشتوانی ئاواییەکەی کۆ کردەوە وتی:

ئەم فەقێیانە لەسەر ئەرکی ئێوە ئەخوێنن، نان و چێشت و شەکر و چایان لەسەر ئێوەیە، هەر یەك بەپێی توانای خۆی و هەموو ئێوارەیەك لە پاش عەسر یەکێك لە سوختەکان دەگەڕێت بە ماڵەکاندا هەموو ڕۆژێك هەر ماڵێك یەك نانی دەداتێ، ئەوەی ئێواران چێشتی هەبێت با قاپێك بنێرێت بۆ فەقێکان، یان فەقێکان دێن دەیبەن، مانگی جارێك ئەوەی توانای هەبوو تۆزێك یارمەتیان بدات بۆ شەکر و چا.

کورتەیەک لەژیانی مامۆستا مەلا خالیدی مفتی زادە:

"ناوی خالیدە، کوڕی مەلا عبداللە ی موفتی یە، ساڵی ١٣٢٣ك- ١٩٠٥ز. لە گوندی (دشە)ی هەورامان هاتووەتە دنیا، لەشاری (سنە) دەستی کرد بە خوێندن، دوایی چووە (ڕواندز) لای مەلا ئەسعەد ئەفەندی خەیلانی، دوا قۆناغی خوێندن هاتە (هەولێر)، لای مەلا ئەفەندی ئیجازەی وەرگرت پاشان چووە (تەوێڵە) تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ عەلی حیسامەدین وەرگرت، لەسەر فەرموودەی شێخ چووە ناوچەی (زەڵم)، ساڵی ١٣٦٠ك. کرا (مدرس) لە پێنجوێن، ساڵی ١٣٦٥ گەڕاوە (سنە)، لە قوتابخانەی نەصیر دیوان دەرسی داداوە.

لە ٢٦ی ڕەمەزانی ساڵی ١٤٠٠ك- ١٩٨٠ز. لە (تاران) کۆچی دوایی کرد، لەسەر وەصیەتی خۆی لە گردی بێشکۆ لە کرماشان تەنیشت وەیسی قەرەنی بە خاك سپێردرا، مامۆستا خالید شاعیریش بوو شیعری کوردی و فارسی هەیە."[(1)]

❊ ❊ ❊

---

[1] تاریخ مشاهیر کورد ٤٦٩/٢- ٤٧٠.

لە مێژووی زانایانی کورد، مەلا تاهیر مەلا عبداللە بەحرکەیی وەرگێراوە، ٣٢٧/١.

ئەوکاتەی مامۆستا هات بۆ زەلّم دانیشتوانی دێیەکە هەمووی لە کەپردا بوون هەر کەس لە باخی خۆیدا، کە یەکەم جار سوختەکە چوو بۆ (راتبە) واتە کۆکردنەوەی نان لە مالّان منیان نارد لەگەڵیدا بۆ شارەزایی چووینە مالّێك ناوی پورە (ئەفرۆس) بوو:

وتمان: راتبەی فەقێ رەحمەتتان لێ بێت.

وتی: مەبەستان چییە، وتم: واتە نانێك بێنە بۆ ئەم فەقێیە، ئەویش وتی: رۆڵە نانێك عەیبە، رۆیشت ئەوەی لەناو دۆڵەگەدا هەبوو هەمووی دەرهێنا و دای بە فەقێکە، هەر چەندە وتم یەك نان زیاتر مەهێنە گوێی نەدامێ.

بۆ رۆژی دوایی هەمان کات چووینەوە بۆ لای پورە ئەفرۆز وتمان: راتبەی فەقێ رەحمەتتان لێ بێ.

ئەویش توڕەبوو وتی: (خوشمە شوانە و گاوانی نیەن دێ گر ویرەگێوە مەی دێ سەرما).

واتە: خۆ ئێوە شوانی گاگەل نین هەموو ئێوارەیەك دێنە سەرمان، دیارە ئەم جۆرە ژیانە زۆر شتێکی ناشیرینە، بەڵام لەبەرئەوەی موسڵمانەکانی ئەوناوچەیە کە فەقێیان رادەگرت زۆر بەچاوێکی رێز تەماشای مەلا و فەقێیان دەکرد وئەمانەش بەهەر جۆرێك بژیانایە هەر بەرێز و بەچاوی بەرز تەماشایان دەکردن، بەجۆرێکی وەها بڵاو ببووەوە لەناو هەموو کەسدا کە فەقێ کاتێك دەچێت بەرێگەدا فریشتە باڵی بۆ رادەخا بەسەر باڵی فریشتەکاندا دەچن بەرێگەدا، لەبەرئەوە پێیان دەوتین (ناڵچە) نەدەن لە ژێر پێڵاوەکان با ئازار بە فریشتەکان نەگات.

جارێك مامۆستایەك لە مامۆستاکانی ئایینی کوردستان شەوی بەرات، کە هەندێ لە موسڵمانەکان وا دەزانن ساڵی دابەشکردنی موچەیە (السنة المالية)، میکائیل دێت بە ماڵەکاندا دەگەرێت هەر کەسێك رزقی ساڵێکی تەواوی بۆ دیاری ئەکات، مامۆستا شەو لە خەویدا دەبینێت ئەوا میکائیل کە فریشتەی (رۆزی) بەش کردن هات، لەناو دێکەدا هەر کەس بەشی خۆی بۆ ماوەی ساڵێك بڕیاردا، بەڵام نەهات بۆ ماڵی ئەوان. مامۆستا کتوپڕ لە پاشی خەوەکە خەبەری دەبێتەوە، مامۆستاژنی هەڵسان وتی: ئەمساڵ من و تۆ دەمرین، مامۆستاژن وتی: بەچیدا دەزانی؟ وتی: ئێستا لە خەومدا میکائیل هات بەسەر هەموو ماڵەکاندا گەڕا هەر کەسێك (رۆزی) خۆی بۆ دیاری کرد و چووەوە بۆ ئاسمان نەهات بۆ ماڵی ئێمە، ئەوەش مانای ئەوەیە من و تۆ دەمرین و رۆزیمان بەدنیاوە نەماوە، ئەو شەوە مامۆستا و مامۆستاژن لە خەفەتاندا نەنوستن، مامۆستا، مامۆستایەکی هەبوو لە دێیەکی تر بوو، مامۆستاژن پێی وت: بچۆ بۆ لای مامۆستاکەت بزانە مانای ئەم خەوە ناهەموارە چییە؟

ئەویش بەیانی زوو ڕۆیشت بۆ ماڵی مامۆستاکەی خەوەکەی بۆ گێڕایەوە.
مامۆستاکەی پێی وت: مەلا تۆ چەند ساڵە مەلایت؟
وتی: خۆت دەزانیت من نزیکەی (٢٠) ساڵە مەلای ئەو دێیەم.
مامۆستاکە وتی: (٢٠) ساڵە مەلای هێشتا نازانیت، عەقڵت بەوە ناشکێت کە رزقی تۆ و مەلا ژن و منداڵەکانت لەسەر ئاواییەکەیە، لەسەر خوا نیە، تا میکائیل بێت بۆ ماڵتان.
ئینجا مامۆستاش دڵنیا بوو و بە دڵخۆشی گەڕایەوە ئەو مژدەیەی دا بە مامۆستاژن.
لەم باسەوە وا دیارە جگە لە لایەنی ئایینی هەر شتێك باش یان خراپ ئەگەر ماوەیەك مرۆڤ لەسەری بڕوات دەبێتە عورف و عادەت وهەر کەسێك شتێك بکات بگونجێ لەگەڵ ئەم عورف و عادەتەدا بە عەیب و ناشیرین لە قەڵەم نادرێت.
بەڵام ئێستا مامۆستا و فەقێ هەر ماون، مامۆستا لەسەر موچەی میری دەژین لەجیاتی موچەی ئاوایی و سەرفیترە و زەکات، فەقێ گەڕەکەکە یان دێیەکە هەموو مانگێك هەندێك پارەیان بۆ کۆ دەکەنەوە خۆیان شت دەکڕن و چێشت و نان دەکەن، ناچنە سەر ماڵان بۆ راتبە و بۆ چێشت چونکە عورف و عادەتەکە گۆڕا. هیوادارم هەر سەرکەوتوو و پێشکەوتوو بن بۆ خزمەتی ئایین و خزمەتی موسڵمانان و گەلەکەیان.

کاتێك گەڕامەوە دێکەی خۆمان (زەڵم) کە مەلا و فەقێی بۆ هاتبوو دەستم کرد بە خوێندنی کتێبی (أنموذج) کە لە بابەتی (نحو)ەوەیە، مامۆستا مەلا ئەحمەدی ئەوبەری ئەم کتێبەی پێ دەوتم، خۆشی کتێبی (شافیە)ی لای مامۆستا مەلا خالید دەخوێند.
ئەم مامۆستایە لەپاش سێ چوار مانگ هەڵی خەڵەتاندم وتی من دەچم بۆ دەرەشیشی ژوورو بۆ لای مامۆستا مەلا عبدالله، چونکە لێرە دەرسەکەم بەدڵ نیە، تۆش لەگەڵم وەرە زۆر بە باشی فێری کتێبەکانی (نحو) و (صرف)ت دەکەم.
منیش ئەوکاتە ساویلکە بووم زوو هەڵدەخەڵەتام، لەگەڵی ڕۆیشتم، لێفەکەی خۆی و لێفەکەی من بەیەکەوە بە پەتێك بەستیان بەکۆڵی منەوە، ئەویش لەگەڵ (مستعد)ێکی تر ناوەکەم لەبیر چۆتەوە، کەوتینە ڕێ، ئەوان پێشکەوتن و من لە دوایانەوە دەڕۆیشتم بەپێ، بەیانی زوو لە زەڵم دەرچووین تا گەیشتینە دەرەشیشی خوارو، ئینجا لە دەرەشیشی خواروو بۆ دەرەشیشی ژوورو، کە هەردووکیان نزیك هەڵەبجەن، ڕێگەکەی هەوراز بوو، دوو لێفەم بە کۆڵەوە بوو، زۆر ماندوو بووم چونکە لە ڕێگە بۆ پشوو نەوەستاین، لە هەورازەکە نەمدەتوانی من بەپێی ئەوان ڕێ بکەم، بانگم کرد مامۆستا بەجێم مەهێڵن. مەلا ئەحمەد گەڕایەوە لێم تووڕە بوو وتی: بێنە لێفەکەم خۆم هەڵی دەگرم، وتم: مامۆستا من نەموت لێفەکەت

هەڵناگرم تۆ لە وتەکەم تێ نەگەیشتیت، وتم: بەجێم مەهێڵن، ئینجا ئەوەندەی تر لێم تورە بوو، وتی: هەتیو من تێ گەیشتنم نیە؟ وتم: من وا ناڵێم.

هەر چۆن بوو گەیشتینە دەرەشیشی ژوورو سێ چوار مانگ لەوێ خوێندم. (أنموذج)ەکەم تەواو کرد بەڵام مامۆستا مەلا ئەحمەد زۆر ماندووی کردم، دەیوت کە راتبە دەکەیت روونەکەیتە ئەو ژنە کە نانەکەت دەداتێ، چونکە تەماشای کراسەکەشی بکەیت زەینت کوێر دەبێت، منیش کە دەموت ڕاتبەی فەقێ ڕەحمەتی خواتان لێ بێت، ئەو ژنە یان ئەو کچە نانەکەی بۆ دەهێنام پشتم لێ دەکرد و دەستم دەبرد لە پشتەوە نانەکەم لێ وەردەگرت، زۆر جار ژنەکان توانجیان لێ دەگرتم و دەیانوت فەقێ بۆچی پشتمان تێدەکەیت؟.

زۆر جار سەعاتێکی دەما بۆ نوێژی بەیانی دەیبردم بۆ مزگەوت دەستنوێژی پێ دەگرتم و شەونوێژی پێ دەکردم، بەڵام خۆم رزگار کرد لەم مامۆستایە کە خەریك بوو لەجیاتی ئەوەی بمکات بە مەلا بەرەو دەروێشی و سۆفێتی دەبردم.

کاتێك گەڕامەوە زەڵم ئەم مامۆستایەم نەبینیەوە تا ساڵی ١٩٤١ کە باسی دەکەم.

کە گەڕامەوە بۆ زەڵم دەستم کرد بە کتێبی (إظهار) لای مامۆستا (مەلا سەید رحیمی خانەگایی)و لای ئەو (إظهار)م تەواو کرد، بەڵام لەوێش زۆریان ئازاردام، من سوختە نەبووم بەڵام هەر ئیشێکیان ببوایە بەمنیان دەکردو دەیناردم بۆ ماڵان، چونکە دانیشتوانی دێیەکە هەمووی خزمم بوون نیوەی لە باوکەوە، نیوەکەی تر لە دایکەوە.

سکەڵفو (پشکۆ) لەگەڵ شا هەنجیری وشك:

شەوێك لە حوجرەی فەقێکان کە دوو قات بوو، فەقێکان لە قاتی دووەم دادەنیشتن، وتیان بایاری سکەڵفو بکەین، پشکۆیەکی گەورەیان کرد بەدەرزییەکداو دەزوویەکیشیان کرد بەکونی دەرزیەکەدا بەستیان بەبنمیچی ژوورەکەوە، هەموومان چوار دەورمان دا، هەر کەس بەتوندی فوی لێ دەکرد دەچوو بەرووی ئەوی تردا منیش لەلای پەنجەرەکەوە دانیشتبووم، کۆتایی پاییز بوو پەنجەرەکە کرابووەوە، کە سکەڵەکە هات بەرووی مندا خەریك بوو لە دەم و چاوم بدات چوومە دواوە، بیرم نەبوو کە من لە نزیکی پەنجەرەکەدام ئەوەندە توند چوومە دواوە کەوتمە خوارەوە، لە خوارەوەیش هەمووی بەرد بوو، ئینجا فەقێکان هەموو هاتنە خوارەوە هەڵیان گرتم لەهۆش خۆم چوو بووم، ماڵی (خاڵە صادق)م خوالێی خۆشبێت لەوێوە نزیك بوو بەچوار دەستە هەڵیان گرتم بردمیانە ماڵی ئەوان.

ئینجا هۆشم هاتەوە بەرخۆم لەبەر ئازار دەستم کرد بەهاوار کردن و هەموویان سەریان سوڕمابوو کە چۆن نەمردووم، دەیان وت ئەمە فریشتە باڵی خستۆتە ژێری بۆیە قاچ و دەست و سەری نەشکاوە، ماڵی خاڵم شاهەنجیری وشکی زۆریان هەبوو ئەوکاتە کە هەنجیر وشك دەکرا دەیانکردە مەشکە، خاڵم وتی: مەشکەیەك بێنن بیشکێنن بۆ فەقێکان ئەوان دەستیان کرد بە هەنجیر خواردن و پێکەنین، منیش لەبەر ئازاری خۆم هەر ناڵ و دادم بوو.

ئینجا بەم بۆنەیەوە باسی هەندێك یاری فەقێتان بۆ دەکەم:

یاری فەقێ:[1]

ئێمە ئەمانەوێ لەم باسەدا ئەم یاریانە بخەینە ڕوو وەك کەلەپورێکی میللی و بەشێکی فۆلکلۆری کورد.

یاریەکان زیاتر لە ڕۆژانی جومعە و سێ شەممە و شەوانی ڕەمەزان دەکران.

یاریەکانی شەو:

١- موسا و فیرعەون.

٢- گەنم گەنم.

٣- فڕی فڕی قەل فڕی.

٤- تەقیلە لەسەر تەقیلە.

٥- میر و گزیر یاخو پاشا و وەزیر.

٦- فەنە بێ دەنگە.

٧- تەرکی ژێر عەبا (تەرکی بن بەڕێ).

٨- یاپراخە دوو دوو.

٩- گۆرەوی بازی یاخود کلاوێن یان کەوشێن.

١٠- گەرەلاوژە.

١١- گایەکم هەیە دەیفرۆشم.

١٢- سکلێ پف.

١٣- راوە ژیژك.

١٤- هەر کەسێ کاری خودەش باری خودەش.

---

[1] گۆڤاری کاروان، ژمارە:٧٧، ١٩٨٤/١٠/٢٢، ل: ٨٧- ٩٦، نوسینی: مامۆستا ئیسماعیل جاف.

*یاریەکانی رۆژ مەیدانێکی پان و بەرینی دەویست بۆیە دەچوونە دەرەوەی ئاوەدانی:

١- سێ باز.
٢- کەوشەك یاخود یەك باز.
٣- جوغزێن.
٤- تۆپ قاڕ یاخود قەلە مرادە.
٥- گورزە کوێرە.
٦- گورز و بن مێخ.
٧- گۆشتی قەلەو.
٨- کڵاو فڕکێنە.
٩- کێل و بەرد.[١]

بووك و تەپاڵە:

عورف و عادەتی ژن هێنان ئەوکاتە بەم جۆرە بوو، لە پاش خوازبێنی و مارەکردن رۆژێك دادەنرا بۆ ئەوەی بکرێت بە زەماوەند، بۆ گواستنەوەی بوکێ لە نزیك ماڵی زاوا شوێنێکیان دادەنا تەخت و رێك و پێك دەکرا پێیان دەوت (زەماوەندگا)، ئەیان نارد لە دێیەکانی تر پیاوێك بێت بۆ شمشاڵ لێدان، ئەم شمشاڵە نزیکەی نیو مەتر دەبێ و چەند کونێکی لەسەرە لەکاتی فووکردن بە شمشاڵەکەدا دەست دەخاتە سەر کونەکان دەنگێکی خۆشی لێ پەیدا دەبێت، ئینجا لەوێ چەند گەنجێك هەبوون کە کۆیان دەکردنەوە بۆ گۆرانی وتن و هەڵپەڕکێ، کە لە سێ رۆژەوە بەردەوام دەبوو بۆ حەوت رۆژ بەپێی پلە و پایەی زاواکە و دەسەڵاتی، ئینجا بوکێش جلی بۆ دەکرا لە قوماشێك پێی دەوترا (خامەك)، هەر یەکە لە ڕەنگێك و کڵاوێکی بۆ دروست دەکرا هەتا دەبوو بە یەك پارچە زیو، لە ناوەڕاستی ئەم کڵاوەدا پێنج قرانیەك ئەدورا بەکڵاوەکەوە پێی دەوترا - فێس- .

رۆژێك پێش ئەوەی ببرێت بۆ ماڵی زاوا دەست و قاچ و سەری لە خەنە دەگیرا ورۆژی دوایی لێ دەکرایەوە وبوکیان دەڕازاندەوە و دەچوون ئێسترێکیان دەهێنا (مەموجێکی) زەرد و سوریان پیادەدا بەسەریا وبوکێ سواری دەبوو ژنێك لە پێشیەوە دەڕۆیشت کە پێیان دەوت - بەربووك- ئینجا ئاوێنەیەکی گەورەیان دادەنا لەسەر سەری بەرامبەر بەبووکەکە.

---

[١] مانای ئەم یاریانە هەموویان مامۆستا اسماعیل جاف بەدرێژی باسی کردووەو لە کۆڤاری کاروان بلاوکراوەتەوە لەسەرچاوەی باسکراو، لێرە بواری ئەوە نیە باسیان بکەین بەدرێژی.

بە ئاواییدا دەیانگەڕاند هەر منداڵێك باوەشێ تەپاڵەی کۆ ئەکردەوە ئەچوون لەسەر بانەکان تەپاڵەکانیان ئەدا لە سەر و شانی بوکێ هەتا دەگەیشتە ماڵی زاوا و بەسەدان سەلکە تەپاڵە ئەکەوت لەسەر و چاوی، ئەوەی بەشدار ببوایە لەو شاییەدا نانی ئێوارەی لەوێ دەخوارد، ئەوکاتە لەبەرئەوەی برنج کەم بوو، مەڕێك یان بزنێکیان سەردەبڕی لەگەڵ گەنمەکوتاو لێیان دەنا پێی دەوترا - کەشکەك- .

ڕۆژێك بووکیان دەبرد بۆ دوو ئامۆزای باوکم، حمە سەعید و حمە علی لەیەك ڕۆژدا منیش وەك منداڵەکانی تر هەندێك تەپاڵەم کۆ کردبووەوە لەسەربان بیدەم بە سەر و چاوی ژنی ئامۆزاکانمدا، لەو کاتەدا (مامۆستا مەلا ئەحمەدی ئەوبەری) کە دەرسی (أنموذج)ی پێ دەوتم، وتی وەرە بچینە مزگەوت دەرسەکەت پێ بڵێم، منیش زۆر پاڕامەوە کە ئەوەندەم مۆڵەت بدات تا بووکەکە ئەبەن، ئەویش بە ڕقا کەوت وتی هەر ئەبێ ئێستا بچینە ژوورەوە لە مزگەوت دەرسەکەت پێ بڵێم، ئینجا کاتێ دەرسەکەی پێ وتم من هەر خەیاڵم لای تەپاڵەکان بوو هیچی لێ تێ نەگەیشتم، ئێستاش ئازاری ئەوەم لەدڵدایە کە ئەو هەلەی لەکیس دام.

ئوخەی ئاغاڕۆ:

ئاغا و بەگەکانی ناوچەی هەورامان پیاوی خانەدانیان هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا سزا و ئازاری ناڕەوایان هەبوو بەرامبەر بە دانیشتوانی دێیەکە و منداڵەکانیان، ئینجا خۆشەویستی کەم دەبۆوە بۆ ئاغا و هەردەم چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیان دەکرد کە رزگاریان بێت لەدەستی ئاغا.

لە دێی سەرگەت نزیکەی (١٥)کم دوورە لە زەڵمەوە، پیاوێك هەبوو زۆر ژیر و دانا بوو ناوی ئەفراسیاو بەگ بوو، کاتێك کۆچی دوایی کرد دانیشتوانی دێیەکە لە (١٥ساڵیەوە تا ٨٠ ساڵ) هاتن بۆ پرسەکەی، لەپێش ماڵی ئەفراسیاو بەگدا چاڵێ قوڕاویان گرتبۆوە، ئینجا هەر کەسێك کە ئەچوو بۆ ئەو پرسەیە ئەبوایە هەندێ قوڕی بەسەرەوە بوایە یان بەسەر شانی و دوو سێ کەس ئیشیان ئەوە بوو هەندێك قوڕیان ئەدا بەسەری خەڵکدا ئینجا دەیان وت - ئاغا ڕۆ- لە هەمان کاتدا بەهێواشی ئەیان وت - ئۆخەی- .

(ڕۆ) پاشگرێکە بەکاردێت بۆ شتێ کە مرۆڤ پێی ناخۆش بێت بڕوات.

لەجیاتی ئەوەی (ئاغا، بەگ، خان) ئەوانەی کە گەورەی دێهاتەکانی کوردستان بوون چاك بن و کێشەکانی خەڵك چاك بکەن بە پێچەوانەوە خراپترین شێوازی تۆقاندن و ترساندنیان بەکار دەهێنا، بۆ نمونە ئاغا بەندینخانەیەکی هەبوو لە تەویلەی ئاژەڵەکانیدا یەکێکیان

دەگرت لەوێدا هەتا بەردەبوو، یان هەبوو لێیان دەدا و بە - خولامانەی- هەڵیان دەواسی واتە قژی سەر کە تۆزێك درێژ دەبێت دێتە پشت ملی.

بێینەوە سەر باسی خوێندنەکەم جارێکی تر چوومەوە بۆ خورماڵ بۆ مەدرەسەکەی مامۆستا سەید عارف، دەستم کرد بەکتێبی (تصریفی مەلا عەلی) ئەم کتێبە لە بابەت زانستی (صرف)ەوەیە، دانراوە لە لایەن یەکێك لە مەلا چاکەکان کە خەڵکی شاری شنۆیە لەکوردستانی ئێران، ئەم کتێبە مامۆستا مەلا (مەحمود عەنەبی) کە ئەوکاتە ئەو (مستعد) بوو لای مامۆستا سەید عارف دەیخوێند و پیاوێکی زۆر زیرەك بوو لە پاشاندا بوو بە مەلا لە هەڵەبجە دادەنیشت تا کۆچی دوایی کرد خوالێیخۆشبێت.

چوونم بۆ سلێمانی:

رۆژێك لەگەڵ فەقێ مەحمود (مەلا مەحمود سەرگەتی) کە ئەویش خزمی مامۆستا سەید عارف بوو لە باوکیەوە، مامۆستا سەید عارف پێی وتین بچین بۆ دۆڵاش کە دێیەکە لە شارەزوور نزیکەی (٣٠)کم دوورە لە خورماڵەوە بۆ ئەوەی کە مانگایەکیان هەبوو لەوێ بچین بیهێنینەوە، کاتێك گەیشتینە سەر جادەی ئوتۆمبێلەکان کە لە هەڵەبجەوە دەچوون بۆ سلێمانی وتم: مەلا مەحمود بۆچی نەچین بۆ سلێمانی بۆ خوێندن خۆمان نەجات بدەین لە دەست کێچەکانی خورماڵ، چونکە ئەوکاتە خۆڵی خورماڵ نیوەی کێچ بوو، وتی زۆر باشە، وتم منیش (٥٠) فلسم پێیە ئیتر بیرمان لەوە نەکردەوە دەچینە کوێ لە کوێ نان دەخۆین وبەچی دەنوین چونکە فەقێ لەهەر کوێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بڕۆشتایە وەك بۆ ماڵی باوکی بگەڕێتەوە ئاوا بوو، بیری لە ژیان نەدەکردەوە جگە لەوەی بچێتە شوێنێك مامۆستایەکی باشی دەست بکەوێت و دەرسی باشی پێ بڵێت، لۆریەك هات دەستمان لێ ڕاگرت وەستا، وتمان بەچەند دەمانبەیت بۆ سلێمانی؟ وتی: یەکی (٢٠) فلس ئێمەش سواری لۆرییەکە بووین بەپێوە تا گەیشتینە سلێمانی، لەوێ خۆمان کرد بە مزگەوتی (حاجی حان)دا، نەکەس دەناسین و نەکەس دەمانناسێت چووین بۆ حوجرەی فەقێکان بەخێرهاتنێکی گەرمیان کردین، نان و چایمان خوارد وتێر حەساینەوە، فەقێ لەهەر شوێنێك یەکی بگرتایە خۆیان بەبرای دایك و باوکی یەکتر دەزانی وهەردەم یارمەتی یەکتریان دەدا، ئەو شەوە هەر یەکەمان لەگەڵ یەکێکی تر بە لێفەیەك نوستین و بۆ بەیانی داوای جێگەمان کرد وتیان: جێگەی یەکێکمان هەیە فەقێ مەحمود چوو بۆ مزگەوتێکی تر و من لەوێ مامەوە هەندێك لە کتێبەکەی تصریفی مەلا علی مابوو لەوێ تەواوم کرد.

دەقنەی فەقیٚ:

ئەو فەقێیانەی لە شارەکاندا بوون وەك سلێمانی هەموو پایزێك شەوێك بەکۆمەڵ بەماڵەکانی گەڕەکەکەدا دەگەڕان دەیانوت:

دەقنەی فەقیٚ ڕەحمەتتان لیٚ بێت.

مەبەست لە (دەقنە) ئەوەی کە ئەو ماڵە دەیخوات لە ئازوقەی پاییز و زستان دەبێت بەشی فەقێشی لیٚ بدات لە ساوەر و ڕۆن و نیسك و نۆك وزۆر جار پارە و قاوورمەشی لەگەڵ بوو.

قاوورمە خواردنێکە لە سەرەتای پاییزدا ماڵە دەوڵەمەندەکان یەك دوو مەڕیان سەردەبڕی و گۆشتەکەیان هەڵدەکزاند، لە پاشدا دەیانکردە کوپەی گەورەوە، هەرجارە هەندێکیان دەردەهێنا بۆ خواردن یان بۆ ناو چێشت، چونکە ئەوکاتە (مجمدة) و (ثلاجة) نەبوو تاوەکو گۆشتیان تیا هەڵبگیریٚ، ئەوکاتە گۆشتی مەڕ بەیانیان کیلۆی بە (٢٠) فلس وئێواران دەبوو بە (١٦) فلس، چونکە دەترسان ئەگەر بمێنێتەوە بۆگەن بکات.

لە پاش ئەوەی کە دەقنەمان کرد هەندێك پارەی زیادە هەبوو فەقێکان بەشیان کرد لەنێوان خۆیاندا، منیش بەشەکەی خۆم برد لە بازاڕ لێفەیەکم پیٚ کڕی.

ئیش و کاری ناو حوجرە دابەش دەکرێت بەسەر سوختەکاندا، بەمنیان وت: تۆ چا لیٚ بنیٚ و ئەم ئێوارەیەش لەگەڵ فەقیٚ سەعید بڕۆ بۆ راتبە بۆ ئەوەی ماڵەکان شارەزا بیت، ئەگەر ڕۆژێك فەقیٚ سەعید لەویٚ نەبیٚ یان نەخۆش کەوت تۆ لەجیاتی ئەو راتبەکە بکە، ئەو فەقێیانەی راتبەکەیان دەکرد بەشی فەقێکانی تریان هەڵدەگرت و زیادەکەیان دەفرۆشت، بۆ شەکر و چا و ماست، ئەو ڕۆژە لەگەڵ فەقیٚ سەعید راتبەمان کرد بایی (چوار عانە) واتە (١٦) فلس نانمان فرۆشت پارەکەمان هێنایەوە، فەقێکان سەریان سوڕما وتیان فەقیٚ سەعید: بۆچی تۆ هەموو ڕۆژێك دوو عانەت دەهێنایەوە، لەمەدا دەرکەوت کە فەقیٚ سەعید هەموو ڕۆژێك بایی دوو عانەی دەفرۆشت و پارەکەی دەهێنایەوە و دووانی بۆ خۆی هەڵگرتووە لەبەرئەوە راتبەکەیان دا بەمن وتیان تۆ فەقێیەکی ئەمینی.

مامۆستای گەورە لەو مزگەوتەدا کە ناوەکەم لەبیر نەماوە هێشتا ژنی نەهێنا بوو، بەتەنیا لە حوجرەی تەدریس وتنەوەدا دەنووست ولەگەڵ فەقێکانیش نان و چایی دەخواردەوە هەر پارە و پولێکی زیادە بوایە لای ئەو دامان دەنا، مامۆستا نەخۆشی گرانەتای گرت (تی فۆید) وئەوکاتە زۆرترین کەسانیٚ کە ئەو نەخۆشییەیان بگرتایە پێی دەمردن چونکە دەرمان و چارەسەرێکی وانەبوو رزگاری بکات لە نەخۆشیەکە.

دیاره ئەم نەخۆشیەش هەر کەس بچێت بەلای نەخۆشەکەدا دەیگرێت، فەقێکان نزیکی مامۆستا نەدەکەوتن وقاپ و کەوچکی خۆیان بۆ جیا کردەوە، بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشیەکە نەبن وئەوەی کە دەچووە ژوورەکەی خزمەتی دەکرد تەنیا من بووم، شەوێکیان دیم مامۆستا زۆر هیلاکە و نزیکە لەوەی کۆچی دوایی بکات، منیش لەلای دانیشتبووم زۆر ترسام، چووم بەفەقێکانم وت، ئەوا مامۆستا خەریکی گیاندانە وەرن بەلایەوە، وتیان ئەوە (خاوێرێیەتی) واتە ئارەق دەکات وهەر کەسێك ئارەقی بکردایەتەوە لەو نەخۆشیە رزگاری دەبوو، منیش گەڕامەوە بۆ لای مامۆستا، هێشتا هۆشی لای خۆی مابوو وتی:

تۆزێك بەفرم بۆ بێنە، کات زستان بوو بەفرێکی زۆر باریبوو لەدەرەوە، چووم پڕ جامێك بەفرم بۆ هێنا، بەفرەکەی خوارد ئینجا خوێنی هەڵهێنایەوە و گیانی پاکی خۆی بەخوای گەورە سپارد، لەو کاتەدا زۆر ترسام، چووم بە فەقێکانم وت: ئەوا مامۆستا مرد ئینجا هەستان هاتن بۆ ژوورەکە لە پێش هەموو شتێکدا دەستیان کرد بەگیرفانی کەوا و سەڵتەکەدا ئەو پارەیەی لای مامۆستا دایاننابوو دەریان هێنا لە پاشدا رۆژ بووەوە بردیان بۆ خانەی ئەو دنیا.

لەپاش دوو رۆژ باران دەباری راتبەم دەکرد کە لە راتبە گەڕامەوە لەرزم لێ هات بەشێوەیەکی وەها بەهیچ شتێك گەرمم نەدەبووەوە دەرکەوت بۆ ئەوانیش توشی گرانەتا بووم.

هەر ئەو شەوە فەقێکان عەرەبانەیەکیان گرت، چونکە ئوتۆمبێل نەبوو، بردمیان بۆ نەخۆشخانە، لە پاش هەفتەیەك هۆشم هاتەوە بەسەر خۆمدا دەبینم توکی سەرم هەمووی هەڵ وەریوە، باوکم خوالێیخۆشبێت لەگەڵ پیاوێکی تر لە دێکەمان بەسەرمەوە راوەستابوون.

پزیشکی نەخۆشخانەکە خەریك بوو دەرمانی دەدامێ وتی: غەم مەخۆ کفنەکەت دڕی، واتە نامری و چاك دەبیتەوە، لەپاش ئەوە سێ هەفتە لە نەخۆشخانە مامەوە، دوایی هاتمە دەرەوە چوومەوە مزگەوت سەیرم کرد جێگەکەمیان داوە بەیەکێکی تر، ئینجا لێفەکەم و کتێبەکەم هەڵگرت چووم بۆ مزگەوتی (قامیشان) لەلای مەلا (عبدالرحمن سەردەشتی) جێگەم خواست و جێگەی پێدام.

مزگەوتەکە مامۆستای نەبوو، ئەم مامۆستایە لەوێ دەیخوێند دەچووە لای مەلاکانی تر دەرسی دەخوێند، لەوێ لای ئەو دەستم کرد بەکتێبی (الصمدیة) کە ئەمەش لەبابەتی زانستی (نحو)ەوە دانراوە، کتێبێکی زۆر نایابە لای ئەم مامۆستایە کتێبەکەم تەواو کرد. جارێکی تر گەڕامەوە چووم بۆ عەبابەیلێ (ئەباعوبەیدە) لەوێ کتێبی (جامی)م خوێند، عەبابەیلێ دێیەکی زۆر خۆشبوو لە بەرزاییەکدا، دەیڕوانی بەسەر هەڵەبجە و شارەزووردا، ئەوکاتە لەوێ مامۆستای گەورە، مامۆستا (شێخ بابا رسول) و مامۆستا (مەلا حەسەن)

بوون، ئەم دێیە بەناوی ئەبو عوبەیدەی ئەنصاری ناونراوە کە گوایە کاتی خۆی هاتووەتە عێراق بۆ بلاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام لەوێ کوژراوە یان مردووە، گۆڕێکی گەورە گومەزێکی لەسەر بوو دەیان وت ئەوە گۆڕی ئەبو عوبەیدەیە.

من لام وایە ئەمە زۆر دوورە لە راستییەوە، چونکە مێژووی ئیسلام ئەوەی تیا نیە کە (صحاب)یەکی وا گەیشتبێتە ئەوێ.

لە پاشدا جارێکی تر گەڕامەوە خورماڵ لەوێ کتێبی (سیوطی) کە پێی دەوترێت (الفیە إبن مالك)م لای مامۆستا سەید عارف خوێند، لە پاشان چووم بۆ بیارە کە مامۆستا مەلا عبدالکریم ی مدرس لەوێ مەلا بوو، مەلا مەحەمەد ئەمینی کانی سانانی لای مامۆستا دەیخوێند، من و خوالێخۆشبوو کاك فاتح کوڕی مامۆستا مەلا کەریم (سەید عبداللە ی سەرفیان)و(عبداللە یزدی)مان لای ئەو تەواو کرد، ئەوکاتە مەدرەسەکەی مامۆستا مەلا عبدالکریم هەروەك کۆلیجێکی شەریعەی ئێستا وابوو.



خوێندنم لە تەوێڵە:

پاش ئەوەی (سەید عبداللە سەرفی و عبداللە یزدی) هەر دووکم تەواو کرد لەبیارە لای مامۆستا مەلا حمە ئەمین کانی سانانی، چووم بۆ تەوێڵە، شارێکی زۆر گەورە و خۆشبوو،

هەر چەند پێیان دەوت دێی تەوێڵە بەڵام بەڕاستی شارێکی تەواو بوو، لە شوێنێکی بەرزایی دا بوو، خانوو لەسەر خانوو لە دوورەوە تەماشات دەکرد وات دەزانی هەمووی پلیکانەی یەك لەسەر یەك بەرەو ژوور ڕۆیشتووە، ئەمە لە ساڵی (١٩٤٠ز)دا بوو، بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانیەوە گرانی بوو هەموو شت گران بوو، بەتایبەتی خواردەمەنی بەڵام لە تەوێڵە هەستمان نەدەکرد بەو گرانیە لەبەرئەوە زۆرترینی دانیشتوانی دێیەکە خاوەنی پیشەسازی بوون، کلاش و پێلاو و چەقۆ و قەڵەم بڕی تەوێڵە بەناوبانگ بوو، هەروەك چۆن ئێستا پیشەسازی ڕۆژئاوا بەناوبانگە، ئەوکاتە لەهەر شوێنێك بتوتایە ئەمە لە تەوێڵە دروست کراوە کڕیارەکە بەهەر نرخێك ببوایە دەیکڕی، ئینجا لەبەر ئەم پیشەسازیەیە و کڕین و فرۆشتنی ئەم دیوو ئەو دیوی عێراق و ئێران دانیشتوانی تەوێڵە زۆریان دەوڵەمەند بوون وبە ژیانێکی باش کاتی خۆیان بەسەر دەبرد، ئەم شارە وەك هاوینەهەوار وابوو بەتایبەتی لە پشتیەوە نزیکی سنووری ئێران شوێنێك هەیە پێی دەوترێت (تاوێسەر) بەهەشتێکە بۆ خۆی بەڕووی زەمینەوە.

ئەم شارە گەورە جوانە بەهەشتێك بوو لە ساڵی (١٩٧٩ز) ڕژێمی بەعس هەمووی وێران کرد بۆ وێرانکردنی هەر باڵەخانەیەك (تی ئێن تی) بەکار هێنا، ساڵی ١٩٩١ جارێکی تر چووم بۆ تەوێڵە بایەقوش تیایدا دەیخوێند، وێرانە بوو، دەتوت هیچ ڕۆژێك ئەم شارە ئاوەدانی تیا نەبووە، ڕژێمی وڵاتان وڵاتەکەیان بەرەو پێشەوە دەبەن، بەڵام وڵاتە دوا کەوتووەکان هەر بۆ دواوە بۆ چەرخەکانی ناوەڕاستی مێژوو دەمان گێڕنەوە.

مەلای ئەم شارە جوانە خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا صاحب بوو، کە داوای جێگەم لێکرد زۆر بەخۆشیەوە جێگەی پێدام ونزیکەی (١٠) فەقێی تری تیادا بوو بە (مستعد) و (سوختە)وە.

فەقێکان هەموویان وەك کوڕە پاشا دەژیان لە خواردن و جلوبەرگەوە بەهۆی یارمەتی دانیشتوانی تەوێڵەوە کە پەیوەندیان بە ئایینی ئیسلامەوە زۆر بەهێز بوو، زۆر ڕێزی مەلا و فەقێیان دەگرت، منیش دەستم کرد بەخوێندنی کتێبی (اداب الكلنبوى).

کورتەیەك لەژیانی مامۆستا مەلا صاحب:

"مامۆستا مەلا صاحب، کوڕی نەزیری گچکەی کوڕی نەزیری گەورەیە، لە دەوری ساڵی ١٣٢٥ك -١٩٠٧ز هاتووەتە دنیا، منداڵ بوو باوکی کۆچی دوایی کرد، لە فەراژیی (هەراشی) بوو ناردیانە خانەقای (دورود)، ساڵی ١٣٣٧ز تەصریفی زەنجانی لای مامۆستا عبدالكريم (مدرس) خوێند، پاشان چووە ناوچەی هەڵەبجە، دوایی چووە قەرەداغ لای شێخ

نەجیب و شێخ مستەفا، ماوە لەوێ تا ئیجازەی لە خزمەت شێخ نەجیب وەرگرت، ئەمجا گەڕاوە (تەوێڵە) کرا پێشنوێژ و وتارخوێن و دەرس بێژ، ماوەیەکی زۆر خەریکی جێبەجێ کردنی کاروباری مەلایەتی بوو، لای خەڵکان و شێخەکان زۆر بەڕێز بوو، پاشان باری کرد بۆ هەڵەبجە، ساڵی ١٩٧٥ز کۆچی دوایی کرد."[1]

* * *

حاشیەکانی پێنجوینی و دەرچوونم لە تەوێڵە:

هەروەك مەجنون شێتی لەیلا بوو، هەستی بەڕوت و قوتی و سەرما و گەرما و تێری و برسێتی نەدەکرد، منیش شێتی دوانزە علیم بووم بەتایبەتی حاشیەکانی قزلجی لەسەر تەصریفی مەلا علی، حاشیەکانی پێنجوینی لەسەر (بورهان کلنبوی) و(کلنبوی اداب) وحاشیەکانی خەیالی لەسەر عەقائدی نسەفی وحاشیەکانی ئەبو طالب لەسەر سیوطی.

لەرێگای گەڕان بەدوای ئەم زانستانەدا هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێران و عێراق گەڕام، هەر مەلایەك ئەو حاشیانەی باش بزانیایە دەچووم بۆ لای ولە ماوەی دوانزە ساڵدا لە کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران لە تەوێڵە خۆشترم نەدی ولە (دەگاگا) لە (ژاوەڕۆ) لە ئێران ناخۆشترم نەدی، لەگەڵ ئەوەشدا تەوێڵەم بەجێ هێشت لەپێناوی ئەم حاشیانەدا چووم بۆ دەگاگا چونکە لەوێ مەلایەکی کۆنی قەدرزانی لێیە.

گرنگی پێدانی مەلا و قوتابی کوردستان بەم حاشیانە هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو ونەخۆشیەکی بێ دەرمان بوو، هەر مەلایەك ئەم حاشیانەی نەزانیایە لەلای فەقێ بەمەلا لەقەڵەم نەدەدرا، هەر فەقێیەکیش لەم حاشیانەدا شارەزا نەبوایە وهەوڵی نەدایە بۆ خوێندنیان تێنگەیشتو لەقەڵەم دەدرا، بە جۆرێکی وەها ئیش و کاری گرنگی قوتابیەکان ببوو بەوە، بۆ یەکەم جار کە تووشی یەکتر دەبوون، یەکێکیان کتێبێکی دەخستە بەردەمی ئەوی تریانەوە پێی دەوت مانای ئەو حاشیانە چییە؟ ئەگەر حاشیەکەی نەزانیایە بەچاوێکی سوك تەماشا دەکرا و میوان بوایە نانی پێ نەدەخورا و ماڵئاوایی لە فەقێکان دەکرد و ملی دەنا بۆ شوێنێکی تر، ئەم جۆرە خوێندنە بوو بەهۆی ئەوەی کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە سودی ئەم

---

[1] علماؤنا في خدمة العلم والدين ٢٤٥- ٢٤٦.
بنەماڵەی زانیاران ٣٢٨- ٤٢٩.
لە مێژووی زانایانی کورد، مەلا تاهیر مەلا عبداللە بەحرکەیی وەرگێڕاوە، ١/١-٢.

حاشیانە ئەوەیە مێشکی مرۆڤ تیژ دەکەن بۆ ئەوەی لە سەرچاوە ئاینیەکانەوە کە (قورئانی پیرۆز، فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ) لێی بکۆڵنەوە و لێی ورد ببنەوە بۆ ئەوەی پەیڕەوی لێ بکا بەجۆرێکی وەها سوودی هەبێت بۆ ئاینی ئیسلام و بۆ کوردی بێ کەسی سەر لێشێواو.

دەرچوونم لەتەوێڵە:

هەروەك باسم کرد منیش شەیدایەك بووم لەو شەیدایانەی کە عاشقی حاشیەکانی پێنجوێنی بوو بووم وماموٚستا مەلا صاحب کە لە خزمەتی دا (کلنبوی اداب)م دەخوێند کتێبەکەی زۆر باش دەزانی، بەڵام لە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی حاشیەکانی پێنجوێنیدا کە لەسەر ئەو کتێبە بوون بە جۆرێکی وانەبوو کە من باش تێی بگەم. لەبەرئەوە ئەو پڵاو وگۆشتەی کە لە تەوێڵە دەمخوارد هەمووی بە پشتمدا دەچووە خوارەوە هیچ تامێکی نەبوو.

بڕیارم دا بچم بۆ (پاوە) بۆ لای ماموٚستا مەلا (زاهید) خوالێخۆشبێت کە مەلایەکی زۆر باش و بەناوبانگ بوو لە حاشیەکانی پێنجوێنی دا زۆر شارەزا بوو.

کات زستان بوو، مانگی یەك بوو لە ساڵی (١٩٤١) هەمووی دوو سێ مانگ بوو ئێران تێك چوو بوو لەبەرئەوەی ئێران لایەنگری ئەڵمانیا بوو، لەبەرئەوە کۆماری شورەوی (الاتحاد السوفیتی) لای باکوری ئێرانی داگیر کرد و ئینگلیزیش ناوەڕاست و خوارەوەی داگیر کردبوو و ڕەزا شای بەهلەوی کە شای ئێران بوو دەست بەسەریان کردبوو بردبوویان بۆ دەرەوە، ئینجا ڕێگای سنورەکان بەرەڵا بوون کوردی عێراق و ئێران بەئازادی هاتو و چۆیان دەکرد.

شەوێك نامەیەکم نوسی بۆ مەلا زاهید لە پاوە، داوام کرد کە جێگەم بداتێ بچم بۆ لای، نامەکەم خستە ناو زەرفێکەوە بەڵام هێشتا سەرم چەسپ نەکردبوو لەبەردەمی خۆم دانابوو، کلۆ شەکرمان لەسەر زەرفەکە دانابوو چای دیژلەمەمان دەخواردەوە، لەو کاتەدا ماموٚستا مەلا صاحب خۆی کرد بە ژووری فەقێکاندا، منیش کە لەلای سەرەوە دانیشتبووم هەڵسامەوە شوێنەکەی خۆمم بۆ چۆڵ کرد، ئەویش کاتێك لە جێگەکەی من دانیشت نامەکەی دەرهێنا لەناو بەرگەکەی خوێندییەوە و خستیەوە ناوییەوە، لەپاش ئەوە چاییەکی خواردەوە چووە دەرەوە بانگی کردم، وتی: من بەچاوی فەقێ تەماشای تۆ ناکەم بەڵکو وەك کوڕی خۆم تەماشات دەکەم لەبەرچی دەچیت بۆ پاوە؟ منیش ئارەقی گەرمم دەردا لەو بەفر و سەرمایەدا و داوای لێبوردنم لێی کرد کە پەشیمانم لەو کردەوەیە، وتم هەر لە خزمەتی ئێوەدا دەبم و دەمێنمەوە.

دوای دوو هەفتە دووبارە کەوتمەوە ماخۆلانی حاشیەکانی پێنجوینی، هەردەم بەخۆمم دەوت: مصطفی تۆ بۆ گۆشت و چێشت خواردن هاتووی یان بۆ خوێندن هاتوویت، فەقێیەکم لابوو (کاک عبدالرحمن) کە لە نەوەی مەلای گەورە (نۆدشە) بوو دەرسی (إظهار)م پێ دەوت، وتم کاک عبدالرحمن بڕیارم داوە بچم بۆ پاوە بەبێ جێگە خواستن کاروانێك پەیدا بکە کە لەگەڵیان بڕۆین بۆ شارەزایی، ئەویش ڕۆیشت و هاتەوە وتی: کاروانێك سبەینێ بەیانی کاتژمێرێك پێش نوێژی بەیانی دەردەچێت دوو پیاو ودوو ئێستر بار دەبەن بۆ پاوە، وتیان پێمان خۆشە ئەگەر لەگەڵمان بێن، ئێمەش پێش خەوتن لێفە و کتێبمان پێچایەوە کاتژمێرێك شەو مابوو چووین بۆ لای ئەو پیاوانەوە لە پێش بانگی بەیانی دەرچووین ڕووەوە پاوە، ئەو ساڵە ئەوەندە بەفر باریبوو لە هەموو ڕێگە و بانێکدا نزیکی مەترێك بوو وهیچ ڕەشاییەك لەسەر زەوی دیار نەبوو لەبەر بەفر، بەجۆرێك یەکێك لە دانیشتوانی تەوێڵە بەهۆی ئەو بەفر بارینەوە وتی: (هەر یەرە تەلاقەم کەوتە بۆ خوا بەشو شۆرباوێ ئاویش نەمەنێنە گردش کردێنە بەودروە)، واتە: سێ تەلاقم کەوتبێ خوا بەشی شۆربایەك ئاوی لا نەماوە هەمووی کردووە بە بەفر.

نێوانی تەوێڵە و پاوە بە ئۆتۆمۆبێل کاتژمێرێك زیاتر نابێت، لەگەڵ ئەوەش ئێمە بۆ نزیکی مەغریب گەیشتینە پاوە لەبەرئەوەی ڕێگەکە هەمووی پڕ بوو لەبەفر بەو هۆیەوە درەنگ گەیشتین، کاتێك گەیشتینە ئەوێ شەوی بەسەر داهات چووینە ماڵی برادەری کاروانیەکان، من کە نوێژی مەغریبم کرد نانم پێ نەخورا ونەمتوانی دابنشیم، جێگەیان بۆ ڕاخستم هەتا بەیانی هۆشم نەهاتەوە خۆم لەبەرئەوەی ئەمە یەکەمین سەفەری ناهەموارم بوو لە ژیانمدا.

(پاوە) لە شارە بچووك و خۆشەکانی کوردستانی ئێران بوو لە بەرانبەری (خانەگا)وە بوو، پاوە کەوتبووە ڕۆژهەڵات و خانەگاش کەوتبووە ڕۆژئاواوە، نێوانی هەردووکیان تەلان تەلان بوو هەمووی باخ و باخات بوون لە ڕۆژهەڵاتی پاوە شاخێکی زۆر بەرز و درێژ هەبوو پێیان دەوت شاخی (شاهۆ) لەبەر خۆشەویستی و جوانی ئەو شاخە من کوڕی چوارەمم ناونا (شاهۆ) ولە بن شاخی شاهۆدا کانیاوێکی زۆر جوان ئاوی لێ هەڵدەقوڵێت. لە نزیك کانیاوەکەدا درەختێکی گەورەی (پەلگ) هەبوو گوریس بەدەوریدا نەدەهاتەوە ناوەکەی بۆش بوو وەك ژووری لێ هاتبوو کرابوو بەچایخانە پێیان دەوت (هەولێ) ئەوانەی ئەهاتن بۆ سەر ئەو کانیاوە لەوێ چاییان دەخواردەوە لەبەر ئەو دیمەنە جوانەی شاخی شاهۆ و کانیاوەکەی و هەولێ، مەولەوی دەفەرموێ:

سەر ئاو چوون هەولێ‌ مەسکەن چوون پاوە
ماچی بەهەشتەن بە ڕووی دنیاوە[1]

واتە: کانیاوێك وەك هەولێ‌ وشارێك وەك پاوە، لەبەر ئاو و هەوای دیمەنە جوانەکەی ئەڵێی بەهەشتە بەرووی دنیاوە.

دانیشتوانی پاوە بە ژن و پیاویانەوە زۆر جوان بوون، بالاّ بەرز و قەد باریك بوون، قسە خۆش، هەردەم بەپێکەنین و ڕووی خۆشەوە قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، غەریبیان وەك هاولاّتی خۆیان دەزانی و زۆر بەرێزەوە تەماشایان دەکرد.

بۆ بەیانی چووین بۆ حوجرەی فەقێکان دیم ئەو مامۆستایە (مەلا ئەحمەد) کە لە زەڵمەوە بردمی بۆ دەرەشیشی ژوورو لەوێ (مستعد) بوو، زۆر بەگەرمی یەکترمان ماچ کرد و بەخێرهاتنی کردم، بەلاّم دەمزانی لەدڵیدا پێی خۆش نیە سوختەکەی خۆی ببێتەوە بەهاو مستعدی، کاتێك مامۆستا مەلا (زاهید) هات داوای جێگەم لێکرد زۆر پیاوانە وتی: باشە، ان شاء الله وەك فەقێکانی تر لێرە هیچ کەم و کوڕیەك نابینیت لە لایەنی خوێندنەوە و لە لایەنی ژیانەوە.

ڕۆژی دوایی نۆرە دەرسی من بوو چووم بۆ ژوورەکەی دەستم کرد بە خوێندن و خوێندنی کتێبەکە، بەڕاستی مەلایەکی زۆر باش بوو و لە بابەت حاشیەکانی پێنجوینیەوە زۆر شارەزا بوو، دەمدی هەردەم فرمێسك بەچاویدا دەهاتە خوارەوە، لە کانگای دڵیەوە ئاهێکی دەکرد و دووکەڵی جەرگ سوتاوی بەدەم دەهاتە دەرەوە، بەجۆرێکی وەها کارێکی زۆری دەکردە سەر دەرسەکەم، ئینجا منیش زۆر سەرم سوڕما دوای دەرسەکە گەڕامەوە ناو فەقێکان وتم: مامۆستا چی لێ‌ قەوماوە، وتیان: ژنێکی هەبوو زۆری خۆشدەویست پێش هەفتەیەك کۆچی دوایی کرد.

لەوێش دڵم هەڵکەنرا بڕیارم دا بچم بۆ شوێنێکی تر، وتم بە کاك عبدالرحمن من نەشارەزام بەرەو کوێ‌ بڕۆین؟ وتی خاڵێکی دایکم مەلایەکی زۆر باشە تەمەنی (٧٠) ساڵە، زۆرترینی ژیانی لە تەدریسدا بەخت کردووە لە (دەگاگا)یە لە (ژاوەڕۆ)، وتم: دوورە، وتی: ڕۆژ و نیوێك دەبێت بەپێ‌، منیش وتم: کتێب و لێفەکان هەڵگرە، با مامۆستا نەزانێت و ماڵئاوایی لە فەقێکان بکەین.

---

[1] دیوانی مەولەوی.

بەرەو ڕووی پردی وەندەن:

ڕووە و دێی هەجیج و دێی ڕووار گەڕاینەوە دوواوە نزیکی نیوەڕۆ بوو گەیشتینە دێیەك وتیان ئەمە دێی (نجار)ە، شێخێکی زۆر چاك و موسلمانی تیادایە ئێمەش چووین بۆ مالی شێخ وامانزانی تەکیَ و سوفی و مورید و دەروێشی هەیە، وتیان: شێخ چووە بۆ جوت تۆزێکی تر دێتەوە.

هەر چەند ئێستا بیر لەو شێخە دەکەمەوە وەك خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب دێتە بەرچاوم کە نوێنەرەکانی هەرقل و پاشای ڕۆم چوون بۆ لای بۆ (مەدینە) پرسیان کۆشکی خەلیفە لە کوێیە؟ وتیان: کۆشکی نیە خانووەکەی هەروەك خانووی تری خەلکیە، کاتێك گەیشتنە لای مالەکەی وتیان ئەو مالە مالی ئەوانە خۆشی لەژێر سێبەری دیوارەکەی لەسەر حەسیرێك ڕاکشابوو، نووستبوو، بیَ پاسەوان و چاودێری لا نەبوو، وتیان: ئەمە خەلیفەیە، سەرۆکی وەفدەکە سەرسام بوو وتی: (عدلت فامنت فنمت قرير العين) واتە: دادگەریی بەتەواوی کرد، ترسی گیانت نیە بەبیَ خەم نوستوویت.

ئەم شێخی (نجار)ە دەستی کەسی نەبڕیوە، ناوی شێخە و هیچی لە کەس وەرنەگرتووە و خۆی کاسبی کردووە و خزمەتی موسلمانانی کردووە.

دواتر دەرکەوت کە ئەم شێخە کوڕەزای شێخ (عبدالرحيم)ی (نەجار)ە کە هاوچەرخی (مەولەوی) بووە و مەولەوی لەنامە هەلبەستێکیدا کە وەلامی نامەیەکی (نەجار)یە پێکهاتووە لە (١٥) بەیت، لەیەکەم بەیتیدا دەلێت:

تەختەی مۆبەت تاش، نەجار دلتەنگ!
گێر گێج دام، کلافەی شەو ڕەنگ![1]

دوای نیوەڕۆ لە دێی نەجار دەرچووین ڕووە و (ڕووار) هەتا گەیشتینە ئاوی سیروان، کە تەماشای ئاوەکەمان کرد ڕووخانە سورە هات بوو ئاوەکە نالە نالی دەکرد بەتاقگەکاندا بازی دەدایە خوارەوە شەپۆلی ئاوەکە وەك هەلمەتی شێر پیاوی زیاتر ئەترساند و زالتر ئەبوو، وتم: کاك عبدالرحمن پردەکە لە کوێیە بۆ پەڕینەوە وتی: ئەو جۆرە پردە کە تۆ دەتەوێت نیە، ئێستا دەچینە سەرەوە جۆلانەیەك دروست کراوە لە لقەمێو دووسیَ لقی مێوی گەورە لەم بەر و لەوبەری لەژێر بەردە گەورەگان چەسپ کراون وناوەکەیان تەنراوە دوو کەس پێکەوە

[1] دیوانی مەولەوی (لا١٢٤).

هەڵناگرێ دەبێت یەکە یەکە بەسەریدا بپەڕێنەوە، کاتێك گەیشتینە سەر پردەکە هەردوو ئەژنۆم وشك بوو لەترساندا وتم: چۆن دەپەڕینەوە؟ وتی: مـن لێفـەکان دەبەمـە ئەوبـەر تـۆش بەدوامدا وەرە، پردەکەش هەر وەك دارە مەیت وابوو، ئەوسا دوو داری درێژیان دادەناو بە گوریس جۆلانەکەیان لێ دروست دەکردو مردووەکەیان دەخستە سەری و چوارکەس دەچوونە ژێری دەیانبرد بۆ سەر قەبران.

ئەم پردە ناهەموارە بەهۆی ناڵە ناڵی هاژەی ئاوەکەو تاڤگەکەی زۆر سامناك بوو، ئەم بەرو ئەوبەری شاخ بوو لەبەرئەوە شوێنەکە تۆزێك تەنگەبەری بوو ئاوەکە دەهاتەوە یەك، منیش دەستم نا بەجەرگی خۆمدا و دەستم کرد بە (أیة الکرسي) خوێندن بە گاگۆڵکێ بەسەر پردەکەدا هەر چۆنێك بوو پەڕیمەوە، لەناوەڕاستیدا لە ترساندا (أیة الکرسي) ەکەم لەبیر چووەوە لە پاشان بۆیان گێڕامەوە کە چەند کەسێك لە دانیشتوانی (ئەوسود) کە جەعفەر سوڵتان حوکمڕانی دەکردن و نزیکی ئەم شوێنەیە، لەریش سپیەکی زانا دەپرسن کە پردی سیرات و بەهەشت و جەهەنەم چۆنە؟

ئەویش وتیبووی: (پـردە و سیراتێ تەخمینش کەردێ بە پردە وەندە نیە و بەهەشتی تەخمینەش کردێ بەدیوەخانەکەو سانیەوە، جەهەنەمیش تەخمینش کەردێ بە مەتبخەکەو سانیەوە).

واتە: پردی سیرات وەك پردی (وەندەن) وایە ئەو پردەی کە پیادا دەپەڕینەوە، بەهەشتیش وەك دیوەخانەکەی سان وایە وجەهەنەمیش وەك چێشتخانەکەی سان وایە.

کاتێك پەڕینەوە بەبەری شارۆچکەی (هەجیج)دا رۆیشتین ئەمە هەر چەندە شار نەبوو بەڵام وەك ئەوێڵە شارێکی تر بوو لە شارەکانی کوردستانی گەورە، دانیشتوانی هەجیج هەرچی شتیان بوو خۆیان دروستیان دەکرد، جلوبەرگی پیاوان لە شاڵ دروست دەکرا کە ئەویش لەریسی بزنە مەرەز دەیانرێسایەوە لەلای جۆڵاوە دەیانکرد بە چۆغەوڕانك.

جلوبەرگی ژنان لەجاو دروست دەکرا کە لۆکەیان دەڕێسا و ئینجا دەیانچنی دەیانکرد بەجاو، لەپاشدا ڕەنگیان دەکرد و جلی ژنانیان لێ دروست دەکرد، قاپ و کەوچکیان لە دار دروست دەکرد پێی دەوترا (دیزە)و مەنجەڵی چێشت لێنانیان لەقوڕی سوور دروست دەکردو پێڵاوەکانیشیان خۆیان دروستیان دەکرد، بەم جۆرە ئەوەی کە ئێستا پێی دەوترێت (أکتفاء ذاتي) ئەو رۆژە لە شاری هەجیجدا هەبوو، هەروەك مامۆستا مەلا محەمەدی چرۆستانی شیعرێکی جوانی داناوە لەسەر هەجیج دەفەرموێ:

داکی وەتەن سوپاسی ڕەوشتی تیرەی هەجیج دەکات:

رۆڵەکەم کە لەرێ و شوێنی منا مابێ هەجیجی
هەر شاڵ و کڵاشی وەتەنە جلو و فەرەنجی
رەنگ و جل و خۆراك و زمانی هەموو پێکن
رۆژوو لە دڵی یەکتری یا خۆشی میللەتێکن
دانیشتوو لە شاخێکی رەق و تەق نەزەوی و زار
سەربەست و دلێرانە ئەژین بێ غەم و بەگار
چەن خۆش گوزەرانن بەبەشی ئاردەتوو رازی
پولێ بە (رەزا) نادەن و فلسێکی بەغازی
لۆکە و مەرەزە و موو خوریيە و وردی و شازی
کۆڵوانەیی شاڵی مەرەزە و گازرە جیازی
مایەی تەشیيە و خول خولیە کەوچك و تیرۆك
ئازادە لە قەرزاری و کومپیالە و چیرۆك
گوێ نادەنە فەنتازی و چیت و ناڵ و واڵا
گشتی وەتەنی پێخەف و بەرگ و جل و کاڵا
وەختێ کە لەتەوقی سەر ئەنێن جێی شەدە و ئاغا
جاوی وەتەنی، داکی وەتەن هالە دەماغا
نادەم کولە باڵی بە هەموو شاڵەکی تورمە
لای من چ کەوای شاڵی چ سەد تاقەیی سورمە
نایێ نەفسی قۆریە گیزەر لە سەماوەر
نابینێ لەبۆ خواردنەوەی چایی جەماوەر
چایی لەهەموو ئەرزی هەجیج بێ سەروشوێنە
بۆیە رەنگ و روخساری هەموو وەك پەت وخوێنە
رۆڵەی بەدڵی داکی وەتەن خێڵی هەجیجە
ئیتر ئەوی بیێژێ وەتەنیم گوری قلیچە

١- رۆژوو: چونە ناو.
٢- رەزا: شارەزا شا، ئاردەتو: ئاردی تووی وشك، غازی: مەلیك غازی.

٣- چیرۆك: ئیمزا، مۆر.

٤- فەنتازیی: کەشخەیی، مۆدە.

٥- شەددە: مشکی.

٦- کوڵە باڵ: جۆرە بەرگێکی کوردەوارییە لە لباد دروست دەکرێت بێ قۆڵە و تا کەمەر درێژە و هەردوو شانەکەی جوتێ قۆڵی کورتی بچوکی پێوەیە بەڵام قۆڵی پیا ناکرێ.

تورمە: جۆرێکە لە قوماش.

٧- گۆڕی: شایەن، قلیچ: قەمە.

ژیانی مامۆستا مەلا محمد چرۆستانی:

" مامۆستا مەلا محەمەد چرۆستانی برای مامۆستا مەلا عبدالله ی چرۆستانی، کوڕی مەلا عبدالرحیمی کوڕی عومەری کوڕی شەریفی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی محەمەد ئاغای کوڕی پیرخدری شاهۆیە، عەشیرەتی میرئاوەدەلی یە، ساڵی ١٨٩٤ز لە گوندی ئابلاغ نزیك سلێمانی هاتە دنیا.

لە خزمەت باوکی دەستی بە خوێندن کرد، پاشان باوکی بووە مەلای مەجید بەگی جاف لە هەڵەبجە، ئەویش لەوێ لەلای فەقێیەکان دامەزرا، دوایی باوکی باری کرد بۆ بەرزنجەو لەوێ کۆچی دوایی کرد، مامۆستاش کۆتایی بەخوێندن هێنا.

لە گوندی سەراوی شاربازێڕ بووە مەلا، پاشان چووە بادین لە پشدەر، دوایی چووە ڕانیە، لەو کاتەدا خەڵکی ناوچەکە لەدژی داگیرکاری ئینگلیز بەشەڕ هاتن، ئەویش ناوچەکەی بۆمبابارن کرد، لە ئەنجامدا کتێبخانەکەی مامۆستا سووتا.

ساڵی ١٩٣٢ز چووە سلێمانی، ساڵێ ١٩٣٦ کرا بە مەلای مزگەوتی نەقیب.

ڕۆژی پێنج شەممەی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کرد، لە گۆڕستانی گردی جۆگە بەخاك سپێردرا.

مامۆستا جگە لە مەلایەتی شاعیریش بووە، نازناوی شیعری (چروستانی) بوو، دیوانی شیعری کوردی هەیە، چاپکراوە."[1]

پیاوێکی زۆر مەرد و قسە خۆش و زانا و ڕاست بوو، هەردەم ئەوەی لەدڵیا بوو لەسەر زمانی بوو، بەبێ ئەوەی لە کەس بترسێ و زۆر عیززەتی نەفسی هەبوو، حورمەتی خۆی ڕائەگرت وەك هەندێ کەس بەدوای درۆو مەراییدا نەدەڕۆیشت بۆ ئەوەی دەستکەوت بۆ خۆی پەیدا بکات، شایەنی باسە کاتێك مزگەوتەکەی لە سلێمانی تازە دەکرایەوە ماڵەکەیان نزیك مزگەوتەکەی من بوو - مزگەوتی بن تەبەق- بۆ نوێژی مەغریب ئەهاتە مزگەوتەکەی من، پاش ئەوەی لە نوێژ ئەبوینەوە پێی ئەوتم ئێوە چیتان هەیە؟ ئەگەر شتێکمان هەبووایە و ئەوان نەیانبوایە لەگەڵم دەهاتەوە، ئەگەر ئەوان شتێکیان هەبوایە و ئێمە نەمانبوایە من لەگەڵی دەڕۆشتمەوە، هەتا دەمرم خۆشی ئەو ماوەیەم لەبیر ناچێتەوە، مامۆستا مەلا محەمەد ئێستا

---

[1] تاریخ مشاهیر کورد ٢/ ٣٩٠
مێژووی ئەدەبی کوردی ٦/٢٣٧-٢٤٨.
لە مێژووی زانایانی کورد، مەلا تاهیر مەلا عبدالله بەحرکەیی وەرگێراوە، ١٤٢/٣.

کوڕە گەورەکەی کەناوی کاك مەلا یەحیای چرۆستانی یە لە بەغدا دادەنیشێت، بەڕاستی لە ڕەوشت و ئایین و مەردایەتی دا جێگای باو و باپیریانی گرتۆتەوە خوا تەمەنی درێژ بکات.

٭ ٭ ٭

دێی ڕووار:

لە پاشدا بەدۆڵێکی ناو شاخ و داخ و پڕ باخدا بەرەو ژوور ڕۆشتین هەتا گەیشتینە دێی ڕووار کە مەلاکەی شاعیرێکی گەورە بوو بەناوی مەلا خدری روار ناوبانگی دەرکردووە، مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس لە زاری هەورامیەوە هەندێك لە شیعرەکانی ئەوی گۆڕیوەتە سەر زاری سۆرانی ناوەی ناوە (اقبال نامە).

شەو چوینە ماڵێك دیمان شێخ معتصم کوڕی شێخ حسام الدین لەوێ میوانە، لە پاش نان خواردن لێی پرسین خەڵکی کوێن وبۆ کوێ دەچن؟ من وتم: خەڵکی زەڵمم و بۆ خوێندن دەچم، وتی: لە زەڵم کوڕی کێیت؟ وتم: من کوڕەزای سۆفی حمە ئەمینم، چونکە شێخەکان هەموویان بەباشی باپیرمیان دەناسی.

وتی کەوابوو دەبێت لە گەڵمدا بێیت بۆ شاری سنە دەتبەم بۆ لای مەلایەکی چاك بخوێنە و هەموو ئەرکێکی خۆت و سوختەکەت لەسەر شانی من بێت، منیش وتم: زۆر سوپاستان دەکەم دەچم بۆ دەگاگا ئەگەر جێگەم دەست نەکەوت دێم بۆ لای جەنابتان، شێخ معتصم خۆی لە شاری سنە نەبوو بەڵکو لە دێی (دێر مۆڵی) بوو هەم شێخ بوو هەم ئاغا بوو، لە ژیانێکی زۆر خۆشدا دەژیا و ڕێزیان دەگرت وخۆشی زۆر دەوڵەمەند بوو ئەو شەوە لەوێ بووین بۆ بەیانی چووین بۆ دەگاگا.

دەگاگا زۆر دوور نەبوو لەوێوە، بەڵام ڕێگەکە هەمووی بەفر وشاخ بوو دەبوو بەنێو ئەو بەفرە ناهەموارە دا برۆین، ڕەشەبایەکی زۆر بەهێز بەفرەکەی دەدا بە ڕووماندا، چووین لەوێ لە ڕێگە تووشی دێیەکی تر بووین نانی نیوەڕۆمان خوارد، پێیان وتین مەڕۆن ڕێگەکە زۆر سەختە و بەفرەکە زۆرە، ئێمەش بە قسەمان نەکردن و ڕووەو کوێستانێك ڕۆیشتین کە هەورازێکی زۆر سەخت بوو، ئەو کوێستانە هاوینەهەواری دەگاگا بوو کە پێی دەوترا (بوکومارانی)، منیش لەڕێگا سەعاتێکم پێ بوو تەماشام کرد هێشتا کات زۆر ماوە، ئیتر نەمزانی کاتژمێرەکەم نووستووە، چونکە لەبەر بەفرو سەرماکە زۆر تێکچووین، کاتێك گەیشتینە کوێستانەکە تەماشامان کرد لەپڕ تاریکی کرد و شەو داهات بەسەردا و ڕێگەمان لێ ون بوو، ئینجا وتم: فەقێ عبدالرحمن لێفەکان لەسەر ئەم بەفرە دادەنێین و ڕووەو قیبلە

رادەکشێین تا دوا ساتی ژیانمان لێرەدا تەواو دەبێت، هەڵبەت ئەمە خوا نوسیویەتی لەسەرمان کە ئێمە لەم کوێستانەدا کۆچی دوایی بکەین و کەس پێمان نەزانێت و درندە گۆشتەکەمان بخوات وکەس نەبێت بماغاتە گۆڕەوە، ئینجا دەستمان کرد بە پاڕانەوە لە خوای گەورە و دوعا کردن کە ئەم جارەش رزگارمان بکات، بەڵام خۆمان دڵنیا بووین ئەو شەوە لەوێ لەو کوێستانەدا دەفەوتاین.

وەڕینی سەگێك ئومێدی ژیانی پێدداینەوە:

بەم جۆرە ماینەوە بۆ ماوەی (١٠) دەقیقەیەك لە ترس و لەرزدا، لەپڕ لەو ترس و لەرزەدا لە دوورەوە سەگێك دەستی کرد بەوەڕین، وەك ئەوەی یەکێك لەئاوێکدا خەریك بێت بخنکێت خوا یەکێکی بۆ بنێرێت دەستی بگرێت و گیانی رزگار بکات، هەروەها وەك ئەوەی خوا ناردبێتی بۆ ئەوەی بوەڕێت بەدەنگێکی بەرز و بانگی ئێمە بکات بڵێت دێیەکە لێرەوەیە، ئینجا بەردەوام ڕووەو دەنگی سەگەکە رۆیشتین تا نزیك بووینەوە تەماشامان کرد ئاواییەکەیە، کە ئەویش دەگاگایە، کاتێك گەیشتینە ناو دێیەکە پرسیمان بۆ ماڵی مامۆستا، یەکێك هات لەگەڵمان تا گەیشتینە ماڵی مامۆستا، لەوێ مامۆستا راستەوخۆ وتی: عبدالرحمن بۆچی هاتویت؟ وتی: هاتووین بۆ خزمەتی تۆ لێرە بخوێنین.

مامۆستا بە توڕەییەوە وتی: یەکێك بەم زستانە بەشەق دەری بکەن ناچێتە دەرێ، ئێوە دەبێت شێت بوون وا کەوتونەتە رێ بەم بەفر و سەرمایە، مامۆستا بەردەوام بوو لە قسەکردندا وتی: رەزاشای بەهلەوی فەقێی لەبیری ئاواییەکان بردۆتەوە، نزیکەی (٣٠) ساڵە فەقێی تیا نەماوە، لەبەرئەوە ئێوە ناتوانن لێرە بمێننەوە، دانیشتوانی ئاواییەکە ناتوانن یارمەتیتان بدەن و حوجرەی فەقێمان نیە وکەسیش ژووری زیادەی نیە تیا بخوێنەوە.

لە پاشدا لە منی پرسی وتی: رۆڵە تۆ چی دەخوێنیت؟ وتم: کلنبوی بورهان دەخوێنم بە پێنجوێنییەکانەوە، مامۆستاش زۆری پێ خۆشبوو تۆزێك ڕووناکی کەوتەوە دەم و چاوی و گرژی لە ناوچەوانی نەما، وتی: رۆڵە من عاشقی پێنجوینی سەر کلنبوی بورهانم، کاتی خۆی زۆر ئەم کتێبەم وتۆتەوە لەگەڵ پێنجوینیەکان، ئاواتم ئەوە بوو پێش مردنم جارێکی تر ئەم کتێبە لەگەڵ حاشیەکاندا بە دەرس بڵێمەوە خوا ئاواتەکەی هێنامە دی، وتی: رۆڵە لێرە دانیشن خوا رازقی رزقە، بە ئاواییەکە دەڵێم یارمەتیتان بدەن، بۆ حوجرەش بەتانیەکتان دەدەمێ بیبەن سوچێکی مزگەوتەکە بکەن بە حوجرە، بەبزمار بەتانیەکە هەڵواسن بەدیواری

مزگەوتەکەدا بیکەن بە پەردە و لەودیوی دانیشن، بەشەویش مزگەوتەکە گەرمە و فراوانە لەکوێدا ویستان بخەون.

ئەوشەوە لە ماڵی مامۆستا بووین، بۆ بەیانی نانمان خوارد بەتانیەکەمان وەرگرت وەك مامۆستا فەرمووی لەسوچێکی مزگەوتەکەدا دامان کوتاو ئەو دیوەکەیمان ناونا حوجرەی فەقێ، بۆ ئێوارە یەکێك لە کوڕەکانی مامۆستا لەگەڵ فەقێ عبدالرحمن دا چوون بۆ راتبەی فەقێ، دێیەکە زیاتر لە (٢٠٠) ماڵ بوو بە هەموویانەوە (٨) کولێرەیان پێدان و ئەم کولێرانە هەموو شتێکیان تیا بوو جگە لە گەنم، چونکە گرانی بوو بەهۆی جەنگی جیهانی دووەمەوە، دانیشتوانی دێیەکە زۆر هەژار بوون هەر بە مەڕ و ماڵات دەژیان وجێگای کشتوکاڵیان نەبوو، بۆ سبەینێ بەیانی بۆ دەرس خوێندن چووم بۆ لای مامۆستا کاتێك کە دەرسەکەی وتەوە هەروەك ڕووەکێك ئاوی بدەیت بگەشێتەوە مامۆستا ئاوا گەشایەوە، منیش وەك ڕووەکەکە وردە وردە گەش بوومەوە لە خۆشیاندا هیچ ئێش و ئازاری ڕێگەم بیر نەما، لەدڵی خۆمدا وتم خوایە لێت بەزیا بێت کە من گەیشتم بەم مامۆستایە، کە لە پێنجوێنی باشتر پێنجوینیەکانی دەزانێت، ئینجا هەموو شەوێك کوڕەکەی دەنارد بۆ ئەوەی کتێبەکە بیات و دەرسەکەی ئامادە بکات بۆ رۆژی دوایی وخۆشی حاشیەی دەکرد لەسەر حاشیەکانی پێنجوینی و قەرەداغی، دەست و خەتی ئەوەندە جوان بوو دەتوت گەوهەرە، بەو جۆرە سێ مانگ مامەوە لە دێیەکە هەموو رۆژێك (٨) کولێرەمان هەبوو، ئێواران کوڕەکانی مامۆستا دەهاتن دوانیان دەخوارد (ئەحمەد و حسەین) و شەشیان دەمایەوە، هەموو شەوێك مزگەوتەکە پڕ دەبوو لە کاروانی، بەرۆژدا کە ڕووناکی هەتاو دەیدا لەناو مزگەوتەکە سەیری قاڵیەکان و بەڕەکانمان دەکرد وەك شارە مێرووله ئەسپێ ڕیزی بەستووە هات و چۆ دەکات وبەشەوان جلەکانمان هەموو لەسەر ئاگری مزگەوتەکەدا دەتەکاند، دەنگی تەقینەوەی ئەسپێکان دەتوت گوللەیە لە ڕەشاش دەرەچێت لەسەر یەك، هەموو شەوێك ئازارمان دەدی لە دەست ئەسپێ وکە ئەو کولێرە هەرزنانەمان دەخوارد بەبێ خواردنێکی تر دەبوو بەقوڕ لەسکماندا، هەموو رۆژێك دەموت دوای دەرسەکە دەستی مامۆستا ماچ دەکەم و ماڵئاوایی دەکەم چونکە ژیانەکەمان زۆر تاڵ و سەخت بوو، بەڵام کە دەرسەکەم دەخوێند شیرین دەبوو هەموو تاڵیەکی لەبیر دەبردمەوە، دەموت ئەگەر ئەسپێ هەموو رۆژێك کیلۆیەك لە گۆشتەکەم بخوا دەست لەم مامۆستا چاکەم هەڵناگرم یان دەمرم یان کلنبوی بورهان تەواو دەکەم.

کورتەیەک لەژیانی مامۆستا مەلا عبدالقادر:

"ناوی عبدالقادر کوڕی جەلالەدینی کوڕی مەلا عبدالرحمانی نۆدشەیی یە، لەو گوندە ساڵی ١٣٠٠ك- ١٨٨٢ز هاتووەتە دنیا، هەر لەوێ دەستی کرد بە خوێندن، دوایی لەشاری سنە و گوندی بیارە خوێندنەکەی بردەسەر، بووە مەلا لە گوندی دەگاگای هەورامان لەئێران.
مامۆستا زاتێکی زیرەك و بەڕێز بوو، بۆ پرسیارانی شەریعەت خەڵکان ڕوویان تێ دەکرد، حەزی لە دەرسەکانی (شافیە)ی صەرف بوو، لە دەوری ساڵی ١٣٦٥ك-١٩٤٦ز کۆچی دوایی کرد."[1]

* * *

چۆن دەگاگام بەجێ هێشت:

لەپاش بەسەر بردنی سێ مانگ لەنێوان ئازاری ئەسپێ و کولێرەی هەرزنی ئاواییەکە و شیرینی دەرسەکەی مامۆستا مەلا قادر لەسەر کتێبی کلنبوی بورهان و حاشیەکانی پێنجوینی و قەرەداغی، ڕۆژێك وتم بە فەقێ عبدالرحمن: قەرانێکم هەیە بچۆ بیدە بەشتێك با بیخۆین، چوو دوو هێلکەی هێنا، ئینجا ئێمەش بیرمان لەوە دەکردەوە کە ئەم دوو هێلکەیە چۆن بخۆین، وتم: بچۆ لە ئاوایی چنگێك ئارد بێنە لەگەڵ مەنجەلێکی بچووك، ئینجا مەنجەڵەکەمان خستە سەر ئاگرەکە، هەندێ ئاو و ئاردمان تێ کرد، ئینجا دوو هێلکەکەمان کردە ناو هەویرەکەوە کەوچکمان تێ ڕادا هەتا خەست بووەوە، ئینجا بە کەوچك تێی بەربووین لە گۆشتی کەو خۆشتر بوو لە لامان، پاش ئەوەی خواردمان وەك پارچە بەردێکی لێهات لە سکماندا کە بەهیچ شتێك نە ئەجولا، بەشەو و ڕۆژێك وەك گۆچانی گاڵ (هەرزن) چەمامەوە، وتم: فەقێ عبدالرحمن من لەمە زیاتر ناتوانم، خۆت ئامادە بکە و بەیانی زوو بەرەو مەریوان دەڕۆین.

بەیانی زوو لێفە و کتێبمان دا بە کۆڵمانداو وەك هەجیجی ڕوومان کردە مەریوان، بێ ئەوەی ماڵئاوایی لەمامۆستاکەمان بکەین، چونکە دەمانزانی ڕێگەمان پێنادات بڕۆین.

---

[1] علماؤنا في خدمة العلم والدين ٣١٥.
لە مێژووی زانایانی کورد، مەلا تاهیر مەلا عبداللە بەحرکەیی وەرگێراوە، ٢٣٦/٣.

ڕووەو مەریوان و بانە:

لەهەر شوێنێك دەمان پرسی دەیان وت ژیان لە مەریوان زۆر سەختە بڕۆن بۆ موکریان، ئێمەش ڕووەو بانە ڕۆیشتین تا گەیشتینە (داروخان) زۆرمان برسی بوو، خۆمان کرد بەماڵێکدا لەسەر ڕێگەکە بوو، وەك باسم کرد فەقێ خۆی بکردایە بە هەر ماڵێکدا وەك ماڵی باوکی تیایدا دەجولێتەوە بێ ئەوەی بزانێ خاوەن ماڵ ڕەزامەندە یان نا، ژنی خاوەن ماڵەکە هەندێك نانی خستە نانە شانێك و پڕی لەگەنێك شیر برنجی بۆ دانایین، زۆر خۆشبوو چونکە لەو کاتەوەی لە تەوێڵە دەرچووبووین برنجم نەخواردبوو، وتم خوایە نەمکوژی تا ژن و ماڵێك پێکەوە دەنێم و تێر شیر برنج دەخۆم.

لە پاشان بەرەو بانە ڕۆشتین تا گەیشتینە شارەکە بەناویدا گەڕاین، وتیان: بچن بۆ دەرەوەی شارەکە چونکە لێرە هیچ مەدرەسەیەکی دینی نەماوە بەهۆی ڕژێمی ڕەزا شاوە.

شاری بانە لە شارە جوانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دیمەنێکی جوان و ئاو و هەوایەکی خۆشی هەیە، دانیشتوانەکەی زۆر بە مەردی و کوردایەتی بەناوبانگن، بەڵام ئەوکاتە ئەو شارە جوانە هیچ شتێکی وەك نەخۆشخانە یان کارەبا یان قوتابخانەی نەبوو، ئێستا دەڵێن لەو ڕووەوە زۆر باشە.

ئەوکاتە هەموو دانیشتوانەکەی پاڵیان دابوو بەیەکەوە لە دژی سوپای ئێران کە دەیویست بیگێڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، زۆرم پێ خۆشبوو لەو شاری جوانە بخوێنم بەڵام لای هەر مەلایەك دەچووم دەیوت من دەرست پێ دەڵێم بەڵام ئەرکی ژیانت لەسەر خۆتە کە زۆر گرانە، لە ئەنجامدا وتیان برۆ بۆ لای (مەلا مصطفی شوێ) مەلایەکی باشە.

لەپاش ئەوەی لە شاری بانە دەرچووین، نزیکەی (٢٠)کم ڕۆیشتین ڕووەو موکریان تا گەیشتینە دێی (شوێ)، بینیمان مەدرەسەیەکی باشی تێدایە و مامۆستاکەیان مەلا (مصطفی)یە ویەکێ لە موستەعیدەکان شێخ عزالدین حوسەینی بوو کەدواتر ماوەیەك بوو بە ڕابەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پیاوێکی بەڕێز و هەلکەوتوو بوو جێگای بۆ خواستین لە لای مامۆستا ئەویش ڕازی بوو لەسەر مانەوەمان، من نەموت کلنبوی بورهان دەخوێنم وتم با مامۆستا تاقی بکەمەوە بزانم پێنجوێنیەکان باش دەزانێت یان نا، ڕۆژی دوایی چووم گوێم گرت لە دەرسێك کە بە یەکێك لە فەقێکانی دەوت، بۆم دەرکەوت هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ مامۆستا مەلا (صاحب)ی تەوێڵەدا نیە.

لەبەرئەوە دەستم کرد بە کتێبی (شرح العقائد)ی نەسەفی بەبێ ئەوەی حاشیەکانی خەیالی بخوێنم، چونکە ئەوانیش وەك پێنجوینی گران بوون، شوێنەکە زۆر خۆشبوو ئاو و

هەوایەکی زۆر خۆشی هەبوو وفەقێکان ژیانێکی زۆر خۆشیان هەبوو، هەستیان نەدەکرد بە جەنگی جیهانی دووەم، مانگێك لەوێ مامەوە، رۆژێك نیوەڕۆ بوو نان و چاییمان دەخوارد لە پڕ تۆپێك دای بەناو دێیەکەدا دار و بەردی کرد بە خۆڵ و تۆز و دووکەڵ، ئێمەش لەترساندا باوەشمان کرد بەلێفە و کتێبەکاندا و بەرەو موکریان ڕۆیشتین، ئەم تۆپە هی سوپای ئێران بوو ئەوکاتە شەڕی دەکرد لەگەڵ (حمه رەشید خانی داروخان) کە حوکمڕانی شاری بانە بوو، هێزێکی پێکەوە نابوو زۆر مەردانە بەرهەڵستی سوپای ئێرانی دەکرد، بەڵام بەداخەوە کەس نەبوو لە کوردەکانی تری مەریوان و سەقز و موکریان یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی پارێزگاری بکەن لەو بەشەی کوردستان.

ئەو شەوە گەیشتینە دێی (زەمبیل)، شەو لەوێ بووین وبەیانی زوو چووین بۆ (بۆکان)، لەم شارەشدا مەدرەسەی دینی تیا نەبوو بەهۆی رژێمی شای ئێران کە دەیویست ژیانی گەلی ئێران وەك فەرەنسا لێ بکات، بەرەو پێش بردنی ئێرانی لەوەدا دەبینی کە ژیانی کۆمەلایەتی وەك ئەوێ لێ بکات.

بەیانی زوو لە بۆکان دەرچووین بەرەو (حەمامیان) چونکە لەوێ مەدرەسەیەکی باش هەبوو ماموستا مەلا عەلی ماموستای گەورەی ئەوێ بوو، (بۆکان) هەر چەندە شار نەبوو بەلام لە جوانی و پاك و پوختی و زۆری دانیشتوانی دا هیچی لە شارەکانی تر کەمتر نەبوو.

چوینە حوجرەی فەقێکان تەماشام کرد یەکێ لەو فەقییانەی کە لەوێن ماموستا مەلا عبدالرحمن سەردەشتیە کە لە سالی (١٩٣٨ز) کتێبی (الصمدیة)م لای ئەو تەواو کرد لە مزگەوتی قامیشان لە سلێمانی، ئەمە دووەمین ماموستا بوو کە لەگەلی بووم بە مستعد لەیەك حوجرە دا لە پاش (مەلا ئەحمەدی ئەوبەری) لە پاوە.

داوای جێگام کرد ماموستا مەلا عەلی وتی فەقێمان زۆرە جێگامان نیە، لەپاش تاوێك کوڕەکەی مەحمود ئاغا کە ئاغای بۆکان بوو هات بۆ حوجرەی فەقێکان لەمنی پرسی تۆ خەلکی کوێیت؟

وتم: من خەلکی (زەلم)م، وتی زەلمی شێخ حسام الدین؟ وتم: بەلێ، وتی: ئێستا بەدیاری دەتبەم بۆ باوکم، باوکی و ئاغاکانی موکریان هەمووی موریدی شێخ حسام الدین بوون و یەك دوو جارێك هاتوونەتە زەلم بەهاویناندا کاتێك شێخ لەوێ بوو، کاتێك بردمی بۆ لای باوکی هەر لە دوورەوە وتی ئەم دیارییەم بۆ هێناوی ئەمە لە دانیشتوانی دێی زەلمە.

باوکیشی زۆر رێزی گرتم، وتی: بۆنی شێخ (حسام الدین)ی لێ دێت کە لە ولاتەکەی ئەوەوە هاتووی، بە کوڕەکەی وت برۆ بە مەلا عەلی بلێ ئەم دوو فەقێیە لەسەر ئەرکی من

ڕایـان بگرێـت، هـەموو شتێکیان بـۆ جێبـەجێ دەکـەم ئـەویش دەرس بـە مصـطفی بڵێـت، مامۆستا داواکەی جێبەجێ کـرد، دوو هەفتـە مامـەوە تەماشـام کـرد ئـەم مامۆسـتایە هـەر خەریکی فەلەکیاتە (تشريح الافلاك) و (شرح چەقمینی) وکتێبەکانی تر کـە پەیوەنـدیان بـە زەمـین و مـانگ و ڕۆژەوە هـەبوو ئاگاداریـەکی زۆر باشـی هـەبوو، مامۆسـتا عبـدالرحمن سەردەشتی لـە لای ئـەو (تشـريح الافـلاك)ی دەخوێنـد، مـن ئـەم کتێبـەم دواتـر لـە سـاڵی (١٩٤٥ز) لە لای مامۆستا مەلا محەمەدی گەلاڵە خوێند کە هەمووی بریتی بوو لە خەیالات و خورافات، وێنەی مانگ و ڕۆژ و زەمین گیرا بوو، مانگ دەکرا بەسێ چوار پارچەوە نەیان دەزانی ڕووناکیەکەی لە ڕۆژەوە وەردەگیرێ، ئەم کتێبە زەمین وا دادەنێ کە زەمـین ناجوڵێـت و ڕۆژ بەدەوریدا دەسوڕێتەوە، ئەم خورافاتە کاتی خۆی لە یۆنانەوە وەریان گێڕا بوو بـۆ عـەرەبی لە سەردەمی عەباسیەکاندا.

لە پاش دوو هەفتە ئەوێشم بەجێ هێشت ڕووەو سابلاغ (مهاباد) لەگەڵ فەقێ عبدالرحمن لێفە و کۆڵمان دا بەشانماندا دێ بەدێ ڕۆیشتین تا گەیشتینە (مهاباد)، بەڕاستی یەکێکـە لـە جوانترین شارەکانی کوردستان، شارێکی پاك و پوخت بوو، دانیشتوانەکەی زۆر بەڕێز و کورد پەروەر بوون، تـازە بنچـینەی کۆمـەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان و دەوڵـەتی کـوردی (کۆمـاری مهاباد) دەستی پێ کردبوو، ئەو دەوڵەتەی خوالێخۆشبوو (قازی محەمـەد) بـوو بـە سـەرۆکی، ئەو دەوڵەتەی کە ئینگلیز و ڕوس بەڵێنیان دایە کە پشتی بگرن لەدواییدا پەشیمان بوونـەوەو لەگەڵ کوڕەکەی ڕەزا شا (محەمـەد پـەهلوی) ڕێکـەوتن ئیمتیـازی دەرهێنـانی نـەوتی ئێرانـی پێدان.

لەناو شاری سابلاغ دەچووینە هەر مزگەوتێك دەیان وت ئێمە دەرسـتان پـێ دەڵـێین، بـەڵام ئەرکی ژیانتان لەسەر خۆتان بێت، چونکە ئەم شارە فەقێیـەتی لـەبیر چـۆتەوە، دیـارە ئێمـەش توانـای ئـەوەمان نـەبوو بـژین لەسـەر ئـەرکی خۆمـان، ئـەوەی شـایەنی باسـە لـە مامۆسـتا بەناوبانگەکانی شاری مەهاباد مامۆستا مەلا حسین و مامۆستا مەلا صدیقی مزگەوتی نـاو بازاڕ بوو، کە بە کورد پەروەری بەناوبانگ بوون، هەردووکیان وتیـان خوێنـدنتان پـێ ئـەڵێین بەڵام بژێوی ژیان لەسەر خۆتان، هـەر لـەو کاتـەدا چـووم بـۆ مـاڵی خوالێخۆشـبوو شـەهیدی کوردپەروەر (قازی محەمەد)، ماڵەکەیان لەسەر تەپۆڵکەیەکی بەرز بوو، لەوێ کانیاوێکی تیـا بوو ئاوەکە بەلای ماڵەکەیدا دەهاتە خوارەوە ولە خـواری ماڵەکـەیان ئـاوێکی زۆر هـەبوو وەك ڕووبار وابوو، درەخت و قامیشێکی زۆری تیا بوو.

لەپاشاندا ڕووەو (مەنگوڕ) ڕۆیشتین تا گەیشتینە (دێ بوکرێ)، شایەنی باسە - دێ بوکرێ- ئێستا بووەتە دەریاچە چونکە ڕووباری (قازی ئاوا) بەردەمەکەی گراوە بەبەنداو، بەرهەڵستی ئاوەکەی کردووە و گەڕاوەتەوە جێگەی دێیەکە بووە بە دەریاچە، چونکە ئەم دێ یە لە ناوەڕاستی چوار دۆڵی گەورەدا بوو ودانیشتوانەکەی پشتیان بەستبوو بە بەخێوکردنی مەڕ و مالات، بەلام کشتوکاڵەکەیان دوور بوو لە دێیەکە، دەبوایە لەدێیەکە دەربچن ڕووەو مەهاباد وماوەیەك بڕۆن ئینجا دەگەیشتنە سەر زەوییەکانیان کە لە دەشتاییەکی گەورەدا بوو گەنم و جۆیان دەکرد.

دێهاتی مەنگوڕ هەروەك دێهاتی موکریان و لاجان و شنۆ و مەرگە و شکاك هەموو ئەو دێیانە ئەوکاتە بۆ سوتەمەنی تەنیا تەپاڵەیان بەکاردەهێنا، تەپاڵەش بریتی بوو لەپاشەڕۆ (سەنیر)ی گا و مانگا کە وشکیان دەکردەوە بەزستان لە ژوورێکدا دەیانخستە تەنوورەوە نان و چێشت و ئاو گەرم کردن و چا لێنانیان هەر لەسەر ئەوە بوو، لە زستاندا مێزێکی چوار گۆشەیان دادەنا لەسەر دەمی تەنوورەکە ئینجا لێفەیەکی زۆر گەورەیان دەهێنا دەیاندا بەسەریدا وشەوان هەموو ئەو ماڵە دەچوونە ژێر ئەو لێفەیەوە دەنوستن و پێیان دەوت قورسینە.

دەگێڕنەوە دەڵێن جارێك لە ئاغاکانی ئەو ناوچەیە دەپرسن ئەڵێن: ئاغا ئەگەر گا و مانگا پاشەڕۆ نەکات ئێوە چی دەکەن؟ وتبوی ئێمە ئەوناوچەیە بەجێ دەهێڵین، ئەوکاتە نەوتیان تەنها بۆ چرا بەکار دەهێنا وچرا کەم بوو، فتیلەیان بەکار دەهێنا پڕیان دەکرد لە نەوت و پەڕۆیەکیان تێ دەخست لەبەر ڕووناکیەکەی دادەنیشتن، فەقێکان کەڵکیان لەدوکەڵی فتیلەکە وەردەگرت و مەرەکەبیان پێ دروست دەکرد و بۆ نووسین بەکاریان دەهێنا.

لە (دێ بوکرێ) مەدرەسەیەکی فەقێ هەبوو، بەلام مامۆستا مەلا حمە ئەمین قاجری هیچ فەقێی نەبوو وجێگای پێ داین ولەوێ دەستم کرد بەکتێبی (مطول) لە زانستی (بلاغە)دا، زیاتر لە ساڵێك لەم دێیە مامەوە زۆر بەخۆشی بەسەرمان برد چونکە هەم دەرسەکەم باش بوو وهەروەها ژیانی ئەوێ زۆر باش بوو، کشتوکاڵ و مەڕ و مالاتی زۆریان هەبوو هەموو زۆر دەوڵەمەند بوون، ئاغاکەیان (خدر ئاغا) زۆری خۆش دەویستم هاوین کە دەچوون بۆ کوێستان دەیوت بچن ئەم سێ مانگەی هاوین لە دیوەخانەکەی من بن لەبەرئەوەی کە لە شوێنێکی بەرزدا بوون ئاو و هەوایەکی زۆر خۆشی هەبوو، هاوین لە پاش ئەوەی ماڵی ئاغا باریان کرد چونە کوێستان ئاغا بڕیاری دا کە ئێمە لەدیوەخانەکەی دانیشین وکوێخا حمە

ئەمینیش بە خۆی و ماڵ و منداڵیەوە بگوێزێتەوە ژوورەکانی تری ماڵی ئاغا بۆ ئەوەی ئاگایان لە شت و مەکەکانیان بێت.

ئەم کوێخایە پیاوێکی زۆر باش بوو رۆژێك پێی وتم مـن وەجـاغ کـوێرم تـەنیا یـەك کچـم هەیە -ئەویش نـاوی (زێـرین) بـوو- مـاڵ و مـاڵاتێکی زۆرم هەیـە، هـەمووی دەدەم بـەتۆ و کچەکەشت دەدەمێ لێرە خوێندن تەواو بکە و بمێنەرەوە.

وتم: زۆر سوپاست دەکەم، من بۆ خوێنـدن هـاتووم لای خۆمـان کچـی جوان هەیـە بـەڵام دەمەوێت لە خوێندن لەم قۆناغەدا نەوەستم ئەبێت هەر دوانزە عیلمەکە تەواو بکەم.

کورتەیەك لە ژیانی مامۆستا مەلا حمە ئەمین قاجری:

مـامۆستا مـەلا حمە ئـەمین پیـاوێکی بـەڕێز و مەلایـەکی بـاش بـوو، لای جـەنابی مـەلای گەورەی کۆیە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتبوو بوو بووە مەلای ئاواییەکە، دیارە کە مەلا ئیجازە وەردەگرێ بیر لەوە دەکاتەوە کچێکی جوان بدۆزێتـەوە لەئاواییەکـەدا لـە مـاڵێکی بـەڕێز بـۆ ئەوەی داوای بکات و مارەی بکات، لەبەرئـەوە زۆرتـرین (مـەلا ژن) زۆر بـە ڕەوشـت و جـوان بوون، مامۆستا مەلا حمە ئەمین کچێك دیاری ئەکات بۆ ئەوەی مـارەی بکـات بـە باوکەکـەی دەڵێت، باوکی کچەکە دەڵێت من کچ بە مەلا نادەم، زۆر هـەوڵی لەگـەڵ دەدەن بـەڵام سـودی نابێت.

لەهەندێ ناوچانەی کوردستانی ئێران عورف و عادەتیان وایە ئەگەر یـەکێك کچێك داوا بکات و کەس و کاری ڕازی نەبێ بیدەنێ بۆی هەیە لەگەڵ کچەکە ڕێك بکەوێت و شەو هـەڵی بگرێت و بیبات بۆ ماڵی ئاغا، ئینجا بـۆ مـاڵی کـەس و کـاری کچـەکە هەیـە پـێش ئـەوەی بگەنە ماڵی ئاغا کچەکە و کوڕەکە بکوژن و هیچ پرسیارێکیان لەسـەر نیـە چـونکە لەسـەر ناموس و شەرەف ئەوەیان کردووە، بەڵام کە گەیشتنە ماڵی ئاغا ئیتر ئەو مافەیان نـامێنێ و ناتوانن بەهیچ جۆرێك ئازاری کچەکە بدەن یان کوڕەکە، بەڵکو باوکی کچەکە یـان بـرای یـان کەسێکی تر ناچار دەکەن کە کچەکە مارە بکەن لەو کەسە کـە هـەڵی گرتـووە، بەمـە دەڵـێن (ڕەدوکەوتن) یان (هەڵگرتن) لەو ناوچەیە شتێکی زۆر باو بـوو بـەنارەوا لـە قەڵـەم نـەدەدرا، مامۆستاش یەکێك بوو لەوانەی کەبەو جۆرە ژنی هێنا بوو، لەماڵی ئاغا باوکی کچەکە لێـی مارەکردبوو.

مامۆستا مەلا حمە ئەمین قاجری دڵی زۆر پیس بوو کە بە کـوردی پـێـی دەوترێـت (خانـە گومـان) لە دوور و نزیك نەیدەهێشت ژنەکەی لەگەڵ کەس قسە بکات.

رۆژێـك ئـەو فەقێیـەی لەگـەڵم بـوو (فـەقێ عبـدالرحمن) نـاردم بـۆ مـاڵی مامۆسـتا بـۆ مەقست، ئـەویش کـە دەڕوات سـەیرەکات هـەردووکیان دانیشـتوون، ئـەڵێت، مامۆسـتا ژن هاتووم بۆ مقەستەکانتان، مامۆستاش لێی تورە دەبێت و دەری دەکات، لە پاشان بە تورەیی هات بۆ حوجرەی فەقێکان وتی: مەلا مصطفی ئەم سوختەیە دەر بکە پیـاوێکی بـێ ئەدەبـە، وتم: بۆچی؟ مامۆستا وتی: هاتووە شەرم ناکات بەمەلا ژن دەڵێـت هـاتووم بـۆ مقەستەکان، منیش سەرم سوڕما وتم: جا ئەمە چی تێدایە، وتی: ئاخر بە (جمع) وتی مقەستەکان، دەبوایە بیوتایە هاتووم بۆ (مقەستەکەتان) ئینجا منیش بۆم باسکرد وتم: لە وڵاتی ئێمە (مفرد)یش (جمع) دەکرێت، مەبەستی مقەستەکەتان مقەستی جل بڕین بووە و بیروڕای بەلای شتی تـردا نەچووە.

جا لەو کاتەدا وتەیەکی شێخ ڕەزام بیرکەوتەوە کە دەڵێت: ڕۆژێك کچێکی دی بـە گـورجی دەڕۆشت بەڕێگەدا، ئەویش پێی وت: لەسەر خۆت بـڕۆ بەڕێگـەدا بـا مقەسـتەکانت نەسـوێن، ئەویش گورج وەڵامی ئەداتەوە دەڵێت: بەشی بەر سمێڵی تۆیان دەمێنێ.

❊ ❊ ❊

ئەنجومەنی کوردەکانی مەهاباد:

ئەوکاتە من لەوێ بووم ئەنجومەنێك پێك هاتبوو لە هەندێك ئاغاکانی موکریان و مامش و مەنگوڕ، وەك ئەنجومەنی سیادەی عێراق، کە دوای چواردەی تەمموزی (١٩٥٨ز) دامەزرا، ئەم ئەنجومەنە هەموو ئەرکی ئاسایشی ناوچەکەی و ناوچەکانی کوردستانی گرتبووە ئەستۆ، بەردەوام لە مەهاباد دادەنیشتن، یەکێك لە نوێنەرەکانی هۆزی مەنگوڕ (عبداللە ئاغا کوڕی خدر ئاغا) کە سەرۆکی هۆزی مەنگوڕ بوو لە (دێ بوکرێ) هەفتەی جارێك دەهاتەوە بۆ ماڵەوە شەوەکەی دەهات بۆ لای من، شەوێك بۆی گێڕامەوە وتی:

دەوڵەتی شورەوی وەفدێکی نارد بۆ مەهاباد داوای کرد لە هەموو ئاغاکانی مامش و مەنگوڕ و موکریان و شنۆ و لاجان کە کۆببنەوە لە مەهاباد، وتی: لە پاش ئەم کۆبوونەوەیە وەفدەکەی دەوڵەتی شورەوی (اتحاد السوفیتي) وتارێکی دا وتی: ئێمە هاتووین داواتان لێ دەکەین کە بۆمان ڕوون بکەنەوە ئێوە چیتان دەوێت، وتی: هەر یەکێ لە ئاغاکان لیستەیەکی دەرهێنا بەناوی دێکەیەوە داوایان دەکرد کە کۆپینیان بۆ زیاد بکەن.

کۆپین بریتی بوو لە کارتی وەرگرتنی خواردەمەنی، چونکە ئەوکاتە کە دەوڵەتی شوورەوی حوکمی سەرەوەی ئێرانیان دەکرد خواردنیان دەدا بەپێی (کۆپین).

وتی: سەرەك وەفدکە زۆر سەرسام بوو، وتی ئێمە هاتووین خواستەکانتان وەربگرین لە بابەت دەوڵەتی کوردییەوە ورزگاربن لە حوکمی فارسەکان کەچی ئێوە داوای کۆپین دەکەن.

لەو ماوەیەدا کە لە (دێ بوکرێ) بووم سێ جار چوومە ماڵی قازی محەمەد خوالێیخۆشبێت، پیاوێکی بالا بەرز و سور و سپی بوو، ریشێکی ماش و برنجی جوانی هەبوو، مێزەر و جبەی لەبەر بوو، خوێندەوار و ڕۆشنبیرێکی تێگەیشتووبوو، من بۆ یەکەم جار لە کتێبخانەی مەلادا بینیم جگە لە کتێبی فارسی و عەرەبی ئایینی کتێبی تری فەرەنسی و ئینگلیزی تیا بوو دیارە ئەو زمانانەشی دەزانی، دیار بوو قازی محەمەد لە بیروباوەڕێکی زۆر فراواندا دەژیا چونکە ئەوکاتە لای مەلا و کوڕی مەلایان کەسێك گۆڤارێکی بخوێندایەتەوە بەکافر دادەنرا.

قازی محەمەد و دەوڵەتی جوانە مەرگی مەهاباد[1]:



لە ساڵی ١٩٤١زدا کە هاوپەیمانان (روس و ئینگلیز) هاتنە ناو خاکی ئێران، (رەزا شا)یان بەتاوانی نازیەتی لەسەر حوکم لابرد و (محەمەد رەزا)ی کوڕیان لە جێگەی دانا، خاکی ئێرانیان بەش کرد، باکور ناوچەی ئازربایجان کەوتە ژێردەسەڵاتی ڕوسیا و بەشی ناوەڕاست و باشوور لەژێردەسەڵاتی ئینگلیز و ئەمریکادا مایەوە.

ڕامیاری دەوڵەتی شورەوی بەپێچەوانەی ئینگلیز هانی ئەو گەلانەی لەئێران دا، هانی ئەدان بۆ داواکردنی مافی نەتەوایەتی لە شێوەی ئۆتۆنۆمی یان سەر بەخۆیدا.

ساڵی ١٩٤٢ حکومەتی روسیا بانگهێشتی کۆمەڵەی مەهابادی کرد بۆ باکۆ، لە وتوێژێکدا نوێنەرانی کورد داوای مافی نەتەوایەتی کوردیان کرد لە نوێنەری (روسیا) (باقرۆف) بەڵام وتبووی لەم هەل و مەرجەدا ڕوسیا ناتوانێت کە پشتگیری لە کورد بکات تەنیا وتبووی کە باسەکە دەخاتە بەردەمی کۆمیتەی مەرکەزی.

بۆ جاری دووەم ساڵی ١٩٤٥ نوێنەرانی کورد بانگهێشتیان لێ کرا بۆ باکۆ، ئەم جارە نوێنەران بە سەرۆکایەتی (قازی محەمەد) داواکانی خۆیان بەچەند خاڵێك خستە سەر کاغەز و لەگەڵ نوێنەرانی ڕوسیا بە سەرۆکایەتی (باقرۆف) کەوتنە وتووێژ، دووبارە باقرۆف پێی

[1] یاداشتەکانم - بەشی یەکەم-، عبداللە أحمد رسول پشدەری، ١٩٩٢.

وتبوون سەر بەخۆیی لەم بار و دۆخەدا ناگونجێت بەڵام وتبووی حکومەتی روسیا لاری لەوە نیە کە پشتیوانی کورد بکات بۆ وەرگرتنی مافی ئۆتۆنۆمی بەمەرجێ بکەونە ژێردەسەڵاتی (فیرقەی دیموکراتی ئازربایجانی تورکەکانی تەوریز)، هەروەها بەڵێنی پێ دابوون کە چەك و تەقەمەنی و یارمەتیان بدات، ناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) بگۆڕن بە (حیزبی دیموکراتی ئێران) لە کۆتایی مانگی تشرینی ساڵی (١٩٤٥ز) کۆبوونەوەیەکی فراوان پێکهات، قازی محەمەد باسی گەشتەکەی کرد و بەشدار بووان ڕازی نەبوون بچنە ژێر حوکمی ئازربایجان بەڵام ڕازی بوون لەسەر گۆڕینی ناوی حیزب.

مەبەستی ڕوسیا لە پشتگیری کورد و ئازەرییەکان تەنیا ئەوە بوو دەیویست فشار بخاتە سەر حکومەتی ئێران بە مەبەستی وەرگرتنی مافی دەرهێنانی نەوت لە ئێراندا[1].

سەرەتای ئەیلولی ١٩٤٥ ڕووداوی هەرە گرنگ لەو کاتەدا گەیشتنی ڕێزدار (مستەفا بارزانی) و ئەفسەرانی پسپۆڕی شۆڕشگێڕی کوردستانی عێراق بوو، خاڵێکی وەچەرخانی گرنگ بوو، چونکە ئەم هێزە سنوری نێو نەتەوەیی بەزان و چووە ڕیزی پێشمەوەی شەڕ لەگەڵ سوپای ئێراندا لەسەر ڕێگای (سەقز- بۆکان)[2].

لە ٢٢ کانونی دووەم ١٩٤٦ کاتی پێش نیوەڕۆ هەموو ئەندامانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی مەهاباد و هەموو سەرۆك عەشیرەتەکان لە مەیدانی چوار چرای شاری مەهاباد کۆبوونەوە، کۆماری کوردستان ئاشکرا کرا و ئاڵای کوردستان بەرز کرایەوە.

دوای ئەوەی چەند جار سوپای ئێران هێرشی کرد و بەخراپترین شێوە هێرشەکانی شکا، حکومەتی ئازەرییەکان لەگەڵ ئێران ڕێکەوت بەبێ شەڕکردن، حکومەتی ڕوسیا ئاگاداری کوردەکانی کرد کە نایەوێت ئاژاوە و شەڕ ڕووبدات لە ناوچەکانیدا بەتایبەتی سنوری خواروی کوردستان چونکە ناوچەی دەسەڵاتی ئینگلیز بوو، قازی محەمەد ناچار بوو کە لەگەڵ (ڕەزم ئارا) فەرماندەی گشتی سوپای ئێران کەوتە وتوێژ.

پاشان ئێران دەستی کرد بە سیاسەتی خافڵاندن[3] و ڕێگەی خۆش کرد بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان.

(جۆرج ئالن) باڵیۆزی ئەمریکا بەئاشکرا پشتگیری خۆی بۆ حکومەتی ئێران نیشان دا بۆیە حکومەتی سۆڤییەت بەناچاری پشتی لە کورد و لە ئازەرییەکانیش کرد، بەم جۆرە

---

[1] کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، حوسێنی مەدەنی، بەرگی دووەم.

[2] کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، حوسێنی مەدەنی، بەرگی دووەم، ساڵی ٢٠٠٠.

[3] کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، حوسێنی مەدەنی، بەرگی دووەم، ساڵی ٢٠٠٠.

ئاسۆیەکی ڕوون نەما لە عەرز و ئاسماندا بۆ کورد بەو جۆرە قازی محەمەد ناچار بوو کە خۆی بەدەستەوە بدات، (بەرزانی) دووجار چووە لای پێشەوا بۆ ئەوەی لەگەڵیان ڕا بکات، پێشەوا لە وەڵامدا وتی[1]:

"من لەگەڵ خەڵکی مەهاباد دەمێنمەوە چونکە سوێندم بۆ خواردن لەگەڵیان ببم و بیان پارێزم، حکومەتی مەرکەزی دەگەڕێتەوە ئەگەر من بگرێ داخی خۆی بەمن دەڕێژێ و لە کۆڵ خەڵکەکە دەبێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی شار تووشی زەرەر نەبن.."

قازی محەمەد لە بنەماڵەیەکی ئایین پەروەر بوو زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی دەزانی بەفەرەنسی قسەی دەکرد و لە ڕوسی دەگەیشت.

بیری ڕۆشنبیری فراوان بوو، لە قسەکردندا زۆر بەتوانا بوو، کاتێك کە بەنهێنی دادگایی کرا، زۆربەی ئەو قسانەی کە کرا بەنهێنی مانەوە بەڵام لەسەر زمانی شایەتێکی ناو دادگا کە ئەم قسانە نێردران، کە قازی لەدوا بەرگریدا لە خۆی وتبووی[2]:

"...وا بیر نەکەنەوە کە شارەزای قانوون و موقەرەرات نیم باش لێم شارەزاییە بەر لە هاتنی ئەرتەش و هێزی مەرکەزی بۆ مەهابات پێشگوویم کردووە کە هەر ئیعدام دەکرێم، کەوابو بۆ هەڵنەهاتم، ئەوە نەبوو کە نەمدەتوانی، شەش دەزگا ماشێنی سواری و جیبم لە ئیختیاردا بوو، هەر دەقیقە و سەعاتێك ویستبام دەمتوانی سنور ببڕم خۆم دەرباز بکەم، باش بزانن کەمن وەك پێشەوەری (ژنانیلە) نەبووم هەر کە تینم بۆ هاتبا ڕام کردبا، بۆ کوێ هەڵدەهاتم؟ ئێرە وڵاتی من کوردستانە تا ئێستا (٨) پشتی من لێرە لەو خاکە نێژراون..."

(سەردار شەریفی) وەکیلی پێشەوا ئەم قسانەی درکاند و وتی: حەیف بۆ ئەو پیاوە مەزن و ژیر و زانایە، دوێنێ لەکاتی مەحکەمەدا بێ کاغەز (٤) سەعات وتاری دا بەزانست و مەنتیقی خۆی هەموومانی حەیران کردبوو، لە هەموو کەس باشتر قانوونەکانی ئێرانی دەزانی، لەڕاستیدا ئەوە قازی بوو کە مەحکەمە موحاکەمەی دەکرد.."، پاشان سەرداری شەریفی لە ئەرتەش دەرکرا.

ڕۆژی ١٧ی مانگی کانونی یەکەمی ١٩٤٦ سوپای ئێران لەڕێگای بۆکانەوە بەرەو مەهاباد هاتە پێشەوە[3].

---

[1] کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، حوسێنی مەددەنی، بەرگی دووەم، ساڵی ٢٠٠٠.
[2] کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، حوسێنی مەددەنی، بەرگی دووەم، ساڵی ٢٠٠٠.
[3] کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، حوسێنی مەددەنی، بەرگی دووەم، ساڵی ٢٠٠٠.

نیوه شەوی ٣١ی مارتی ١٩٤٧ قازی محەمەد و صدری قازی برای و سەیفی قازی ئامۆزای لەمەیدانی چوارچرا لە مەهاباد خرانە پەتی سێدارە و شەهید کران.[١]

زانایی و دڵسۆزی قازی موحەممەد لەوەسێتنامەکەشیدا بەروونی دیارەو لێرەدا بەپێویستی دەزانم دەقی وەسێتنامەکە بخەمە روو تا هەموو ئەو کەسانەی ئەم بیرەوەریانەم دەخوێننەوە لێی سوود وەربگرن:

وەسێتنامەی پێشەوا قازی محەممەد

بسم الله الرحمن الرحیم

نەتەوەی زۆر لێکراو، بێبەشو چەوساوەی کورد! برایانی بەڕێز! لە دوایین ساتەکانی ژیاندا بابەتگەلێتان وەك ئامۆژگاری پێ دەڵێم.

بۆ رەزامەندیی خودا دەست لە دوژمنیی یەکتر هەڵگرن، یەك بگرنو بۆ پشتیوانی لە یەکتر هەڵسن، لە بەرابەر دوژمندا راوەستن، خۆتان بە نرخێکی کەم بە دوژمنەکان مەفرۆشن. دوژمن تەنیا بۆ گەیشتن بە قازانجەکانی ئێوەی دەوێ. پاش ئەوە ئیتر زیاتر لە تڵپەیەك نین.

دوژمنانی نەتەوەی کورد زۆرن، زۆردارن، نامەردو بێویژدانن، رازی سەرکەوتنی هەر نەتەوەیەك یەکیەتییو پێکەوە بوونە. ئازادیی نەتەوەیەك پێویستی بە پشتیوانیی گشت نەتەوەکەیە، نەتەوەی یەکنەگرتوو هەمیشە لە ژێر دەسەڵاتدایە.

ئێوە نەتەوەی کورد شتێکتان لە نەتەوەکانی دیکە کەم نیە. بە پێچەوانەشەوە پیاوەتی، غیرەتو ئازایەتیی ئێوە فرە زۆرترە.ئەو نەتەوانەی لە بەندی دیلی رزگاریان بووە یەکگرتوو بوونو تەواو.

ئێوەش دەتوانن بە یەکگرتووییو هاوپێوەندی زەنجیری دیلێتی پچڕێنن. ئێرەیی، خەیانەتو خۆفرۆشی وەلانێن. ئیتر فریوی دوژمنان مەخۆن. دوژمنی نەتەوەی کورد لە هەر تاقمو گرووپو رەنگو رەگەزێك، هەر دوژمنە، بێ بەزەییو ویژدانە. ئێوە لەگیان یەك بەردەدا تا بە قازانجەکانی خۆی بگا، بە بەڵێنیگەلی درۆزنانە، ئێوە دەخڵەتێنێ.

[١] یاداشتەکانم، ب١، عبدالله أحمد پشدەری.

لە ئیسماعیل ئاغای شکاك تا جەوهەرئاغای برای‌و حەمزەئاغای مەنگوڕو چەندین‌و چەند قارەمانێکی دیکە، فریوی ئەم زۆردارە مەلعونانەیان خواردو ناپیاوانە شەهیدکران. هەموویانیان بە قورئان‌و سوێند فریودا، ئاخر ئەمانە کەی لە قورئان‌و سوێند تێدەگەن، وەفا لە لای ئەم کۆمەڵە، *شەکی بازاڕە*.

لە ڕێگەی خوداو بۆ ڕەزامەندیی ئەو پشتی یەکتر چۆڵ مەکەن‌و یەکگرتوو بن، دڵنیا بن ئەگەر دوژمن هەنگوێنتان پێبدا، تێکەڵ بەژەهرە. فریوی سوێندە درۆزنەکانی مەخۆن. ئەگەر هەزار جار سوێند بخۆن دووبارە هیچ ئامانجێکیان جیا لە لەنێوبردنی ئێوە نیە.

لە دوایین کاتژمێرەکانی ژیانمدا خودا بە شایەتی دەگرم کە لە ڕێگای ئازادیی‌و بەختەوەریی ئێوەدا گیان‌و ماڵی خۆم بەخت کردو لە هیچ هەوڵێك کۆتاییم نەکرد. لە لای ئەمانە، کوردبوونی ئێوە تاوانە، سەرو گیان‌و ماڵو شەرەفی ئێوە لە لایان حەڵاڵە.

ئەوان چونکە لە گۆڕەپانی شەڕدا ناتوانن لە بەرانبەر ئێوەدا ڕاوەستن، هەمیشە هانا بۆ فێڵ‌و تەڵەکە دەبەن. شاو دەستو پێوەندییەکانی بە جاران پەیامیان نارد کە بۆ وتووێژ ئامادەن‌و مەیلی خوێن ڕشتنیان نیە، بەڵام من دەمزانی ئەوان درۆدەکەن. ئەگەر خەیانەت، خۆفرۆشی‌و فریوخواردوویی هێندێ لە سەرۆك عەشیرەکان نەبووایە، کۆمار هیچکات شکستی نەدەخوارد.

وەسیەت دەکەم منداڵەکانتان فێری زانست‌و عیلم بکەن. نەتەوەی ئێمە شتێکی لە نەتەوەکانی تری جیهان کەم نیە، جیا لە زانست‌و عیلم.فێری زانست بن تا لە کاروانی مرۆڤایەتی دوا نەکەون. زانست، چەکی لەنێوبردنی دوژمنانە، دڵنیابن ئەگەر بە دوو چەکی یەکیەتی‌و زانست پۆشتە بن، دوژمنان کارێکیان بۆ ناچێتە پێش.

ئێوە نابێ بە مردنی من‌و براکان‌و ئامۆزاکانم ترس بچێتە دڵتانەوە. هێشتا قارەمانگەلێکی زۆر دەبێ گیان فیدا بکەن تا داری ئازادیی کوردستان بگاتە بەرهەم. دڵنیام پاش ئێمەش قارەمانگەلێکی دیکە هەن

که فریوبخۆن، بەڵام هیوادارم مەرگی ئێمە ببێتە دەرسی عیبرەت بۆ سەرجەم خەباتگێڕانی ئازادیی کوردستان.

وەسیەتێکی دیکەم بۆدڵسۆزانی نەتەوەی کورد هەیە. لە خودای گەورە داوای ئازادیی نەتەوەی خۆتان بکەن.

شایەت لە خۆتان بپرسن بۆ من سەرنەکەوتم؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێم بە خودا سەرکەوتووی راستەقینە منم. چ نیعمەتێك لەوە سەرترە کە سەرو ماڵو گیانم لە رێگای نەتەوەو نیشتمانمدا بەخت بکەم.

باوەڕ بکەن من جاران داوام لە خودا کردوە ئەگەر بمرم بە شێوەیەك گیان لەدەست بدەم کە بە رووسپیەتی سوورەوە لە لای خوداو پێغەمبەرو نەتەوەکەم دا ئامادە بم. وەها مردنێك سەرکەوتنی راستەقینەیە.

هیچ کەسێك مافی ئیرەییو بەخیلی نیە هەموو لە ماڵی خۆیاندا ئازادن. هەرچی لە دەستتان دێ بۆ ئازادیی کورد کۆتایی مەکەن. ئیتر نابێ لەسەر رێگای ئەو کەسانەدا کە بەرپرسایەتی دەگرنە ئەستۆ راوەستن. لە بەرد خستنە رێگە دەست هەڵگرنو ئەرکەکانتان بە باشترین شێوە بەرێوەببەن.

دڵنیابن براکوردەکەتان لە دوژمنی بێگانە زۆر باشتر. ئەگەر من بەپرسایەتیم وەئەستۆ نەگرتبایە ئێستا لە پای چێوەی داردا نەبووم و لە لای بنەماڵەکەم رۆژەکانم دەبردەسەر، بەڵام ئەرکی من، بەرزترین ئامانجم بوو و، تا پێی گیان راوەستام. بە هیوای خوداوەندی گەورە، لە ئاکامدا بەسەر دوژمناندا سەردەکەون.

١-بڕواتان بە خوداو (ما جاء من عندالله) و پێغەمبەری ئەکرەم ﷺ هەبێو ئەرکە دینییەکانی خۆتان بە باشترین شێوە بەرێوە ببەن.

٢- یەکیەتیو هاوپێوەندی، رەمزی سەرکەوتنە. ئیرەییو خۆفریودان وەلابنێنو لە وەرگرتنی بەرپرسایەتیو خزمەتکردندا لەگەڵ یەکتر کێبەرکێ بکەن.

٣- زانستو ئاگایی خۆتان بەرنەسەرێ تا فریوی دوژمنان نەخۆن.

٤- هیچ کات دوژمن بە دۆست مەزانن چونکە دوژمنی نەتەوەو نیشتمانو دینتانە.

٥- خۆتان بۆ چەند رۆژ ژیان لەم دنیا لەناوچووەدا مەفرۆشن. مێژوو سەلماندوویە کە دوژمن بە چووکەترین بیانوویەك، دەست بۆ کوشتارو سەرکوت دەبا.

٦-خەیانەت بە یەکتر مەکەن نە خەیانەتی سیاسیو نە خەیانەتی مالیو گیانیو نامووسی خەیانەتکار لە لای خوداو گەل رووڕەشەو خەیانەت، لە ئاکامدا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.

٧-لەتەك ئەو کسانەی دا، بیّ خەیانەت ئەرك بەڕێوەبردن هاوکاری بکەن. خودای نەخواستە هیچکات مەبنە سیخۆڕی بێگانە.

٨- ئەو شوێنانەی لە وەسیەتنامەکەدا ئاماژەم پیّ کردون 'مزگەوت، قوتابخانەو نەخۆشخانە' هی خۆتانن، بە باشترین شێوە کەڵکیان لیّوەرگرن.

٩- واز لە شۆڕش مەهێنن تا لەژێردەستەیی دەرباز بن. مالی دنیا هیچ نیە، ئەگەر نیشتمانێکتان هەبیّ، سەربەخۆیییەکتان هەبیو مالو خاکو نیشاتمانتان هی خۆتان بیّ، ئەو کات هەموو شتێکتان دەبیّ، هەم سامان هەم دەولەت، هەم ئابرو و هەم نیشتمان.

١٠- گومان ناکەم جیا لە مافی خودا 'حق الله'، مافێکی دیکە لە ئەستۆم بیّ، سەرەڕای ئەمەش ئەگەر کسێك هەست دەکا قەرزێکی بەلامەوەیە بچێتە لای میراتگرانم.

تا دەست نەدەیە دەستی یەکتر، سەرکەوتن مسۆگەر نابیّ. لە یەکتر زۆر مەکەن چونکە خوداوەند دوژمنی زۆردارانە.

هیوادرام وتەکانم وەرگرن، خوداوەند ئێوە بەسەر دوژمناندا سەرخات.

مەبەستی ئێمە ئامۆژگاری بوو وتمان

سپاردمان بە خوداو رۆیشتین

خزمەتگوزاری نەتەوەو نیشتمان

قازی محەممەد

هەزاران سلاو لەگیانی پاکی پێشەوای گەلی کورد قازی موحەممەد

❊ ❊ ❊

ئیسقاتەکەی حاجی محەمەد:

لە ناوچەی مەنگوڕدا زۆر دێ هەبوو مەلایان نەبوو بەڵام ئەگەر پێویستیەکی ئاینیان هەبوایە دەهاتن بۆ دێ بوکرێ، ئەگەر ئیشەکە گرنگ بوایە مامۆستا خۆی دەڕۆشت بەسەردەمیەوە ئەگەر نا فەقێیەکی دەنارد بۆ جێبەجێ کردنی ئیشەکەیان، ڕۆژێك پیاوێك هات بە سواری ئەسپێك بۆ لای مامۆستا وتی: حاجی محەمەد زۆر نەخۆشە فەقێیەك بنێرە بۆ ئەوەی یاسینی بەسەردا بخوێنێت و(تلقین) و ئیسقات کردنی بکات، مامۆستا وتی: مەلا مصطفی تۆ بڕۆ لەگەڵی، ئینجا پیاوەکە وتی: فەقێ دوو ڕێگە هەیە یەکێکیان دوور و سەلامەتە بەسەر پردی قازی ئاوادا دەپەڕینەوە، یەکێکیشیان کورتە بەڵام دەبێ لە ڕووبارەکە بپەڕینەوە، منیش وتم: من پیاوی ڕووبارم لە چەمی زەڵم گەورە بووم مەلە باش دەزانم لە ڕووبارەکەی تۆ ناترسێم، ئێمەش چووین گەیشتینە سەر ڕووبارەکە بپەڕینەوە ئەوبەر،ماڵی حاجی محەمەد لەوبەری ڕووبارەکەوە بوو پێیان دەوت چەمی (قازی ئاوا) ئێستا بیستوومە دێیەکە نەماوە، کە تەماشای ڕووبارەکەم کرد ئاوەکەی زۆر بوو، بەهار بوو ڕوخانە سورە هاتبوو هیچ شتێك نەیدەتوانی خۆی لەبەری بگرێت، زۆریش قووڵ بوو، وتی: فەقێ من لە پێشەوە سواری ئەسپەکە دەبم تۆش لە پشتی منەوە سواربەو باوەشم پیا بکەو تەماشای ئەملاو ئەولای خۆت مەکە، چونکە کە گەیشتینە ناوەڕاستی ئاوەکە ئەسپەکە بە مەلە دەپەڕێتەوە ئەگەر ئەملاو ئەولا بکەیت یان هەردووکمان دەکەوینە خوارەوە یان تۆ، کاتێك گەیشتینە ناوەڕاستی ئاوەکە گێژ بووم وام دەزانی بەم لادا کەوتووم خۆم خست بەولادا، کابرا توندە گرتمی وتی: فەقێ ماڵی باوکت کاول بێت خۆت بخە بەولادا دەکەوینە خوارەوە، منیش هەر بە پێچەوانەوە تێ گەیشتم. هەر چۆن بوو خوا لە خنکاندنی ئەو ڕووبارە ڕزگاری کردین، هەروەك پردەکەی وەندەن و کوێستانەکەی (بوکومارانی). چووینە ماڵەکە یاسینم خوێندەوە وەسیەتم پێ کرد، وتی: (٧٠) تمەنم بۆ بکەن بە ئیسقات و ئەم پارەیە ئەوکاتە زۆر بوو.

لە پاش سێ ڕۆژ کابرا هاتەوە وتی با مەلا مصطفی بێت (تلقین)ی بدات و(٧٠) تمەنەکە بێنێت بیکەن بە ئیسقات.

"باسی ئیسقاتم بەتەواوی کردوە لە بەشەکانی دواتری ئەم کتێبەدا".

(٧٠) تمەنەکەم دا بە مامۆستا و خستیە باخەڵیەوە، باسی ئەوەی نەکرد کە ئیسقاتەکە بکەین بۆ حاجی محەمەد پاکی بکەینەوە لە تاوانەکانی تا سێ مانگی بەسەردا چوو،

مامۆستا دەیزانی کەمن زۆر ڕوت و قوتم وئەو جلانەم لەبەردایە کە دوو ساڵە هەمە لە ماڵی باوکم کە دەرچووم چونکە شەرمم دەکرد بەیەکێ بڵێم یارمەتیم بدات..

ڕۆژێك فەقێیەك هات بۆ لام بۆ دێیەکە زۆر شارەزا بوو لەبارەی مامۆستا باشەکانەوە، لێم پرسی کە باشترین مامۆستا لەکوردستانی ئێران یان عێراق کێ یە؟ بۆ ئەوکاتە وتی (مەلا محەمەدی رەئیس)ە کە مەلای دێی گەلاڵەیە، لە شینکایەتی سەر بە سلێمانی، منیش بڕیارم دا بەناوی دیدەنی ماڵی باوکم ماڵئاوایی لە مامۆستا بکەم و بچم بۆ گەلاڵە، پێم وت: دوو ساڵە ماڵی باوکم نەدیوە نە من هەواڵی ئەوان دەزانم و نە ئەوان هەواڵی من دەزانن لەبەرئەوە تکایە مۆڵەتم بدە بچم دیدەنیان بکەم و تۆزێك پارەم بدەنێ بۆ جلوبەرگی تازە چونکە دوو ساڵە هەر ئەوانەم لەبەر دایە من لە کەس داوا ناکەم پارەم بداتێ دەست پان ناکەمەوە بۆ پارە.

مامۆستا وتی: باشە بەڵام شەو وەرە سەربانەکەی مزگەوت ئیسقاتەکەی حاجی محەمەد جێبەجێ بکەین، منیش دڵم خۆشبوو وتم ئیستا بە لایەنی کەمەوە نیوەی پارەکە دەدات بەمن، شەو لە پاش بانگی شێوان چووینە سەربانی مزگەوتەکە کات بەهار بوو مانگە شەو بوو حەفتا تمەنی لەگەڵ خۆی هێنابوو دانیشتین لەماوەی کاتژمێرێکدا حاجی محەمەدمان پاك کردەوە لە هەموو تاوانێکی، یەکەم جار دەستمان کرد بەنوێژی فەوتاوی، ئینجا بۆ ڕۆژوی فەوتاوی ئینجا سوێنی ناهەق و هەموو گوناهێکی تری.

مامۆستا دەیوت: ئەوا حەفتا تمەنەکەم دا بەتۆ کەفارەتی (گوناه)ێکی منیش دەم وت قبوڵم کرد و ئەوا دامەوە بەتۆ.

ئیتر وشەی (گوناه) هەرجارە شتێك بوو وەك ئەوەی لەو ڕۆژەی کە لە دایك بووە بەبێ ئەوەی یارمەتی هەژارێك یان یەکێك بدات ئێمە بە (٧٠) تمەن هەموو ژیانمان پاك کردەوەو کردمان بە فریشتەی بەهەشت، مامۆستاش دوو تمەنی دا بەمن و (٦٨)ی بۆ خۆی هەڵگرت.

چوونم بۆ گەلاڵە:

بەیانی زوو هەڵسام و کتێب و لێفەکەم برد بۆ ماڵی کوێخا حمە ئەمین لەوێ ماڵئاواییم لێکردن دەستیان کرد بەگریان، وتم: هیوادارم چاوم پێتان بکەوێتەوە بەڵام بەداخەوە ڕێك نەکەوتەوە بچمەوە بۆ ئەو شوێنە، فەقێ عەبدولڕەحمانیش بەرەو ناوچەی خۆی گەڕایەوە.

دوای ئەوەش تمەنێك قەرزار بووم لە دوو تمەنەکە قەرزەکەم دایەوە، ئینجا لە تمەنەکەی مابوو پێنج قەرانم خەرج کرد و پێنج قەران مایەوە بۆ ئێستری ڕێگا.

بەرەو سێو سێنایەتی لە کوردستانی عێراق دەستم کرد بەڕۆیشتن، دونیا زۆر گەرم بوو زۆر جار پێلاوەکانم دادەکەند دەمگرت بە دەستمەوە چونکە بن پێم هەمووی خوێناوی بوو بەهۆی بزمارەکانی ناو پێلاوەکانەوە و بەرد و داری ڕێگە، دڕکی ڕێگە وەك سەرە دەرزی دەچوو بەپێمدا بەڵام هەستم بە هیچ نەدەکرد بەدوای دوانزە عیلمدا دەگەڕام.

لە پاش ڕۆیشتنی ماوەیەکی زۆر بەرەو گەڵاڵەی شینکایەتی دیم دوو کەس لە دوامەوە دێن یەکی ئێسترێکیان پێ یە بەبێ بار، کاتێك گەیشتنە لام لێیان پرسیم: تۆ چیت و بۆ کوێ دەچیت؟ وتم: من فەقێم دەچم بۆ گەڵاڵە بۆ شینکایەتی بۆ خوێندن، ئیتر هیچیان نەوت تا ماوەیەك بەیەکەوە ڕۆیشتین، وتم: من پێنج قەرانم پێیە ناتوانم بەپێ بڕۆم بایی ئەوە سواری ئێسترەکەم بکەن، ئەوانیش پێنج قەرانەکەیان وەرگرت سواری ئێسترەکەیان کردم هەتا گەیشتینە ئاوی زێ بەرامبەر دێی (زەرونە) و (سەقرە)، بەمنیان وت: ئێمە لێرەوە دەچین بۆ پشدەر تۆش لەم پردەوە بپەڕێرەوە بڕۆ بۆ ئەوبەر، پردێکی دارینی لەسەر بوو چوومە ئەوبەر نزیکی ئێوارە بوو ئیتر ئەو شەوە لە زەرونێ مامەوە، بۆ بەیانی زوو چوومە گەڵاڵە. دیم تەنها یەك مستعد و یەك سوختەی تێدایە، مستعدەکە خوالێخۆشبوو مەلا ئەحمەدی لۆتەر بوو، کاتێك ماموستا هات و دەستم ماچ کرد، پێم وت ماموستا ئەمڕۆ دوو ڕۆژە بەپێ خاوسی هاتووم بۆ لات بۆ خوێندن.

ماموستا زۆر بەزەیی بەمندا هاتەوە وتی: ئەم دێیە زیاتر لە (٣٠٠) ماڵی تیادایە بەماڵی ئاغاوە بەڵام لەبەر گرانی جەنگی دووەمی جیهانی و بێ بارانی و کەمی دەغڵ و دان دێکە ناتوانن دوو فەقێ تێر بکەن.

وتم: ماموستا چارەم چیە؟

وتی: بڕۆ بۆ پشدەر ژیان لەوێ باشترە لای مەلایەك بخوێنە هەتا دەغڵ و دان پێدەگات و ئەوکاتە وەرەوە بۆ لام جێگەت دەدەمێ هەروەك کوڕی خۆم تەماشات دەکەم.

وتم: چ مەلایەکی باش دەناسیت لە پشدەر بچم بۆ لای، وتی: بڕۆ بۆ لای مەلا حسێنی دەشتێوی کە مەلای دێی (نور الدین) بوو، منیش ئەو شەوە لەوێ بووم بۆ بەیانی جارێکی تر پەڕیمەوە ئەوبەری ئاوی زێ ڕووەو پشدەر چووم بۆ (دێی نوردین) لە پاش نوێژی نیوەڕۆ گەیشتمە ئەوێ، چوومە ناو فەقێکان زۆر ڕێزیان گرتم پێیان وتم جێگە هەیە، با ماموستا بێت داوای جێگەی لێ بکە لە پاش ئەوەی ماموستا هات بۆ حوجرە دەستم ماچ کرد وتم: ماموستا من (مطول) دەخوێنم هاتووم بۆ لای تۆ جێگام بدەرێ ودەزانم جێگایشت هەیە، تەماشەیەکی کردم سەر و سەکوتی منی دی زۆر ڕوت و قوتم و زۆر چڵکنم و چەپەڵم وتی:

جێگە نیە، منیش پیاڵە چاکەم بەدەستەوە بوو دامنا، زۆر پێم ناخۆشبوو دڵم پڕ بوو بۆ خۆم، وتم: مامۆستا پەیمان بێت لە رۆژی قیامەت لای پێغەمبەری خوا شکاتت لێ بکەم! ئەویش زەردە خەنەیەك گرتی هەر بەخەیاڵیدا نەهات.

گەڕانەوەم بۆ شنۆ و لاجان:

بڕیارم دا بگەڕێمەوە بۆ ئەو ناوچانەی لێیان بووم بەڵام دەبێت بچمە شوێنێکەوە زۆر دوور بێت لەمەنگوڕ چونکە من درۆم لەگەڵ مەلا حمە ئەمین قاجری کرد کە وتم دەچمەوە ماڵی باوکم لەبەرئەوە رۆیشتم بەرەو (پەسوێ).

پەسوێ وەك پایتەخت وابوو بۆ عەشیرەتی مامش کە قەرەنی ئاغا سەرۆکی ئەو عەشیرەتە بوو، ئەمانە دێهاتێکی زۆرن بڵاو بوونەتەوە بەناو دەشتی لاجاندا کە دەشتێکی پان و بەرینی بەپیتە هەمووی کشتوکاڵە وبەشێکی پێی دەوترێت (شارویران)، ئەم دەشتە بەهاویناندا پێویستی بە ئاو نیە چونکە سروشتی زەوی یەکە وا هەڵکەتووە هەموو جۆرە کشتوکاڵێکی تیا دەکرێت، بەزۆری ئەوان دەیانکرد بە چەوەندەری شەکر و دەیاننارد بۆ (میاندوواو) بۆ کارگەی شەکر، لەوێ دەیانکرد بە کەللە شەکر.

ماڵی ئاغا زۆر بەرز بوو دەیڕوانی بەسەر دێکەدا، هەر چەندە ئەمە ناوی دێ بوو بەڵام زیاتر لە (٥٠٠) ماڵی تێدا بوو، ئەم ئاغایە لەنزیکی دێیەکە لە دەرەوە حوجرەی کردبوو بۆ فەقێکان وژووری زیادەی هەبوو بۆ خواردەمەنی و شتومەکی فەقێکان، ئەم مەدرەسەیە وەك کۆلیجێکی شەریعەت وابوو، هەردەم لە (٣٠) فەقێ کەمتری نەبوو ولە (١٢) مستعد و (١٨) سوختە پێکهاتبوو، زۆرترین ئەرکی ئەم فەقێیانە و مامۆستا لەسەرشانی قەرەنی ئاغا بوو، بەرامبەر بە حوجرەی فەقێکان جێگای دەست بەئاو گەیاندن و حەوزی جیا هەبوو پەیوەندی نەبوو بە مزگەوتەوە، یەکەم جار بوو کە مەدرەسەیەکی وا ببینم لەکوردستانی ئێران و عێراقدا.

مامۆستا مەلا (عبداللە ی پەسوێ) مەلایەکی زۆر چاك بوو، وەك وتم فەقێیەکی زۆری هەبوو (١٢ مستعد) کە هەموو رۆژێك دەرسی بەشەشیان دەوت، شەشەکەی تر گوێ گر بوون وئەگەر یەکێك ئیجازەی تەواوکردنی خوێندنی وەربگرتایە یەکێکی تر جێگەی دەگرتەوە.

پێیان وتم: فەقێ یەك بەم نزیکانە ئیجازە وەردەگرێ مامۆستا جێگەکەی دەدا بەتۆ، کاتێك مامۆستا هات داوای جێگەم لێکرد وتی: جێگە هەیە لەم رۆژانەدا یەکێك ئیجازە

وەردەگرێ دەغەمە جێگەکەی بەڵام لەبەرئەوەی ناتاناسم بچۆرە ئەم نزیکانە لە مزگەوتێك تا شەش مانگ ئینجا کە شارەزای ڕەوشتت بووم ئەوکاتە پەیمان دەدەم کەبێیتە ئێرە بخوێنیت.

منیش بەفەقێکانم وت: ئەم گومانەم لە هیچ مامۆستایەك نەبینیوە بۆچی دەبێت گومانی خراپ لە فەقێیەك بکات بەدوای خوێندندا دەگەڕێت؟

وتیان: دڵگران مەبە پێش ماوەیەك فەقێیەك هات نامەیەکی هێنا لە مامۆستای گەورەی کۆیە، کە بەدوای خوێندندا دەسوڕێتەوە، بەڵام دواتر وا دەرنەچوو، ئیتر فەقێیەکەی دەرکرد، لەو جارەوە مامۆستا بڕیاری داوە فەقێیەك نەناسێ جێگەی پێ نادات، ئینجا وتم ڕووەو کوێ بڕۆم باشە وتیان ڕووەو ناوچەی هەرکی لەو دیوی شاری (شنۆ)یە مەلایەکی چاکی لێیە پێی دەڵێن مەلا (جلالی شکاك)، منیش هەروەك جاران بەپێ ڕێگەکەم گرت، یەکەم جار چوومە شاری (شنۆ) کە زۆر جوانە بەهۆی لێژی شارەکەوە کە بەرەو دەشتی لاجان هەمووی لەبەر کشتوکاڵ شینەو هەر چوار دەوری شارەکە باخ و باخاتە، هەمووی گوێز و قەیسی و هەڵوژە و هەرمێ و سێو وجۆرەکانی تری میوەن، لە ناوەڕاستی ئەم شارەدا ئاوێك دێتە خوارەوە ئەوکاتە کە هاوین بوو زیاتر بوو لە دوو جۆگای ئاش، ئەم ئاوە سەرەتاکەی لە بەفراوی کوێستانی (گلاس) کە لوتکەیەکە کەوتۆتە ناوەڕاستی یەکگرتنی سنوری هەرسێ وڵاتی (عێراق و ئێران و تورکیا) وهەر ئەم ئاوەیە لە پاشدا دێتە عێراق پێی دەڵێن زێی بچووك، ئەو شەوە لەوێ مامەوە بۆ بەیانی ڕووەو هۆزی هەرکی ڕۆیشتم بۆ نیوەڕۆ گەیشتمە دێیەکی گەورە ناوی (کانی سپیکە) بوو ومامۆستا (مەلا جلالی شکاك) مەلای ئەم دێیە بوو، لەپاڵ پارچە باخێکی چناردا حوجرەی فەقێکان و حوجرەی خۆی کردبوو، شوێنەکە هەمووی باخ و سەوزایی و کوێستان بوو، هاوشێوەی کەمە لەجێگە خۆشەکانی ئەوروپا.

چوومە حوجرەی فەقێکان مامۆستا هات دەستم ماچ کرد وتم: مامۆستا من لە هەورامانەوە بەپێ هاتووم گەیشتوومەتە ئێرە و نابێت تۆش وەك مەلاکانی تر بیانووم پێ بگریت بڵێیت جێگەم نیە زۆر ماندووم تواناى گەڕانم لەوە زیاتر نەماوە، جێگەم بدەیتێ یان نا من دانیشتووم لەم حوجرەیە ناچمە دەرەوە.

مامۆستا وتی: بەخێر بێیت وادیارە بەدڵسۆزی بەدوای خوێندندا دەگەڕێیت وەك کوڕی خۆم تەماشات دەکەم هەتا بتەوێت لێرە بمێنیتەوە ومن خاوەنی ئەم حوجرەیە نیم.

منیش لەوێ دەستم کرد بەکتێبی (مطول) کە گەیشتبوومە نزیکەی نیوەی کە لای سێ مامۆستا خوێندم، یەکەم لای مامۆستا مەلا حمە ئەمینی قاجری، دووەم لای مامۆستا مەلا جەلالی شکاك و سێهەم لای مامۆستای پایە بەرزی هەموومان جەنابی مامۆستا مەلا

(عبدالکریمی مدرس) خوا تەمەنی درێژ بکات چونکە لەو مەلایانەیە کە کتێبەکانی سودی هەبێت بۆ ئایینی ئیسلام و کورد و کوردستان.

لە پاش (١٠) رۆژ پیاوێکی ئەسعەد ئاغای هەرکی هات بۆ لای مامۆستا دوو ئەسپی هێنا بوو، وتی: مامۆستا، ئەسعەد ئاغا زۆر نەخۆشە پێی خۆشە چاوی پێت بکەوێت ئەم دوو ئەسپە یەکێکیان خۆت سواری ببە وئەوی تریان فەقێیەك بێنە لەگەڵ خۆت، ئەم ئاغایە خۆی لەئاغانی کوردستانی عێراقی بوو بەڵام عەشیرەتی هەرکی کە ئەو سەرۆکایەتی دەکرد لە ئێرانیش هەبوون جگە لەوانەی عێراق بوون.

ئەو کوێستانە هاوینە هەوار بوو هەمو ساڵێك دەهاتە ئەوێ بە ماڵ و منداڵەوە لەخاکی کوردستانی ئێران.

مامۆستا لە نێوان فەقێکاندا منی هەڵبژارد بۆ ئەوەی لەگەڵی برۆم هەر چەندە فەقێکانی تر چەند ساڵێك بوون لەوێ بوون لەپێش منـدا، دیارە ئەمە خوا خستیە دڵیەوە کە لەناو هەموویاندا منی هەڵبژارد کاتێك کە چوومە ماڵی ئاغا لە شوێنێکی بەرزدا بوو لە نێوان هەر سێ سنوری عێراق و ئێران و تورکیا، چوار دەواری گەورە هەڵدرا بوون، یەکێ بۆ میوانی تایبەتی، یەکێ بۆ خێزانەکەی، یەکێ بۆ پیاوەکانی ویەکێك بۆ خواردن کردن و ژنە ئیش کەرەکان.

بەیانی کە هەڵستاین بۆ نوێژ ئەوەندە سارد بوو لەسەرمای چلەی زستانی هەموو ئەو جێگانە سارد تر بوو کە بینیبووم، لەبەرئەوە دوو مەقەڵی خەڵوزیان دادەنا بۆ ئەوەی ناو دەوارەکە گەرم بێتو سەرمامان نەبێت، دۆڵەکانی ئەم دیو و ئەو دیوی ئەو شوێنە هەمووی بەفر بوو لە کاتێکدا کە هاوین بوو مانگی هەشت بوو کە گەرمترین مانگەکانی هاوینە، یەکێ لە پیاوەکانی بەمنی وت تۆ خەڵکی کوێیت؟ وتم: من خەڵکی کوردستانی عێراقم، وتی ئەو ئاوەی لە عێراق پێی دەڵێن زێی بچووك سەرچاوەکەی ئەم بەفرەیە کە لەبەر دەستایە.

مامۆستا لەو کاتەدا هەندێ دوعای خوێند بەسەر ئەسعەد ئاغادا وهەندێ دوعای فێرکرد لە هەمان کاتدا پزیشکێك هاتبو لە (ورمێ) هێنابوویان بۆ تەداوی.

لە پاش دوو رۆژ ماڵ ئاوایمان کرد لە ئەسعەد ئاغا، (١٥٠) تمەن و جوتێ پێلاوی دا بە مامۆستا و (١٠٠) تمەنی دا بەمن، کاتێك گەڕاینەوە مۆڵەتم وەرگرت لە مامۆستا چووم لە شاری شنۆ سەرتاپا جلم کرد بە پۆشتەیی، ئەمە یەکەم جار بوو جل بگۆڕم لەوکاتەوەی لە ماڵی باوکم دەرچوو بووم.

سەیرانی سەر دەریاچەی ورمێ:

لە نزیکی شاری (ورمێ) کەلەدواییەدا ناویان نا(ڕەزائیە)، شارێکی زۆر خۆشە دانیشتووەکانی کورد و ئازەرین، زۆرینەیان کوردە، دەریاچەیەکی گەورو هەبوو پێیان دەوت (دەریاچەی ورمێ) ودانیشتوانی ئەو دێهاتەی کە نزیك بوون لێوەی هەموو ساڵێك (١٠) ڕۆژ پێش وەرزی هاوین تەواو بێت بەماڵ و منداڵەوە دەچوون بۆ سەر دەریاچەکە و خواردنی بەشی دوو ڕۆژیان دەبرد، ئەمە بوو بوو بەخویەکی پیرۆز لایان.

ئێمەش مامۆستا و فەقێکان چووین بۆ دێیەك لەوێوە بۆ سەر دەریاچەکە، ئەم بەر و ئەوبەری مێوی کشمیش و قەیسی و سێو و هەرمێ و هەڵوژە بوو، هەندێك لە شوێنەکان کرا بوون بە کاڵەك و شوتی.

وەك خڕە بەرد بەریان گرتبوو، شوتی ئەو شوێنە لە شیرینیدا وەك هەنگوین وا بوو، ئەم دوو ڕۆژە لە ڕۆژە خۆشە کەمەکانی ژیانم بوو.

مەتەڵەکەی مامۆستا مەلا جەلال:

مامۆستا ڕووی کردە فەقێکان وتی: مەتەڵێکم لایە هەر چەندە مەتەڵ نیە چونکە لەسەر زاری پێغەمبەر ﷺ وتراوە کە ئەویش دەڵێت:

(أولدت أمي أباها في بطون المعجزات وأنا طفل صغير في حضون المرضعات، وأبي شيخ كبير في علو الدرجات، فهي أمي، بنت عمي، خالتي، إحدى بناتي).

واتە: دایکم منی هێنایە دنیاوە لە سکی (معجزات)دا ومن منالێکی بچووك بووم لە کۆشی ئەوانەدا شیریان پێ دام و، باوکم مرۆڤێکی گەورە بوو لە پلەیەکی بەرزدایە، وە ئامینە دایکمەو کچی مامە و یەکێکە لە کچەکانم.

ئێمەش زۆرمان بیرکردەوە و لێمان کۆڵیەوە نەمانزانی مەبەستی چییە لەم وتەیە، ڕۆژی دووەم پێش ئەوەی بگەڕێینەوە من چووم مەلەم کرد لە قەراغ ئاوەکە، ناو ئاوەکە خوێ بوو کە دەچوویە سەر لەکە هەموو لەشت دەکزایەوە، لەبەرئەوە چومە شیوێك کە سێبەر بوو دادەنیشتم بیرم لەم بابەتە کردەوە، تەماشا دەکەم ئەمە پەیوەندی هەیە بە وتەیەکی ترەوە ئەویش دروستکراوە بەناوی خواوە دەڵێت:

(لولاك لولاك لما خلقت الافلاك)، واته: لەبەر تۆ نەبوایە ئەم گەردونەم دروست نەدەکرد، دیارە ئەمە هەڵبەستراوە و پەیوەندی نیە بە فەرموودەی خواوە هەر چەندە زۆر کەسی ساویلکە باوەڕی پێی هەیە.

بەڵگەی ئەمە کە ڕاست نیە درۆیە، گەورەیی پێغەمبەر ﷺ خوا پێی داوە نەك خۆی، بەڵام ئەمە بەدەم خواوە هەڵبەستراوە وەك مەتەڵەکەش بەدەم پێغەمبەرەوە هەڵبەستراوە.

ئەم دوو وتەیە پەیوەندیان هەیە وەك بۆ مامۆستا و فەقێکانم باسکرد و هەموویان پەسندیان کرد.

(اولدت امي اباها من بطون المعجزات): ئامینەی دایکم باوکی خۆی هێنایە دونیاوە لەبەرئەوەی ئەگەر من نەبوومایە ئەویش نەدەبوو، لەبەرئەوە لەو ڕووەوە من باوکیم واتە باوکی ئامینە.

(وأنا طفل صغير في حضون المرضعات): مانای ئەمە دیارە چونکە پێغەمبەر کە لەدایك بووە دایکی خۆی شیری نەبوو بەڵکو (حليمه السعديه) شیری پێدا.

(فهي أمي بنت عمي خالتي إحدى بناتي): واتە: ئامینە دایکیەتی ئەمە ئاشکرایە، کچی مامە، لەو ڕووەوە کە باوکی ئەو و باوکی من من بووم بەهۆی هاتنیان بۆ ئەم دونیایە واتە من وەك باوکی هەردووکیان وەك باوکی من وان و ئەوانیش وەك برا وان، ئینجا بەم پێیە ئامینە دەبێتە کچی مامم و خوشکی دایکم چونکە لەو ڕووەوە من بووم بە سەبەبی هاتنیان بۆ ئەم دنیایە، هەروەها یەکێك لە کچەکانم، چونکە من بووم بەهۆی ئەوانە هاتنە دنیایەوە بەپێی لێکدانەوە بۆ مەتەڵەکەی سەرەوە.

ئینجا کە ئەم مانایەم بۆ لێکدانەوە و مامۆستا زۆری پێ خۆشبوو وتی: ئافەرین تۆ زۆر زیرەکیت بەڕاستی ئەو مانایەی مەبەستتە لەم وتانەدا ئەوەیە ئینجا هەر کەسێك وتبێتی.

لە پاداشتی ئەوە دەتکەم بە مەلای ڕەمەزان لە دێکەی خاڵم کە ئاغای شکاکە بۆ ئەوەی ئەو وڵاتەش ببینی و سود لەو مەلایەتیە وەربگریت.

مەلایەتی ڕەمەزان لە شکاك:

مامۆستا مەلا جەلال پیاوەتی زۆری لەگەڵ کردم، یەکێکی تر لە پیاوەتیەکانی ئەوەبو ناردمی بۆ شکاك بۆ لای خاڵی و نامەیەکی دامێ بۆ (ئیبراهیم خان) بۆ مەلایەتی ڕەمەزان لە شکاك کە دوو ڕۆژ دوور بوو بەپێ وهیچ شتێکی تر نەبوو بۆ هات و چۆ، بەپێ بەیانی کەوتمە ڕێ گەیشتمە دێی (گەنگە چین) لە عەشیرەتی (ژپیران) بەڵام کاتێك عەشیرەتی

هەرکیم بەجێ هێشت سنوری عێراق تەواو بوو، زنجیرە شاخێك هەبوو لە نێوان تورکیا و ئێراندا هەموو دانیشتووەکانی کوردی تورکیا بوون کە لە ترسی (مصطفی کمال) رایان کردبوو پەناهەندە بوون لە ترسی کوشتن، نوێژی مەغریب کرا و چوومە ماڵی ئاغای ئەم دێیە، دوای ئەوەی نانمان خوارد لەدیوەخان یەکێکیان پرسی وتی: ئەمڕۆ لەکوێوە هاتوویت؟ وتم: لە کانی سپیکەوە هاتووم، وتی: ماڵی باوکت بڕمێ، وڵاخە بەرزەش ناتوانێ بەڕۆژێ ئەوەندە ڕێگە ببڕێ.

ئیبراهیم خان و شکاك:

چوومە دێیەکەی ئیبراهیم خان کە ناوەکەیم لەبەر پیری لەبیر چۆتەوە بەڵام نزیك شاری (قونیە) بوو، لە عەشیرەتی شکاك هەر چەندە لەوێ گەنم و جۆ و گەنمە شامی دەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی ئاوی نیە کشتوکاڵی کەمە، لە دوای عەشیرەتی شکاك عەشیرەتی جەلالی دێت کە کەوتووەتە سەر سنوری دەوڵەتی شورەووی ئاوی (ئاراس) کەوتۆتە نێوان خاکی کوردستانی ئێران و وڵاتی شورەووی، هەرچی زەوی بەپیتی کشتوکاڵی ئێران هەیە کەوتووەتە ناوچەی کوردستانەوە وەك زەوییە بەپیتەکانی عێراق زۆری لە کوردستانە.

من کە چوومە خاکی ئێران ساڵی (١٩٤٠ز) بەناو عەشیرەتی لهۆن و کەلا تەرزان و مەریوان‌و بانە و موکریان و لاجان و هەرکی و شکاك و جەلالی، ئەمانە کە پیایدا تێپەڕیم جگە لە (کەلا تەرزان) کە خاکی کشتوکاڵی کەمە هەموویان بە پیت ترین زەوی جیهانن، وەك باسم کرد دەشتی لاجان (شاروێران) بەهاوینان چەوەندەری شەکری تیا دەکەن و خاکەکە پێویستی بە ئاو نیە هەمووی تری کشمیشی و هەرمێ و سێو و قۆخە.

جۆری ژیانی دانیشتوانی شکاك:

جلوبەرگی پیاویان وەك جلوبەرگی (پۆلیس)ی ئەوکاتە بوو، پانتۆڵەکەی لە لای قاچیان تەسکە هەردەم دەبێت ئامادە بێت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی دوژمنی ببێتەوە، عەشیرەتی شکاك زۆر ئازا و بەناموس و بەغیرەتن، زۆرترین خواردنیان پەتاتەیە لەگەڵ گۆشت لێی دەنێن و هەندێ شتی تری تێ دەکەن دەیخەنە ناو دیزەیەکی گەورەوە ئینجا دەخرێتە ناو تەنوردوە بەبوخاری تەنورەکە پێ دەگات.

جلوبەرگی ئافرەتیان وەك هەورامان و سلێمانی کراس و کەوای درێژە، بەڵام کڵاوێك دەکەنە سەریان نزیکەی (٣٠سم) درێژە، لە ڕووەوە زۆر بەرز نیە، ئافرەتیان زۆر بەئەدەبن وشان بەشانی پیاوەکانیان کشتوکاڵ دەکەن، جۆری نووستنی شکاك وەك هیچ جێگەیەکی تر نیە، زۆر سەیر دەنووستن، کاتی خەوتن خۆیان ڕوت و قوت دەکەنەوە وەك لە حەمامدا بێت، ئینجا قورسینەك دادەنرێت لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ژێرەکەی تەنورە، لەکاتی سەرمادا ئەو تەنورە پڕ دەکەن لە پشکۆ ولێفەیەکی گەورە دەدەن بەسەر قورسینەکەدا و هەموویان خۆیان ڕوت دەکەنەوە و دەچنە ژێر قورسینەکە.

قورسین وەك مێز وایە بەڵام زۆر بەرز نیە و بەقەدەر دەمی تەنورەکەیە.

جیاوازی ئەمان لەگەڵ خەڵکی تر ئەوەیە خۆیان ڕوت و قوت دەکەنەوەو ژوورێکی جیا دەدەن بە ئافرەتەکانیان.

کە کاتی نووستن دەهات چرایان دەکوژاندەوە ئینجا خۆیان ڕوت دەکردەوە، دەهاتن بەمنیان دەوت: سەیدا بۆچی خۆت ڕوت ناکەیتەوە؟ منیان زۆر بەدوا کەوتوو دەزانی کە بە جلەکانمەوە دەنووستم، ئینجا نازانم ئێستاش ئەو عورف و عادەتیان ماوە یان نا.

زمانیان زۆر جیاوازە لە سۆرانی و زۆربەی وشەکانیان من لیی تێ نەئەگەیشتم وەك ئەوەی بییان وتایە درێژ بە دەیان وت (رازێ) یان بیان وتایە هەڵسە دەیان وت (ڕابە).

مەولود نامەی شەوی (لیلەالقدر):

هەموو ساڵێك شەوی (لیلە القدر) عادەتیان وابوو (مەولود)یان دەکردو، مەولودنامەکە یەکێکیان دەیخوێندەوە، لە پێش شەوی (لیلە القدر) مەولود نامەکەیان بۆ هێنام هەموو شیعر بوو، وتیان سەیدا سبەینێ شەو دوای نوێژی شێوان ئەم مەولود نامەیەمان بۆ بخوێنەوە وهەمورمان کۆ دەبینەوە لە ماڵی ئیبراهیم خان، منیش کاتێك کە مەولود نامەکەم خوێندەوە لەبەر خۆمەوە سەیر دەکەم لە (١٠) وشە چوار وشەی تێ ناگەم، جگە لەوەش نەمدەزانی جۆری خوێندنەوەی و ددان پیانانی وشەکان (تلفظ)ی چۆنن.

لێرەدا گیرم خوارد ناتوانم بڵێم نایزانم و ناشتوانم ڕەوانی بکەم لەو ماوە کەمەدا، هەر چۆن بوو لەیەکەم شیعرەوە پێنج شەش جار تا دوا شیعر خوێندمەوە لەمن وایە ڕەوانم کردووە، دەتوانم بە ئاسانی بیخوێنمەوە، کاتێك شەو هات کۆبوونەوە دەستم کرد بە خوێندنەوەی دەبینم بە پیاو و ژن و منداڵ هەموویان نیوەی شیعرەکە یان هەموو شیعرەکەیان لەبەر کردووە، دوایی بە دەنگی خۆش وەك گۆرانی کاتی گێرە دەیان وت، جا لێرەدا ئیشەکە بۆمن

ناخۆشتر بوو چونکە کە پارچەیەك لە شیعرەکەم دەخوێندەوە و هەڵەم دەکرد منداڵە بچووکەکان دەیانوت وانیە و بەڕاستی لەبەر دەیانوت، هەر چۆن بوو ئەو شەوە کە تەواو بوو لەبەر ئیبراهیم خان نەبوایە دەریان دەکرم دەیان وت ئەم نەخوێندەوارە چییە بووە بە مەلای ڕەمەزان.

شەوێکیان ئیبراهیم خان پاش ڕۆژو کردنەوە وتی: برادەرێکم هەیە لە دێیەکی تر بابچین بۆ لای، وتم: باشە، دوو ئەسپیان هێنا و سواربووین ڕێگەکە زۆر پان بوو، دوو ئەسپەکە بەیەکەوە دەڕۆشتن بەرێگەدا ومانگە شەو بوو، کاتێك لە ئاواییەکە دەرچووین چیرۆکێکی دوور و درێژ بۆ گێڕامەوە لە (٧٠٪)ی مەبەستەکەی تێ نەگەیشتم لەبەر جیاوازی زمانەکە و کاتێك ئەو پێدەکەنی منیش دەستم دەکرد بەپێ کەنین.

سەرفیترە و زەکات:

لەپاش نوێژی جەژن هەموو هاتن سەرفیترەکەیان پێ قەبڵاندم کە ئەمەش بەشێك بوو لەهۆی ژیانی مەلا و فەقێ، هەندێکیان زەکاتی گەنمەکەیان دا بەمن چونکە ڕەمەزان کەوتبووە کاتی خەلە و خەرمانەوە، لە پاشدا ئەوەی پێیان دام خۆیان بۆیان فرۆشتم نزیکەی (٥٠٠) تمەنیان پێ دام ئەم پارەیە ئەوکاتە زۆر بوو.

من هیچ حیسابێکم نەکردبوو ئەو پارەیەم دەست بکەوێت بەڵام دوای دووساڵ گەڕان و ڕۆیشتنم بۆ لای مەلا جەلال وئەو ناردمی بۆ لای خاڵی و لەوێ بەبۆنەی ڕەمەزانەوە ئەم پارەیەم دەستکەوت، من زیاتر لە ساڵێك لەلای مەلا حمە ئەمینی قاجری خوێندم کە باش دەیزانی من چۆن دەژیم و چیم پێیە لە (٧٠) تمەنی ئیسقاتەکە دوو تمەنی دا بەمن، ئەم مامۆستایە کە سێ مانگ لای ئەو خوێندم ودەیتوانی یەکێکی بنێرێت بۆ مەلایەتی ڕەمەزان لەدێیەکەی خاڵی، بەڵام منی نارد، چونکە ئەو بۆ ماڵی دونیا دەرسی نەدەوتەوە، بەڵکو بۆ خوا بوو، خوا پاداشتی بداتەوە بە چاکە.

گەڕانەوەم بۆ عێراق لەگەڵ مەلا موسا:

مەلا موسای ئاکۆیی ئەویش لەلامان بوو لە شاری شنۆ یەکمان گرت بڕیارماندا پێکەوە بگەڕێینەوە عێراق، وتی من نزیکترین ڕێ دەزانم دەچینە ئاکۆیان دوو ڕۆژ لەماڵی ئێمە بمێنەرەوە لەوێوە بۆ قەڵادزێ نزیکە بچۆرە ئەوێ لەوێ ئوتومبێل هەیە بچورەوە بۆ سلێمانی.

لە شاری (خانێ) کە کەوتووەتە نزیکی شاری شنۆ هاتینە حاجی هۆمەران لەوێ بەرێگەیەکدا بەناو (شاخی قەندیل) ڕووەو ئاکۆیان ڕۆیشتین.

کە گەیشتینە دێکەی مەلا موسا، دیم بەهەشتێکە بەڕووی دونیاوە، پڕ لە باخ و باخات، شاهەنجیر گەرمەیەتی، هەر هەنجیرێکی پڕی چنگێك دەبێت دەتوت هەنگوینە، دووشەو لەوێ بووم هەردوو بەیانیەکە بۆ بەرچایی دوو شانە هەنگوینی گەورەیان لەگەڵ کەرەی زەرد بۆ دانام، مەلا موسا زۆر بەوەفا بوو ساڵی (١٩٧٠) جارێکی تر هات سەری لێدایین لەبەغدا تەنەکەیەك لەو هەنگوینەی بۆ هێنابووین.

مەلا موسا لەگەڵمدا هاتە دەرەوەی دێیەکەو ڕێگەکەی پیشان دامو ماڵئاواییم لێ کرد، کەوتمە ناو ئەو شاخ و بەرد و دارستانە کە هەمووی دار بەڕوو بوو تا گەیشتمە قەڵادزێ چوومە حوجرەی فەقێکانەوە، لەوێش دوو ڕۆژ مامەوە ئوتومبێل نەبوو بۆ سلێمانی جگە لە لۆری کە توتنی دەبرد بۆ سلێمانی.

ڕۆژی دوایی کاتژمێرێکیان هێنا بۆ لای مامۆستا پێیان وت ئەمە (لۆنجین)ە کاتژمێرێکی زۆر جوان بوو، وتیان ئەمە خاوەنەکەی کۆچی دوایی کردووە و (وەرەسەکەی) دەیفرۆشن وکەس نیە بیکرێت، من لەو کاتەدا (٥٠٠) تمەنم پێ بوو کڕیم بە (١٥٠) تمەن تا ماوەیەکی زۆر لام بوو، دوایی دام بە باوکم ئەویش دوایی دای بە ئامۆزایەکم، چوومە گەراج لۆریەك وەستا بوو، وتی فەقێ لە پێشەوە جێگا نیە دەتوانیت بچیتە دواوە لەسەر فەردە توتنەکان دابنیشی، منیش بەناچاری ڕازی بووم، بەیانی زوو لە قەڵادزێ دەرچووین بۆ سلێمانی منیش وەك چۆلەکە بەسەر دارەوە بوم سەرما لێی دەدام لەسەر فەردەکان دانیشتم بەڵام خۆم زۆر بە خۆشبەخت دەزانی کە لە ماوەی دوو ساڵدا ئەمە یەکەم جارە بەپێ ناچم بەرێگەدا.

سێوی سەردەشت:

کاتێك چوومە سەر لۆریەکە دیم کە کیسەیەکی خام پڕیەتی لە سێوی لاسوری سەردەشت، بۆنی سێوەکان زۆر خۆشبوو، منیش شەیتان چووە ناو دڵمەوە بۆ یەکەم جار ئەو تاوانەم کرد، کیسەکەم کردەوە سێوێکم دەرهێنا لەبەر بۆنەکەی و ڕەنگە جوانەکەی کە لایەکی سور و لایەکی زەرد بوو، هاتینە سلێمانی هەندێك لە پارەکەم دا بەدیاری بۆ ئەو خزمانەم کە دوو ساڵ بوو لێیان دوور بووم، جوتێك پێڵاوی گران بەهای ژنانەم کڕی بۆ دایکم، سێوەکەم خستە ناو تاکێکی پێڵاوەکە ولەگەڵ شتەکانی تر لەناو بوخچەیەکدا بردم بۆ دوکانی حاجی مەلا

مصطفی سوره که برادەری باوکم بوو، وتم: حاجی ئەم بوخچەیە لای تۆ دادەنێم له دوکانەکەدا تا سبەینێ دەڕۆمەوه بۆ زەڵم.

کاتێك بۆ بەیانیەکەی شتەکانم وەرگرتەوه تەماشا دەکەم مشك هێندەی پانایی سێوەکەی له چەرمی پێڵاوەکەی خواردووه، ئینجا بۆم دەرکەوت که تاوانبار زۆر جار سزاکەی ناکەوێتە ڕۆژی قیامەت، ئەو سێوەی که من دزیم ئەوکاته نرخی له (١٠)ه فلس زیاتر نەبوو سزاکەی بوو به سەد قاتی ئەوه، چونکه پێڵاوەکان کەڵکیان نەماو مشکەکه لەبەر سێوەکه نەبوایە نەدەچوو بۆ لای پێڵاوەکان.

لەمەوه بۆم دەرکەوت کە یەکێك چەند بەلایەوه شتێك بچووك بێت ئەوا سزاکەی وەردەگرێت بەچاك یان خراپ، له ماوەی ژیانمدا نەمبینی یەکێك لەسەر چەوتی بڕوات هەتا کۆتایی سودی لێ ببینێت ونەمدی یەکێك لەسەر ڕاستی بڕوات تاسەر توشی شتی خراپ بێت، جوتیارێك هەر تۆوێك بچێنێت هەر ئەوه دەردەچێت، جارێك نەبووه جوتیارێك گەنم بوەشێنێت و جۆ بدورێتەوه، وەك سەعدی شیرازیش دەڵێت:

راستی موجب رضای خداست
کس ندیدم که گم شد از ره راست

واته:

راستی هۆکاری رازیبوونی خوایه
کەسم نەبینیوه لەسەر ڕێی راست ون ببێت

کاتێك گەیشتمەوه دێی زەڵم هەموو خزمەکانم ڕژان بەسەرمدا جگه له باوکم، هەر چەندە چاوم گێڕا باوکم دیار نەبوو وامدەزانی کۆچی دوایی کردووه، وتم: ئەوه باوکم کوا؟ وتیان: زیاتر له (١٠) ڕۆژه چووه بەدوای تۆدا بۆ ئێران.

باوکم پیاوێکی بەکرێ گرتبوو پێیان دەوت (کەریمه شمشه)، شارەزای ناوچەی کوردستانی ئێران بوو، لەگەڵ باوکم دەرچوو بوو هاتبووه دزڵی ئینجا بانه دوایی چووبوونه مەهاباد، له هەموو شوێنێ چووبوونه حوجرەی فەقێکان هەواڵیان پرسی بوو، وتبوویان لەمەنگوڕ دەخوێنێ، له مەهاباد چووبوون بەرەو دێی بوکرێ لەپێش ئەوەی بگەنه ئاواییەکه توشی کوێخا حمەئەمین بووبوون، که لێفەو کتێبەکانم له ماڵیان بوو، باوکم لێی پرسیبوو فەقێتان هەیە؟ ئەویش وتبووی بەخوا دەزانم لەمەوپێش فەقێمان هەبوو، بەڵام ئێستا نازانم چونکه لەوساوه مەلا (مصطفی)ی زەڵمی ئێرەی بەجێ هێشتووه هەردوو چاوم بەرامبەر حوجرەی فەقێیەکان کوێر بووه، ناتوانم تەماشای حوجرەکه بکەم چونکه ئەوی تیادا نەماوه.

ئیتر لەوێوە گەڕابووەوە زەڵم و هیچی دەست نەکەوتبوو.

کە هاتمەوە باوکم وتی: ئەمەندە قسەکەم پێ خۆشبوو ئەگەر مصطفی مردبێتیش خەفەتی بۆ ناخۆم، چونکە لەو شوێنانەی خوێندوویەتی بەباشە ناوی دەبەن و باسی دەکەن.

خوێندنم لە بیارە:

پاش ئەوەی (١٥) رۆژ لە ماڵی خۆمان پشووم دا، بڕیارمدا ئەمجارە دوور نەکەومەوەو بچم بۆ لای چاکترین مامۆستا بۆ خوێندن ونزیکترین شوێن لە دێی زەڵم، چوومە خزمەتی مامۆستا مەلا عبدالكريمی مدرس لە دێی بیارە کە بەپێ رۆشتن کەمترە لە دوو سەعات، کاتێك رۆیشتم بۆ خزمەتی مامۆستا وتم: من خەڵکی زەڵم کوڕەزای سۆفی حمە ئەمینم زۆر رێزی گرتم وزۆری پێ خۆشبوو چونکە باپیرمی زۆر خۆش دەویست.

هەندێك لە کتێبی (مطول) مابوو لە خزمەتی ئەودا بۆ ماوەی دوو مانگ تەواوم کرد، لەو کاتەدا بیارە لەبەر ئاوەدانی شێخ علاء الدین و میوانی هەروەك شارێکی پێشکەوتوو وابوو، مەدرەسەکەی مامۆستا مەلا عبدالكريم وەك کۆلیج بوو، هەموو بابەتێك لە بابەتەکانی زانستە ئیسلامیەکان لەوێ بە دەرس دەوترایەوە، یا مامۆستا بە مستعدەکانی دەوت یان مستعد بە سوختەکانی، ئەرکی مامۆستا و ئەو مەدرەسەیە لەسەر شێخ علاء الدین بوو خوا پاداشتی بداتەوە لە رۆژی قیامەت.

شێخ علاء الدین نانەواخانەیەکی تایبەتی دانا بوو کولێرەی گەرمی دەکرد بۆ هەموو کەسێك کەوا پێویستی بەنان ببوایە، پەنجەرەیەکی بچووك هەبوو بانگی (سۆفی حمە ئەمین) دەکرا کەنانەواکەی بەرێوە دەبرد کولێرەی دەداینێ، زۆرترین مەلاکانی هەردوو بەشی کوردستانی ئێران و عێراق لەوێ خوێندنیان تەواو کردووە و لە دێی خۆیان مەدرەسەیان داناوە.

بەداخەوە نەمتوانی زۆر بمێنمەوە بۆ ئەوەی زۆرترین سوود وەربگرم لە مامۆستا عبدالکریم، من بەو مەبەستە رۆیشتم کە لەوێ خوێندن تەواو بکەم بەڵام داوایان دەکردم بۆ سەربازی و منیش دواکەوتوو بووم لە سەربازی، موختارەکەی زەڵم پیاوێکی ناردبوو پێی وتم بیارە بەجێ بهێڵم چونکە پۆلیسی خورماڵ دەیزانی لەوێم، ناچار گەڕامەوە زەڵم وڕووم نەبوو بە مامۆستا بڵێم، ئەم جارە لە بیارە وەك جاری پێشوو خوێندم، کەسوختە بووم لای مەلا حمە ئەمین کانی ساسانی (عبداللە یەزدی)م خوێند لەگەڵ هەندێك لە (سید عبداللە سرخی) کاتێك مەلا حمە ئەمین کانی ساسانی لە خزمەتی مامۆستا دەیخوێند.



کورتەیەک لە ژیانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مدرس:



مەلا عبدالکریمی محمد ناسراو بە (مدرس) لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە دایک بووە، لە هۆزی (قازی) کەلە - سید سادق- لە سلێمانی نیشتەجێن، کاتێک کە منداڵ بوو باوکی کۆچی دوایی کردووە، لەبەرئەوە زوو خرایە بەر خوێندن لە خوێندنگای ئایینیەکاندا لەناوچەی مەریوان و هەورامان لە دێیەکەوە بۆ دێیەکی تر لەسەر سنوری عێراق و ئێران هات و چۆی دەکرد بەدوای خوێندندا دەگەڕا، لە کۆتاییدا لە شاری سلێمانی جێگیر بووە، لەسەر دەستی مامۆستای گەورە (شیخ عمر) ابن القرداغی ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە کاتێک کە تەمەنی بیست ساڵ بوو.

ئینجا دامەزرا بە مامۆستا و ئیمامی دێی (نێرگسەجار) لە هەڵەبجە، دوای ئەوە بەرەو بیارە رۆیشت، بوو بە مامۆستای ئەو خوێندنگە بەناو بانگەی بیارە، ساڵی ١٩٥١ گەڕایەوە بەرەو سلێمانی لە خوێندنگەی حاجی حان دامەزرا بە مامۆستا.

ساڵی ١٩٥٥ گوێزرایەوە رۆیشت بۆ کەرکوک لەوێش بوو بە مامۆستای - تەکیێ تاڵەبانی- لەوێ مایەوە هەتا ساڵی ١٩٦٠.

دوای ئەوەش هات بۆ بەغداد یەکەم جار بوو بە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی - أحمدی- لە گەڕەکی (مەیدان)، دواتر بوو بە مامۆستای خوێندنگەی (شێخ عبدالقادری گەیلانی)، تا

وەفاتی کرد سەرۆکی زانایانی عێراق و موفتی عێراق بوو.

ژمارەیەکی زۆر گەورە لە پیاوانی ئایینی لەسەر دەستی مامۆستا مەلا عبدالکریم ئیجازەیان وەرگرتووە.

ژمارەیەکی زۆر دانراوی ئاینی و ئەدەب و زانستی بە زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی داناوە، لەوانە وەرگێڕان و لێکدانەوەی مانای قورئانی پیرۆز بەزمانی کوردی و عەرەبی کە هەر یەکەیان حەوت بەشە، هەروەها لێکدانەوەی (تەفسیر)ی قورئانی پیرۆز بە کوردی داناوە لەسێ بەشدا.

لەبارەی - فقە- ەوە کتێبێکی دانا لەسەر (فقە)ی ئیسلامی لەسەر مەزهەبی شافعی بەزمانی کوردی لەچوار بەشدا.

هەروەها دانراوی (جامع الفتاوی للعلماء الاکراد) لە سێ بەشدا، هەروەها (صفوة اللالي من مستصفى الغزالي).

لە دانراوە بەنرخەکانی لە ئەدەبدا، لێکدانەوەی دیوانی هەر یەکە لە: مەولەوی، نالی، مەحوی بەزمانی کوردی کرد لەسێ دیوانی جیادا.

هەروەها لێکدانەوەی - عقائد مەولەوی- بەزمانی عەرەبی و فارسی و کوردی کردووە لەسێ کتێبدا.

چەند دانراوی تری لە بابەتی: نحو، صرف، منطق، بلاغە، چەندین نامیلکەی تری ئایینی بەکوردی داناوە.

* * *

خوێندنم لە بالك:

لەپاش بیارە چووم بۆ بالك کە مامۆستا مەلا باقری بالك ئەوکاتە چاکترین مەلای کوردستانی ئێران بوو، کاتێك چووم بینیم مامۆستا تەنها چوار مستعدی هەیە لەبەر گرانی جەنگی دووەمی جیهانی، ئاواییەکە نەیدەتوانی لەوە زیاتر یارمەتی فەقێ بدەن کە زیاتر لە (٢٠٠) ماڵ بوو بەماڵی ئاغاوە، لەو مەدرەسەیەدا سوختە نەبوو چونکە سوختە دەتوانێت لە شوێنێکی باشتر بخوێنێت وجۆری خوێندنەکەی پێویست ناکات بێت لەشوێنێکی گراندا بمێنێتەوە، بەڵام مستعدەکە ناچار بوو بۆ ماوەیەك بێتە لای مامۆستا مەلا باقر چونکە جۆری دەرسەکەی جیاواز بوو لەو مەلایانەی تری ناوچەی مەریوان.

فەقێکان وتیان یەکێك لە ئێمە کە ناوی مەلا حەسەنی دەرەزیارەتی یە ئیجازە وەردەگرێت و دەتوانیت بچیتە شوێنەکەی.

کاتێك مامۆستا هات بۆ حوجرە دەستم ماچ کرد، وتم: مامۆستا هاتووم بۆ خزمەتی جەنابت تکایە جێگەم بدەرێ با سوود لە زانستی جەنابت وەربگرم چونکە من بۆ خوێندن هاتووم.

وتی: رۆڵە تۆ (ئەمرەدی) واتە موو لە دەم و چاوت نەهاتووە لەبەرئەوە تەماشاکردنت حەرامە بۆمن ناتوانم جێگەت بدەمێ، منیش چاکەم بەدەستەوە بوو لە خەفەتاندا دامناو زۆرم پێ ناخۆشبوو، تەماشایەکی تری کردم وتی: رۆڵە خەڵکی کوێیت؟ وتم: خەڵکی زەڵم، وتی: سۆفی حمە ئەمین ماوە؟ وتم: بەڵێ ماوە ئەوە باوکی باوکمە، وتی: باپیرتە؟ وتم: بەڵێ، ئینجا رووی کردە فەقێکان وتی: لەبەرئەوەی کورەزای سۆفی حمە ئەمینە تا ئەم فەقێیە لەم مەدرەسەیەدا بێت من خاوەنی ئەم مەدرەسەیە نیم، ئەمەش لەبەرئەوەی مامۆستا مەلا باقر سۆفی شێخ علاء الدین بوو، کە هات و چۆی دەکرد بۆ بیارە بەم سەر و بەو سەردا لە زەڵم لای باپیرم دەمایەوە، چونکە زۆر موسڵمان بوو وتەمەنی زۆری لە باخەکانی زەڵمدا بەسەر دەبرد ومیوانداریتی زۆری دەکرد، هەموو ژیانی لە خوا پەرستی و خزمەتی میوان و



مزگەوتی بالك

موسڵمانان بەسەر دەبرد تا تەمەنی گەیشتە نزیکەی (١٢٠) ساڵ.

ئینجا جارێکی تر باسی ئەوە دەکەم کە وتم لەم خەلکە تێنەگەیشتم چونکە مەلا باقر زیرەکترین مامۆستای کوردستانی ئێران بوو، کاتێك دەرسی دەوتەوە سەیری کتێبی نەدەکرد هەمووی لەبەر بوو وزیاتر لە (٢٠) ساڵ بوو تەدریسی ئەکرد، نازانم لە ماوەی دوو سێ چرکەدا چۆن تەماشا کردنی من لە حەرامیەوە بوو بە حەلال، دیارە دەبێت لەو رووەوە بوبێت کەمنی بەبرازای خۆی داناوە وتەماشاکردنی برازاش حەلالە.

جۆری دەرس وتنەوەی مامۆستا مەلا باقر:





مامۆستا هەموو رۆژێك پێش بانگ نانی بەیانی لەماڵی خۆیدا دەخوارد، لە پاشدا دەهات بۆ نوێژی بەیانی بۆ مزگەوت و(ویرد و ئەورادی) دەخوێند، ئینجا سەر دەکەوت بۆ سەربانی مزگەوتەکە چونکە حوجرەی فەقێکان لەسەر بانی مزگەوت بوو بە (دار عصایەك) لە دەرگای حوجرەی فەقێکانی دەدا، دەرگا دەکرایەوە فەقێ هەمووی دەشڵەژا، هەر یەکە لە ژێر لێفەی خۆی سەری قیت دەکردەوە و لێفەکەی دەخستە کەنارێکەوە بەپەلە ئەو فەقێیەی نۆرە دەرسی بوایە بەگورجی دەچوو پشیلە شۆرێکی دەم و چاو و قاچی دەکرد و بەپەلە دوو رکات نوێژی لە مزگەوت دەکرد و دەهاتەوە حوجرەو لەسەر چۆك دادەنیشت کتێبەکەی دەکردەوە، مامۆستاش یان ڕادەکشا یان پاڵی دەدا بە پشتیەکەوە (سەرینێکەوە) ئینجا دەیوت رۆڵە بخوێنەرەوە.

فەقێکە لاپەڕەیەك لە کتێبەکەی دەخوێندەوە، ئینجا مامۆستا لێرەدا دەیوت بوەستە، مامۆستا دەستی دەکرد بەلێکدانەوەو شیکردنەوەی بابەتەکەو دەچووە سەر ئەو

حاشیانەی لەسەر کتێبەکە هەبوون‌و دەستی دەکرد بەلێکدانەوەیان بێ سەیرکردنی کتێبەکە چونکە هەمووی لەبەر بوو، ئینجا وازی لەو کتێبە دەهێنا دەچوو بۆ کتێبەکانی تر کە لەو بابەتەدا دانرابوون، قسەکانی ئەوانیشی دەگەیاند بەو فەقێیە، ئینجا وەك یەکێك دەور بکاتەوە مامۆستا مەلا باقر لە کاتی دەرس وتنەوەدا دەوری ئەو شتانەی دەکردەوە کە لەبەری بوو، قەت تەماشای فەقێکەی نەدەکرد بزانێت ئەمە توانای هەیە کە ئەو هەموو زانستە وەربگرێت یان نا، تێ دەگات یان نا، بۆ نمونە مەلا صالحی بێسارانی یادی بەخێر هیوادارم ئێستا لە ژیاندا بێت توانای ئەوەی نەبوو کە لە عیبارەتەکە زیاتری پێ بوترێت کەچی مامۆستا مەلا باقر کە دەرسی (کلنبوی بورهان) پێ دەوتەوە دوایی حاشیەکانی خاوەنی کتێبەکەی پێ دەوت پێیان دەوترێت (منهو) وحاشیەکانی پێنجوینی و حاشیەکانی قەرەداغی و ئینجا دەچووە سەر حاشیەکانی (شرح شمس) لە پاش هەموویان بیروڕای خۆشی پیشان دەدا، مەلا صالح هەر ئەوەندە دەیوت بەڵێ، ئیتر جارێك پرسیارێکی لێ نەکرد ونەیدەوێرا بڵێ ئەوە تێ نەگەیشتووم.

ئەو کتێبانەی لەخزمەت مامۆستادا خوێندم:

١- جمع الجوامع (بەرگی یەکەم): لەکاتی وتنەوەی ئەم دەرسەدا ئەوەندە شارەزا بوو جاری وا هەبوو حەوت تا هەشت (قیل) هەبوو هەموو جیاوازی ئەو (قیل)انەی دەکردنەوە بە (لفظي) واتە لە واتادا جیاواز نین، لە پاشدا (شرحی) حاشیەکانی (بنانی) و (شربینی) دەکرد، لە پاشدا دەچوو بۆ (مختصری منتهی) پاشان بیروڕای خۆی دەوت.

٢- (شرح العقائد)ی جلال الدین دەووانی لەگەڵ حاشیەی کلنبوی.

٣- خولعی (تحفة المحتاج): باسێکی زۆر گرانە لە (فقه الامام الشافعی) ئەمەش: تەلاق دانی ژنە بەرامبەر بەوەی شتێك بدرێت بە مێردەکەی بەمە دەوترێت (خلع).

٤- (فرائض)ی (شێخ معروف ی نۆدێی) خوالێیخۆشبێت، مەلایەکی زۆر شارەزا بوو وشاعیرێکی زۆر بەرز بوو، زۆر شتی لە بابەتی ئیسلامەوە کردووە بە شیعر کە ڕەوان و ئاسانن، ئەوەی پێویستی هەیە بە میرات و دابەشکردنی، هەمووی کردووە بە (٤٠٠) بەیتی شیعر، ئەم کتێبەم لای مامۆستا خوێند هەموویم لەبەر کرد.

ڕۆژێك مامۆستا مەلا حمە ئەمین کانی سانانی کە لە خزمەتیدا (عبدالله یزدی)م خوێند لەبیارە، بوو بەمیوانی فەقێیەکان لە بالك، چونکە لای مامۆستا مەلا باقر ئیجازەی

وەرگرتبوو ولە (نژمار) مەلا بوو کە دێیەکە نزیکە لە (بالـك)ەوە لەبەرئـەوە زوو زوو دەهـات بۆ لای مامۆستا.

کاتی نیوەڕۆ بو ودۆخەوایان بۆ هێنابووین هەموومان دەمانخوارد بە کولێرەی گالەوە، لەو کاتەدا مامۆستا مەلا حمە ئەمین وتی: بە مامۆستا مەلا باقرم وتـووە هـەر شـتێك بەیـەکێك لەم سێ زمانە بنووسرێت بە کوردی و عەرەبی و فارسی لە دەست مـن رزگـاری نابێـت ومـن بۆ خۆم دەتوانم ماناکەی بزانم هەر چەند زۆریش گران بێت، ئینجا منیش ئەوکاتە تۆزێك بـێ شەرم بووم، وتم: مامۆستا سێ شیعری شێخ مەعروف هەیە لە میرات بەشکردندا، داوات لێ دەکەم کە مانایان لێکبدەیتەوە بەمەرجێ شێخ مەعروف لە سەرەتای کتێبەکەدا دەڵێت:

فهـذه أرجـوزة محـررة جـوهرة تفـوق كـل جـوهرة

خلت عن الحشوي وعن تعقيدي هينـة حتـى علـى البليـد

واتە: ئەم کتێبە گشتیە وەك گەوهەرێك وایە، لە سەرەتای هەموو گەوهەرێکدا بـەجۆرێکی وا ئاسانە، ئاشکرایە کە هەموو کەسێك تێی دەگات هەر چەندە کەودەن بێت.

ئەمەش سێ بەیتە شیعرەکە:

اما إذا تصرف منه جرى ولم يكـن اذ ذاك ديـن فطـرا

بالرد بالعيب او التردي في بئـر عـدوان مـع التـأدي

لتلف فنافذا قد رسخا ان ادي الـدين و الا فسـخا

واتە: ئەگەر یەکێك بمرێت و قەرزدار بێت دروست نیە میرات گیرەکانی دەستکاری بکەن لـە میراتەکەدا تا قەرزەکان ئەدەنەوە، مانای ئەم سێ بەیتە شیعرە ئەوەیە ئەگەر یەکێك مرد هـیچ قەرزی لەسەر نەبوو بەڵام پاش مردنی قەرزی هاتە سەر بەم جۆرە بیرێکی لە شوێنێکی نـاڕەوا هەڵکەندوو لەپاش خۆی شتێکی تێ کەوتبوو بـە (تلـف) چـوو ئەمـە نرخەکـەی لـە میراتەکـە دەدرێتەوە، هەروەها ئەگەر شتێکی عەیبداری فرۆشت و پارەکەی وەرگـرت لـە پـاش مردنـی مامەڵە بە تاڵ کرایەوە لەبەر عەیبەکەی پێویستە لە میراتەکە ئـەو پارەیـەی وەری گرتـووە لـە جیاتی فرۆشراوەکە دەبێت بدرێتەوە.

ئەگەر ئەم میرات گرانە لە پێش دانەوەی ئەم قەرزانە کە دوای خـۆی پەیـدا بـوو شتێـکیان فرۆشت لە میراتەکەدا ئەوا فرۆشتنەکە رادەگیرێ هـەتا قەرزەکـە دەدرێتـەوە ئەگـەر نەدرایـەوە مامەڵەکە بەتاڵ دەکرێتەوە.


شێخ مەعروف مانای ئەو سێ شـیعرەی نەداوەتـەوە لـە کتێبەکـەدا، مامۆسـتا مـەلا حمـە ئەمین کتێبەکەی گرت بە دەستەوە سێ تا چوار جار شیعرەکانی خوێنـدەوە و نـاو چـاوی گـرژ

بوو عارەقی دەردا و سور بوودوە، ئینجا کتێبەکەی داخست و کوتای بەزەوی دا وتی: بەخوا دەمزانی بەڵام خوا ویستی بمشکێنێ و زۆر راستە نابێت خۆت بە زانای گەورە بزانیت.

زۆر کەس هەیە کە پرسیاری لێ دەکەیت بەبێ ئەوەی بزانێت ڕاستە یان هەڵەیە یەکسەر وەڵام دەداتەوە وا دەزانێت هەر خۆی راستە.

جۆری ژیانمان لە بالك:

وەك باسم کرد خەڵکی بالك دەست کورت و کەم دەرامەت بوو، کاتی جەنگی جیهانی دووەم و، لەهەمان کاتدا وشکە سالی بوو، لەبەرئەوە چوار فەقێیان پێ ڕادەگیرا، کە ئەو فەقێیانەش بریتی بوون لە چوار مستعد، (مجەودرەکە)ی مزگەوتەکە ئێواران دەچوو راتبەی بۆ دەکردین بە ماڵی ئاغاکەوە و ماڵە دەوڵەمەندەکانەوە بە هەموویانەوە هەشت کولێرەمان هەبوو، هەر یەکی دوو کولێرەمان بەردەکەوت، لە نێوان کتێبەکاندا دامان دەنا وەك دۆلاری



گوندی بالك

ئەمریکی ئێستای کە لەناو کتێبدا دادەنرێت، ئێوارە کولێرەیەکمان دەخوارد یان بە شۆرباوە یان بە دۆوە یان بە هیچەوە، هەروەها نیوەڕۆش، بەیانیان سێ خورمامان دەخوارد بەچاوە، چونکە بەهۆی گرانیەوە شەکر نەبوو، ئەوخورمایەش لە عێراقەوە دەهات.

ئەوکاتە شەکری ورد زەرد بوو سپی نەبوو، جارێك ئامۆزایەکم کیلۆیەك شەکری بۆ هێنام کە کردم بەکلۆ شەکر بەچای دیژلەمەوە دەخورا.

بە مامۆستا مەلا عبدالرحیم خانەگاییم وت: مامۆستا شەرم دەکەم من چایی بەشەکرەوە بخۆم ئێوەش خورما دەخۆن، وتی: واللە من شەرم ناکەم و کلۆلەیەکیش نادەم بە باوکم، منیش شەکرەکە هەموویم وەك ڕێزێك کە مامۆستام بوو ماوەیەك بەدیاری پێمدا ئەمەش سێیەم مامۆستام بوو کەبوومەوە هاو مستعدی، چونکە ئەو لە زەڵم دەرسی (إظهار)ی پێ دەوتم وخۆی لای مامۆستا مەلا خالیدی مفتی زادە لە (١٩٣٧ز) لە (بالك)دا دەیخوێند، ئەوکاتە کە پێکەوە بوین ساڵی (١٩٤٣ز) بوو لەگەڵ ئەوەی ژیان سەخت بوو لە بالك بەڵام بەڕاستی خوێندنەکەی زۆر بەسوود بوو بۆ من.

خوێندنم لە شاری سنە (کوردستان):

لە پاش بالك گەڕامەوە زەڵم چەند ڕۆژێك لەوێ مامەوە، پاشان چووم بۆ سنە کە بە فارسی پێی دەڵێن (سنندج) یان (کوردستان) چونکە هەموو شارەکە کوردن.

سنە شارێکە سەرەڕای ئەوەی زۆر خۆشبوو، ئاو و هەوایەکی زۆر پاکی هەبوو، لەهەمان کاتدا پاك و خاوێن بوو، لە ناوەڕاستی زستاندا هەموو جۆرە میوەیەکی هەبوو، لەبەرئەوەی مەلا خالیدی مفتی زادە لە زەڵم بوو لە سنە چووم بۆ لای براکەی (ئاغای مفتی زادە) کە ناوی مەلا مەحموود بوو، لە لایەنی میرییەوە لە جێگەی باوکی کرابوو بە مفتی، پیاوێکی زانا بوو بەڵام تەدریسی کەم بوو چونکە کاتێك ڕەزا شای پەهلەوی تەدریسی هەڵگرت لە مزگەوتەکاندا مزگەوتی (دار الاحسان)یش تەدریسی تێدا نەمابوو.

ئەم مزگەوتە لەکاتی ئەردەڵانیەکان (أمان الله خانی والی) دروستی کردبوو وهێشتا ماوە، حوجرەیەك لە سەربانی مزگەوتەکە هەیە پێی دەڵێن حوجرەی مەولەوی، حەوشەی مزگەوتەکە لەهەر چوار لاوە ژووری فەقێی تیادا دروست کراوە، لە ناوەڕاستیدا حەوزێکی گەورە هەیە لە تەنیشت حەوزەکەوە ژووری مامۆستا بوو کە تەدریسی تیادا دەکرد هەمووی جاڵخانە بوو.



مزگەوتی دار الاحسان

کاتێك وتم بەئاغای مفتی زادە کە لە زەڵمەوە هاتووم جێگەی دا بەمن و هیچ فەقێی تری نەبوو، ئینجا سوختەیەکم بۆ پەیدا بوو کە ناوی (محمد ئەمین نزلی) بوو ١٩٤٣، ئەم فەقێیە هەتا ئەم ماوانەی دوایش پەیوەندی بەئێمەوە ئەوەندە نزیك بوو لێمان وەك یەکێك لە کوڕەکان تەماشام دەکرد، زۆر راست و ئەمین بوو، ناوەڕۆکی وەك خاوەکەی وابوو، زۆر موسڵمان و قسە خۆش بوو، لە قسە قوتەکانیدا زۆر بی شەرمە و لە هەمان کاتدا زۆر بەئەدەب بوو، هەندێ لە شیعرەکانی مەولەوی لەزاری هەورامیەوە کردوویەتی بەزاری سۆرانی. لە هەمان کاتدا سوختەیەکی تر پەیدا بوو ئەویان ناوی (ئەسعەد کوری شێخ محمد شێخ الاسلام) کە ئیستا پلەی (دکتۆرا)ی هەیە و مامۆستایە لە زانکۆی تاران.

وەك باسم کرد بەرگی یەکەمی (جمع الجوامع)م لای مامۆستا مەلا باقر خوێند، بەرگی دووەمی لای ئاغای موفتی زادە تەواوم کرد.

هەر رۆژێك بەفر و باران ببوایە مامۆستا تەلەفۆنی دەکرد بۆ دوکانێك نزیك مزگەوت دەیوت با ئاغای (مصطفی) بێت لە ماڵەوە دەرسەکەی پێ دەڵێم چونکە لەبەر سەرما نەیدەتوانی بێتە دەرەوە، لەبەرئەوە زۆر جار لە ماڵی ئەوان دەرسەکەم دەخوێند ودوای دەرسەکە قسەی خۆشی دەکرد، ژنەکەی (قەمەر نیسا خانم) زۆر خانەدانو سەنگین بوو سوێندی دەخوارد نانی نیوەڕۆ لەوێ بخۆم.

لەو شتە خۆشانەی کە ئاغای موفتی باسی کرد، ڕۆژێکیان وتی: باوکم مەلا عبداللە ی دشەیی کاتێك نزیکی کۆچی دوایی دەبێت وبە دایکم دەڵێت (٤٠) تمەن پارەی زیومان هەیە دەمەوێت دابەشی بکەم بەسەر لێقەوماو و هەژاردا پێش مردنم، دایکیشم دەڵێت تۆ (٩) کوڕت لە پاش بەجێ دەمێنێت با ئەو پارەیە بمێنێت ئەوان سوودی لێ وەربگرن، باوکم دەڵێت ئەگەر کوڕ کوڕ بێت پارەی منی ناوێت، کوڕیش نەبێت من پارەی خۆمی نادەمێ.

ئەو ڕۆژەی کە کتێبەکەم تەواو کرد وا ڕێکەوت لەماڵی ئەوان بووم، وتی: چیمان بۆ دەکەیت بۆ خاتیمانە، ئەوکاتە وابوو کە یەکێك کتێبێکی تەواو دەکرد خاتیمانەی دەکرد و یەکێك کتێبێکی تازەی دەست پێ بکردایە (مفتوحانە)ی دەکرد، منیش وتم بە ئاغای موفتی: چی دەفەرمویت ئامادەم؟

دیارە منیش هیچم نەبوو، ئەویش وتی: لە نێو کتێبخانەی باوکمدا کتێبێك هەیە لای من لە هەموویان خۆشەویست ترە ودەیدەم بە خۆشەویسترین فەقێ لای من خوێندویەتی، ئەمەش بریتی بوو لە کتێبی (تهذیب الکلام) کە سعدالدین تفتازانی داینـاوە وشێخ عبدالقادری مهاجر شرحی لەسەر کردووە، ئەم کتێبە بەخەتێکی زۆر جوان نوسراوەتەوە و خەتەکە هی ئەوەیە کتێبەکەی شەرح کردووە، ئەم کتێبە لە بابەت (أثري)یەوە، شتێکی زۆر نایاب و بەنرخە، کتێبەکەی پێ دام لەوێ هەندێکم خوێند لای خۆی، لە پاشدا مەلا عبدالرحیم خانەگایی ئەویش هات بۆ سنە ولای موفتی دامەزرا بوو بە هاو مستعدم.

کورتەیەك لەژیانی مامۆستا مەلا مەحمودی مفتی زادە:

"ناوی مەحموده، کوڕی عبداللە ی کوڕی مەحمودی (دشە)یە، ساڵی ١٣١٦ك- ١٨٩٨ز. هاتەدنیا، خوێندی تا شارەزابوو لە زانستەکان، بەتایبەت لە شەریعەت و ئوصول و فەلسەفە دەستی باڵا بوو، دەرسی دەداوە، چەند کەسی پێگەیاند و کردیە مەلا، پاش کۆچی دوایی باوکی لەجێگای ئەو کرا قازی و مودەڕیس لە قوتابخانەی (دار الاحسان)ی سنە.

مامۆستا زاتەکی بە ڕێز و بە حورمەت بوو، لەناو خەڵکان قسەی وەردەگیرا بۆ پێکهێنانەوەو ئاشت بوونەوەی هاوڵاتیان دەورێکی سەرەکی هەبوو، چەند دانراوی خۆی هەنە، خەریکی خزمەتی ئایین بوو تا کۆچی دوایی کرد."[1]

---

[1] تاریخ مشاهیر کورد ٢/٣٨٤.

لە مێژووی زانایانی کورد، مەلا تاهیر مەلا عبداللە بەحرکەیی وەرگێراوە، ل٢٨٣.

ڕۆژێك دانیشتبووین باسی شنۆ و لاجانم بۆ دەکرد، وتی: بەخوا دەبێت لەگەڵم بێیت بچین بۆ شنۆ و لاجان منیش وتم ناتوانم چونکە موفتی زۆر ڕێزم دەگرێت وەك کوڕی خۆی ودەرسەکەم زۆر باشە وژیانم باشە، ئاخری هەر هەڵی خەڵەتانم، منیش ڕووم نەهات ماڵئاوایی لە ئاغای موفتی بکەم، لێفە و کتێبمان دا بەشاندا چووین بۆ گەراج، ئوتومبێلێك دەچوو بۆ (سەقز) سواری بووین هەرسێ (من و مامۆستا سید عبدالرحیم خانەگایی و فەقێ حمە ئەمین نزلی) کاتێك گەیشتینە نیوەی ڕێگە ئوتۆمبێلەکە لە شوێنێکدا چووە خوارەوە کەوتە ناو بۆشاییەکەوە بەڵام ئێمە سەلامەت بووین، شوفێری ئوتۆمبێلەکە نیوەی پارەکەی داینەوە، لەوێ چووین بۆ دێیەکی گەورە پێی دەوترا (حسین ئاوا)، وتمان ماڵی ئاغا لەکوێیە پیشانیان داین، چووین بۆ ماڵی ئاغا حمە یوسف زۆر ڕێزی گرتین، شەو باسی مەلا کرا وتی: مەلایەکی باشمان دەست ناکەوێت بۆ ئەم دێیە، مامۆستا عبدالرحیم خانەگایی وتی: من دەبم بە مەلاتان، ئەو شەوە مامۆستا و ئاغا ڕێکەوتن، ئینجا بەئێمەشی وت: بچنەوە (دار الاحسان) لە سنە، منیش ڕووم نەبوو چونکە ئەوەی من کردم زۆر نابەجێ بوو (ناکر الجمیل)یش نایکات، ناچار گەڕامەوە زەڵم.

پاش ماوەیەکی کەم ئێران لەشکرێکی زۆری هێنا دەستی گرتەوە بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا، چونکە (محمد شاه کوڕی ڕەزا پهلوی) لەگەڵ ڕووسیا و ئینگلیز ڕێکەوت کە نەوتی ئێران دەربهێنن و ئەویش لەجێگەی باوکی دابنێن، ئینجا ئەو لەشکرەی کۆنترۆڵ کرد و خەڵکی ناوچەکانی لهۆن و مەریوان و داروخان هەمووی هاتنە عێراقەوە بوون بە پەناهەندە، لە ترسی گیانی خۆیان دەهاتن بۆ عێراق یەکێك لەوانە مامۆستا مەلا باقر بوو بوو بەمەلای شێخ محمد کوڕی شێخ حسام الدین لەدێی (گولپ)، منیش جارێکی تر چوومەوە لای مامۆستا مەلا باقر ومانگێك لەوێ خوێندم.

ئێران داوای کرد لە شێخ علاء الدین کە بکەوێتە نێوان شای ئێران و کوردەکانی ئێران وڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کوردەکان بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، مامۆستا مەلا باقر یەکێك بوو لەوانەی لەگەڵ وەفدەکە بوون، گێڕایەوە وتی: سەر لەشکرەکەی ئێران وتی: هەموو گەلێك عەقڵی لەسەریدایە تەنیا کورد ئەقڵی لەچاویدایە، وتی: کاتێك ئینگلیز و ڕوسیا خاکەکەی ئێمەیان داگیرکرد کوردەکان دەستیان گرت بەسەر ناوچەکانی خۆیاندا و لەسەربازە ئێرانیەکانیان دەدا و چەك و ئازوقەیان لێ بردن، وایاندەزانی ئێران ناگەڕێتەوە، ئینجا کە گەڕایەوە شوێنەکانی خۆیان هەموویان ڕایان کرد لەوە ترسان ئێمە هەموویان بکوژین و لەناویان بەرین.

خوێندنم لە گەلاڵە ساڵی (١٩٤٥):

بۆ جارێکی تر لە پاش سێ ساڵ بۆ خوێندن گەڕامەوە بۆ گەلاڵەی شینکایەتی، جاری یەکەم مانگی (٣)یەمی بەهار بوو لە ساڵی (١٩٤٢)دا، ئەم جارە مانگی یەکەمی بەهار بوو لە ساڵی (١٩٤٤)، دیم ژیانی فەقێکان گۆڕاوە ڕووەو باشی ومامۆستا سێ چوار فەقێی باشی لە لایە یەکێك لەوانە کاك مەلا (سەعیدی زمناکۆ) بوو کە پیاوێکی زیرەك و ئازا و مەرد بوو، کوردێکی زۆر پاك بوو، ماوەیەکی زۆر لە سلێمانی خزمەتی ئایین و میللەتی کورد کرد یادی بەخێر بێت، یەکێکی تر لەوانە فەقێی پێشوو (مەلا ئەحمەدی لۆتەر)ی بوو تازە دەستی کردبوو بە کتێبی (تهذیب الکلام) کە لە پلە کۆتاییەکانی خوێندنی مزگەوت دەخوێندرێت، زۆر کەس هەیە لەپاش ئەم کتێبە ئیجازە وەردەگرێت وهەیە دوای ئەم کتێبە زانستی فەلەکیات دەخوێنێت. بەدوو تا سێ دەرس گەیشتمەوە مەلا ئەحمەد، ئینجا مەلا ئەحمەد وتی: ئەمە زۆر باشە هەموو ڕۆژێك دەتوانیت بێیت لە دەرسەکەی من ببیت بەگوێ گر دوایی دەرسەکە بخوێنیت، منیش لای مەلا ئەحمەد کە دەرسەکەی تەواو کرد نیوەڕۆ بوو مامۆستا چوو بۆ نوێژی نیوەڕۆ دوای کەوتم، وتم مامۆستا تکایە شتێك هەیە پێت دەڵێم، دەست مەنێ بەڕووممەوە، وتی: فەرموو، وتم: من دوو کێشەم هەیە:

یەکەم: دوو ساڵە دێیەکەمان مەلای نیە و دانیشتوانی دێیەکە هەموو خزمی خۆمن، لەبەر من مەلا ناگرن وزۆریش پەلەم لێ دەکەن بۆ وەرگرتنی ئیجازە و بگەڕێمەوە دێیەکە.

دووەم: مامم کچێکی هەیە زۆر کەس داوای دەکات نایداتێ لەبەرئەوەی بۆ منی داناوە منیش لەو باشترم دەست ناکەوێت و ئەو هەلەم لە کیس مەدە.

وتی: مەبەستت چییە؟

وتم: کتێبی (تهذیب الکلام) من لە نیوەی کتێبەکەوە دەست پێ دەکەم نیوەکەی تر لەگەڵ مەلا ئەحمەد دەیخوێنم بەشێوەی (گوێ گر) بۆ ئەوەی زوو تەواو ببم دەست بەشتێکی تر بکەم.

فەرمووی: زۆر باشە، بەو بەهۆیەوە توانیم بەکەمتر لەچوار مانگ کتێبی (تهذیب الکلام) تەواو بکەم.

ڕۆژی دوایی کە دەستم کرد بەخوێندن کتێبەکەم لەنیوەیدا کردەوە، مەلا ئەحمەد وتی: ئەوە چییە؟ وتم: من لێرەوە دەست پێ دەکەم بۆ نیوەکەی تری من گوێ لە دەرسەکەی تۆ دەگرم، ئەویش زۆر تووڕە بوو کتێبەکەی دا بەیەکدا و هەڵسا ڕۆیشتەوە بۆ ژووری فەقێکان منیش هاتمەوە، مەلا ئەحمەد وتی: مەلا مصطفی بەو قورئانەی خوێندوومە تۆ یەك وشە تێ

ناگەیت، وتم: ڕاست دەکەیت، بەچیدا دەزانیت کە تیّ ناگەم، وتی: بەوەدا ڕۆشتیت کتێبەکە لە کۆتاییەوە دەیخوێنیت ومامۆستا هەرچی دەڵێت تۆ دەڵێیت (بەڵێ وایە)، منیش وتم: مەلا ئەحمەد بەو قورئانە کە سوێندت پێ خوارد ڕۆژێك دێت من دەرسی ئەم کتێبە (تهذیب الکلام) دەڵێمەوە تۆ بەحاڵە حاڵ دەتوانی دەرسی (ئەلفیەی ابن مالك) بلێیتەوە.

ساڵی (١٩٥٤ز) وتەکەم هاتە دی، من مەلا بووم لە مزگەوتی (بن تەبەق) لە سلێمانی، ئەم مەلا ئەحمەدە بوو بەمیوانم لەو کاتەدا هات بۆ حوجرە بۆ لام من دەرسی (تهذیب الکلام)م دەوتەوە بە فەقێیەك کە مەلا عبدالرحمن بوو خەڵکی موکریان بوو لای من ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرت.

وتم: مەلا ئەحمەد فەقێت هەیە؟ وتی: بەڵێ، وتم: چییان پێ دەڵێیت؟

وتی: یەکێکیان ئەلفیەی ابن مالك و ئەوی تریان (جامیە)ی پێ دەڵێم.

ئینجا وتەکەم بیرکەوتەوە بەڵام میوان بوو نەمدا بەڕوویدا.

ئەو کتێبانەی لە خزمەتی مەلا محمدی ڕەئیس دا تەواوم کرد:

١- تهذیب الکلام.

٢- تشریح الافلاك.

٣- رساله الحساب.

٤- اشکال التأسیس (کتێبێکە لە بابەت - هندسە- کاتی خۆی لە یۆنانیەوە وەریان گێڕاوە بۆ عەرەبی).

ڕاتبەی کوێستان:

هەموو بەهارێك فەقێیەکانی گەڵاڵە دەچوون بۆ هاوینە هەوارەکان وئەو شوێنانەی کە خاوەن مەڕ و ماڵاتی دێی گەڵاڵەی تیا بوو، چونکە هەر کەسێك مەڕ و ماڵاتی زۆر بوایە هاوین دەچوون بۆ کوێستان لەناو دەواردا دەژیان، ئەم ڕاتبەیە وەك ڕاتبەی نان و دەقنە نەبوو بەڵکو ڕاتبەی گیسك بوو، دەچوینە ماڵە خاوەن مەڕ و ماڵاتەکان ئەبوایە هەر یەکێ گیسکێکی بدات بە ئێمە، ئێمەش دەمان فرۆشت بۆ شەکر و چایی هەموو ساڵەکەمان، کوێستانێکی زۆر خۆشبوو، زۆر بەرز بوو، هەموو شوێنێکی لێوە دیار بوو، هەمووی بەفر و بەفراو بوو، بەفری شاخەکانمان لێ دەکردەوە دەمانخستە ناو ماستی مەڕەکانەوە دەبوو بە ماستاوێکی زۆر خۆش، لە پاش ئەوە گیسکێکی قەڵەومان هەڵدەبژارد سەرمان دەبڕی و

دەمان برژاند ئەوانی ترمان دەفرۆشت، دانیشتوانی دێکە زۆر فەقێیان خۆشدەویست بە تایبەتی ئاغاکەیان کە (محەمەد ئاغا) بوو.

کوێر بوونم لە گەلاڵە:

کتێبەکەی تهذیب وەك باسم کرد زۆر نایاب بوو، چونکە دەست و خەتی ئەو کەسە بوو کە شەرحی کردبوو، منیش بڕیارم دا هەرچی حاشیەی پێنجوینی و قزلجی هەیە لەسەر کتێبەکەی (تهذیب)ی مامۆستاوە بیانگوێزمەوە سەر کتێبەکەی خۆم، هەموو شەوێك لە هاویندا درەنگ دەنوستم، چرایەکم دەبرد لە سەربانی مزگەوتەکە، دوو سێ بەڕەی لێ ڕاخرابوو بۆ نوێژی شەوان و بەیانیان، دەستم دەکرد بە نوسینەوەی حاشیەکان، لە پاشدا کە خەوم دەهات بەردێکم دانابوو دەمخستە ژێر سەرم، جامانەکەم لەسەر دادەنا و بۆ خۆم خەوم لێ دەکەوت هەتا بانگی بەیانی، بەم جۆرە لەسەر ئەم ئیشە بەردەوام بووم، کاتێك کە تەواو بووم لە نووسینەوەی ئەو حاشیانە هەستم کرد کە چاوم زۆر بەکەمی دەبینێت، تەنها تروسکایەك مابوو لە چاومدا بۆ ماوەی دوو هەفتە زۆر نارەحەت بووم چونکە نەمدەتوانی هیچ بخوێنمەوە، ئەمجارەش خوا رزگاری کردم، پزیشکێك هاتبوو بۆ ماڵی (محەمەد ئاغا)، فەقێیەکان چوون بۆ لای پێیان وت: فەقێیەکمان هەیە چاوی زۆر بەکەمی دەبینێت بەهۆی زۆر نووسینەوە وای لێ هاتووە، هات بۆ لام تەماشای چاومی کرد دەرمانێکی پێ دام (شووشەیەکی دڵۆپی چاو بوو) لەگەڵ مەرهەمێك کە بەشەو بەکارم دەهێنا ودڵۆپەکەی چاوم ڕۆژی سێ جار بەکاردەهێنا، بەکەمتر لە هەفتەیەك سوپاس بۆ خوا چاك بوومەوە.

مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس چوار کوڕی هەبوو: (حمە صالح، عبدالرحمن، حمە علی، حمە سعید)، ئەمانە منداڵ بوون ئەوکاتە، کاك عبدالرحمن گەورەتر بوو لای باوکی کتێبی (أنموذج)ی دەخوێند، کاتێك بووم بە ئیمام و جارێکی تر یەکمان گرتەوە لە بەغداو دوای من کاك حەمە عەلی و کاك حەمە سەعیش لەسوپای عێراقدا بوون بەئیمام، هەرسێ خێزانەکەمان وەك یەك خێزان بووین، ئەم دوو کوڕەی مامۆستا زۆر ڕێزی منیان دەگرت چونکە لە خزمەتی باوکیان خوێندم ومنیش زۆر ڕێزی ئەوانم دەگرت زۆرم خۆش دەویستن، خۆشترین کۆبوونەوەمان ئەوە بوو کاك حمە علی تیادا بووایە، چونکە پیاوێکی ڕاست و قسە خۆش و دڵسۆز بوو، وێنەی ئەوم لەژیانمدا کەم بینیوە.

ئەم ڕۆڵە دڵسۆزەی کوردستان کاتێك ئیمام بوو لە سوپای عێراق لەسەر کوردایەتی لایان برد وکردیان بە پشکنەر (مفتش)ی مزگەوتەکان لە بەغدا، بۆ جارێکی تر کە سوپای عێراق

و رژێمەکەی دەستی کردەوە بە جەنگ لەگەڵ گەلی کورد، وازی لە ئیشەکەی هێنا، ناو ماڵەکەی بەجێ هێشت و منداڵەکانی لە خوێندن بێ بەری کرد، بە دوو سێ بەتانییەوە خۆی و خێزانی و منداڵەکانی چوونە ئەو شاخانە، لەگەڵ پێشمەرگە بۆ کورد خەباتی کرد، جارێکی تر کە شۆڕشی کورد هەرەسی هێنا، هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون پەرش و بڵاو بوونەوە، هاتەوە بەغداو چووەوە سەر کارەکەی، دوای ئەوەی خانەنشین کرا گەڕایەوە سلێمانی.

کاتێك ساڵی (١٩٩١) راپەڕینی ئازار بوو میللەتی کورد توانی رزگاری بێت و خۆی دەسەڵاتی کەوتە دەست، زۆر کەس لەوانەی کە لەگەڵ سوپای عێراقدا جاش بوون لەو حکومەتەدا پلەی باشیان پێدرا، بەڵام بە (کاك حمەعلی)یان وت تۆ ئیمامی سوپا بوویت پێشمەرگە ئیمامی نیە، لەبەرئەوە ئیشمان بەتۆ نیە، ئەویش ناچار بوو دوکانێکی دانا بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی، بەڵام ئەوەش دەری نەهێنا ناچار جارێکی تر بۆ ئیش کردن گەڕایەوە بەغدا، ئوتێلێکی بەکرێ گرت لەگەڵ چەند کەسێکی تردا، شەوێك بوو و خۆی بەڕێوەبەری ئوتێلەکە بوو، کوڕێك لەسەربازی هەڵهاتبوو هاتبووە ئوتێلەکەی وا خۆی پیشان دەدا کە ئیش بۆ میری دەکات، هاتووە لەو ئوتێلە ئیش بکات، کاك حمە علی ناچار دەبێت لە بەر پاراستنی خۆی رێزی بگرێت و ئیشی بداتێ.



شەهید بوونی کاك حمە عەلی مەلا محەمەدی گەڵاڵە لە ١٩٩٥/٤/٣:

لەشەوی ٣ لەسەر ١٩٩٥/٤/٤ ئەو سەربازە هەڵهاتووە نامەردە شەوێك کەس لای کاك حمە علی نابێت، لەگەڵ ئامۆزایەکی پیلانێك بۆ کوشتنی دادەنێنو ئەیکوژنو دواتر دەیسوتێننو لەژێر زەمینی ئوتێلەکەدا دەیشارنەوە، بەڵام پاش چەند سەعاتێکی کەم بۆن بڵاو دەبێتەوەو پێیان دەزانن.


بەیانی زوو رۆژی ١٩٩٥/٤/٤ کاتێك گوێم لەبانگی بەیانی بوو، دەنگی تەلەفۆنەکە هات کە هەڵم گرت مامۆستا قادر بوو، بەگریانێکی کوڵ وتی: کاك حمە علی ئەمشەو لە ئوتێلەکەی خۆی کوژرا.

کوژرانی خوالێخشبوو دەرکەوت بەدەستی دوو تاوانبار بوو، یەکێکیان ناوی (نزار عبدالله)بوو، شەش مانگ بوو لەو ئوتێلەدا کاک حمە علی خزمەتی دەکرد، ئەویش ئاوا بەنامەردی پاداشتی دایەوەو کوشتی بۆ ئەوەی هەندێ پارە ببات.

پاش ئەوە لەماڵی خۆمان سێ ڕۆژ پرسەم بۆ دانا خوا گیانی پاکی بە بەهەشت شاد بکات چونکە شەهیدە.

لە پاش نزیکەی دوو ساڵ لە شەهید بوونی کاک حمە عەلی ئەو دوو تاوانبارەکە لە ١٩/٣/١٩٩٧ بەسزای خۆیان گەیشتن و لە سێدارە دران.

ئەمەش بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەیە لە ڕۆژنامەی (الجمهوریە) لە (١٥/٤/١٩٩٥)دا بڵاو کرایەوە.



لە ڕۆژی ١٩/٣/١٩٩٧ ئەم دوو تاوانبارانە لەسێدارەدران

کورتەیەک لە ژیانی مەلا محەمەدی ڕەئیس:

ماموستا لە سالی (١٣١١)ک کە دەکاتە (١٨٩٣-١٨٩٤)ز لە شاری بۆکان لە دایک بووە، کاتێك کوردستانی رۆژهەلات کەوتە بەر هێرشی روسیا، لە تەمەنی منداڵیدا خرایە بەر خوێندنی ئایینی مزگەوت، لەبەر زیرەکی زۆر بەخێرایی پلەکانی خوێندنی تەواو کرد، لە شارەکانی بۆکان و سابلاغ لەبەر دەستی باشترین ماموستاکانی ئەوکاتە لەکوردستانی ئێران و عێراق.

کاتێك کە هەواڵی پێ گەیشت کە لە سلێمانی زانایەکی گەورە پەیدا بووە دەرس دەڵێتەوە کە ئەویش (ماموستا شێخ عمر قەرەداغی)یە، لە (سابلاغ)ەوە بەپێ بەرەو سلێمانی بەرێکەوت بۆ وەرگرتنی زانستی ئەو ماموستایە، بەڵام یەکەم رۆژ کە گەیشت بێ هیوا بوو چونکە جێگەی خوێندنی لا نەما بوو، ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوت، بۆ بەیانی یەکێك لە فەقێکان پێی وت من رۆژی سێ کاتژمێری بۆ دانام بۆ خوێندن و ئەم سێ کاتژمێرە بەش دەکەین لە نێوانماندا، ئەو فەقێیەش (مەلا عینایەت) بوو، ئەمە یەکێکە لە نیشانە باشەکانی ئەو پیاوانەی لەو سەردەمەدا هەبوون، ماموستا مەلا محمدی ڕەئیس و مەلا عینایەت سێ کاتژمێرەکەیان بەش کرد و ماموستا شێخ عمر رازی بوو.

لەسەر دەستی ماموستا شێخ عمر قەرەداغی ئیجازەی وەرگرت ودێی (گەلاڵەی) سەر بە ناحیەی (ماوەت)ی قەزای (چوارتای) هەڵبژارد بەداواکاری حاجی محمد ئاغای عباس ئاغای پشدەری خوالێیخۆشبێت، لەوێ هەڵسا بەکاری دەرس وتنەوە و ئیمامەتی، دوایی کچێکی دێکەی مارە کرد کە ناوی (ئامینە خان) بوو خوالێیخۆش بێت کە (٥) کوڕ و (٤) کچی لێ بوو.

حاجی محمد ئاغای عباس ئاغا رۆڵێکی گەورەی بینی لە پێشخستنی ئەو مزگەوت و قوتابخانە ئاینیە و لە چلەکاندا هەردووکیان چوون بۆ حەج.

ماموستا مەلا محمد زۆر بلیمەت بوو، زۆر کەسی زیرەك لە دەوری کۆ بوونەوە و دەرسی پێ وتن لە زانستەکانی (نحو، صرف، بلاغە، منطق، فقە، تەفسیری قورئانی پیرۆز و زماندا)، زۆر شارەزای مەزهەبی شافیعی بوو حەزی لە فەلەکیات بوو.

ساڵی ١٩٧٠ لە گەلاڵە باری کرد و چووە سلێمانی، لە ١٩٧٩/٤/٢٦ز کۆچی دوایی کرد و لە گردی سەیوان بەخاك سپێردرا.

دانراوەكانی: ناميلكەی حەج، ناميلكەی تەجويد، شەرحی هۆنراوەی فەرائضی مەلا عەلی قزلجی، تەفسيری چەند جوزء لە قورئانی پيرۆز بەكوردی، كورتەباسی نيكاح و تەلاق و مامەڵەت لە توحفە.



وێنەی مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئيس (١٩٠٤- ١٩٧٩)

ئەوە ماوە بزانين كە نازناوی (ڕەئيس) لە چييەوە هاتووە؟

ئەمە لە باوكيەوە كە كاتێك قوتابی بوو لای زانای گەورەی ئايين و كورد (مەلا حسن كوڕی مامۆستا مەلا علی قزلجی) خوا گيانی پاكی بە بەهەشت شاد بكات، لەوێ سەرۆكايەتی هەموو قوتابييەكان و كارەكانی دەكرد چونكە لە هەموويان زيرەكتر بوو.

ئەوانەی لای مەلا محمدی ڕەئيس خوێنديان زۆر بوون هەندێك لەو بەرێزانە ئەمانە بوون:

مەلا زاهيدی پاوە، مەلا عبداللهی گەناوی، مەلا حسين دەشتێو، حاجی مەلا عبدالرزاق ماوەتی، حاجی ڕەسولی گەلاڵی و كوڕەكەی مەلا عبدالرحمن، شێخ عبدالرؤوف بێژوەی،

مەلا علی دولکانی، مەلا أحمد حاجی عره، مامۆستا علاء الدین سجادی، مەلا عبدالله جنانیه، مەلا سعید زمناکۆ، مەلا أبوبکر وەجاغی، مەلا عبدالله حسن زادە.. بەدەیان مامۆستای تر.

ساڵی ١٩٧٠ گەلاڵەی بەجێ هێشت و هاتە سلێمانی لەوێ هەر خەریکی خوا پەرستی و ئامۆژگاری و (فتوی) دان بوو.

زۆر نەفس بەرز بوو، کەسایەتی خۆی زۆر ڕادەگرت، هەرگیز لەگەڵ کاربەدەستان پەیوەندی نەبوو یان داوای شتیان لێ بکات، لە ڕۆژی ٢٦/٤/١٩٧٩ کۆڕی ئایینی کوردستان ئەم مامۆستا بەرێزەی لە دەست چوو، گیانی پاکی سپارد و چووە کاروانی زانایان و پیاوانی ئایین، خوا گەورە گیانی پاکی بە بەهەشت شاد بکات.

❊ ❊ ❊

بۆچی لە گەلاڵە ئیجازەم وەرنەگرت:

بڕیار وابوو یەکەم مانگی بەهار ساڵی (١٩٤٦) من لە لای مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس ئیجازەی دوانزە عیلم وەربگرم چونکە کۆتایی ئەم زانستانەم لای ئەو خوێند، من زیاتر لە هەندێك خوێندم چونکە زۆر فەقێ هەبوو لە کۆتاییدا (فلکیات) و (ریاضیات)یان نەدەخوێند من ئەوەشم تەواو کرد و دەبوو لە کۆتایی ئەو کتێبانەدا لای ئەو مامۆستایە ئیجازە وەربگرم، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو داب و نەریتەوە ئیجازەم وەرنەگرت لەبەر ئەم هۆیەی کە باسی دەکەم.

ئەو زستانە زستانێکی زۆر سەخت بوو، بەفرێکی زۆر باریبوو، هەروەك ئەو ساڵە وابوو کە لە تەوێڵە دەمخوێند و چووم بۆ پاوە، ئینجا لەم لاو لەولاوە هەوڵمان دەدا دار پەیدا بکەین بۆ سۆپاکەمان کە سەرمامان دەبوو، گۆڕستانێك هەبوو لە نزیکی دێکەدا دار بەڕوویەکی زۆری لێ بوو وشك بوو بوو، بەڵام هیچ کەس لە دانیشتوانی ئەو دێیە نەیاندەوێرا دارەکان بهێنن بۆ سوتاندن، چونکە وا بڵاو بوو بۆوە کە (شخص)ێك هەیە لەو دارستانەدا هەر کەسێك لەو دارانە بهێنێت دەیدات بەبن دەسیدا و دەیکوژێ، ئێمەش لەبەر ناچاری دەستمان نا بەگیانی خۆمان و وتمان (شخص)ەکە هەرچیمان لێ بکات لەوە باشترە لە سەرماندا ڕەق ببینەوە، سوختەکانمان نارد وتمان هەر یەکە باوەشێك لەو دارە وشکانەی سەر ئەو گۆڕستانە بێنن، یەکێ لە سوختەکان سوختەکەی من بوو کە ناوی (مەلا عبدالرحمن عەینەکی) بوو، ئەم فەقێیە زۆر قسەی نەستەق و خۆشبوو، شەرمی لە کەس نەدەکرد لەبەر ڕاستی خۆی ئەگەرنا

زۆر بەئەدەب بوو، کاتێك دارەکانیان هێنا ئاواییەکە زانیان هەموویان چاوەڕوانی ئەوە بوون کەئێمە شتێکی خراپمان بەسەردا بێت یان کارەساتێك ڕووبدات کە ڕزگارمان لێی نەبێت بەهیچ دوعایەك و هیچ شتێك، یەکێك لە دانیشتووەکانی دێیەکە خۆی بەدەم سپی دێکە دادەنا لە پاش ئاغا، لە مزگەوتدا لەکاتی نوێژ دەچێت بەگژ سوختەکەدا (عبدالرحمن عەینەك) دەڵێت: بۆچی ئەو دارانەتان هێناوە ئێوە خۆتان بە موسڵمان نازانن؟ وتبووی: لەبەرئەوە دارەکانمان هێناوە سەر ورگی مردووەکان و شەخسەکە سووك بن چونکە داری زۆریان لەسەر بوو، ئەویش وتبووی بەفەقێ (عبدالرحمن عەینەك) لەبەر چاوی نوێژکەرەکان: لەوساوە فەقێ و مەلا لەم دێیەدا پەیدا بووە کوێر و هەژاری دێیەکە تێر سکی نانی نەخواردووە، واتە مەلا و فەقێ موچەی هەژار و کوێر و بێ دەسەڵاتی دێیەکەیان داگیر کرد بۆ خۆیان لەجیاتی بدرێت بە هەژارەکان دەدرێت بە مەلا و فەقێ، کاك عبدالرحمن قسەکەی بۆ گێڕاینەوە لە حوجرە، منیش ئەوەندەم پێ ناخۆشبوو دەستم برد قورئانێکم داگرت سوێندم خوارد بە قورئانەکە ئیجازە وەرناگرم و مەلایەتی نەکەم و دەچم کەوەر دەفرۆشم یان پێڵاو بۆیاغ دەکەم لەسەر پیشە و ڕەوشتی مەلا و مەلایەتی ناڕۆم.

زوتر بیستبووم (عەلی کەمال) لە بەغدا لەسەر ئەرکی خۆی فەقێی کورد دەنێرێ بۆ زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە لەوێش (رواق الاکراد) هەیە کاتی خۆی (صلاح الدین ی ئەیوبی) خوالێیخۆشبێت، کردوویەتی بۆ کوردەکان بۆ ئەوەی لەوێ بخوێنن، ئینجا ئەوەی بگەیشتایەتە ئەو شوێنە خواردن و نوستن و هەموو شتێکی لەسەر ئەوێ بوو، ژووریان پێ دەدا و هەموو مانگێکیش موچەیەکی تایبەتی هەبوو، بەباشی پێی دەژیان.

منیش بڕیارم دا بچم بۆ بەغدا و ئەو ڕێگەیە بگرم لە جیاتی ئەوەی ئیجازە وەربگرم یان مەلایەتی بکەم، (مەلا ئەحمەد) فەقێیەك بوو لەگەڵمدا بە (مەلا ئەحمەدی واحد العین) بەناوبانگ بوو چونکە هەر لە زگماکیەوە چاوێکی کوێر بوو، وتم مەلا ئەحمەد من بەیانی دەڕۆم ڕووەو کۆیە و لەوێشەوە ڕووەو بەغداد، تۆ دێیت لەگەڵم یان نا؟

وتی: دێم وەك تۆ نە مەلایەتی دەکەم و نە ئیجازە وەردەگرم، مادام ئێمە موچەی لێقەوماو و هەژار و بێ دەرامەت وەردەگرین.

ئەوکاتە مانگی یەك بوو لە ساڵی (١٩٤٦) وهەموو زەوی پڕ بوو لە بەفر ئەم هەواڵەیان دا بە مامۆستا، ئەویش هات بۆ حوجرە بۆ لام وتی:

من بەچاوی باوکایەتی تەماشای تۆم کردووە، وەك کوڕەکانی خۆم مامەڵەت لەگەڵ دەکەم، هیچ کاتێك تۆم بەفەقێ دانەناوە، بۆچی دەڕۆیت؟

منیش قسەکەم بۆ گێڕاوە وتی: بە محەمەد ئاغا دەڵێم سزای ئەو پیاوە بدات.

وتم: سزا بۆ یەکێکە تاوانبار بێت ئەو پیاوە تاوانبار نیە چونکە ئەوەی وتی ڕاستە، مەلا و فەقێ بەسەرفیترە و زەکات دەژی، لە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر زەکات و سەرفیترە بۆ هەژار و لێقەوماوە بۆ کەسێکە ناتوانێ بەدەستی خۆی نان پەیدا بکات، ئینجا کە پێم دەوترێ پێشەوای موسڵمانان لە نوێژدا پێش دەکەوم ولە ڕۆیشتندا پێش دەکەوم کەچی لە ژیانمدا لە هەموو هەژار و لێقەوماوێك خراپترم ودەچم موچەی ئەوان دەخۆم، پێم وایە بچم ڕێگەیەکی تر بگرم بۆ ژیانم کە بەشەرەف تر بێت تەمەنی خۆمی پێ بەسەر دەبەم باشترە.

مامۆستا وتی: وا دێتە بەرچاوم تۆ شێت بوویت چونکە یەکێك شێت نەبێت ئەم قسانە ناکات، یەکێك بەم زستانە کە هەموو ڕێگە بەفرە دەریشی بکەن دەرناچێت.

وتم: مامۆستا من زۆر سوپاسی تۆ دەکەم زۆر سودم لێ وەرگرتیت وهەردەم هەستم دەکرد بەوەی زۆر بە لوتفیت لەگەڵمدا، بەڵام قسەیەکە کردوومەو پەشیمان نابمەوە.

بۆ بەیانی چووم دەستی مامۆستام ماچ کرد، فرمێسك بەچاوی ئەو و مندا هاتە خوارەوە، لەگەڵ مەلا ئەحمەد نیشتینە سەر ئەو ڕێگەیە بەرەو پشدەر ڕۆیشتین بۆ ئەوەی بچین بۆ کۆیە، ئەو ڕۆژەی لە گەلاڵە دەرچووین زۆر سەرما بوو لەبەرئەوە شەو لەدێی (نورالدین) ئەو دێیەی (مەلا حوسێن) مەلای بوو لەوێ ماینەوە چونکە نزیکترین شوێن بوو لەسەر ڕێگەکەماندا لەبەر سەرما نەمانتوانی بچین بۆ دێیەکی نزیکتر لەو ناوچەیەدا.

لەو کاتەدا (مامۆستا مەلا حسێن) هات بۆ حوجرەی فەقێکان وتم: مامۆستا دەمناسیتەوە؟ وتی: بەسەر و شێوە دەتناسمەوە بەڵام بەناو و ناوەڕۆك هیچم لەیاد نەماوە.

وتم: من ئەو فەقێیەم پێش سێ ساڵ هاتمە خزمەتتو داوام کرد جێگەم پێ بدەی، تۆش کە خۆت بەباشترین مەلا دەزانی و بەباشترین موسڵمان لەناوچەی پشدەر دەناسرێیت، تەماشات کردم کە بینیت ڕوت و قوتم بەبێ ئەوەی بپرسی کە چی دەخوێنم و بۆچی دەگەڕێم وتت فەقێ من جێگەم نیە لەم حوجرەیەدا بیدەم بە تۆ، منیش ئەوەندە ماندوو بووم و ئەوەندە گەڕابووم وڵات بە وڵات بەدوای مەلای باشدا، تۆ لە مەلا باشەکان دانرابوویت بەڵام کە هیوام نەما بە جەنابت فرمێسکی گەرم بەچاومدا هاتە خوارەوە چونکە دڵم کزەی هات بۆ حاڵی خۆم و پێم وتیت پەیمان بێت لە ڕۆژی قیامەت لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ شکاتت لێ بکەم، چونکە تۆ بڕیارەکەت زۆر ناڕەوا بوو، من پێشتر دەمزانی کە جێگەی فەقێ هەیە.

وتی: فەقێ بەخوا منیش دوای تۆ کزە بەجەرگمدا هات بۆ تۆ و زۆر پەشیمان بوومەوە دەمدا بە ئەژنۆی خۆمدا کە من بۆچی ئەو هەڵەیەم لەگەڵ تۆ کرد، وتی: سوێندت دەدەم

بەخواو تکات لێ دەکەم کە ئاشت بینەوە.

وتم: هەر چەندە مامۆستا شتێکی ناشیرینە ئەو تاوانەی کە ئەو ڕۆژە تۆ بەرامبەر بەمنت کرد هی ئەوە نیە کە بە ئاشت بوونەوە خوا بیسڕێتەوە لە لاپەڕەی کردەوەکانمدا بۆ ڕۆژی قیامەت، دووبارە جارێکی تر وتیەوە تکات لێ دەکەم با ئاشت بینەوە، وتم: هەروا بە خۆڕایی؟ وتی: لەبەر خاتری تۆ ئەمشەو هەموو فەقێکان دەعوەت دەکەم، ئینجا فەقێکان ئەمەیان پێ خۆشبوو زۆر هانیان دام کە ئاشت ببمەوە چونکە پیاوی موسڵمان داوای لێ کراوە لە قورئانی پیرۆزدا کەلێبوردنی هەبێت بەرامبەر بەوانە کەستەمیان لێکردووە، خوا فەرمویەتی: ﴿وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ﴾، واتە: ڕەوشتی جوانی پیاوە موسڵمانەکان ئەوەیە کە رقی خۆیان بخۆنەوە و لێ بوردنیان هەبێت بۆ ئەوانەی تاوانبارن بەرامبەریان، منیش لە ژیانمدا هەر چیەکیان پێ وتبم ئەگەر خراپ نەبوبێت بەربەرەکانیم نەکردووە، بەڵێنم دا کە ئاشت ببمەوە، دوای نوێژی ئێوارە چوینە ماڵی مامۆستا پاش نان خواردن دەستمان کردە ملی یەکتر و یەکترمان ماچ کرد و گەردنی یەکترمان ئازاد کرد و لە خوا داواکارم لەویش و لە منیش ببورێت.

دوای ئەوە گەیشتینە دێی (گەناو) کتێبە نایابەکەم کە دەستوخەتی ئەو کەسە بوو کە شەرحی لەسەر کرد بوو خۆشەویستترین کتێب بوو لە کتێبخانەی ئاغای موفتی زادە لە (سنە) کە پێشکەشی کرد بە خۆشەویسترین فەقێ کە من بووم، لەسەر ئەو کتێبە هەردوو چاوم کوێر بوو، کە ژمارەیەکی زۆر حاشیەم لەسەر نووسی، دام بە (مەلا صالح) مەلای گەناو، بەدینارێك.

وام دەزانی دینارەکەم دۆزیوەتەوە چونکە ئەگەر کتێبەکەم بسوتانایە دڵم ئۆخەی نەدەکرد، بەڵام ساڵی (١٩٧٨ز) داوام لە هاوڕێ یەکی مامۆستا کرد ئەو کتێبەم بۆ بکرێتەوە بە کێشانەی خۆی بەدینار بەڵام ئەویش دیار بووفرۆشتبووی بەفەرمانگەی (آثار) ومنیش تا ئێستا بەدوایدا دەگەڕێم کە (استنساخ)ی بکەم بەڵام هێشتا نەم دۆزیوەتەوە.

هەروەها کتێبی (شرح شمسی)م هەبوو بەحاشیەی پێنجوێنی پڕم کردبوو لە لاپەڕەی یەکەمەوە تا دوا لاپەڕە ئەویشم دا بەفەقێیەك بەکلاوێك. لە پاش دوو ڕۆژ بەپێ بەناو ئەو بەفرەدا گەیشتینە کۆیە.

هەر حوجرەیەك دەچووین لە شاری کۆیە ڕایان نەدەگرتین چونکە ئەوکاتە کێشەی ئێران کە قازی محمد بوو هێشتا دوایی نەهاتبوو بەدوایی خەڵکدا دەگەڕان لە ئێران و عێراق کە تووشیان بکەن یان دەیان وت پەیوەندیتان بە کۆمەڵەوە هەیە یان هەڵهاتوون یان جاسوسن.

پاش ئەوەی کە بێ هیوا بووین چوین بۆ حوجرەی مەلای گەورە (مەلا محەمەدی جەلی زادە) کە ساڵێك پێشتر وەفاتی کردبوو، دیمان ئەو حوجرە گەورەیەی جاران تەنها یەك مستعد و یەك سوختەی تێدایە ومستعدەکە ناوی (مەلا رؤوف مەریوانی)یە، ئەویش وتی: من لای براکەی جەنابی مەلای خوالێخۆشبوو دەخوێنم، ڕایان سپاردووین لە لایەن میرییەوە لە لایەنی مەلاکانەوە هەر فەقێیەك نەیناسین جێگەی پێ نادرێت لە حوجرەی فەقێیەکاندا. لەپاش ئەوەی چامان خواردەوە لەمنی پرسی تۆ خەڵکی کوێیت؟ وتم: خەڵکی هەورامانم ماڵمان لەدێی زەڵمە، وتی: مەلا مصطفی زەڵمی دەناسیت؟

وتم: بەڵێ دەیناسم.

وتی: من نەمدیوە بەڵام هەواڵم لای مامۆستا مەلا باقر لە مەریوان بیستووە کە لەوێ دەخوێنێ لە بالك.

وتم: من ئەو کەسەم کە تۆ پرسیاری لێ دەکەیت.

ئینجا ماچێکی کردم وتی من وادەکەم جێگاتان بدەنێ و بە مامۆستا دەڵێم دەیناسم لەسەر من با لێرە بن، لە خزمەتی جەنابت بخوێنن.

ئینجا لەوێ کە دامەزراین بۆ ئەوەی ڕێگەیەك بدۆزینەوە کە بمانگەیەنێتە لای عەلی کەمال لە بەغدا، لەوێ دەبوو بخوێنین، دەستم کرد بەخوێندنی (تەفسیری بەیضاوی) لای شێخ نوری برای خوالێخۆشبوو مەلای گەورە ومەلا ئەحمەد (جمع الجوامع)ی دەخوێند.

شێخ نوری پیاوێکی زیرەك بوو بەڵام لەبەرئەوەی لەکاتی خۆیدا هەر مەلا محەمەدی جەلی زادە برا گەورەی تەدریسی کردووە ئەم بە کشتوکاڵەوە خۆی خەریك کردبوو زۆر بەهێز نەبوو لە دەرس وتنەوەدا.


ڕۆژێك مەلا ئەحمەد پێی وتم: تۆ (تشريح الافلاك)ت خوێندووە لای مامۆستا مەلا محەمەدی گەلاڵە، لام وایە لێی تێگەیشتوویت ومن ئەم کتێبەم نەخوێندووەو باوەڕناکەم بیخوێنم، لەبەرئەوە تۆ هەموو ڕۆژێك دەرسێکم پێ بڵێ چونکە بەیانی کەس ناڵێت لای هاوڕێیەکی خۆت خوێندوتە، ئینجا بۆ ماوەیەکی کەم کتێبەکە هەر جۆر بوو بەشێکی زۆرمان لێ خوێند، وتم وابزانە کە پیای دەچینەوە بەدەرس پێت ناڵێم.

لە پاش چەند ڕۆژێك مانەوەمان لە کۆیە ڕۆژێك کە نوێژی عەسرم دەکرد لەو حوجرەیەدا کە مەلای گەورە زیاتر لە (٥٠) ساڵ دەرسی تیا وتبووەوە، بیرم لەوە کردەوە کە مرۆڤ هەرچیەك بێت لە ژیانی دونیادا دەبێت کۆتایی ژیانی بەچی تەواو بێت جگە لە مردن، هیچی تر نیە، ئەگەر من ببم بە پاشای عێراق هەر ڕۆژێك ژیانم تەواو دەبێت، ماڵئاوایی

لەژیانم دەکەمو دەچمە شوێنێکی تر کە پەیوەندیم بە هەموو ئادەمیزادێکەوە نامێنێت، زۆر دڵم تەنگ بوو زۆرم بیر لە دوارۆژی ژیان کردەوە، پەشیمان بوومەوە لەو سوێندەی کە وتم واز لە مەلایەتی دێنم و کەفارەتی سوێندەکەم لەسەر ئەو بڕیارە دا، بڕیارم دا لای شێخ نوری ئیجازە وەربگرم، بگەڕێمەوە ببم بە مەلای دێیەکەمان، بەڵام سەرفیترەو زەکات نەخۆم و هەتا ماوم لەگەڵ ماڵی باوکمدا، ئەوان چۆن دەژین منیش بەوجۆرە بژیم، ئینجا منیش ئەو بیروڕایەم ئاشکرا کرد بۆ مەلا ئەحمەد و مەلا رؤوف، زۆریان پەسەند کرد، مەلا ئەحمەدیش وتی منیش دەچمەوە بۆ ئێران.

لەپاش ئەوە بە دوو مانگ بڕیاردرا کەئیجازە وەربگرم، لە مانگی ئازاری ساڵی (١٩٤٦ز) شێخ نوری بە یەك دوو بازرگانی وت کە مێزەر و جبە و عەباو جوتێك پێڵاو و ئەمانەم بۆ ئامادە بکەن بۆ رۆژی ئیجازە وەرگرتنەکە، بەهەندێکی تری وت ئەرکی ئیجازەکە بگرنە سەر شانی خۆیان.

دانیشتوانی کۆیە لەبەرئەوەی زۆر مەلایان خۆش دەویست عورف و عادەت وابوو حەوت رۆژ فەقێکان شایی‌و هەڵپەڕکێ بکەن‌و بەشداری بکەن بەخوێندنەوەی شیعری (بوردییە)، لە کۆڵانەکاندا بەرەو قەراغی شار بۆ ئەوەی لەناو سەوزە گیادا ئەو فەقێیانە هەڵپەڕن، بەم جۆرە دەست کرا بە ئاهەنگی ئیجازەکەی من بەڵام لەبەرئەوەی (جەلال ئاغا) کەپیاوێکی گەورەی کۆیە بوو کۆچی دوایی کرد لە رۆژی سێیەمی ئیجازەکەدا، زەماوەندەکە بوو بە پرسە بۆ ماوەی حەوت رۆژ کاتێك هەموو پێویستیەکانی من تەواو بوو هەموو بازرگان و پیاو ماقوڵانی کۆیە بانگ کران لە مزگەوتی گەورە لەو شوێنەدا کە هەموو جارێك مەلای گەورە ئیجازەی تیا پێشکەش دەکرد، جەنابی شێخ نوری کاتێك هەڵسایەوە ئیجازە نامەکەی خوێندەوە دەستی کرد بە گریان ودانیشتووەکانیش هەموو گریان بۆ جەنابی مەلای گەورە، کە ئەمە یەکەم ئیجازە بوو درا بە فەقێی حوجرەکەی ئەو لە پاش کۆچی دوایی و بەجێ هێشتنی ئەم جێگایە، کە هەردەم پڕ بوو لە فەقێی کوردستانی عێراق و ئێران، بەسەدان ئیجازەی مەلای داوە و هەر یەك بووە بە مەلای شوێنێك، کاك مەسعود کوڕی جەنابی مەلای گەورە کە کۆلیجی یاسای تەواو کردبوو لە بەغدا ئەویش حازر بوو لەکاتی ئیجازە وەرگرتنەکەدا، بەم جۆرە لە کۆیە ئیجازەم وەرگرت و گەڕامەوە سلێمانی.



مانەوەم لە سلێمانی:

کاتێك ئیجازەم وەرگرت لە کۆیە ڕووەو ماڵی خۆمان گەڕامەوە، بەڵام لە سلێمانی لام دا لای مامۆستا مەلا (حمە سەعیدی خوم خانە)، وتم: مامۆستا من ئێستا تەمەنم (٢٢) ساڵە، چوار ساڵە داوام دەکەن بۆ سەربازی نەچوومەتە ڕوو چارم چییە؟ ئەویش وتی: مەدرەسەکەی من ڕەسمیە ئەو قوتابییەی لێرە ئیجازە وەردەگرێ نایکەن بە سەرباز، منیش ناچار مامەوە لەوێ بۆ ماوەی مانگێك بیرم نایەت چیم خوێند، چونکە ئەو کتێبانەی کە باو بوون لە مەدرەسەکەی مامۆستا مەلا حمە سەعید هەموویم تەواو کردبوو، پاشان ئیجازەیەکی ترم وەرگرت، هەبوو تواجی لێ دەدام دەیوت بۆیە ئەمەی کردووە بۆ ئەوەی عەبایەکی تر وەربگرێت منیش کێشەکەم لەگەڵ سەربازیدا بوو نەك جل وبەرگ.

وێنەی ئیجازەکە

بالقول الثابت في الحياة الدنيا وفي الآخرة اللهم

اقض علينا من بركاتهم واسلك بنا مسالك كراماتهم

واغفر لنا بجاههم آمين والحمد لله في الكثير

والقليل حسبنا الله ونعم الوكيل

وصلى الله على سيدنا محمد وآله أجمعين

المدرس

کورتەیەک لە ژیانی مامۆستا مەلا محەمەد سەعید دیلیژەیی:[1]

مەلا محەمەد سەعید کوڕی حاجی حاجی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا محەمەد کوڕی مەلا حسێنی دێلێژەیە. ساڵی ١٨٩٤ز لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، لە بنەماڵەیەکی ئایینی پەروەردە بووە، لەلای باوکی دەستی بە خوێندن کردوە، دوای وەفاتی باوکی چۆتە لای چەندەها مەلا بۆ خوێندن، تا لەلای مامۆستا مەلا حسێنی پیسکەندی خوێندنی تەواوکردوەو ئیجازەی وەرگرتوە. بۆ ماوەیەکی کەم موچەخۆری میری بوو لە دائرەی (تاپۆ) و دوای وازی لێ هێنا، چونکە ئەوکاتە ئیشوکاری میری بەدەست ئینگلیزەکانەوە بوو، ئەمیش لەگەڵیاندا نەدەگونجا.

---

[1] لە بنەماڵەی مامۆستا وەرگیراوە.

هاتەوە ریزی مەلایەتی و لە مزگەوتی (حاجی عبدالرحمن بەگ) ناسراو بە (مزگەوتی خوئخانە) لەشاری سلێمانی دەستی کردووە بە وتنەوەی وانە بە قوتابیانی ئایینی.

هەندێ لەو بەرێزانەی لەلای مامۆستا دەیانخوێند: (مامۆستا مەلا مستەفا زەڵمی، مامۆستا مەلا قادری کۆکۆیی، مامۆستا مەلا عەزیم ماوەتی، مامۆستا مەلا سەعید شاناخسێ و چەندەها بەرێزی تر). دوایی بووە بە سەرۆکی عولەمای سلێمانی.

مامۆستا هەرچەند شاعیر نەبووە، بەڵام چەند شیعرێکی وتوەو شیعری شاعیرەکانی بەزۆری لەبەربووەو بەمانای ئاشکراو نهێنییەوە لێکی ئەدانەوە.

زیاد لە (٥٠) ساڵ خزمەتی زانست و زانیاری و ئایینی ئیسلامی کردووەو وانەی بە قوتابیان لە مزگەوت وتوەو تا کۆتایی ژیانی لە خزمەتکردن نەوەستاوە.

مامۆستا لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی، بێجگە لە زمانی کوردی، دەستێکی باڵای هەبووە.

لەساڵی ١٩٤٩ نامیلکەیەکی بە ناوی (رسالة فتح الرحمن في الرد على منكر الطلاق الثلاث وطلاق السكران) لەچاپ دا. نامیلکەیەکی تریشی بەناوی (فرائض كوردی) لەچاپ دا، کە باس لە پاشماوە(إرث) دەکات بەگوێرەی پەیڕەوی قورئانی پیرۆز.

لە ١٩٦٥/١٢/٣ کۆچی دوایی کرد و لە گردی شێخ محی الدین بەخاك سپێردرا.

لە چەند کتێب و گۆڤاردا ستایشی ئەم مامۆستایە کراوە، وەك کتێبی (مشاهير الالوية العراقية) کە (عبدالمجيد حسن) دانەرەکەیەتی، لەلاپەڕە (١٥٧) باسی دەکات.

هەروەها لە کتێبی (علماؤنا في خدمة العلم والدين)، مامۆستا عبدالكريم المدرس بە هەمان شێوە باسی کردوە.

* * *

لە مانگی حوزەیران گەڕامەوە دێکەی خۆمان، ئینجا بەناو بووم بەشتێکی تر، (لە مچەوە) بووم بە (مصطفى)، ئینجا فەقێ مصطفى، ئینجا مەلا مصطفى، بەڵام ناوەڕۆکەکەم نەگۆڕا، چونکە هەموو خوێندنی ئەو چەند ساڵەم بریتی بوو لە حاشیەکانی پێنجوێنی و قزلجی و ئەوانی تر، نەمدەزانی ژن چۆن مارە دەکرێ یان یەکێك ژنەکەی تەڵاق بدات نەمدەزانی تەڵاقەکەی کەوتووە یان نا، بۆ یەکەم جار پورە رەعنام (خوشکی باوکم) بوو لەگەڵ خاڵێکمدا ناکۆکیەکیان هەبوو لەسەر ئاشێك، هاتن بۆ لام نەمدەزانی کامیان خاوەن مافە، ناچاربووم پێیان بڵێم بچن بۆ بیارە بۆ خزمەتی مامۆستا مەلا عبدالكريم مدرس،

ئەگەر یەکێك تاوانێکی بکردایە ئەمەدزانی چۆن سزا دەدرێت، ئەگەر بچومایەتە فەرمانبەرایەتیکی میری ئەمەدزانی (سکالایەك) بنووسم، ئەمە هەمووی بەهۆی جۆری خوێندنەکەوە بوو.

پەشیمان نیم لەو (١٢) ساڵەی خوێندن کە تەواوم کرد بە ماندوو بوون و برسێتی و ڕوتی و دووره ولاتی و گەڕانی دێ و شاران و هیلاك بوونم، هەرچەندە پێم وابوو کە هیچ سوودم لە خوێندنەکە نەبینیوە، بەلام بۆ دواڕۆژ لە زانکۆدا سوودم لێ وەرگرت، ئەو بابەتانەی کە لە حوجرەکان دەخوێنران، ئاستی بیرکردنەوەی مرۆڤ فراوان دەکەن، کە بیر بکاتەوەو بەدوای زانیاری زیاتردا بگەڕێتز ساڵی (١٩٦٠ز) لە کۆلیجی یاسا لە زانکۆی بەغدا وەرگیرام، مامۆستاکان کە بابەتێکی یاساییان ڕوون دەکردەوە، بۆ من تێگەیشتنی زۆر ئاسان بوو، بە پێچەوانەی ئەو قوتابیانەی لەگەڵمدا بوون کە نەیاندەتوانی بەباشی بابەتەکە بهێننە بەرچاوی خۆیان، ئەو توانایەی من بەهۆی خوێندنی مزگەوتەوە بوو، کە دواتریش توانیم سێ ماستەر و دوو دکتۆرا بەدەست بهێنم و زیاتر لە (٢٠) دانراوم هەیەو هێشتا چەند دانراوێکم هەیە کە بلاو نەکراوەتەوە، زۆری دانراوەکان بەراوردە لەنێوان فقهی ئیسلامی و یاسادا.

ئەو خوێندنەی کە لە مزگەوتو دواتریش ئەوەی کە لە زانکۆ خوێندم وای لێکردم کە زۆر شتی ورد هەبوو لە یاسادا یان لە باسکردنی حوکمە شەرعیەکاندا بیان بینم، کردم بەو دانراوانەی کە ئێستا لە کۆلێژەکانی یاسادا دەخوێنرێن:

لە قۆناغی یەکەمدا: (المدخل لدراسة الشريعة الاسلامية).

قۆناغی دووەم: (احكام الزواج والطلاق).

قۆناغی سێهەم: (أحكام الميراث و الوصية وحق الانتقال في الفقه الاسلامي).

قۆناغی چوارەم: (أصول الفقه الاسلامي في نسيجه الجديد).

لە قۆناغی ماستەردا: (موانع المسؤلية الجنائية في الشريعة الاسلامية و التشريعات الجزائية العربية).

لە قۆناغی دکتۆرادا: (الالتزامات في الشريعة الاسلامية و التشريعات المدنية العربية).

دانراوی (أصول الفقه الاسلامي في نسيجه الجديد) لە ولاتی ئوردن و یەمەن و ئەندەنوسیا کراوە بە بابەتی پۆلی چوارەمی کۆلیجی یاسا.

ئەمانە هەمووی بەهۆی وردەکاری قۆناغی خوێندنی مزگەوتەوە بوو.

* * *



تێبینیەکانم لەسەر خوێندنی مزگەوت:

لە ماوەی (١٢) ساڵی خوێندنم لە قوتابخانە ئاینیەکاندا، هەندێك تێبینیم بۆ دروست بووە لەسەر خوێندنی حوجرەو لەم بەشەدا تۆماریان دەکەم:

یەکەم: جۆری وتنەوەی بابەتی منداڵ لە مزگەوتدا زۆر هەڵە بوو وەك باسم کرد، زۆر نارەوا بوو لە (١٠٠) منداڵ دووان دەردەچوون، هەندێك لەو مەلایە یان ئەو میرزایەی کە قوتابخانەی دادەنا تولە هەنارێکی ئامادە دەکرد یان بە زستاندا مقاشێکی سورەوە کراوی بەکار دەهێنا بۆ سزادانی ئەو قوتابییەی هەڵەیەکی دەکرد لە وشەیەکدا، ئەگەر جگەرە کێش بوایە جگەرەکەی دەنا بە پەنا گوێی منداڵەکەوە، وەك میرزا فتح الله جگەرەکەی نا بە پەنا گوێی (محەمەد)ی ئامۆزامەوە، مامیشم وتی ئەگەر بییت بە ئیمامی شافعی نایەڵم بخوێنێت.

دووەم: قورئانی پیرۆز گرانترین کتێبێکە بە زمانی عەرەبی، لە هەموو دانراوێکی عەرەبی (بلیغ) تر و گرانترە، قوتابی بۆ یەکەمجار لە بری ئەوەی شتێکی ئاسانی پێ بڵێن، بۆ ماوەی یەك ساڵ تەنها قورئانی پیرۆزی پێ دەڵێن، ئەویش نەیدەزانی مانای وشەکانی ئەم قورئانە چییە، لەبەرئەوە زۆر قوتابی هەبوو وازیان لە خوێندن دەهێنا هەر لە سەرەتاوە، قوتابی منداڵ وردە وردە گەورە دەبێت وبیرکردنەوەی گەشە دەکات، دەبێت لە ئاسانترین زانستەوە بچێت بۆ قورسترین زانست، قوتابی ئێستا لەناو قوتابخانەکاندا رێژەیەکی کەمی واز لە خوێندن دێنێت یان دەرناچێت چونکە خوێندن پلە پلە سەر دەکەوێت بە پێچەوانەی خوێندنی مزگەوت کە رێژەیەکی زۆر کەم خوێندنی تەواو دەکرد.

لە دێی زەڵمدا بە تەنها من خوێندنم تەواو کرد ئەویش لەبەر لاساریم وهەستم بە ئێش و ئازار نەدەکرد، بەرگەی هەموو لێدانێك و هەموو توانجێکم دەگرت، بەرگەی سەرما و گەرما و برسێتی و دووریم دەگرت.

سێیەم: جۆری ژیانی فەقێ:

ئەوکاتە ئەو جۆرە ژیانە عەیب نەبوو لەبەر دوو شت:

١-لەبەرئەوەی عورف و عادەت بوو.

٢- لەبەرئەوەی فەقێ زۆر بەرێز بوو لەسەر ئەو بنچینەیەی کە بۆ خوا دەخوێنێت و خزمەتی ئایین دەکات، هەموو ئێوارەیەك فەقێیەك وەك سوالکەر دەگەڕا بەماڵاندا هەر ماڵەی نانێکی دەدایە یان لە بەهاراندا دەچوون بۆ دێهاتەکان

و دەوارەکان دەگەڕان و ڕاتبەی کەرەیان دەکرد بۆ شەکر و چا، زۆر جار سەگ دەوەڕی باری کەرەکە دەکەوت و کەرەکە لەگەڵ خاک و خۆڵەکە تێکەڵ دەبوو ڕێسی فەقێ دەبووەوە بەخوری، باشتر بوو بە شێوەیەکی تر ئەو ئیشە بکرێت یان یەکێک لە ئاواییەکە نانەکەی کۆ بکردایەتەوە یان هەموو شتەکان لە جێگەیەک کۆ بکرایەتەوە.

چوارەم: جیاوازییەکی زۆر لە نێوان سوختە و مستەعدا هەبوو، بە جۆرێک کە مستعد سوختەی بە بەندە و خزمەتکار دەزانی وبەئارەزووی خۆی بەدڵی بوایە ڕای دەگرت یان دەری دەکرد، زۆرترین کاتی سوختە بە خزمەتکاری مستعد تەواو دەبوو کە ئەمە نە لە ئیسلامدا هەیە و نەشتێکی مرۆڤایەتیە وجۆرێك بوو لە کۆیلایەتی.

پێنجەم: مەلای مزگەوت لەگەڵ فەقێکان کاتێکی زۆر و ئازارێکی زۆر و هیلاکیەکی زۆریان دەکێشا لە ڕێگەی خوێندن لەگەڵ ئەوەش بەرهەمەکەیان زۆر زۆر کەم بوو ئەگەر بەراوورد بکرێت لەگەڵ ماندوو بوونەکەیان، بۆ نمونە ئەگەر مەلایەك چوار مستعدی هەبوایە هەر یەکە بەتەنها کتێبێکی دەخوێند وئەو مەلایە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لەگەڵ خوێندنی ئەو فەقێیە خەریك دەبوو واتە ڕۆژی هەشت کاتژمێر دەرسی بەو چوار فەقێیە دەوتەوە بەلای کەمەوە، کە هەر یەکە فێری یەك کتێب دەبوون، وتنەوەی ئەو کتێبە ماوەی یەك ساڵی دەبرد بە لای کەمەوە.

ئەم جۆرە دەرس وتنەوەیە گەورەترین هەڵە بوو کە ماندووبونێکی زۆر بەرامبەر بە سودێکی کەم، ئەگەر ئەو مەلایە لە ماوەی (٨) کاتژمێر هەر چوار فەقێکە بەیەکەوە چوار ماددەی جیاوازی پێ بوتنایە لە جیاتی (١٢) عیلمە دەبوون بە (٤) عیلمە، هەروەك خوێندنی کۆلیجەکان و پلەکانی تری خوارەوەی خوێندن لە سەرەتایی و ئامادەیی جگە لەوە دەیتوانی ژمارەیەکی زۆرتر فەقێ فێر بکات.

لەزانکۆی ئەزهەر هەمان ئەو کتێبانەی مەلاکانی کوردستان دەیانخوێند دەوترایەوە بەڵام بەشێوەیەکی ڕێکخراو بوو، (٥٠) قوتابی بۆ ماوەی یەك کاتژمێر گوێیان لە یەك مامۆستا دەگرت وزۆرتر بابەتی خوێندن و ژمارەیەکی زیاتر دەبوون، ئەم هەڵەیە هێشتا لە خوێندنی حوجرەی مزگەوتەکاندا هەرماوە.

شەشەم: گرنگی پێ نەدان بە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر و فقهی ئیسلامی، هەر چەندە یەکەم کتێب دەخوێنرا قورئانی پیرۆز بوو، زۆر فەقێ هەبوو (١٢) عیلمەیان تەواو دەکرد بەبێ ئەوەی یەك لاپەڕە تەفسیری قورئان بخوێننەوە یان

فەرموودەیەکی پێغەمبەر بزانن وەك باسی خۆمم کرد، مەلا هیچی نەدەزانی لە بابەتی شەریعەتی ئیسلامەوە.
جارێك لە مەریوان (مەحمود خان کانی سانانی) لە مەلاکەی (وولەژێر)ی پرسی مانای ئەم ئایەتە چیە (نساءکم حرث لکم فأتوا حرثکم أنا شئتم)[1]، مەلاکەش دەڵێت ئەمە ئایەت نیە (حدیث)ی پێغەمبەرە.
دەگێڕنەوە دەڵێن: (شیخ الاسلام) لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا وەك (وەزیری داد)ی ئێستا وابوو، کە قازییەکانی لەژێردەستا بوون، جارێك دەڕوات بۆ (بصرە) بۆ ماڵی قازی، پڕی مەقەڵێەك پشکۆ دادەنێت چونکە زستان و سەرما دەبێت، شیخ الاسلام دەڵێت: (النار فاکهة الشتاء)، واتە: ئاگری زستان وەك میوە وایە بۆ مرۆڤ، قازیش دەڵێت: جەنابی شیخ الاسلام ئەو ئایەتە لە چ سورەتێکدا هەیە، ئەویش لە داخاندا نانەکەی ناخوات دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا، لەوێ باسی قازی دەگێڕێتەوە، قازی بەغدا دەڵێت ئەو نەخوێندەوارە نەیدەزانی ئەوە ئایەت نیە و فەرموودەی پێغەمبەرە، ئەویش هەتا دەتوانێت دارەکەی دەستی دەدات بەسەر قازیدا و دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ.
مەلایەکی زۆر چاك لە کوردستاندا هەڵکەوتووە-نامەوێت ناوی بڵێم- چونکە بۆ پلەی ئەو ئەم قسەیە ناڕەوایە، جارێك بەیانیەك دەچێت بۆ مزگەوت لەو سەرەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە دەبینێت لاپەڕەیەك با هێناویەتی لەسەر ڕێگە، ئەویش دەیبینێت لاپەڕەیەکی جوان دەبێت کە هەڵی دەگرێتەوە سەری سوڕ دەمێنێ لەو وتانەی لە لاپەڕەکەدایە و لەماڵەوە دەچێت شەرحێکی زۆری لەسەر دەنووسێت، ڕۆژێکی تر مەلایەکی تر دەبینێت دەڵێت لاپەڕەیەکم دۆزیوەتەوە نازانم هی چ کتێبێکە ئەوەندە (بلیغ)ە دەڵێی قورئانە، ئەمەش چونکە ئەو مەلایە تەمەنی خۆی بەسەر برد بەسەر حاشیەی کتێبی (أصول الفقه) و (منطق)، ئەویش دەڵێت ماڵت برمێت نازانیت ئەوە قورئانە.
حەوتەم: ئەو مەلایانەی کە لە پاش مەلایەتی هەوڵیان دەدا کە بۆ خۆیان تۆزێك فێری فیقهی ئیسلام بن جگە لە - مذهبی شافعی- ﷺ نەیاندەویست فێری شتێکی تر بن لە مەزهەبەکانی تر ولایان وابوو ئەوەی شافعی فەرمویەتی هەمووی ڕاستە وهیچ ڕۆژێك بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە ئیمامی شافعی ئەم حوکمەی لە چ سەرچاوەیەکەوە هێناوە تا ئەمیش بچێت سەیری ئەو سەرچاوەیە بکات تا بزانێت قسەکەی ئیمامی

---

[1] سورة البقرة، ٢٢٣.

شافعی ڕێی تێ دەچێت کە ڕاست بێت، یان مەلاکان دەیانتوانی حوکمی زۆر شت لەو خوێندنەی خوێندوویەتی یان قورئانی پیرۆز یان فەرموودەکانی پێغەمبەر وەربگرن، ئیمامی شافعی (٥٤) ساڵ ژیاوە تەنها چوار عیلمی خوێندووە کە بریتی بوو لە عیلمی(قورئان)، عیلمی(فەرموودەی پێغەمبەر)، علمی(أصول الفقە)، عیلمی (بلاغە)، کەچی مەلا (١٢) عیلمی دەخوێند و زیاتر لە ئیمامی شافعی دەژیا و زیاتر ئەم عیلمانەی دەوتەوە بە خوێندن بەفەقێ کە پرسیاریان لێ دەکرد ئەگەر وەڵامی بدایەتەوە لە بۆچوونی ئیمامی شافعی زیاتر هیچی تری پێ نەبوو، قەت نەی دەوێرا بڵێت ئەمە ڕای خۆمە بەپێی قورئان.

ڕۆژێك چووم بۆ لای مامۆستا (مەلا عبدالكریم مدرس) دیم شێخ ئیبراهیم کە ئێستا لە کەرکووکە لەگەڵ دوو مەلا لەوێ بوون، یەکێك لە مەلاکان کوڕی خۆی بوو، ئەوی تریان لە سلێمانی کاتی خۆی فەقێی من بوو، کە هەڵسایین لای مامۆستا چووینە دەرەوە من دایکی محەمەدم لە گەڵدا بوو وتم یاشێخ بابچین ئەم نیوەڕۆیە لە خزمەتدا بین، وتی: تۆ ماڵەوەت لەگەڵدایە چیت هەیە لەماڵەوە ئامادە بێت بیخۆین، وتم: یا شێخ تۆ شێخی (تەسەوفیت) دەبێت بەهەموو شتێك ڕازی ببیت، پێغەمبەری خوا لەماوەی ژیانیدا نەیفەرمووە ئەم خواردنەم پێ خۆش نیە بیگۆڕن بەخواردنێکی تر، هەرچی ئامادە بوو پێشکەشی دەکەین، کاتێك هاتینەوە ماڵەوە نانمان خوارد هەندێك پرسیار کرا لە بابەت ئیسلامەوە، ئەو فەقێیەی کە کاتی خۆی لای من بوو وتی:

مامۆستا: لە کاتی حەجدا دەستی پیاو بەر ئافرەت بکەوێت بەپێی مەزهەبی شافعی دەستنوێژی دەشکێت، بەڵام بە مەزهەبی ئیمامی حەنەفی ناشکێت، لەبەر پێویستی دروستە کە مرۆڤ خۆی (تقلید)ی ئیمامی حەنەفی بکاتەوە؟.

وتم: جا پێویستی چیە بەتەقلید؟

شافعی فەقێی (محمد حسەن شیبانی) بووە، ئەویش فەقێی (ئیمامی حەنەفی) بووە، واتە (حنفی) مامۆستای مامۆستای شافعی بووە.

شێخ ئیبراهیم ڕووی تێ کردم وتی: مامۆستا وادیارە تۆ مەیلی وەهابیت هەیە.

وتم : یاشێخ من نازانم وەهابی چییە لەبەرئەوە من وەهابی نیم بەڵام تۆ لە قسەکەم تێ نەگەیشتیت.

وتی: ئاخر ئیمامی شافعی لە هەموو خاوەن مەزهەبەکان زاناتر بووە.

وتم: یاشێخ تۆ دەتوانیت بڵێیت ئەو دەروێشە لە دەروێشەکەی تر باشترە یان ئەو سۆفیە سۆفیەکی باشە، بەڵام تۆ بڵێیت ئیمامی شافعی زاناتر بووە لە ئیمامی حەنەفی یان یەکێکی تر ئەوە ئیشی تۆ نیە.
من ئەبێت ئەوە بڵێم کە زیاتر لە (٥٠) ساڵە لەگەڵ مەزهەبی شافعی دەژیم و بەردەوام بەراووردم کردووە لەگەڵ مەزهەبەکانی تر و تا دەگاتە هاوەڵانی پێغەمبەر خوا لێیان رازی بێت، تا ئێستا قسەیەکم نەدی هی ئیمامی شافعی خۆی بێت و کەسێکی تر پێش خۆی نەیوتبێت، ئەو بۆچوونانەی ئیمامی شافعی هەمووی وتەی هاوەڵانی پێغەمبەر و ئەوانەی دوایان (تابعین) هاتوون، یان هی یەکێکی ترە لە مەزهەبەکانی پێش شافعی، ئەو هەمووی کۆکردۆتەوە. ئەمە مانای ئەوە نیە من مەزهەبی شافعی بە کەم بزانم چونکە پلەیەکی زۆر بەرزی هەیە، بەڵگە بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەو هەموو بیر و بۆچوونانەی کۆکردۆتەوە و باشترینیانی هەڵبژاردووە و پەسەندی کردووە.
هەرچی فەرموودەی ئیمامەکان هەیە (شافعی، حەنەفی، حەنبەلی، مالیکی، ظاهری، أباضي، شیعەی ئیمامی، شیعەی زەیدی)، هەمووی وەرگیراون لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە یان دوای ئەوان کە هاتوون، قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر بە ئاشکرایی باسی کردوون.
مامۆستایانی ئایینی کوردستان، لەبەرئەوەی هیچ بەرهەمێکی لە (فقە)ی ئیسلامی بەجێ نەهێشت و لە زۆر مانای قورئانی پیرۆز تێ نەگەیشت، کە کۆچی دوایی دەکرد وەك چرایەکی رووناك دەکوژایەوە هیچ رووناکیەکی بەجێ نەدەهێشت چونکە هەموو تەمەنی خەریکی خوێندنی ئەو حاشیانە بوو کە باسی کتێبەکەی دەکرد کە دەیخوێند بێ ئەوەی بزانێت سەرچاوەی ئەو کتێبە لەکوێوە هاتووە یان زۆر جار لە کتێبەش تێ نەدەگەیشت.
ئەو مامۆستایانەی وەك (مامۆستا عبدالكريم مدرس، مەلای پێنجوینی، قزلجی، نۆدشە، مامۆستا شێخ عمر قەرەداغی، مەلا قادری گەورەی بیارە، مەلا ئیبن ئادم، مەلا مەحەمەدی جەلی زادە، مەلای تر) لەم مامۆستا زیرەکانە وێنەیان کەم بوو.
ئەم مامۆستایانە سوودیان لە خوێندنەکەیان وەرگرت بەتایبەتی زۆر زانستی وەك (منطق) لەوە و پێشتر نەبوو چونکە وەرگێڕابوو جگە لە مامۆستا ئەبوبەکری مصنف کە کتێبی (وضوح)ی بەجێ هێشت، مامۆستا مەلا عبدالكريم مدرس تەفسیری

باشی کردووه لەسەر قورئانی پیرۆز، ئەو نوسراوانەی لەسەر ئاینی ئیسلام بەجیٚ هیٚشتووە، مامۆستا سەید عارف ڕوونکردنەوەی زۆر دوور و دریٚژی نوسیوە لەسەر (وضوح) و چەند مامۆستایەکی تر، کەس هیچی نەنووسی یان شتیٚکی بەجیٚ نەهیٚشت کە کورد یان ئایینی ئیسلام سودی لیٚ وەربگریٚت.

بەڵام لەخوا بەزیاد بیٚت ئیٚستا زۆر لە زانایانی ئایینی کوردستان، بەتایبەتی مامۆستا گەنجەکان بوون بە پسپۆڕ، زۆریان دکتۆرا یان ماستەریان وەرگرتووەو، زۆریٚکیشیان خەریکی خویٚندنی باڵان لە دەرەوە، وە زۆر پەیمانگای ئایینی لەکوردستان کراونەتەوە. وە زۆر وتاربیٚژمان هەیە بەجوانی فەرمودەکانی خواو پیٚغەمبەرمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، هیوادارین ڕۆژ لەدوای ڕۆژ روو بەزیادی بن بۆ خزمەتی ئایینی ئیسلام و نەتەوەکەیان.




بەشی دووەم



ژیانی مەلایەتیم (١٩٤٦-١٩٥٥ز)




لە (١٩٤٦/٣/١٥) کە ئیجازەی رەسمیم وەرگرت لای مامۆستا مەلا حمە سەعیدی دیلێژەیی بۆ ئەوەی نەمکەن بە سەرباز، چونکە (٤) ساڵ بەسەر (تخلف)ی سەربازیمدا تێپەڕیبوو، لەبەرئەوە پێویست بوو لای مەلایەك ئیجازە وەربگرم کە مەدرەسەکەی (رەسمی) بێت تا لە لایەن میریەوە باوەڕ پێکراو بێ (اعتراف)ی پێ بکات و لە خزمەتی سەربازی قوتارم بکات، باشترین مەلا لەو رۆژەدا لە سلێمانیدا مامۆستا مەلا حمە سەعید دیلێژەیی بوو کە مەدرەسەکەی رەسمی بوو، بۆ ماوەی دوو مانگ مامەوە تا (١٩٤٦/٥/٢٠) لە خزمەتیدا هەندێ لە فیقهی شافعیم خوێند ئینجا چوومەوە بۆ زەڵم.

سەرەتای مەلایەتیم لە ١٩٤٦/٥/٢٠ دەستی پێکرد، واتە بەهار بوو هێشتا نەچووبوونە ناوباخان لە زەڵم، ئەو کاتە نزیکەی (١٥٠) ماڵ بوو، دانیشتوانی ئەم دێیە دووبەرە بوون بەرەی باوکم و بەرەی دایکم هیچ بێگانەیان تیا نەبوو، لەوێ مەدرەسەیەکم دانا کە بەردی بناغەکەی کاك مەلا حمەئەمینی نزلّی بوو، ئەو خۆشەویستە بەوەفاییە کە پێکەوە بۆ ماوەی ساڵێك لە (١٩٤٣)دا لە شاری سنە کە لە شارە جوانەکانی کوردستانە پێکەوە دەژیاین لە مەدرەسەی مزگەوتی (دار الاحسان)دا کە جەنابی مەلا مەحموودی موفتی زادە تیایدا مدرس بوو، من لای ئەو (جمع الجوامع)م دەخوێند (بەرگی دووەم).

لە أصولی فقهی شافعی لەگەڵ بەشێك لە کتێبی تهذیب، ئەویش لای من کتێبی (صمدية وإظهار)ی دەخوێند لە عیلمی نەحودا، ئینجا چەند فەقێیەکی تر هاتن دەستمان کرد بە تەدریس، زۆر هەستم کرد بە خۆشی و کامەرانی کە خوای گەورە ئەم ئاواتە گەورەیەی بۆ بەدی هێنام، لە پاش ئاوارەیی لە دایك و باوکم و کەس و کارم بۆ ماوەی زیاتر لە ١٢ ساڵ.

ژن هێنانم:

هەروەك باسم کرد دانیشتوانی دێیەکە هەمووی خزمی خۆم بوون، لەبەرئەوە من مەلایەك نەبووم کە لە دەرەوە هاتبم، هەروەها مەلایەکی موچەخۆر و سەرفیترە و زەکات خۆر نەبووم، بەڵکو لە ماڵی باوکم بووم، بەلام ئەوان خۆیان زۆر ڕێزیان دەگرتم و لە خزمەتکردنم هیچ ناتەواوییەکان نەبوو، گرنگترین شتێك کە ئەوان بیریان لێکردبێتەوە ئەوەبوو لە پێش هەموو شتێکدا ژنێك بۆ من دیاری بکەن لەبەرئەوەی دامەزرێم لەدێیەکەدا و بەجێیان نەهێڵم.

چونکە لەناو خۆیاندا وتویانە هەرچەندە ئەم مەلایە خزمی خۆمانە بەلام هەر لە منالییەوە چۆتە دەرەوە و پەیوەندیەکی زۆر بەهێزی نەماوە لەگەڵمان، ئەو ژنەی بۆم دەهێنن باشتر وایە خزمی خۆم بێت و بێگانە نەبێت، بۆ ئەوەی هانم نەدات لەسەر بەجێهێشتنی دێیەکە.

ئەم ژنە دوو ساڵ لەوەو پێش دیاری کرابوو بۆم لە لایەن باوکیەوە خوالێخۆش بوو (مامە عبدالقادرم) کە ئەو کاتە ماڵیان لە خورماڵ بوو.

مامە عبدالقادر لەگەڵ باوکم باوکیان (کریم و حەمأمین) برا بوون دایکیشیان شەمام و نەبات خوشك بوون.

دیارە ئەم خزمایەتییە زۆر نزیکە هەندێ لە (فقهاء)ەکانی ئیسلام وەك شافعی خوا لێی خۆشبێت و پزیشکەکانی دەروونزانی و بۆماوەزانی (علم النفس و الوراثة) بە چاکی نازانن کە کوڕو کچێك باوکیان برابێت یان پورزاو خالۆزا بن ببن بە ژن و مێرد، چونکە منالەکانیان زۆر جار یان لە بیروهۆشدا تەواو نابن یان لە لەش و تەندروستیدا، وتویانە بێگانە زۆر سەرکەوتووە، هەروەها وتویانە خزم ئەگەر گۆشتت بخوات ئێسکت ناشکێنێ.

باوکم و هەندێ لە ئامۆزاکانم و خاڵەکانم چوون بۆ خورماڵ بەیەك رۆژ خوازیێنی و مارەکردنی مەعصومە (دایکی محمد) یان بۆ من کرد، رۆژی (١٩٤٦/٧/٢٥) شاییان بۆ کرد ئەو کاتە لەنێو باخ بووین لەناو کەپرەکاندا هەرچی مەلا و فەقێی بیارە و خورماڵ و دێهاتەکانی شارەزوور بوو بانگکرابوون بۆ ئەو شاییە تا سێ رۆژ لە گۆشەی پرد کە پێیان دەوت هاوینە هەواری (شێخ حسام الدین) هەڵپەرکێ و شادی کرا، بۆ رۆژی سێیەم دایکی محمدیان بەبووکی هێنا بۆ دێی زەڵم.



مانای قزڵجی:

لەو کاتەدا خەریکی ئەوەبوون بووك داببەزێت بچێت بۆ ئەو کەپرەی ئامادە کرابوو بۆ بووك و زاوا، منیش لەو کاتەدا دڵم لەسەر هەزار لێدەدات فەقێیەکی مامۆستا مەلا سەید عارف کە ناوی مەلا حمە أمین بوو (شرح تجوید)ی دەخوێند، واتە لە تەواو بووندا بوو لەپڕ کتێبێکی دەرهێنا کە لەگەڵ خۆی هێنابووی کە ئەویش تەصریفی مەلا علی ئەشنەویی بوو، وتی پێم ئادەی ئەگەر ئازایت مانای ئەم قزڵجییە چییە؟

قزڵجی بریتی بوو لە چەند حاشییەك لەسەر تەصریفی مەلا علی کرابوون، لە باتی ئەوەی ئاسانی بکات ئەوەندەی تر گرانی کردبوو.

حاشییەکە ئەوە بوو کتێبەکە دەیوت: (ونعني بالسالم ما سلمت من الهمزة وحروف العلة)، ئینجا قزڵجیش بەلای خۆیەوە مەعنای (سلمت)ی لێك داوەتەوە فەرمویەتی: (أي خلت، فهو من قبيل إن كان قميصه قد من دبر فصدقت..).

منیش کاتی خۆی کە فەقێ بووم لەمەنگوور لە ساڵی (١٩٤١)، پێیان وتم لە سێوسێنایەتی کتێبێکی تەصریفی مەلا علی هەیە بە قزڵجیەکان خۆشکراون و ئاسانکراون بەحاشیەی (خورِ خورِی)، چووم بۆ سێوسێنایەتی بۆ ئەو کتێبە سێ چوار ڕۆژ دانیشتم لە حوجرەی فەقێیەکان تا نووسیمەوە، زۆر ئاگام لە مانای قزڵجییەکان هەبوو، ئینجا منیش لە وەڵامدا وتم: پرسیارەکەت منالّیش دەیزانێ، ئەویش بەتوڕەیی وتی: چۆن؟ وتم: مەبەستی قزڵجی ئەوەیە هەروەك (قد من قبل) و(قد من دبر) تەعریفی (صدق وكذب) درۆ و ڕاستی نیە، بەڵکو نیشانەی درۆ و ڕاستیە هەروەها تەعریفەکەی مەلا علی ئەشنەوی بۆ سەلامەتی تەعریفی سەلامەتی نیە بەڵکو عەلامەتی سەلامەتیە.

بۆ زیاد ڕوونکردنەوەی ئەم مەبەستە هەر (فعل)ێك لە زانستی (صرف)دا (ألف، واو، ياء، همزه)ی تیادا نەبێت پێی دەوترێت (فعل سالم)، ئەگەر یەکێ لەوانەی تیادا بێت پێی دەوترێت (معتل)، ئەگەر پیتەکە لە سەرەتاوە بوو پێی دەوترێت (معتل الفاء) وەك -وعد- ئەگەر پیتەکە لە کۆتاییدا بوو پێی دەوترێت (معتل اللام) وەك -رمی- ئەگەر لەناوەڕاستدا بوو(معتل العين) وەك -قَوَلَ-.

ناردنی عبدالله خان بەدوامدا:

رۆژی ١٩٤٦/٧/٢٧ عبدالله خان کوڕی محمود خانی دزڵی کە ئاغای بەشی هەورامانی ئێران و عێراق بوو لەو ناوچەیەدا، ناردی بەدوامدا کە بچم بۆ ئەو ناوچەیە، لەگەڵ مامێکم و خاڵێکم چوین بۆ دزڵی لە رۆژی دووەمی ژن هێنانمدا.

کاتێك چووم بۆ ئەوێ دیم مامۆستا مەلا باقریش کە لەدێی بالك بوو دوو ساڵ دەرسی پێ وتبووم لەوێیە. وتم: خان من دوێنێ ژنم هێناوە بۆچی نەتهێشت سێ چوار رۆژ بەلای کەمەوە لە (شهر العسل) بیمە سەر، وتی: دێیەکم کڕیوە بۆ ئەوەی لە پاشە رۆژدا بیانو بەخۆم و نەوەکانم نەگرن دەمەوێت ئێوە قەباڵەیەکم بۆ بکەنەوە.

ئەم قەباڵەیە بریتی بوو لە لاپەڕە کاغەزێکی گەورە بە دوور و درێژی دێیەکەی تیادا دەنوسرا لەگەڵ سنورەکانی لە پاشاندا دوو شاهید و دوو مەلا ئیمزایان دەکرد ئیتر ئەمە بەپێی ئایینی ئیسلام گەلێك بەهێزتر بوو لە (سند)ی طاپۆ یان تۆمارکردنی لە دائرەی (التسجیل العقاری) کە وەك ئێستا بەکاردەهێنرێت، ئێمەش قەباڵەکەمان کردەوە و ئیمزامان کرد، لە پاشا مامۆستا مەلا باقر فەرمووی: ژنەکەت ناوی چییە؟ منیش ناوەکەم پێی وت، کاغەزێکی دەرهێنا و ناوی من و ئەوی لەناو چوار گۆشەیەکدا نووسی هەندێ پیتی لە دەوریا نووسی وەك (أ.ب.ج.و.ك.ص.ن..) ئینجا ئەم پیتانەی بەراوورد کرد لەگەڵ یەکتر لە ئەنجامدا وتی: بەداخەوە تۆ لەم ژن هێنانەدا سەرکەوتوو نابیت.

بەپێی ئەم لێکدانەوەی من و بەپێی ناوەکەتان و ئەو پیتانەی لەگەڵ یەك بەرامبەرم کردن، منیش غەم و پەژارە دایگرتم کە باوەڕم بەو ئەفسانەیە کرد، منیش وەك ئەو کە (مامۆستام) بوو لەو سەردەمەدا باوەڕم بەو ئەفسانەیە هەبوو، کەچی لە پاشەرۆژدا ئەوە زیاتر لە (٥٠) ساڵە بەسەر ژیانمدا دەڕوات لەگەڵیدا بەکامەرانی ژیام، ئەگەر ئەو نەبوایە نەمدەتوانی لە دێیەکی دوورەدەستی وەك (زەڵم) بگەمە ئەم پلە و پایەیەو پلەی پرۆفیسۆریم بدرێتێ لە پاش برینی پلەی لیسانس لە قانووندا و تەواوکردنی خوێندنی باڵا.

مامۆستا مەلا باقر هەرچەندە زانا بوو لە (منطق، فلسفة) و عیلمەکانی تردا، بەڵام زۆر باوەڕی بەخورافات بوو، بەداخەوە ئەم جۆرە زانایانە چۆن ئەم دوو شتە کۆ دەکەنەوە لای خۆیان (خورافات و زانایی)، لەمەوە دەردەکەوێت کەزانیاری جیاوازە لەگەڵ ژیریدا، هەرچەندە زانا فێری زانستەکان دەبێت بەڵام ئەگەر فێری ژیری نەبێت ئەوا ساڵەهای ساڵ بەدەرس دەیلێتەوە کەچی سودێکی لێ وەرناگرێت لە لایەنی ژیری و لێکۆڵینەوە لەو شتانەی کە پەیوەندی هەیە بە ژیانی ئادەمیزادەوە.

لەبەر ئەمەیە کە (سعدالدین تفتازانی) فەرمویەتی:
(عالم شودن چە ئاسان، عاقل شودن چە موشکیل). واتە: مرۆڤ ببێت بەزانا زۆر ئاسانە بەڵام بوونی بەژیر زۆر گرانە.
بەڕاستی ئەو مامۆستایانەی کە لە خزمەتیاندا خوێندم لە مامۆستا مەلا (عبدالکریم مدرس) ژیرترم نەدی، ئەو کەم و کوڕییە لە ژیریدا پیشەی مەلا نەبووە بەتەنیا، بەڵکو (٩٠٪) موسڵمانەکانی ئەم سەرزەمینە لە هەموو چەرخێکدا پاش (خلفاء الراشدین)، بەتایبەتی لەپاش ئەوەی کە زۆر لە موسڵمانەکان دژی (معتزلە) دەوەستان چونکە داوای کردەوەیان دەکرد بەپێی ژیری، ئێستاش هەر لەسەر ئەوە ماونەتەوە، بۆ نمونە لە ڕێکەوتی (١١/٨/٢٠٠١) لە کۆلیجی یاسا زۆر هەوڵم دا لەگەڵ مامۆستایەك کە شتێکی خورافی لە مێشکی بکەمە دەرەوە، بەڵام نەمتوانی، چونکە هەر خوی پێوە گرتبوو و باوەڕی بەوە هەبوو.
بەم مامۆستایەم وت: قورئانی پیرۆز لە (٤٩) ئایەتدا فەرمانی بەوە داوە کە ژیری (عەقڵ) بەکاربهێنرێت، ئەگەر میللەتی عەرەب بەتایبەت و ئیسلام بەگشتی دژی ژیری نەبووایەین، ئێستا لەجێگەی ئەمریکا ئەبوون لە داگیرکردنی بۆشایی ئاسماندا.
من کە زیاتر لە (٦٠) ساڵ لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا دەژیم، زیاتر لە (٤٠) ساڵ لەگەڵ یاسای هەموو وولاتان دەژیم، زیاتر لە (٢٥) ساڵ بەراورد دەکەم لەنێوان یاسا و شەریعەتی ئیسلامدا، ئێستاش بیروباوەڕێکی جوان و ڕوون نەبووە لە یاساوە وەرمگرتبێت، کە جوانتر یان ڕوونتر بێت لەوەی کە شەریعەتی ئیسلام باسی کردووە.
ئەوەی باوەڕ ناکات ئەتوانێ خۆی بەراووردی بکات ئەزانێت نە (مبالغە)ی تێدایە و نە (تعصب).

بەختەوەرەی بەبوون و نەبوون نیە:

لەپاش ژن هێنان و دانانی مەدرەسەیەکی ئایینی ڕۆژ بەسەربردن لەگەڵ دەرس وتنەوە، هەردەم هەستم بەخۆشیو کامەرانی دەکرد، کاتێك نوێژی نیوەڕۆ دەهات، دەچووم بە جۆگەکەدا بەرەو ژوور بۆ دەستنوێژ گرتن، تەماشای شاخە بەرزەکانی ئەمبەر و ئەو بەرم و ئاوەکەم دەکرد وامەدەزانی ئەو شاخانە هەموو ئاڵتونن و موڵکی منن ئەوەندە هەستم بەبەختەوەری دەکرد، واتە دەوڵەمەندی بەتەنیا هۆی بەختیاری و دڵخۆشی نیە، هەروەها ژن هێنان و پێویستیەکانی تری ژیان نابنە هۆی بەختیاری، بەڵکو کامەرانی لەوەدایە کە تۆ قەناعەتت هەبێت و کارێك بگریت بەدەستەوە کاتی خۆت لەگەڵ ئەو کارەدا بەریتە سەر.

جارێك لە گۆڤارێکدا خوێندمەوە لە فەیلەسوفێکیان پرسی کە بەختیاری (سعادة) لەچیدایە، ئەویش وتی: (السعادة تتحقق بثلاثة أشياء أولها المال وثانيها المال وثالثها المال)، واتە: بەختەوەری بەسێ شت بەدی دێت، کەهەرسێکیان ماڵی دونیایە، ئەمە کاتێك کە فەیلەسوفەکە هەژار بوو، ئینجا دەوڵەمەند بوو، ئەمجارە وتی: من هەڵەم کرد کە وتم خۆشبەختی لەماڵدایە، ئەمجارە کەپرسیارەکەی لێ کرایەوە وتی: بەختیاری لە ژن دایە. کە ژنی هێنا پرسیارەکەیان لێکردەوە، وتی: ژن هێنان زۆر جار دەبێتە هۆی ناخۆشی ژیانی مرۆڤ، وتیان ئەی ئێستا رات چیە سەبارەت بەختەوەری؟ وتی: لەوەدایە کە چەند منداڵێکت هەبێت لەگەڵیان کاتی خۆت بەسەر بەریت، کاتێك منالی بوو لێیان پرسیەوە وتی: زۆرترین تەنگ و چەڵمەی ژیان بەهۆی منالەوەیە، ئینجا وتی: من هەموو وەلامەکانم هەڵە بوو، بەختیاری هەرکەسێك پەیوەندی هەیە بەو ئامانجەی (هەق) کە پێی سەرقاڵ دەبێت، ئەگەر تەواو بوو ئامانجێکی دیکە ئەگرێتەبەر، بەختیارییەکەی دەڕوات و ئەکەوێتە ناو گێژاوی غەم و خەفەتەوە.

واتە بەختیاری لەوەدایە کە تۆ ئامانجێکت هەبێ و پێوەی خەریك بیت.

هەروەها لە گۆڤارێکی تردا خوێندمەوە بەبۆنەی یادی هەشتا ساڵەی لەدایك بوونیەوە لە (ئەنیشتاین)یان پرسی: لەگەڵ پیریدا چۆنیت؟ وتی: من پیری ناناسم، وتیان: چۆن؟ وتی: هەر کاتێك پیری بیویستایە بێت بۆ لام من سەرم قاڵ بوو، لەبەرئەوە کاتم نەبوو بێت بۆ لام و بیناسم.

واتە پیری لە ژیانی مرۆڤێکدا نیە کە مەبەستێکی هەبێت خۆی پێوە خەریك بکات، بەڵام ئەوەی کاتی خۆی بە تەمبەڵی بەسەر دەبات، یان بە ماڵ و سامان و پلەوپایەوە بەسەر بەرێت، زوو پیر دەبێت، چونکە هەردەم بیر لە شت دەکاتەوە کە ناتوانێت هیچ بکات بەرامبەر بەو شتانەی کە دوچاریان دەبێت، ئینجا وردە وردە بیرکردنەوە پیری دەکات و زۆر جار توشی نەخۆشی دەکات.

مارە بەجاش:

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ﴾، واتە: ئەو تەلاقەی کەپیاوەکە دەتوانێت ژنەکەی بێنێتەوە لەپاش تەلاق دان دوو

جاره بۆجاری سێیەم دەفەرموێ: ﴿فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجاً غَيْرَهُ﴾[١].
واتە: کەسێك بۆ جاری سێیەم ژنەکەی تەڵاق بدات ناتوانێت بەهیچ جۆرێك بیگێڕێتەوە تاوەکو ئەو ژنە تەڵاق دراوە (شوو) نەکاتەوە بەپیاوێکی تر، ماوەیەك لەگەڵ ئەو مێردە تازەیە بژی ڕەوشت و هەڵسان و دانیشتنی مێردە تازەکەی بزانێت و، بەراوردی بکات لەگەڵ هی مێردەکەی پێشوو، ئەگەر بۆی دەرکەوت کە مێردە کۆنەکەی باشترە ئینجا ئەگەر ئەم مێردە تازەیەی (مرد) یان (تەڵاق)ی دایەوە دروستە شوو بکاتەوە بەمێردە کۆنەکەی.

بەڵام لە پێش هاتنی ئیسلام[٢] فێڵێکیان (حیلە) دۆزیبوەوە بۆ ئەوەی کە ژنەکە کە جاری سێیەم تەڵاق درا بەزوترین کات بگەڕێتەوە بۆ لای مێردەکەی یەکەم، فێڵەکەش ئەوەیە کە ژنە تەڵاق دراوەکە سێ بەسێ هەر کاتێك عیدەی تەواو بوو مارەیان دەکرد لە کابرایەك بۆ سەعاتێك یان شەوێك بەدزییەوە ئینجا ئەم کابرایە دەچووە لای ژنەکە، لەپاش بەیەکگەیشتن تەڵاقی دەدایەوە لەپاش تەواو بوونی عیدەی مارەیان دەکردەوە لە مێردی پێشوو، لەپاش ئەوەی کە ئیسلام هات بڕیاری دا ئەو ژنە کە بۆ جاری سێیەم تەڵاق دەدرێت دەبێت بە ئارەزووی خۆی پیاوێك بدۆزێتەوە و شوی پێ بکات هەروەك شوکردنەکەی جاری یەکەم بۆ ژن و مێردایەتییەکی دوور و درێژ نەك بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی کەم بێت و لەبەر ڕۆشتنەوەی بۆ لای مێردی یەکەم.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم مێردە تازەیەی بەو جۆرە کە ئیمامەکان فەرمویانە لەبەر ئەوە ناوناوە (التيس المستعار) واتە: وەك سابرینێك بۆ خواستن هێناویانە بۆ ئەوەی بپەڕێتە سەر ئاژەڵێکی تر، فەرمویەتی: (لعنة الله على التيس المستعار).

هەروەك لەمەو پێش باسم کرد من لە خوێندنی (١٢) ساڵدا شتێك کەڵکی هەبێت بۆ ئاینی ئیسلام فێری نەبووم، یەکێ لەوانە ئەم موضوعە بوو نەمدەزانی بۆچی دەبێت ژنە تەڵاق دراوەکە لە پاش سێ جار ناتوانێ بچێتەوە لای مێردی پێشوی تا شوویەکی تر نەکات.

لەماوەی ژیانمدا هەڵەی زۆرم کردووە، هەندێکی لەبەرئەوە بووە دوای یەکێکی تر کەوتوم وام زانیوە قەت هەڵە ناکات، بەم جۆرە دوو جار مارە بەجاشم کردووە لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافعی خوا لێی ڕازی بێت، یەکەمیان ساڵی ١٩٤٦ لەدێی زەڵم، دووەمیان ١٩٤٧ لەسەر سیان.

---

[١] سورة البقرة/ ٢٣٠.

[٢] ئاینی حەزرەتی إبراهيم.

ئەوەی یەکەم جار لەدیی زەڵم، ژنی شوانی مەڕەکان بوو مارەم کرد لە فەقییەکی خۆم، ئینجا کە خەڵکەکە زانیان بە فەقێکە پێیان دەوت (جاش) ئیتر ئەویش دێیەکەی بەجێهێشت، ڕۆژێکیان زۆر بێ تاقەت بووم، باوکم خوا لێی خۆشبێت وتی: خەفەت بۆ دەخۆیت؟ بۆ مەمنونی خودا نابیت، ئەگەر ژنەکە بیوتایە مامۆستا خۆی بووە بەجاشم چیت دەکرد؟

لە زانکۆی بەغدا (١٩٦٨) کە ماجستێرم وەرگرت، لەسەر تەڵاق دوو بەرگم نووسی هەرچی هەبوو لە ماوەی چوار هەزار ساڵدا لەبابەتی تەڵاقەوە لە هەموو ئاینەکان و یاساکان و داب‌و نەریتی پێشووەکانی کۆن نووسیم .

دەرکەوت کە تەڵاقی سێ بەسێ بەیەك جار نیە، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە کە موسڵمانەکان فێری بوون، ئەمەش لەوەوە بوە کە حەزرەتی عومەر ﷺ کە خەلیفە بوو فەرمووی کاتێك کە ژنتان تەڵاق دا دەڵێن سێ بەسێ، چونکە لە قورئانی پیرۆزدا ژمارە سێ نیە بەڵکو ژمارەی جار هەیە، خوا فەرمویەتی: ﴿الطلاق مرتان﴾ نەك (إثنان) بەڵکو فەرمووی (مرتان) بۆ جاری سێ هەم فەرمویی: ﴿فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ﴾ لێرەدا (تصريح باحسان) واتە جاری سێیەم و پاش ئەوە: ﴿فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجاً غَيْرَهُ﴾.

لەبەرئەوە حەزرەتی عومەر فەرمووی: هەرکەسێك ئەم ووشە نارەوایە بەکاربهێنێ لە تەڵاق دا بڵێ سێ بەسێ، هەرسێ تەڵاقی دەکەوێ، نایەڵن ژنەکەی بچێتەوە لای.

ئەم کردەوەیە ئیمامی عومەری کوڕی خەتاب پێی دەوترێت سیاسەتی شەرعی، واتا بۆ وەلی ئەمر هەیە وەك خەلیفە یا سەرۆکی دەوڵەت شتێك کە دروست بێت نەیەڵێ بکرێ ئەگەر سودێکی گشتی لە مەنع کردنەکەدا هەبێ، لەسەر ئەم بڕیارەی (عومەری کوڕی خەتاب) هەندێك لە مەزهەبەکان لەسەر ئەو رایە بڕیاریاندا کە تەڵاقی سێ بەسێ یەك جار سێ تەڵاقی پێ دەکەوێت.[١]

لە کاری مارەبەجاشدا هەڵە دەکرا لەفەتوادان، یەکەم کە بەوتنی سێ تەڵاقە بەیەك جار هەرسێ تەڵاقەیان دەخست، ئەم هەڵەیەشیان بە یەکێك لەدوو هەڵەی دیکە راست دەکردەوە، یەکەم ئەگەر تەڵاقەکە (تعلیق) بوایە، وەك بیوتایە-کە فلان شت بکەی هەرسێ تەڵاقەت کەوتبێ- ئەنجا پێش ئەنجامدانی ئەو شتە بە پیاوەکەیان دەوت تەڵاقی بدە لەسەر شتێك کەپێی دەوترێت"خلع" ئەویش تەڵاقی دەدا لەسەر ماڵێك یان لەسەر شتێك، بەژنەکەشیان

---

[١] تەماشای فەرموودەی ژمارە (١٤٧٢) لە (صحیح مسلم) بکە کە ئەفەرموێ: (کان الطلاق علی عهد رسول الله وأبي بكر وسنتين من خلافة عمر طلاق الثلاث واحدة، فقال عمر بن الخطاب: إن الناس قد استعجلوا في أمر قد كان لهم فيه أناة، فلو أمضيناه عليهم فأمضاه عليهم).

دەوت برۆ ئەو ئیشە ئەنجام بدە کە پیاوەکە تەڵاقەکەی پێوە پەیوەست کردبوو، ئیشەکەی ئەنجام دەدا لەکاتێکدا کەژنی ئەو نەبوو، پاش ئەوە مارەیان دەکردەوە لەپیاوەکە، هەڵەی دووەمیان ئەوە بوو دەیانوت مارەکردنی یەکەم لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی بەتاڵبووە چونکە بەپێی ئەو مەزهەبە ئەگەر شایەت عادل نەبێت مارەکردنەکە بەتاڵە، واتە مارەیان دەکرد لەو پیاوە بەمەزهەبی حەنەفی، لەبەر ئەوەی لای حەنەفی عەدالەت مەرج نیە بۆ شایەت بەبێ ئەوەی بیر بکەنەوە لەمارەکردن‌و مەرجەکانی کەخوا دایناوە نەك ئیمامی شافیعی‌و حەنەفی تا لەفەتوادا یەکێکیان بخرێتە جێی ئەوی تریان.

مارەکردن و دروست بوونی مەرجەکانی لەلایەن خواوەیە، لەلایەن ئیمامەکانەوە نیە، سەرچاوەی شەریعەت هەر قورئانە، خوا فەرمویەتی ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ﴾، وە سەرچاوەی روونکردنەوەی حوکمەکانی خوا فەرموودەکانی پێغەمبەرە، خوا ئەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾، فەرموودەی ئیمامەکان دۆزینەوەی حوکمی خوایە.

بوومە لەرزەکەی ساڵی ١٩٤٦:

لە ساڵی ١٩٤٦ بوومە لەرزەیەکی گەورە بوو لە کوردستان، زیانێکی گەورەی گەیاند بەدانیشتوانی پێنجوێن، لەبارەی ئەم بومەلەرزەیەوە موفتی پێنجوێنی شاعیر شیعرێکی جوانی هەیەو لێرەدا دەیخەمە روو:

پێنجوین بەبێ تۆ نزیکە مەرگم
لوبنان شکێن بسووی داخێ بەجەرگم

تازە بووکێ بوی بەسەر چیاوە
ئەهاتنە سەیرت لەم لاو لەولاوە
پارچە ئەرزێ بووی لەپارچەی بەهەشت
زەردو سوور وشین کەژو کێو ودەشت
سەیرانگای پۆلی گەنجی عێراق بوی
لەم سەردەمەدا بۆخۆشی تاك بوی
جێگەی هەزاران بێ نان و ئاو بووی
هەرچەند ناحیە بووی شاری تەواو بووی

پێنجوین بە بێ تۆ نزیکە مەرگم
لو بنان شکێن بوی داخی بە جەرگم

بــۆ هــەوای ســاف و ئــاوی ســاردی تــۆ
ئەکــــەم هــــەتا هــــەم شــیوەن و ڕۆ ڕۆ
میــوەی بەهەشــــت بــــوو تــــامی میوەکــەت
کەوســــەر بـــوو کــانی وچــەم و شــیوەکەت
ئێــران وعێـــراق چــاویان لــــە تــۆ بــوو
مــــردووش لـــەناوتا بـــەرەنگ وبــۆ بـــوو
ســـەد دڵـــی سیســـت گـــەش ئـــەکردەوە
ســـەد خـــەمت لـــەبیر مـــن ئـــەبردەوە
شــاری غەزنــە بــووی بێجگــە لــە خۆشــیت
خۆشــی بــوو ســەرپاك دەردو نەخۆشــیت
پێنجــوین بــە بــێ تــۆ نزیکــە مــەرگم
لوبنــان شــکێن بــووی داخــی بەجــەرگم
تــازە وەکــو کــەو خاڵــت ڕشــتبوو
شــارانی تــرت بــەداخ کوشــتبوو
لیــوا لــە چــاو تــۆ وێرانــە دێ بــوو
حــە کیم بـووی دەوای ســەد دەردت پــێ بـوو
جــار بــە جــار ئــە ڵێن غــەزەبی خوابــوو
دۆعــــای خاســــان وشــێخ و مــــەلابوو
خۆتــۆ بــە تــەنیا بــە قــەد کوردســتان
بــۆ خاســانی خــوا بــوو بوویتــە بێســتان
بێجگــە لەوانــەش هــەتا دوو هــەزار
بــە خێــوت ئــەکرد فــەقیر و هــەژار
هــەر چــاوی چــڵکن کــاری تــێ کــردی
وەك تــیری قــودرەت لــە نــاوی بــردی
ئێمــەش بــەجارێ بەخۆشــی تــۆوە
هــەر بەسەرخۆشــی ئەچــوین بــەرێوە
بــێ خــەم و مــەراق وەخــتی ئێــواران
ئەچـووینە چـوار بـاخ پـۆل پـۆل بـۆ سـەیران

بێ عەرەق مەست بووین، بێ شەراب سەر خۆش
ژن و پیاو یەکسەر خۆش خۆر و تەڕ پۆش
وا ئەمڕۆ قەدری خۆشیت ئەزانین
کەوا پەرگەندەو بێ خانەو لانین

پێنجوین بەبێ تۆ نزیکە مەرگم
لوبنان شکێن بووی داخی بەجەرگم

نەك هەرمن تەنیا پڕ داخ و دەردم
نەك هەرمن تەنیا هەناسە سەردم
هەرکەسێ ڕۆژێ کە تۆی بینیوە
وەك فەنەر قەف قەف پشتی چەمیوە
عێراق بە جارێ بە شار و دێوە
ماتەم باری تۆن بە نێرو مێوە
منیش بە قەدەر گشت ئەنحای عێراق
وا لە سەر شانم ماتەم و مەراق

پێنجوین بەبێ تۆ نزیکە مەرگم
لوبنان شکێن بووی دا خی بەجەرگم

لە ئەنجامی ئەو بومەلەرزەیەدا ئاوی چەمی زەڵم ووشك بوو بۆ ماوەی (بیست) دەقیقە، لە پاشان کە بەربووەوە وەك ڕوخانە سورەی بەهار چەمەکە ئەم بەر و ئەو بەر شەپۆلی دەدا، ئاوەکە هەمووی قوڕاو بوو هەروەك ئاوی بەهار، کاتیش سەرەتای مانگی (ئاب) بوو، هەرچی مەنجەڵە دۆ و مەنجەڵە کەرە لەم بەر و لەو بەری ئاوەکە دانرابوو هەمووی ئاو بردی، هەندێك لە شاخەکانەوە بەرد هاتنە خوارەوە، لەو کاتەدا من و دایکی محمد لەبن دار گوێزێك دا نوێژی مەغریبمان دەکرد لە قەراغی جۆگەکەدا، ئاوی حەوزەکەی بەردەممان هەڵدەقولا، لەو کاتەدا بەردێکی گەورە لە شاخەکەوە کەوتە خوارەوە دای لەو قالیەی کە دامان خستبوو، هەموو رۆژێك لە پاش نوێژ من و دایکی محمد نانمان لەسەر دەخوارد، بەردێکی تری گەورە لە شاخەکەوە کەوتە سەر کەپرەکەمان هەرچی شتی تیایا بوو هەمووی لەناوچوو، لەم شوێنەدا لە زەمانی شێخ حسام الدین کەپریان دەکرد بۆ ژنەکەی کە پێیان دەگوت ژوری حەرەم (کەیبانو)، خەڵکی ئەو کاتە دەیان وت لەناو صەد و پەنجا ماڵ دا لە زەڵم بۆیە ئێوە

زەرەرمەند بوون چونکە ئەوە جێگەی ژنەکەی شێخ بوو ئێوە کردبوتان بە کەپر بۆ خۆتان، خوا لەو شوێنەدا تۆڵەی لێ سەندن بەو بەردە کە کەوت بەسەر کەپرەکەتاندا، لە جیاتی ئەوەی بڵێن ئەمە قەزا و قەدەر بوو کە من و دایکی محمد سەلامەت بووین، ئەگەر چەند دەقیقەیەك بومە لەرزەکە دوا کەوتایە من و دایکی محمد ئەچووینە ژێر کەپرەکەوە بۆ نان خواردن و دەبووین بەژێر بەردەکەوە، لەپاش سێ چوار ڕۆژ دایکی محمد دووپشك دای بەدەستیەوە ئەوەشیان کرد بە ئیشی شێخ حسام الدین.

چونکە لەجێگەی ژنەکەی شێخ کەپری کردوە، شێخ بەو دووپشکەی وتوە کە بچێ بیدا بەدەستییەوە. ئیتر نەیان ئەوت کە جێگە کەپری باپیرەگەورەم بوو پێش زیاتر لە (١٠٠) ساڵ.

دانیشتوانی زەڵم باوەڕیان وابوو کە ئەگەر شێخ ئارەزوو نەکات باران نابارێت، تۆوی کشتوکاڵ ناڕوێت، لایان وابوو شێخ دەتوانێت مردوو زیندو بکاتەوە.

ئەم موسڵمانە کوڵەوارانە بەم جۆرە شەریکیان بۆ خوا قەرار دەدا بەبێ ئەوەی بزانن مانای وتەکە چییە.

من کە ئەم باسانە دەگێڕمەوە لە بارەی شێخ حسام الدین، یان هەر شێخێکی کەوە، مەبەستم ئەوە نیە کە ئەو شێخانە بە کەم بزانم، یاخود شێخایەتی و تەصەوف لەلام ڕاست نیە، ڕێبازی تەصوف دەبێت هەموو موسڵمانێك لەسەری بڕوات، چونکە بریتییە لەوەی کە مرۆڤ هەردەم لایەنی خوا زیاتر بگرێت لەلایەنی دونیا، تەصەوفی ڕاستەقینە ئەوەیە کە مرۆڤ واز لە دونیا بێنێت بۆ ڕەزامەندی ئاخیرەتی، هەروەك وتویانە دونیا و قیامەت دوو هەوێنن لە هەرکامیان نزیك بیتەوە لە ئەوی تریان دور دەکەویتەوە، ئینجا شێخایەتی و تەصەوف ڕاستە لە ئیسلام دا، بەڵام نەك بەو جۆرەی کە هەندێ شێخ شێخایەتی و تەصەوفی دەکرد بەدەستمایە، بەبۆنەیەوە بەخۆشترین ژیان بژین، یان خۆیان واڵێ بکەن کە چەندەها پیاوی پیر دەست و قاچیان ماچ بکەن، بیروباوەڕێکی وایان هەبێ کە ئەوان بتوانن لەژیانی دنیا بیان پارێزن، لە نەخۆشی چاکیان بکەنەوە، لە ڕۆژی قیامەت دا شەفاعەتیان بۆ بکەن.

شێخەکانی هەورامان ئەوانەی پێشوو وەکو: شێخ سراج الدین، شێخ ضیاء الدین، شێخ بهاءالدین، شێخ نجم الدین، شێخایەتییەکەیان هەمووی بۆ خوا دەکرد بەپێی ئاینی ئیسلام، هەوڵیان نەئەدا بۆ دەوڵەمەندی و بۆ موڵك کڕین و بۆ ڕابواردن و خۆشی دونیایی.

بۆ نمونە شێخ ضیاءالدین خوا دەرەجاتی عالی بکات جارێك نەصرەدین شاهەنشاهی ئێران چەند کسێك دەنێرێت بۆ لای، پێی دەڵێت: خانەقاکەت زۆر فەقیرە، صۆفییەکانت زۆر بە هەژاری دەژین، لەبەرئەوە ڕازی ببە تاوەکو موچەیەك ببڕمەوە بۆ خانەقا.

شێخ ضیاءالدین ئەم شعرە دەنوسێت بۆ نصرالدین شا:

مـــا أبـــروی فقـــر و قناعـــت نمیـــبریم
أی تل به شـاه بگـو کـه روزی مقـرر أسـت

واتە: من ئابڕوی فەقیری و قەناعەت نابەم ئەی وەفد بەشا بڵێن کە ڕزقی ژیان خوا بڕیاری داوە لەسەری.

کاك عبداللە کانی مارانی بۆی گێڕامەوە وتی: قوتابی بوم لـە دێکـەی خۆمـان لـە پـۆلی دووەمی ناوەندی دا، پیاوێکی ئێرانی بوو بەمیوانمان، دوو کەلـە شـەکری گـەورەی هێنـا بـوو لەگەڵ (١٠) تمەن پارە دەی برد بۆ شێخ علاءالدینی زینویّ جلەکانیشی دڕابون، منیش پێم وت: شێخ علاءالدین خاڵی منە کـە تـۆ دەچـی بـۆ لای بۆچـی پارەکـەت نـادەی بـە چـۆغە و ڕانکێکی تازە لەبەری بکەیت، دوکەلە شەکرەکەشت بدەیت بە منداڵەکانت بیخۆن بەچاییەوە؟
ئەویش وتی: بۆ ئەوە ئەچم بۆ لای شێخ کە لەکاتی سەرەمەرگ دا فریام بکـەوێت شـەیتان ئیمانەکەم نەبات، ئەو شەوە لەوێ بوو بۆ بەیانی کاتێ ڕۆیشت پێی وتم: لەگەڵما وەرە تاوەکو لە ئاوایی دەردەچم نەوەك پۆلیسەکان بمگرن چونکە مـن ئێـرانیم، منـیش وتم: ئەگـەر شـێخ علاءالدین نەتوانێ ڕزگارت بکات لەدەستی ئەو پۆلیسانە چۆن دەتوانێ ڕزگارت بکـات لـە دەستی شەیتان؟ کابرا وەستا و بیری کردەوە وتی: بەخوا ڕاست دەکەی وتـی دەچـمەوە ماڵـەوە دوو کەلە شەکرەکەش دەفرۆشم بەئێوە.
شایانی باسە هەموو شتێك بە میرات لـە باوکـەوە دەچـێت بـۆ ڕۆڵـەکانی تـەنها دوو شـت نەبێ:
یەکەم: زانین و زانیاری، من ئێستا کـە حـەوت بڕوانامـەم هەیـە پـێم دەوترێـت پرۆفیسـۆر ئەگەر مردم ناچێت بۆ منـاڵەکانم، هیچ کوڕێکم ناتوانێ لەجێگای من دانیشـێت لـە زانکۆدا ئەو دەرسانە بڵێتەوە کە من دەیلێمەوە، ئێستا ئەمـە شـتێکی ئاشـکرایە بـۆ هەموو کەس.
دووەم: شێخایەتی، شێخایەتی بریتییە لە تەصەوف کـە هـەمووی نزیـك بونەوەیـە لـەخوا، خـوا پەرسـتییە، سـاڵەهای سـاڵ مـرۆڤ تەصـەوف پەیـدا دەکـات، بەڵام نـازانم چـۆن بـەمیرات ئـەڕوات بـۆ کوڕەکـانی، کـوڕە شـێخی وا هەیـە لـەماوەی هـەموو ژیانیـدا نوێژێکی نەکردووە یان بە ئارەق خواردنەوە ڕۆژی بەسەربردووە، کەچی پـێش مردنـی

وەسیەت دەکات لەجێگەی خۆی دابنرێت، بە قودرەتی قادر لە ماوەی شەو و ڕۆژێك دەبێت بەشێخی تەریقەت و ئیرشاد.

هادی چاوشلی و بومەلەرزەکە:

هادی چاوشلی پیاوێکی پیاوانە بوو، بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ بوو، مرۆڤێکی زۆر ڕاست بوو، زۆر بایەخی دەدا بەدادگەری، بۆ نمونە کابرایەکی توقیف کرد بۆ ماوەی (٤٨) کاتژمێر، ئەو ماوەیە کات ژمێر سێی شەو تەواو بوو، بەفروبارانێکی زۆر بوو، لە ماڵی خۆیان هەستا چوو بۆ قەڵاکەی خورماڵ دەرگای ژورەکەی کردبووەوە و بەکابرای وت بوو ماوەکەت تەواو بوو، ئەویش زۆری لێ دەپاڕێتەوە دەڵێت جەنابی مدیر بەگ ئێستا بەم شەوە و بەم بەفرە بچمە کوێ با بمێنمەوە تا بەیانی سبەینێ زوو دەردەچم، ئەویش دەڵێت: شتی وا نیە من ئەو سەر پێچییە ناکەم لە پاش تەواوبوونی ماوەکەت بتهێڵمەوە لە بەندیخانە دەبێت هەر بێیتە دەرەوە، ئینجا دێتە دەرەوە کابرا دەهێنێتەوە بۆ ماڵی خۆیان تا ڕۆژ دەبێتەوە.

بەیانی نان و چایی دەداتێ و دەڵێت خوات لەگەڵ بێت، هەر لەو کاتەوە کوردێکی زۆر پاك و دڵسۆز بوو بۆ گەل تا کاتێك بوو بە بەڕێوەبەری گشتی (مدیر عام) لە شالیاری ناوخۆیی (وزارة الداخلية) لە ساڵی ١٩٧٤دا، ڕۆژێك ئاگری جگەری کوردایەتی دەگرێت دەچێت بۆ کوردستان ئەوکاتە بنکەی کوردەکان لە حاجی هۆمەران بوو مەکتەبی سیاسی لە چۆمان بوو، دەچێ بۆ ئەوێ بۆ خزمەتکردن: دەڵێت: کاتێك ڕۆیشتم بۆ ئەوەی نەیەمەوە چووم بۆ مەکتەبی سیاسی، لەوێ پێیان وتم: مامۆستا لەچی دەگەڕێیت؟ وتی: منیش لەدڵی خۆمدا وتم دەستم بشکێت بۆ هاتنم، دوای نانی نیوەڕۆ یەکسەر گەڕامەوە بۆ بەغدا.

ئینجا بگەڕێینەوە سەرباسی بومەلەرزەکە، ئەم (مدير ناحيه)یە بیستبووی بوومەلەرزەیەك لە زەڵمی داوە و تەنها مەلای دێیەکە زیان پێ گەیشتووە، ئەویش لەگەڵ کاتبەکەی بەپێ بەو هاوینە گەرمە هاتن بۆ زەڵم بۆ ئەوەی بزانێت چەند زیانم لێ کەوتووە و بینووسێت بۆ میری و بۆم ببژێرن و قەرەبووی بکەنەوە.

کاتێك گەیشتنە ئەوێ من دەرسم دەوتەوە، لە حوجرەی فەقێیەکان دانیشتن ئاو و دۆیەکی ساردیان خواردەوە، من ویستم دەست لە دەرس وتنەوەکە هەڵگرم، ئەمویش وتی: پێم خۆشە گوێ بگرم دەرسەکە تەواو بکە، دەرسی (منهاج)م دەوتەوە لە فقهی شافعیدا، بابەتی وانەکە ئەوەبوو کە مرۆڤ بەچی (فاسق) دەبێت، یەکێك لەو شتانەی لە کتێبەکەدا نوسرابوو

هەرکەسێك سەری خۆی ڕوت بکات (فاسق) دەبێت، کاتبەکەی مدیر وتی: باشە خۆ مدیر بەگیش سەری ڕوتە!

وتم: تۆش و مدیر بەگیش هەردووکتان فاسقن چونکە سەرتان ڕوتە، مدیر هیچ تێك نەچوو، زەردەخەنەیەك گرتی، ئینجا بە دواکەوتویی من پێکەنی، من تێنەگەیشتنم لە ئایینی ئیسلام لەبەر ئەو بێ ئەدەبیەی کردم لەبەردەم دڵسۆزێك کە سەعاتە ڕێیەك بەپێ بەو گەرمایە هاتووە بۆ ئەوەی بزانێت بومەلەرزەکە چەند زیانی لێ داوم بۆم ببژێرێت، کاتێك کە ئەم وتە ناشیرینەو چەند شتێك کە لەکاتی تێنەگەیشتن و دواکەوتوویی خۆم بیردێتەوە لە تەریقیدا هەموو گیانم ئەبێت بە ئاو.

من کە پێیان دەوتم دوانزە عیلمە نەمدەزانی بۆچی ئەوەندە دواکەوتوو بووم، نەمدەزانی کەئیسلام تەمەشای دیمەنی ئینسان ناکات بەڵکو تەماشای دڵ و دەروونی دەکات، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (إن الله لا ينظر إلى صوركم وإنما ينظر إلى قلوبكم)، واتە: خوا تەماشای دیمەنتان ناکات بەڵکو تەماشای دڵ و دەرونتان دەکات.

هەروەها شێخی سەعدی دەڵێت:

(درويش صفت باش كلاه تترى دار).

واتە: با ڕەوشتت هی پیاوی باش بێت و کڵاوی تەتەر بکە سەرت.

مەبەستی لە دەروێش پیاوچاکە و مەبەست لە تەتەر ئەو نەتەوەیە بەناوبانگن بە خراپی.

بەداخەوە بەشێك لەو مەلایانەی کە خوێندنی مزگەوتیان تەواوکردوە زۆر درەنگ بە ژیری لە ئاین و جیهانیش دەگەن، ئەمەش لەبەر ئەمەیە:

یەکەم: خوێندنەکەی لەبازنەیەکی دیاریکراودایە، بە درێژایی ساڵ ئەو شتەی کە خوێندوویەتی دەیلێتەوە بە فەقێیەکان بەبێ ئەوەی بزانێت ئەم خوێندن و ئەم دەرس وتنەوەیە بۆچی باشە لە چیدا بەکاردێت، ئەو جۆرە خوێندنەش جگە لە فەرمودەکانی خوا و پێغەمبەر هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ لەمەو پێش هەر لەسەر ئەو ژیرییە کۆنە دەڕۆن.

دووەم: من خۆم (دە) ساڵ مەلایەتیم کردوە، جاران بەشێوەیەکی زۆر وابوو مەلا لەهەر شوێنێك لەناو چەند کەسێکدا دانیشتبایە ڕێگەی نەدەدا بەیەکێکی تر قسە بکات، دەبێ دانیشتوەکان گوێ بگرن ئینجا قسەکەی تەواو بێت یان ناتەواو دەبووایە ئەوان (بەڵێ)یان بکردایە، خۆ ئەگەر خوا نەخواستە یەکێك بیوتایە ئەم وتەیە ژیری پەسەندی ناکات گورج خۆی سور دەکردەوەو گرژ دەیووت تۆ کافری، بەمەش ئەوەی

هەیەتی لە زانیاری دەیدات بەیەکێکی تر هیچ کات نایەوێ فێری شتێکی تازە بێ لە یەکێکی دیکەوە، بەپێچەوانەی ئێستاوە کە مامۆستای ئایینی زۆرباش و شارەزاو پسپۆڕ هەیە کە بڕوانامەی دکتۆراو ماستەریان هەیەو ئاگاداری هەواڵی ڕۆژانەو ڕەوشی دونیان.

پەیوەندیم بە عبداللە خانەوە:

لە سەرەتای مانگی ٣/١٩٤٧ عبداللە خان ناردی بەشوێنمدا چووم بۆ دزلی، کاتێك لەگەڵ دوو پیاو ماقوڵ ڕۆشتم گەیشتمە بەردەمی ماڵەکەی، هاتە دەرەوە زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکردم و ئەملا و ئەو لای ماچ کردم، لەپاش حەوانەوە و نان خواردنی نیوەڕۆ بردمیە ژوورێك وتی: بۆیە ناردومە بە دواتا کە لە ئەمڕۆ بەدواوە ببین بەبرا هەر چییەکم هەیە بەشی ئەکەم لەگەڵت بە مەرجێك لایەنگیری خزمەکانت نەکەی، وتی: من باخەکانی زەڵمم گرتووە بە ئیجار، خزمەکانت ئەگەر ویستیان لەمنی ئیجار بکەنەوە وەیا بۆ خۆم پیاو ئەنێرم بەرهەمەکەیان کۆ بکەنەوە، منیش وتم: حەفتەیەك مۆڵەتم بدە وەڵامەکەت دەدەمەوە.

کە گەڕامەوە بۆ زەڵم پاش دوو ڕۆژ بە هەموو ئامۆزاکانم وت: ئێوارە لەماڵی ئێمە نان دەخۆین هەندێ شت هەیە ئەمەوێ باسی بکەین، کاتێك نانی ئێوارەمان خوارد وتم: مەرد ئەوەیە بە مەردایەتی بژی بە مەردایەتی بمرێ زۆر نارەوایە بۆ ئێوە کە پێتان دەڵێن باخەوان نان خۆری حەمیدەخانن ئەوەی عبداللە خان بەمنی وت بوو دەقا و دەق بۆم گێڕانەوە، وتیان: چار چییە؟

وتم: سبەینێ هەموتان لەگەڵم وەرن بچین بۆ بیارە بۆ خزمەتی شێخ علاءالدین، جۆگەی (دەیمەجۆ) لە ئەحمەدئاوا بە ئیجار بگرین بیکەین بە توتن و مەرەزە بۆ ئەوەی بەرهەمەکە بکەینە هۆی ژیانی ئەمساڵمان، هاوین لەناو دێکەدا بمێنینەوە نەچینە ناوباخەکان، هەندێ چەکمان هەیە خۆمانی پێ بپارێزین، خزمەکانم لە وەڵامدا هەندێکیان ڕاکەی منیان زۆر پێ خۆش بوو، هەندێکی تریان لە شەخصی عبداللە خان و سزادانی شێخ حسام الدین ئەترسان، هەر جۆر بوو ئەوانەی لە دژی بیروڕاکەی من وەستان کە پیرەکان بوون پێیان وابوو بەم کارە کافر دەبن چونکە ئەوان موریدی شێخ حسام الدین بوون بەچوونی ئێمە بۆ لای شێخ علاءالدین لە بیارە هەڵدەگەڕانەوە لە شێخ حسام الدین، ئەم دوو شێخە لەوکاتەدا ناکۆك بوون.

من بەپیرەکانم وت: ئەم ڕۆشتنە مانای ئەوە نیە ئێوە لە موریدی شێخێك وازبهێنن ببن بە موریدی شێخێکی تر.

ڕۆژی دوایی چوین بۆ بیارە لەگەڵ (١٥) کەس لە پیر و گەنجەکان، ڕێگەی بیارە بەگوڵپدا دەڕوات، کاتێك گەیشتینە گوڵپ ئەوانەی قسەکەی منیان بەدڵ نەبوو وتیان بچین بۆ لای شێخ محمد کە کوڕی گەورەی شێخ حسام الدین بوو بەڵکو چارەسەرێکی ئەم ئیشەمان بۆ بکات پێویستمان بە بیارە نەبێ، منیش ئەم زانی هیچ سوودی نیە بەڵام لەبەر دڵی ئەوان لەگەڵیان ڕۆیشتم، شێخ محمد وتی: ئەم ئیشە لە لای من نیە بڕۆن بۆ لای حەمیدەی خوشکم لەگەڵ ئەو ڕێك بکەون. حەمیدەش لە باخە کۆن بوو، کە لەو ڕێگەیەوە نزیك بوو. کاتێك لە گوڵپ دەرچوین بەرەو بیارە کۆنە موریدەکانی شێخ وتیان بابچین بۆ لای حەمیدەخان، منیش هەرچەند وتم سودی نیە خۆتان سوك مەکەن بەڵام بەقسەیان نەکردم، هەندێکیان ڕۆیشتن بۆ باخەکۆن، منیش چاوەڕێم کردن، کاتێك گەیشتنە لای لێیان بوو بە دەمەقرە، هاتنەوە وتیان لەگەڵمان ڕێك نەکەوت، ئێمەش کەوتینە ڕێ بەرەو بیارە، کاتێك گەیشتین چوین بۆ لای مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس لەگەڵمان هات بۆ لای شێخ علاءالدین، لە پاش ئەوەی هەموو شتێکم باس کرد بۆ شێخ.

شێخ فەرموی: ئەم ساڵ جۆگەکە بەبێ ئیجار دەتان دەمێ بەڵام ساڵێکی تر دەتان دەمێ بە ئیجار، چونکە ئێوە ستەمتان لێ دەکەن من دەمەوێ یارمەتیتان بدەم.

لەو کاتەدا وتم: جەنابی شێخ ئەم ساڵ بە ئیجار وەری دەگرین، ئەگەر پیاو دەرچوین ساڵێکی تر بەخۆڕایی وەری دەگرین.

من ئەمەم وت چونکە دەترسام لە ئەنجامدا ئەم ڕێگەیەی من گرتوومە عبدالله خان لێم تێك بدات، کە هەرواش بوو، لەسەر ئەوە ڕێ کەوتین کەپێنج یەکی بەرهەمەکەمان بۆ ئەو بێ و گەڕاینەوە بۆ زەڵم، دوای دوو هەفتە جۆگەکەمان جۆماڵ کرد دەستمان کرد بە جوت کردنی بۆ توتن و مەرەزە و کشتوکاڵی تر لەوانەی کە بەراو بوو، ڕۆژێك عبدالله خانی دزلی سێ چوار پیاوی ناردبوو لە بەرزاییەکەوە کە پێیان دەوت (بابا زەردەڵە) لە ژووروی جۆگەکەوە جوتەکانیان دایە بەر شێلکی تفەنگ جوتە گایەکیان کوشتین.. شەویش چووبوونە (ئەحمەد ئاوا) لەوێ خاڵە صالح کە خزمان بوو یارمەتی دەداین لەوێ دابوویانە بەر خەنجەر.

جارێکی تر عبدالله خان ناردی بەشوێنمدا، لەگەڵ دوو پیاوی زەڵمدا چووم بۆ دزلی بە لالوتێکەوە بەخێرهاتنی کردم وتی:

(ئەگەر وەرو ئا پەڕۆ چەرمەیە نەبوو ئینا سەرەتۆ من پەنابادێ وم جەکیس مشۆ).

واتە: ئەگەر لەبەر ئەو مێزەرە سپیەی سەرت نەبێ من نیو قرانی ئێرانیم لەکیس دەچێت. کە ئەو کاتە گوللەیەکی تفەنگ بە نیو قران بوو، مەبەستی ئەوە بوو بە گوللەیەك تەواوت دەکەم.

وتم: هیچ منەتت نەبێ، هەل لەمە باشترت بۆ ڕێك ناکەوێت بەپێی خۆم هاتومەتە دیوەخانەکەت، من ئەگەر توشی کارەساتی وا بووم بەدەست تۆوە لەلای خوا شەهیدم، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (من قتل دون ماله فهو شهید)، واتە: یەکێ بەرگری شەرعی بکات لە ماف و ماڵی خۆی ئەگەر لەسەر ئەوە کوژرا ئەوە شەهیدە.

لەپاش هەفتەیەك لەبەردەرکی ماڵەکەی خۆماندا لبادێکمان ڕاخستبوو، لەبەر هەتاو دەرسم دەوتەوە بە مەلا محمد مەلا حمید پشدەری کە هەموو جارێ پێی دەوتم: زەڵم بەجێ بهێڵە بچۆ بۆ پشدەر، لەوێ دێیەکی باش هەیە کە پێی دەوترێت (سەرسیان). لەو کاتەدا عبداللە خان بەخۆی و بە چەند پیاوێکەوە هاتن بەلای ماڵەکەی ئێمەدا ڕۆشتن دەچوون بۆ عەبابەیلێ بۆ ماڵی شێخ کریم بۆ (تەعزێ)، کە هات بەلاماندا ڕابورد سەلامی نەکرد، نە خۆی و نە پیاوەکانی، منیش لەبەری هەڵنەسامەوە، گەیشتە ماڵی حاجی حمە جان کە ئەویش یەکێك بوو لە خزمە نزیکەکانم لە دایکەوە، لە پاشان پیاوەکانی دێیەکە ئەوانەی لەوێ بوون نەچووبوون بۆ ئیش، چوون بۆ لای خان لە ماڵی حاجی حمە جان.

منیش بیرم کردەوە وتم: فەقێ با ئێمەش بچین بەڵکو چونەکەمان خێری پێوە بێت.

شایەنی باسە ئەو چوونە گەورەترین خێری هەبوو، کاتێك چووینە ژوورەوە لەماڵی حاجی هەموو دانیشتبوون، عبداللە خان و خزمەکانم، عبداللە خان لەبەرم هەڵنەسایەوە خزمەکانیشم هیچیان هەڵنەسان، لەبەرئەوە پێنج دەقیقە دانیشتم و هەڵسام هاتمە دەرەوە، ئەوەندە ڕقم لەخۆم و لە خزمەکانم هەڵسا، لەوێوە دابەزیمە خوارەوە سەرەنوێلکێك هەبوو ئاگام لەخۆم نەبوو بەناو سەرەنوێلگەکەدا ڕۆشتم بۆ ماڵی خاڵە صالح، جبە و کەواکەم هەمووی پیس بوون، وتم خاڵە سێ دینارم بدەرێ بە قەرز، وتی بۆ چیتە؟ وتم: دەمەوێت لە داخی ئێوە سەرم هەڵگرم، ئەویش پارەکەی پێ دام هەرچەند قسەکەمی پێ ناخۆش بوو، گەڕامەوە ماڵەوە وتم بە دایکی محمد تۆ بڕۆ بۆ سلێمانی بۆ ماڵی خوشکت خوالێخۆشبوو (حەیات) ژنی (حمە خالد) کە یەکێك بوو لە پیاوە دەوڵەمەندەکانی سلێمانی تا من دوایی دێم بەدواتا.

چوونم بۆ پشدەر:

لەگەڵ مەلا محمدی مەلا حمید چووین بۆ پشدەر، چوینەماڵی ئیسماعیل ئاغای رەسوڵ ئاغا لە سەرسیان، شەو لە دیوەخان لە پاش نان خواردن وتی: مامۆستا خێرە هاتووی، وتم: هاتووم ببم بە مەلای تۆ.

وتی: جا نە ئەتناسم نە ئەمناسی چۆن هەروا لە رێوە بەڵێن بدەم بەتۆ بۆ ئەوەی ببیت بە مەلای دێیەکەمان.

منیش وتم: ئاغا پیاوی ژیر بەیەك کاتژمێر پیاو ئەناسێت، من دوو رۆژ لێرە دەمێنمەوە لەلات هەموو شەوێك لە دیوەخان نان دەخۆین و بەهەوەسی خۆت چی لەدڵتدایە پرسیارم لێ بکەن ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێت من بە کەڵك دێم بۆ مەلایەتی یان بە کەڵك نایەم.

ئاغا وتی: بەراستی وتەکەت زۆر جوانە، هەر لەم قسەیەوە بۆم دەردەکەوێت کە تۆ بەکەڵکی ئێمە دێیت.

لە پاشان رۆژێك ماینەوە نەك دوو رۆژ خوا وای کرد من چوومە دڵی ئاغاوە بەجۆرێکی وا پێی وتم خۆم دێم لەگەڵتدا بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی ژن و ماڵەکەت بهێنیت بۆ ئێرە نەوەك پەشیمان ببیتەوە، وتم ئاغا دڵنیابە بەززوترین کات دەگەڕێمەوە بۆ لات، چومەوە بۆ سلێمانی ناردمان بۆ زەڵم ئەوەی هەمان بوو پێویست بوو هێنایان هاتین بۆ (سەرسیان) بووم بە مەلای ئەوێ.

خانووەکەی مەلای پێشوو:

ئەو رۆژەی گەیشتینە سەرسیان شەو میوانی ماڵی ئاغا بووین، رۆژی دوایی بردینیان بۆ خانوەکەی مەلای پێشوو کە بریتی بوو لە دوو ژوور، ژووری دەرەوەی جێگەی خەوتن و دانیشتن بوو، ژووری ناوەوەش جێگەی مانگا و گوێرەکە بوو.

چونکە لەوێ وەهابوو ئەو جۆرە خانوانە کە مەڕ و ماڵاتەکە لە ژوورەکانی ژوورەوە دەبوون و خۆشیان لە ژووری دەرەوە دەبوون، لەبەر دزو جەردە.

کاتێك کە دەرگای ژووری مانگا و ئاژەڵەکانمان کردەوە دیمان نیو مەتر پاشەڕۆی ئاژەڵی تیادایە ووشك بووەتەوە، ئەو ژوورەش سواغ درابوو بە سەنێر بۆ ئەوەی ئاژەڵەکان سەرمایان نەبێت بە زستاندا.

ئەم ماڵە نموونەی ماڵی ئەم ناوچەیە بوو، هەمووی پیس و پۆخڵ بوو، هەروەها دیبیەکە کە لە ناوی زێی بچوکیان دەخواردەوە کە شەش مانگ لە ساڵەکە دا هەمووی قوڕاو بوو، کە من و دایکی محمد چووینە خانووەکەوە هەموو شەوێك دوای کاتژمێر (١٢)ی شەو دەستمان دەکرد بە فڕێ دانی ئەو پیسیەی لە ژوورەکاندا هەیە. لە نزیك ماڵەکەوە گڵە چاڵێك هەبوو خاکەکەی سپی بوو لە پاش ئەوەی ماڵەکەمان پاککردەوە لەو گڵە سپیەمان دەهێنا دیوارەکەمان پێ سواغ دەدا، لە دوایدا کە خەڵکی گوندەکە دەهاتن سەریان سوردەما لە پاك و خاوێنی ژوورەکە.

کورتەیەك لە ژیانی ئیسماعیل ئاغا



ناوی ئیسماعیل کوڕی رەسول کوڕی حەسەن ئاغایە، لە ١٩٠٠/٧/١ لەدایکبووە، ئیسماعیل ئاغا لەمناڵداڵیەوە کەسێکی دیندار بووەو تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کردووە هەردەم بەدڵسۆزییەوە خزمەتی مزگەوتو مامۆستایانی ئاینیو حوجرەو مەدرەسەی کردووەو، هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ مەلای بەناوبانگ پەیدا بکات بۆ مزگەوتی گوندی سەرسیان، لەو مامۆستایانەشی لێرە خزمەتیان کردووە لەمزگەوتی سەرسیان مەلا سلێمانو مەلا سەعدیو مەلا عوسمانی گولە(یەك دەست) کەئەم بەڕێزانە ئێستا لەژیاندا نەماون، یەکێکی دیکە لەو مەلا باشانەی لەمزگەوتی سەرسیان فەقێیان هەبووە دکتۆر مستەفا زەڵمی بووە کە ماوەیەك لەم گوندە خزمەتی کردووە لەرووی

ئاینیی و دنیاییەوەو ئێستاش قسەکانی ئەو لەگوێی خەڵکدا ئەزرنگێتەوە بەتایبەت مەلاکانی دەوروبەری سەرسیان.

ئیسماعیل ئاغا پیاوێکی بالاّ بەرزی گۆچان بەدەست بوو، هەردەم بەگۆچانەکەی هەڕەشەی لەو کەسانە دەکرد کەنەچوون بۆ نوێژی جومعە، خۆشەویستی خەڵکی نەك تەنها گوندەکە بەڵکو خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکە بوو.

هەرچەندە ئیسماعیل ئاغا خۆی نەخوێندەوار بوو بەڵام زۆری حەز دەکرد خەڵکی بخوێنێت و هاندەرو پشتیوانێکی گەورەی خوێندنی مزگەوت بوو، مامۆستای باشی بۆ ئامادە دەکردن، بەهۆی مامۆستا مستەفا زەڵمییەوە حەسەنی کوڕی نارده خوێندنی قوتابخانە لەسەنگەسەرو توانی خوێندن تەواو بکات و دواتریش لە بەغدا لیسانس لە قانونـدا بەدەست بهێنێت.

حوجرەی فەقێ:

لەپاش ئەوەی کە چوومە سەرسیان مەدرەسەیەکیان بۆ پێکهێنام، هەندێ فەقێی باش هاتنە لام چونکە هەرکەسێك لە وڵاتی خۆی بچێتە شوێنێکی تر بەنرختر دێتە بەر چاو.

منیش دەستم کرد بە تەدریس، یەکسەر ئەو کتێبە گرانانەم دەوتەوە وەك کلنبوی(بورهان) لە علمی منطق، (جمع الجوامع) لە عیلمی (أصول الفقه)، (مطول) لە عیلمی بلاغە.

بەڵام لەبەرئەوەی کە یەکەمجار بوو ئەم کتێبە گرانانەم بەدەرس دەوتەوە، ئێوارە دوای مەغریب نەمدەوێرا نان بخۆم لەبەرئەوەی خەو نەمباتەوە، هەروەها قۆرییەکەم لە قەراغی ئاگرەکە دادەنا لەجیاتی چا قاوەم تێ دەکرد، هەر جارێك هەستم بکردایە بەخەو پیاڵەیەك لەو قاوەیەم دەخواردەوە ئینجا خەوەکەم دەڕۆشت، زۆر جار نزیکی (١٢)ی شەو نانی شێوانم دەخوارد کە سارد بوو، لەسەری دەنوستم لە پاش ماوەیەك تووشی نەخۆشی گەدە بووم. بەڵام لەبەرئەوەی زۆر ئارەزووم لە تەدریس بوو گوێم بەهیچ نەدا.

دەرس وتنەوەی مزگەوتەکان لەو کاتەدا زۆر گران بوو، بەڵام بەداخەوە زۆر مەلای زیرەك بە ساڵان دەرسیان دەوتەوە، لە دواییدا کۆچی دواییان دەکرد بێ ئەوەی شتێك بەجێ بهێڵن بۆ میللەتەکەیان، یان هیچ جۆرە پێشکەوتنێك لە ژیانی دا نەبوو بەڵکو کۆمەڵێك ماددەی قورسی بەدەرەس دەوتەوە و هیچی نەئەبەست بەژیانی کۆمەڵایەتییەوەو هیچ پاڵپشتێکی ماددیی و مەعنەویان نەبوو جگە لەدڵسۆزی خۆیان.

بابەکری سەلیم ئاغا:

سەرۆکی هۆزی میراودەلیەکان (هۆزی پشدەر) بوو، پیاوێکی زۆر ژیر و سیاسی بوو، بەڵام خوێندەوار نەبوو، پەیوەندیەکی زۆر بەهێزی هەبوو لەگەڵ ئینگلیز، لە رۆژێکەوە کە ئینگلیز لە عێراقدا بوو هەمیشە نوێنەری ئینگلیز بوو لە پشدەر، هەموو مانگێك دەچوو بۆ کەرکوك سەری لە بەڕێوەبەری نەوتەکە و نوێنەرەکانی ئینگلیز دەدا.

لەپاش مانگێك لەچوونم بۆ سەرسیان، ئێوارەیەك دوای نوێژی مەغریب پێیان وتم: (بابەکر ئاغای سەلیم ئاغا) کە خەزوری ئیسماعیل ئاغایە لە کەرکوك گەڕاوەتەوە لای داوەتە لای ماڵی ئیسماعیل ئاغا پێی خۆشە تۆ ببینێت، منیش چووم بۆ لای بۆ دیوەخان، تەوقەم لەگەڵ کرد ویستی هەڵستێتەوە لەبەرم بەڵام لەبەر پیری نەیتوانی بەتەواوی هەڵستێتەوە وتی: (مامۆستا کە کەر پیر بوو جۆی پێ ناخورێ).

لە پاشان پێی وتم: ئەگەر عاجز نابیت تۆزێك پرسیارت لێ ئەکەم.

منیش وتم: زۆرم پێ خۆشە، وتی: خوا باسی کردوە لە قورئاندا کە ئاسمان حەوت تەبەقەیە، ئایا ئەم قاتانە وەك چی وان؟ ئایا وەك ساج وان یەك لەسەر یەك دانراون؟ وتم: ئاغا ئەو حەوت تەبەقە بۆشایی ئاسمانە هەر تەبەقێکی جیاوازە لەگەڵ ئەوەی تردا کە ئەمە زانستی تازە ئیسپاتی کردووە، ئەستێرەکانی ئاسمان خوا دابەشی کردوون بەسەر ئەو حەوت تەبەقەدا کە لەبۆشایی ئاسماندا دەجولێنەوە و دەسوڕێنەوە یان بەدەوری خۆیاندا وەیان بەدەوری ئەستێرەیەکی گەورەتر دا، هەروەك زەمین دەسوڕێتەوە بەدەوری رۆژدا مانگیش دەسوڕێتەوە بەدەروی زەمیندا، هەروەك خوا فەرمویەتی: ﴿كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ﴾ [1]، واتە: هەریەکێ لە ئەستێرەکانی ئاسمان لەنێو تەبەقەیەك هەوا دایە مەلە دەکەن.

بابەکر ئاغا قسەکەی زۆر پێ خۆش بوو، وتی: ئەمە یەکەم مەلایە دیومە کە وەڵام بداتەوە بە ژیری و زانستی تازە.

ئینجا هەندێ سەر گوزشتەی خۆی بۆ گێڕامەوە لە بابەت ژیری و تێگەیشتن.

وتی: نوێنەری ئینگلیزەکان لە رانیە دادەنیشت، لە ساڵی ١٩٢٤، ئەو ناکۆکی هەبوو لەگەڵ عبدالرحمن ئاغای کۆییدا کە ئەویش هەر لە رانیە دادەنیشت، وتی: رۆژێك بیانوویەکی پێ گرت و کوشتی، لە پاش ئەوە ئینگلیزەکە رۆشتەوە بۆ لەندەن، یەکێکی تر هاتە جێگەکەی، وتی: ئەوانەی کە دەهاتنە کوردستان لە ئێمە کوردیان باشتر دەزانی. وتی:

---

[1] سورة أنبياء/٣٣.

ئەو نوێنەرە بەنوێنەرە تازەکەی وتبوو کە تۆ دەچیتە ئەوێ با پەیوەندیت لەگەڵ بابکر سلیم ئاغا دا بەهێز بێت، ئێمە ئاگادار کراین بۆ ئەو ڕۆژە کە ئەو نوێنەرە تازەیە دێت بۆ پشدەر من و هەندێك لە ئاغاکانی تر چووین بۆ پێشوازی، کاتێ لە فڕۆکەکە دابەزی ئەویش کوردی باش دەزانی، پێش ئەوەی بگەین بەیەك وتی: بابکر ئاغا زەمانی زوو پیاوێکی جوان و ژنێکی جوان هەبوون، ئەوانە کێن و ئێستا گۆڕەکەیان لە کوێدایە؟ هەتا پرسیارەکەی تەواوکرد گەیشتین بەیەك دەستمان خستە ناو دەستی یەکتر دەستمان بەرنەدا تا وەڵامەکەم دایەوە، وتم: ئەو پیاوە جوانە باوکە ئادەم و ژنە جوانەکە دایکە (حەوا) بوو، ئێستا گۆڕەکەیان لە دوورگەی عەرەبیە لە مەککە، دەزانم مەبەستت لەم پرسیارە چیە، وتی: چیە؟ وتم: کە نەڵێم من کوردم و تۆ ئینگلیزی، نەشڵێم من موسڵمانم و تۆ مەسیحیت، بەڵکو هەردووکمان براین چونکە لە ئەولادی ئەو دایك و باوکەین، دیارە ئەمەش قورئانی پیرۆز باسی کردووە بەم جۆرە فەرموویەتی: ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾[١].

وتی: ئینگلیزەکە پێی وتم: بابەکر ئاغا لە کورد و کوردستاندا لە تۆ ژیر تر و زیرەکتر هەیە؟ ئەڵێ منیش پێم وت: تەماشای ئەو دەوەنانە بکە (ئەو درەختانە) لەنێو ئەو شاخانەدا هەر بنە دەوەنێك کوردێکی تیادایە لە من ژیرتر و لەمن زیرەکترە بەڵام لەبەرئەوەی بێ کەسین و سەرمان لێ شێواوە بەرپێی خۆمان نابینین، شایانی باسە بابەکر ئاغا چاوێکی کوێر بوو بە گۆشەیەکی جامەدانیەکەی سەری ئەو چاوەی دادەپۆشی لەبەرئەوە هەر لە دوورەوە بە دەم و چاویدا دەتناسیەوە و بەو شێوەیە کابرای ئینگلیز توانیبووی بیناسێتەوە.

یەکێکی تر لەو قسانەی بۆی گێڕامەوە وتی: ڕۆژێك هەتاو بوو هەندێك ئاغای میراودەلی میوانم بوون، وتم: با بچینە سەربان بۆ بەر هەتاوەکە تۆزێك تەماشای ئەو دەشت و دەرە بکەین، وتی: تەماشامان کرد هێڵێك هەیە لە دەشتی پشدەردا لە ژوری هێڵەکەوە درەخت (دەوەن) ڕواوە، بەفرەکە لە نێوان دەوەنەکاندا هێشتا نەتواوەتەوە، بەڵام لەمدیوی هێڵەکەوە بەدرێژایی چاو یەك درەخت نەڕواوە، وتم ئەوە لەبەر چییە؟ وتیان: بابەکر ئاغا بۆچی قسە دەکەیت لە ئیشی خوادا، وتم: هەموو ئیشێك ئیشی خودایە، بەڵام خواش بۆیە ئەقڵی داوە بە ئێمە بۆ ئەوەی بزانین هۆی ئەو شتانە چیە.

لە دواییدا بابەکر ئاغا وتی بیرم کردەوە و پێم وتن: ئەمە هۆکەی ئەوەیە کاتی خۆی ئەم دەشتی پشدەرە و جێگای هەموو دێهاتەکانمان دەریا بووە، ئەم دەریایە لەم ئاوی زێ

---

[١] سورة الحجرات/١٣.

پێکهاتووە کە لە کاتی دا خۆی ئەم دەربەندەی پشدەرە نەپچڕاوە و ئەو زنجیرە شاخانە بەری ئاوەکەیان گرتووە.

ئینجا ئاوەکە پەنگی خواردۆتەوە و بووە بە دەریاچەیەك دواتر ئەم دەریاچەیە زنجیرە شاخەکەی بڕیوە و ئەو دەربەندەی دروست کردوە، ئینجا باپیرە گەورەمان هاتووە بۆ ئێرە، دووبارە گاڵتەیان پێ کردم لەسەر ئەو وتەیە و وتیان ئەمە ئیشی خوایە، وتی: لە پاش مانگێك دوو ئینگلیز بوون بە میوانمان ئەمانەش کە ئەم باسەم بۆ کردبوون ئەوانیش میوانمان بوون، یەکێ لە ئینگلیزەکان کە زۆر شارەزا بوو لە مێژوودا، وتی: باو و باپیری ئێوە لە ئەسڵدا لە کوێوە هاتونەتە ئێرە؟ وتم: باو و باپیری ئێمە هەر لێرە بوون، وتی: نەخێر وانیە چونکە ئەم ناوچەیەی ئێوە لە ئەسڵدا دەریاچە بووە، تەماشای ئەو هێڵە بکە کە لەسەرەوە درەخت ڕواوە و لە خوارەوە نەڕواوە ئەوەش لەبەرئەوەیە کە دەریاچەکە لەکاتی خۆیدا گەیشتووەتە ئەو هێڵە بەدرێژایی ساڵ هێز و توانای لەو زەوییە بڕیوە لەبەرئەوەی ئەو شوێنانەی کە ئاوی دەریاچەکەی پێ گەیشتووە درەختی تیادا نەڕواوە بەڵام لەوە بەرەو ژوورتر ڕواون.

ئینجا بە ئینگلیزەکانم وت: ئەم وتانەی ئێوە من پێش مانگێك بەم پیاوانەم وت باوەڕیان پێ نەکردم، بەڵام زۆر شت مەرج نیە خوێندەوار بیزانێ، بەڵکو بەژیری ئەتوانرێت بزانرێت.

شایەنی باسە ئاغاکانی میراودەلی (ئاغاکانی پشدەر) جیاوازیەکی زۆر زۆریان هەبوو لەگەڵ ئاغاکانی تری کوردستان، چونکە خۆیان ئامادەییەکی باشیان هەبوو بۆ شت وەرگرتن، دووەم ئەم ئاغایانە شتێکیان هەبوو کاتێك میوانێکیان دەهات ئەو میوانە ئیشی چی بووایە ئەوا پرسیاریان لێ دەکرد، لەبەرئەوە لەگەڵ هەر ئاغایەکدا دانیشتبای لە هەموو بابەتێك شتێکی دەزانی.

عەشیرەتی پشدەر دوو بەشە:

١- هۆزی نورالدین: کە بەناوی گوندێکەوەیە، لە بناری پشدەر دادەنیشن، ئەمانە هەر لە کۆنەوە لەوێ بوون.

٢- هۆزی میراودەلی: ئەمانە لە ناوچەی جزیرە و بۆتانەوە هاتوون بەشێکیان ڕوویان کردۆتە ناوچەی هەولێر کە پێیان دەوترێت عەشیرەتی (گەردی)، هەندێکیان ڕووەو دوکان ڕۆشتون پێیان ئەوترێت عەشیرەتی (فیض الله)، هەندێکیان لەناوچەی پشدەر جێگیر بوون پێیان دەوترێت (میراودەلی)، بەناوی باپیرە گەورەیانەوە کە پێی دەوترێت (ئاودەل) دوای ئەم (محمود ئاغا) دوای ئەم (محمد ئاغا)ی گەورە کە باپیری

میراوەلیەکانە لە (٢٠-٢٥) ژنی هەبووە نەوەکانی بوون بە (٧) بەشەوە ئەم جیاوازییە بەهۆی دایکەکانیانەوە بووە:

١-تایەفەی بابکر ئاغا کە کوڕە گەورەی محمد ئاغا بوو.

٢-تایەفەی محمود ئاغا.

٣-تایەفەی رسول ئاغا.

٤-تایەفەی أحمد ئاغا.

٥-تایەفەی جگزادە کە ئەمە بەناوی دایکیانەوەیە.

٦-تایەفەی عباس ئاغا.[1]

ئەم هۆزانە هەردەم ئازا و پیاوی مەرد بوون، ناوچەکانی خۆیان پاراستووە لە دەست درێژی و داگیرکردنی دوژمن و شەڕیان کردووە لەگەڵ تورکیای عسمانلی بۆ ماوەی (١٠) ساڵ (١٨٧٥-١٨٨٥ز) لە ساڵی (١٩١٩ز) کاتی شەڕی جیهانی یەکەم بەرهەڵستی روسەکانیان کردووە نەیانهێشتووە بێتە ناوچەکەیانەوە.

کاتێك عێراق کەوتە ژێر ئینتدابی ئینگلیزەوە بابکر ئاغای سلیم ئاغا بو بەحوکمڕانی گشتی ناوچەی پشدەر و مەرگە و ڕانیە، زۆر پەیوەندییەکی بەهێزی بوو لەگەڵ ئینگلیزەکان وەك باسمان کرد مانگانەی خۆی (٢٤ لیرەی ئالتون بوو)، مانگانەی (٧٠٠) سوار لە خزمەکانی (٨٠٠ روپیە) بوو بۆ هەریەکێ لەوانە.

هەرچەندە پەیوەندی ئاغاکانی کوردستان هەمیشە لە بەرژەوەندی میللەت نەبووە بەڵام ئاغای مەردی تیا هەڵکەوتووە، وەك:

(سمایل ئاغای شکاك) کە پێی ئەوترا (سمکۆ) زۆر کۆششی کردوە بۆ کورد و کوردستان لە ساڵی (١٩١٦-١٩٣٠) لە دژی رژێمی ستەمکاری ئێران وەستاوە هەتا بەدەستی ئەم رژێمە شەهید کرا لە رێگەی نەتەوەکەیدا.

(سمکۆ) زۆر رەزامەند بوو لە ئاغاکانی پشدەر جگە لە (بابکر ئاغا)ی ناوبراو، هەروەها گلەیی هەبوو بەرامبەر بە خوالێخۆشبوو (شێخ محمودی حفید)[2].

---

[1] سەرچاوە: عبداللە پشدەر، یاداشتی ژیانی، لا ١٠-١٢.

[2] سەرچاوەی پێشوو، کاك عبداللە پشدەری، لا٣٢.

سمکۆی شکاک*

ئیسماعیل ئاغای شکاک ناسراو بە(سمکۆی شکاک) ساڵی ١٨٨٧ لەدایکبووە، ئەو شۆڕشگێڕێکی کوردەو ڕێبەرایەتی هۆزی شکاکی کردووە، کە بۆ ماوەیەك دەسەڵاتی ناوچەی خۆرئاوای گۆلی ورمێی لەحکومەتی ناوەندیی ئێران سەندەوە.

سمکۆ ناوی ئیسماعیلەو کوڕی محەمەد پاشای کوڕی عەلی خانی کوڕی ئیسماعیل ئاغای شکاکەو بنەماڵەکەیان لەمێژەوە گەورەو دەسەڵاتداری خێڵی شکاك بوون. سمکۆ لەساڵی ١٨٨٧ لەدایکبووەو پاش مردنی باوکی‌و جەعفەر ئاغای برای، سەرکردایەتی شکاکی گرتووەتە دەستو لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیشەوە هاتووەتە کۆڕی خەباتو کوردایەتییەوە.

هەرچەندە لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا سمکۆ لەهیچ چالاکییەکی سیاسی بەشداری‌نەکردبوو، بەڵام هێزەکانی ڕوسیا دەستگیریانکردو دووریانخستەوە بۆ شاری (تەفلیس)و دواتر ئازادیانکرد بەو مەرجەی دابنیشێ‌و هیچ هەڵوێستێك دژی ڕوسەکان نەنوێنێت.

کە جەنگی یەکەم کۆتاییهات، سمکۆ وەك سەرکردەیەکی سیاسی ناوی دەرکردو لەپێناو دامەزراندنی ئیدارەیەکی کوردیدا لەساڵی ١٩١٩ شۆڕشی بەرپاکردو زۆر ناوچەی گرنگی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

لەساڵی ١٩٢١ لەئەنجامی لەشکرکێشییەکی گەورەی هێزەکانی حکومەتی ئێراندا، سمکۆی شکاک ناچاربوو پاشەکشێ بکاتو پەنابەرێتە بەر تورکیا. لەساڵی ١٩٢٤یشدا بەبڕیارێکی لێبوردن گەڕایەوە ئێرانو ساڵی ١٩٢٦یش جارێکی تر شۆڕشی بەرپاکردەوە، بەڵام ئەمجارەشیان شۆڕشەکەی تێکشکاو ماوەیەك لەتورکیادا بەدەستبەسەری مایەوە.

پاش ئازادکردنیشی گەڕایەوە بۆ ئێرانو ساڵی ١٩٣٠ بەپیلانێکی کاربەدەستانی ئێران لەشاری (شنۆ) کوژرا، بەمەش شۆڕشەکەی شکاك کۆتاییهات کە یانزە ساڵ درێژەی کێشا.

مەلا و گاوان: (شکارتە)

ئیسماعیل ئاغا پێی وتم: هەموو ساڵێك بۆ مەلای گوند گەلە جوتمان کردووە، هەندێ گەنمان بۆ وەشاندوە ئەگەر تۆش ئارەزوو دەکەیت با ئەمساڵ گەلە جوتێکت بۆ بکەین، وتم:

---

* تێبینی: وەك پێزانینێك بۆ خەباتی سمکۆی شکاك، لێرەدا ژیاننامەکەی خراوەتە ڕوو.

ئاغا دیارە بەرهەمی گەلە جوتەکە گەلێ حەلاڵترە بۆمن لە سەر فیترە و زەکات، چونکە ئەم دوانە بۆ هەژار و لێ قەوماو دانراون، بۆ مەلایەك کە پێشەوای موسڵمانان بێت گەلێك ناڕەوایە.

شایەنی باسە گەلە جوت چۆن دەکرا بۆ مەلا هەروا دەکرا بۆ گاوانی دێیەکە. وا ڕێکەوت لەیەك رۆژدا جوتەکانی ئاوایی کران بەدوو بەشەوە بەشێك بۆ مەلا و بەشێك بۆ گاوان، هەروەها وا ڕێکەوت ئەو دوو زەوییەی کە دیاری کرا بۆ مەلا و گاوان لە تەنیشت یەکتردا بوون هیچ زەوییەك لە نێوانیاندا نەبوو، ئەو رۆژەی کە گەلەجوت کرا بۆ من و گاوان رەشەباییەکی زۆر توند هەڵی کرد لەبەر تۆز و خۆڵ چاو چاوی نە ئەبینی، من خۆم لەوێ بووم کە گەلە جوتەکە کرا، بەڵام لەبەر رەشەباکە نەمزانی کام پارچە زەوییە هی منە و کامیان هی گاوانە.

لە زەوییەکانی ئەو ناوچەیەدا مشکێکی زۆر بێ شومار هەبوو، کشتوکاڵ کە سەوز دەبوو ئەبوو بەنیو مەتر بەرزی هەموو رۆژێك ئەبوو مشکی ناو دەغڵەکە بکوژێت.

لەبەرئەوەی کە سێ شەممە و هەینی پشوو بوو لە نێو فەقێیەکاندا دەرس نەبوو، من هەموو فەقێکانم دەبرد بۆ مشك کوشتن. بەڵام یەکەم جار کەرۆیشتین لێم تێکچوو دەچووم لە زەوی گاوان مشکم دەکوشت، گاوانیش ئەمە دەزانێت بەڵام دەنگ ناکات، هەموو جارێك کە ئەچوومە سەر زەوییەکە لەبەر خۆمەوە تواڵجم ئەدا لە گاوان ئەمە تا دوو مانگ بەردەوام بوو، ئەو زەوییەی تر هەمووی مشك خواردی و زەوییەکە بەسوری مایەوە. لە پاشا کە گەنمەکەی تر لە دەستی مشك دەرباز بوو گوڵی کرد گاوانی نامەرد بە ئیسماعیل ئاغا دەڵێ: مامۆستا لێی تێك چووە مشکی گەنمەکەی منی کوشتوە لە جیاتی مشکی گەنمەکەی خۆی، ئیسماعیل ئاغا بەمنی وت ئەمە راستە، منیش دەستم کرد بە قسە وتن بەگاوان، وتم: درۆ دەکات من مشکی گەنمی خۆمم کوشتوە، ئاغا فەرمانی دا دوو ئەسپیان هێنا یەکێ بۆ من و یەکێك بۆ کوێخا باییز، پێکەوە چوین بۆ سەر زەوییەکە، کوێخا باییز وتی: مامۆستا ئەو گەنمەی کە مشك خواردوویەتی گەنمەکەی تۆیە، منیش کە هاتمەوە دانیشتم پارچە شیعرێکم نوسی بۆ مەلای پێشوی دێکە (ملا سەعدی) کە لە داخان دێکەی بەجێ هێشتبوو چوو بوو لە (قەڵادزێ) دوکانی دانابوو، هەندێ لە شیعرەکانم لەبیر نەماوە بەداخەوە جگە لەم چەند دێڕە نەبێت:

ئاغا وتی:

ئـــەی مامۆســـتای بـــێ بـــاران
هـــەی زانیـــاری بـــێ تـــاوان
خـــۆت بـــۆ هێنـــا ریـــزی گـــاوان
مـــن بـــۆت ئەکـــەم بـــە چـــاوان
هەرچـــیت بـــوێ لـــە گـــاوان

گاوان ئەڵێت:

هـــەر لـــە رۆژی (قـــالوا بلـــی)
بڕیـــاردرا لـــە بـــۆ مـــەلا
ســـەر فـــیترە و موچـــەی فـــەلا
خـــێر و خـــیرات دفـــع الـــبلا
بۆچـــی لاتـــدا هـــەی مـــام مـــەلا
لـــەم ڕێ راســـتەی پـــڕ لابـــەلا
مـــەلا هـــەروا بـــەختی کۆمـــە
ســـەری بـــاران ژێـــری گۆمـــە
مـــن بـــۆ حـــاڵی رۆڵـــە رۆمـــە
مشـــکت کوشـــتوە بـــەختی خۆمـــە

مەلا وتی:

گـــاوان پـــوختی نیـــە بـــەختی هەیـــە
تەختـــەی نییـــە تـــەختی هەیـــە

جولەکەی سپڵە:

لە ساڵی ١٩٤٨ کە لە سەرسیان مەلا بووم، ئاوی زێی بچووك ئەوەندە زۆر بووبوو پەیوەندی (پشدەر و مەرگە) بڕا بوو لەگەڵ شاری سلێمانی، چونکە ئەو کاتە هاتوو چۆ و پەڕینەوە بەسەر ئاوی زێدا بەهۆی قەیاغەوە بوو، ئەم قەیاغەیە بریتی بوو لە چەند تەختەیەکی تاشراو ژێرەکەیان کونده بوو پڕ کرابوو لە هەوا پیادە و سوارە و ئۆتومبێل یەکە یەکە بە نۆرە بەو قەیاغەیەدا ئەم بەر و ئەو بەریان دەکرد، قەیاغەکە کە لەمبەر و لەو بەرەوە بەسرابوووەوە بە ئاسنێکەوە بۆ ئەوەی ئاو نەیبات، کاتێك کە رۆخانە هەڵیدەکرد لە زستان یان بەهاردا

قەیاغەکە ئیش پێ نەدەکرا لەبەر زۆری و هێزی ئاوەکە، لەو کاتەدا جولەکەیەك لە شاری کۆیەوە هاتبوو زەرەنگەر بوو، هەندێ خشلی ئاڵتون و زیوی پێ بوو دەیفرۆشت، کاتێك هاتە دێی سەرسیان رێگەی هاتوو چۆ برا، جولەکەکە کەسی نەئەناسی بەسەر لێشێواوی داما نەیدەزانی روو بکاتە کوێ، هەندێ لە دانیشتوانی دێیەکە بریاریان دابوو ئەم جولەکەیە روت بکەنەوە، ئاڵتون و زیوەکەی لێ بسێنن لە هەر شوێنێك بۆیان رێکەوت ئەگەر ملپێچی بکات بیکوژن، چونکە کافرە ئاڵتون و زیوەکەی لێ بسێنن، منیش ئەمەم بیستەوە جولەکەکەم هێنایە ماڵی خۆمان، رۆژی دوایی لەپێش ئەوەی دەست بکەم بەنوێژی هەینی وتم: دانیشتوانی سەرسیان هەرکەسێك دەستدرێژی بکاتە سەر ئەو جولەکەیە، دایبنێن کە دەستدرێژی کراوەتە سەر من، ئەو جولەکەیە تا رێگە دەکرێتەوە من پەنای دەدەم و دەیپارێزم چونکە ئەمە ئایینی ئیسلام رێگەی داوە، لە رۆژی ئاوادا نابێت تەماشای موسڵمانێتی و جولەکایەتی بکرێت چونکە هەموو لامان براین و لە دایك و باوکێك بووین لەیەك مەعدەن دروست کراوین کە خاکە، وەك پێغەمبەری خوا فەرمویەتی: (کلکم من ادم و ادم من تراب)، دیار بوو وتەکەمیان زۆر پێناخۆشبوو بەڵام بەقسەیان کردم، زۆر سوپاسیان دەکەم لەسەر ئەوەی کەرێزی منیان گرت دەستیان درێژ نەکردە سەر ئەو جولەکەیە.

بەڵام پاداشتی چاکەی ئەم جولەکەیە بۆ من ئەوە بوو دوو بازنەی زیوی گەورەی دایکی محمد بوون، جولەکەکە بردی کە لە کۆیە زاخاویان بکات (سپیان بکاتەوە) هەر ئەو ساڵە جولەکەکە رۆشت بۆ فەلەستین تا ئێستاش بازنەکانی نەناردەوە، سەرەرای بێوەفایی ئەو جولەکەیە هێشتا من زۆر هەست بە بەختیاری دەکەم کە ماڵ و گیانی ئەو جولەکەیەم رزگار کرد، پێشینان وتویانە: (چاکە بکە و بیدە بەدەم ئاوەوە)، هەردەم خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمانمان پێ دەکات بە چاکە کردن و دەفەرموێ: من پاداشتی ئەوە دەدەمەوە کە چاکە دەکات نەك پاداشتەکە لەو کەسە وەربگرمەوە کە چاکەم لەگەڵ کردووە.

مێوژ لەجیاتی شەکر:

لە هەمان کاتدا کەرێگە گیرا بوو بۆ نزیکەی مانگێك شەکرمان لێ برا، شەرمم دەکرد بەیەکێ بڵێم هەندێ شەکرمان بداتێ تا دەیکرین و دوایی دەیان دەینەوە.

بۆ ماوەی یەك مانگ مێوژە رەشمان دەخوارد لەجیاتی شەکر، هەندێ شەکرمان هەبوو کردبوومانە ناو شەکردانەوە کاتێك کە میوان دەهات مێوژەکەمان دەشاردەوە و شەکرەکەمان دادەنا.

جا مرۆڤ ئەگەر هەر سکاڵا بکات بۆ ئەم و ئەو باش نیە چونکە ئەوەی دۆستە پێی ناخۆشە و ئەوەی دوژمنە پێی خۆشە، باشترە چاوەڕێ بکەیت تا خوا دەرگای رەحمەتت لێ دەکاتەوە.

صغری و کبری:

لەو کاتەدا من مەلا بووم لە سەرسیان شەکر و چایان بە کۆپین (بیتاقە) دابەش دەکرا، بۆ هەر نەفەرێك ئەندازەیەکیان دانا بوو لە شەکر و لە چا، ئێمە ئەو کاتە منداڵمان نەبوو لەبەرئەوە ئاغا پێی وتم: بۆ ئەوەی بەشەکەتان زۆر بێت دوو منداڵ بنووسە، منیش نازانم بۆچی ئەو هەڵە گەورەیەم کرد ئێستاش پەشیمانم لەو کردەوەیە چووم دوو کچم نووسی یەکێکم ناونا (صغری) و ئەوی تریان (کبری)، چونکە زۆر بەدوای (منطق)دا دەگەڕام بە دوای (صغری و کبری) دا دەگەڕام کە دوو بابەتی زانستی مەنتیقە.

کاتی خۆی بۆ ئەم کردەوەیە (بۆرە فتوی)یەکم بۆ خۆم دۆزییەوە لە دڵی خۆمدا وتم: ئەم شەکر و چایە هی دەوڵەتە، هەموو کەسێکی موسڵمان ئەگەر نەیبێت ئەرکی لەسەر (بیت المال)ە، منیش لەبەرئەوەی میوانم زۆر بوو، ئەو بەشەی پێیان دەدایین بەشی نەدەکردین، ئەم جۆرە فەتوایانە پیشەی هەندێك لە مەلایانە.

هەر کاتێك شتێك لە بەرژەوەندی خۆی بوو دەگەڕێت (حیلە شەرعی)یەکی بۆ دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی حەڵاڵی بکات.

مارە بەجاش بۆ دووەم جار:

ژنێك هەبوو لە دێیەکی تر نزیکی سەرسیان سێ تەڵاقە درا بوو، هەموو مەلاکانی ئەو ناوچەیە وتیان بەمارە بەجاش نەبێت تەڵاقەکە چاك نابێتەوە، ئێستاش لەلای هەندێك مامۆستایانی ئاینی هەرکەسێ بە ژنەکەی وت بڕۆ سێ تەڵاقەت کەوتبێ، ئیتر سێ تەڵاقەکەی دەکەوێت بە شووکردنەوە بەیەکێکی تر یان بەمارە بەجاش نەبێت چاك نابێتەوە.

ژنەکە هاتە لام وتی من دەمەوێت بگەڕێمەوە لای مێردەکەم، منیش وتم: تۆ لێرە بمێنەرەوە تا یەکێکت بۆ دەدۆزمەوە بەدزیەوە مارەت دەکەم و تەڵاقت دەدات پاشان کە عیدەت تەواو بوو مارەت دەکەمەوە لە مێردە پێشووەکەت.

شەوێك دانیشتبووین من و ئەو و دایکی محمد، ژنەکە پێی وتم:

مامۆستا گیان یەکێکی وەك خۆتم بۆ پەیدا بکە، وتم: بەخوا ناتوانم ئەوە بکەم، لێم ببورە بەڵام هەریەکێکت بۆ پەیدا دەکەم.

بۆ سبەینیێ کوڕێکی گەنج هەبوو ناوی حمە ئەمین بوو هێشتا ژنی نەهێنا بوو، وتم: پێت خۆشە بۆ یەك شەو ژنێکت بۆ بێنم، دیار بوو زۆری پیێ خۆش بوو. شەو دوو شاهیدم هێنا مارەم کرد لێی و ناردمن بۆ شوێنێك بۆ بەیانی تەڵاقی دا.

ئەمە جاری دووەمە لە مەلایەتی دا ئەم هەڵەیە بکەم، جاری یەکەم لە زەڵم، جاری دووەم لە سەرسیان، بەداخەوە کە لەکاتی خۆیدا نەمدەزانی سێ تەڵاقەکە بە یەکجار تەڵاقێکی پیێ دەکەوێت، ئەمە ڕەوشتێکی (جاهلییە) لە پێش ئیسلامدا هەبووە، هەروەها لەبەر ئەم هۆیانە مارە بەجاش دروست نیە لە شەریعەتی ئیسلامدا:

١-ئەم مارە کردنە مەرجی پێچەوانەی شەرعی تێدایە، هەر مارە کردنێك مەرجی لەو جۆرە نارەوای تیا بوو بەتاڵە. چونکە بەو مەرجە مارەی دەکەن کە لە دواییدا تەڵاقی بداتەوە.

٢-ئەم مارە کردنە بۆ کاتێکی تایبەتە کە پێی دەوترێت (الزواج المؤقت) هەموو مارەکردنێك بۆ کاتێکی دیاری کراو بەتاڵە.

٣-پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی مارەکردنی ئافرەتی بالغی ژێر دەبێت بە ڕەزامەندی خۆی بێت، ئەگەر لەو ژنە تەڵاق دراوە بپرسیت پێت خۆشە ئەم جاشە مێردت بێت هەتا ماوی دیارە وەڵامەکەی ئەوەیە کە نایەوێت ببێت بە ژنی ئەم پیاوە نەناسراوە بەڵکو ناچار بووە شوی پیێ بکات بۆ ئەوەی بچێتەوە لای مێردی پێشووی.

مام محمد مەرگەیی:

دراوسێیەکمان لە سەرسیان ناوی (حمە مەرگەیی) بوو، ژنەکەی پێیان ئەوت (پورە فات)، تەمەنی لە (٨٠) زیاتر بوو، زۆر جار لەگەڵ پورە فات ئەهاتن بۆ ماڵمان بە شەوان قسەی خۆشیان دەکرد و دەیانگێڕایەوە.

جارێکیان وتی: مامۆستا کاتێك مەلیك فەیصەلی یەکەم هات بۆ پشدەر لە ماڵی بابکر ئاغای سلیم ئاغا میوان بوو، قاپێکی گەورەیان هێنا بوو بۆ ئەوەی (مەلیك) کاتێك ویستی دەست بە ئاو بگەیەنێت ئەو قاپەی لەژێر دابنێت، ئەم قاپە هەر بۆ ئەوە باش بوو چێشتی ماشینەی تیا بخۆیت.

جارێکی تر وتی: مامۆستا ئەگەر بمرم هیچ خەفەت ناخۆم، چونکە هەموو دنیام بینی، وتم مامە کوێت دی لە ماوەی (٨٠) ساڵدا، وتی: تا خوار سلێمانی و کەرکوکم بینیوە و بە هەموو کۆڵانەکانیدا گەڕاوم، وتی: بۆ جاری یەکەم کە چومە سلێمانی لە ئوتێل دابەزیم پارچە خەڵوزێکم پێ بوو لە گیرفانمدا. کاتێک کە دەچوومە دەرەوە بەو پارچە خەڵوزە سەر دیوارەکانم نیشانە دەکرد ئیتر دەگەڕامەوە وون نە ئەبووم.

جارێکی تر ئاوێنەیەکی گەورەمان هەبوو کاتێک کە میوانێک هات تەماشای ئاوێنەکەی کرد، وتی: مامۆستا ئەو پیاوە کێیە لەوێ دانیشتووە؟ وتم ئەوە تۆیت، دیارە کورد زیرەک ترە لە هەموو کسێک بەڵام لەبەرئەوەی کە زۆر کات کورد ژێر دەستە بووە و دوژمنی یەکتر بوون سودی لەو زیرەکیە وەر نەگرتووە بۆ ئەو دوو مەبەستە.

بەڕێوەبەری پەروەردە (مدیری مەعاریف):

لە ساڵی (١٩٤٧)دا لە مانگی تەمموز مدیری مەعاریفی سلێمانی کە ئێستا پێی دەوترێت (بەڕێوەبەری پەروەردە) چوو بۆ قەڵادزێ، لەو سەرەوە گەڕایەوە لە سەرسیان شەوێك لای دا، مزگەوتەکە نوسابوو بە دیوەخانی ئاغاوە، کاتێک کە چووم بۆ نوێژ پێیان وتم: ئەوە مدیری مەعاریفی سلێمانیە، چووم بۆ لای سەلامم لێکرد و دوای ئەوە وتی: پێم خۆشە تۆزێك دانیشین بەیەکەوە.

لە پاش دانیشتن وتی: ئەبێت پرسیارێکت لێ بکەم؟ وتم: زۆرم پێ خۆشە.

وتی: مانای ئەمە چییە؟! "رأيت الله في صورة البقرة"

وتم: ئەمە مانای ئەوەیە کە من کاتێك خوام دی لەبەر گەورەیی خواو لەبەر بچوکی خۆم بەرامبەر بەو گەورەییە خۆم بە مانگا هاتە بەرچاو.

وتم: "في صورة بقرة" حاڵە لە (فاعیلی فیعلەکە) نەك (مفعول بە)یەکە کە (الله)یە.

وەڵامەکەی زۆر پێ خۆش بوو لەبەرئەوەی کە نەوەستام بۆ بیرکردنەوە کە مەبەستی ئەوە بوو.

وتی: تۆ بۆچی هاتویتە ئەم دێیە دواکەوتووە؟ وتم: ئەی چی بکەم من مەلایەتی دەکەم و بەمەلایەتی دەژیم لەم کاتەدا لەم ئاغایە و لەم دێیەم باشتر دەست ناکەوێت.

وتی: ئەگەر من ڕێگایەکت بۆ دابنێم کە پاشەڕۆژێکی بەرزی تیادا بێت بەقسەم دەکەیت؟

وتم: بەڵێ.

وتی: لە بەغدا (عەلی کەمال) کوردێکی دڵسۆزە و زۆر پیاوانەیە هەندێك لە فەقێ کوردەکانی ناردووە بۆ زانکۆی ئەزهەر لە میسر لەسەر ئەرکی خۆی، منیش دەتوانم یارمەتیت بدەم، ئەتنێرم بۆ لای هەتا وەك فەقێیەکانی تر بتنێرێت بۆ (ئەزهەر).

منیش وتم: ئەگەر لەوێ خوێندنم تەواوکرد دەبم بەچی؟

وتی: یان دەبیت بە مامۆستای زانکۆ یان قازی.

وتم: بەقسەت دەکەم زۆرم پێ خۆشە رۆژێك لە رۆژان ببم بە قازی بەڕاستی و بە دادەوە.

وتم: چی پێویستە کە خۆم ئامادە بکەم بۆ ئەم سەفەرە.

وتی: ئەلفیەی ئیبن مالیك (ألفیه إبن مالك) لەگەڵ نزیکەی سێ چوار جزئی قورئان لەبەر بکە، لەوێ لەم دوانەدا تاقی کردنەوەت لەگەڵ دەکەن.

لەپاش ئەوە دەستم کرد بە قورئان لەبەر کردن و لەگەڵ (الفیە)ی کە پێی دەوترێت (سیوطی) لەناو فەقێ و مەلادا.

رۆژێك دایکی محمد پرسی: بۆچی (منهج)ی خوێندنی خۆت گۆڕیوە ئەم شتانە لەبەر دەکەیت؟ منیش باسەکەم بۆ گێڕایەوە ئەویش پەسەندی کرد و وتی: من دەچمەوەماڵی باوکم تا تۆ دێیتەوە و ئەو کاتە منداڵمان نەبوو ئیشەکە ئاسان بوو.

شەوێك لە خەومدا جوتێك پێڵاوی لە قوڕ دروستکراو وا لە پێمدا بە پەتێکی ڕەش بەستومە بەبەردەم ژوورەکەی قازی سلێمانیدا رۆشتم، دیم لولەیەك لەژێر پەنجەرەی ژوورەکەی قازیدا ئاوێکی ڕەشی بۆگەنی لێ دێتە دەرەوە منیش پرسیم ئەم ئاوە بۆگەنە چییە؟ وتیان ئەوە رزقی قازییە، منیش بەیانی پەشیمان بوومەوە لەو شتەی کە خۆم ئامادە دەکرد بۆی. باوەڕم بە خەوەکە ئەوەندە بەهێز بوو وام دەزانی کە خوای گەورە بە ئیلهام ئەوەی بەمن فەرمووە.

کلیل ئەگەر دەرگای پێ نەکرێتەوە بۆچی باشە؟

رۆژێك لە حوجرەی فەقێیەکان دەرسی کتێبی (کلنبوی برهان)م لەزانستی (منطق)دا بە فەقێیەك دەوتەوە، لەو کاتەدا شێخ حسێنی بۆسکێن کە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند و زۆر زیرەك و زۆر ژیر بوو هەرچەندە خوێندەوارییەکی کەمی هەبوو بوو هات بۆ لام بۆ حوجرەی فەقێیەکان، ئەو رۆژە بەدیدەنی هاتبوو بۆلای ئیسماعیل ئاغا، منیش ویستم دەست هەڵگرم لە دەرسەکە ئەو سوێندی خوارد وتی: دەبێت دەرسەکە تەواو بکەیت منیش دادەنیشم گوێ دەگرم.

کاتێك لە دەرسەکە بومەوە، وتی: مامۆستا ئەگەر پرسیارێك بکەم پێت ناخۆش نیە؟، وتم: زۆرم پێ خۆشە.

وتی: ئەم دەرسە کەڵکی چیە کە ئێوە وا خۆتانی پێوە ماندوو دەکەن، هەروەها عیلمەکانی تر کە پێی دەوترێت دوازدە عیلم؟

وتم: ئێمە بەهۆی ئەم عیلمانەوە دەتوانین لە ئاینی ئیسلام بکۆڵینەوە، لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر و حوکمی ئەو شتانە بدۆزینەوە کە لەژیاندا هەیە و لە پاشە ڕۆژدا پەیدا دەبن چونکە قورئانی پیرۆز باسی هەموو شتێکی کردووە بە کورتی لە لایەن دروستی و نادروستیەوە.

وتی: وتەکەت ڕاستە بەڵام ئێوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم عیلمانە بەکار دەهێنن بۆ دۆزینەوەی ئەو شتانە؟

ئەگەر شتی وا هەبێت بۆچی هەر مەلایەك پرسیاری لێ دەکرێت ناتوانێت وەڵام بداتەوە تا پەنا نەبات بەیەکێ لە کتێبەکانی فیقهی شافعی.

لە پاشا وتی: مامۆستا تۆش و مامۆستاکانی تریش لە کوردستان لەمەو پێش و لەمەو دوا بە درێژایی ساڵ خۆتان ماندو دەکەن بۆ دروست کردنی کلیلێك کە دەرگایەکی پێ بکەنەوە کە ئەویش دەرگای قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ بەڵام بەداخەوە ئەمرن و ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو کلیلە بەکار ناهێنن، کەوا بوو سودی کلیل چیە ئەگەر دەرگای پێ نەکرێتەوە. بوون و نەبوونی هەروەك یەك وایە ئەگەر بەکار نەهێنرێت.

بەڕاستی ئەو وتەیە کە ڕێکەوتی مانگی حوزەیرانی ١٩٤٨ بوو ئێستا (١٢-٨-٢٠٠١) هەردەم ئەم وتەیە کە شێخ حسێن بۆسکێن پێی وتم بەو کەم خوێندەوارییەی خۆی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، منیش دەڵێم بەخۆم و مامۆستاکانم ئەوەی ماوە و ئەوەی نەماوە و ئەوانەی لەمەودوا پەیدا دەبن بەو جۆرە تەمەنی خۆیان بەخت دەکەن لە ڕێگای (نحو، صرف، منطق، بلاغە، فلسفە،..هتد)، ئەوانی تر بەدرێژایی دوانزە ساڵ زیاتر ئینجا ئەم زانستانە بەدەرس دەڵێنەوە و حاشیەیان لەسەر دەکەن، بەڵام ئەگەر کابرایەك مرد نازانن چۆن میراتەکەی بەش بکەن، ئەگەر کابرایەك ژنەکەی تەڵاق دا سێ بەسێ بەیەکجار دەڵێن ئەمە بەمارە بەجاش نەبێت چاك نابێتەوە چونکە فلان کتێب لە (فقە)ی شافعی یان حنفی وا دەفەرموێت، ئەگەر شتێکی تازە ڕوو بدات لە ڕێگای زانستی تازەوە نازانن حەڵاڵە یان حەرامە، دروستە یان دروست نیە چونکە ئیمامەکان و مەزهەبەکانی لەمەو پێش ئەو شتانەیان نەدیوە باسی حوکمەکەیان نەکردووە هەروەك (إستنساخ-clonning) (أطفال أنابيب) شتی تری تازە،

کاتێك خوێندەوارەکانی ئیسلام کۆ دەبنەوە دەست دەکەن بەشەڕە قسە ئەم دەڵێ شافعی وای فەرمووە و ئەو دەڵێت حنفی وای فەرمووە و یەکێکی تر دەڵێت ئیمامی جەعفەری صادق وای فەرمووە هەر بەو جۆرە بەدرێژایی ساڵ بە رقەبەرایەتی و تعصب بۆ مەزهەبێکی تایبەتی ناتوانن بگەن بە ئەنجام و ڕاستی حوکمی ئەو شتە تازانە کە پەیدا بوون.

زۆرترین ئەو مامۆستایانەی کە خوێندنی مزگەوتیان تەواوکردوە لای ئەوان ئایینی ئیسلام بریتییە لە مەزهەبی شافعی هیچ کەس نیە بچێت بەلای قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر. کەچی ناوی شافعی نە لە قورئاندا هەیە و نە لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا. ئەگەر یەکێك لە مامۆستایەکی ئاینی بپرسێت حوکمی فلان شت چیە دەڵێت خۆت (تقلیدی) ئیمامی شافعی بکە یان ئیمامی حەنەفی.

یان بەپێی بیرکردنەوەی خۆی و جۆری حوکمەکە کە بڕیار دەدات وەك ئەوەی لە (حەج) دەستی بەر ئافرەت بکەوێت مامۆستای ئاینی ئەڵێت خۆت تەقلیدی حەنەفی بکە چونکە لە مەزهەبی شافعی دەستنوێژەکەی دەشکێت.

هیچ کات ئەو مامۆستا ئاینیانە بیر لەوە ناکەنەوە کە لە سەدەی یەکەمی ئیسلامدا باشترین کات بوو بۆ کارکردن بە ئیسلام، موسڵمانەکان خۆیان (تەقلیدی) کەسیان نەدەکرد ئەو کاتە نە ئیمامی حنفی نە شافعی نە ئیمامی (مالك) یان (أحمد) و نە ئیمامەکانی تر لە دایك نەبوو بوون.

رۆژێك لەگەڵ خوا لێخۆشبوو قازی عبدالحمید ئەترووشی لە خزمەتی مامۆستا (مەلا عبدالكريمی مدرس) دانیشتبوین لە حوجرەکەی لە شێخ عبدالقادری گیلانی، پیاوێك هات پرسیارێکی لە مامۆستا مەلا عبدالكريم کرد. مامۆستا وتی: بڕۆ خۆت تەقلیدی ئیمام ئەبی حەنیفە بکە ئینجا ئیشەکەت بکە.

کاتێك کابرا چووە دەرەوە قازی شێخ عبدالحمید وتی: مامۆستا لە پێش لەدایك بوونی ئیمامی حەنەفی موسڵمانەکان خۆیان تەقلیدی کێ ئەکرد؟

مامۆستا زەردەخەنەیەك گرتی و قسەی نەکرد. من دەمزانی مامۆستا لەدڵیدا قسەکەی زۆر پێ خۆشبوو چونکە زانا و ژیرە بەڵام لە زمانی ئەم و ئەو دەترسێت.

جارێك لە کۆڕی زانیاری (مجمع العلمي) داوایان لێکردم کە نوسراوێك لەسەر ژیانی مامۆستا (عبدالكريم مدرس) بنووسم بۆ ئەوەی بڵاوی بکەنەوە لە گۆڤارەکەیاندا، چوومە خزمەتی بۆ ئەوەی هەندێك شتی لێ وەربگرم لە بارەی ژیانیەوە.

وتم: مامۆستا پرسیارێکت لێ دەکەم پێت ناخۆش نەبێت، من ئەزانم کە تۆ لە زانیاری و شارەزایی زانستەکانی ئیسلامدا کە هەموویان هۆی دۆزینەوەی حوکمەکانی کردەوەی ئینسانن لە قورئانی پیرۆزدا و لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا زۆر شارەزایت. بۆچی یەکێك پرسیارت لێ دەکات بە (إجتهاد)ی خۆت وەلام نادەیتەوە بەلکو بەناوی (حنفی) یان (شافعی) یان (مالکی) وەلام دەدەیتەوە؟

بەمامۆستام وت: ئیمامی شافیعی لەو سەردەمەدا تەنها چوار عیلمی زانیوە کە عیلمی قورئان و علیمی فەرموودەو علیمی اصول الفقە وعیلمی بەلاغە، چونکە ئەو کاتە عیلمەکانی تر وەریان نەگێڕابووە سەر عەرەبی وەك مەنتیق و فەلسفە و ئاداب، تۆ دوازدە عیلمت خوێندووەو زیاتر لەحەفتا ساڵە بە دەرس دەیلێیتەوە، بەسەدان مامۆستای ئاینی ئەم عیلمانەی لای تۆ خوێندووەو ئیجازەت پێداوە، بەلام کاتێ خەلقێ پرسیارت لێ دەکەن پەنا بۆ کتێبێك لە کتێبەکانی شوێنکەوتووانی ئیمامی شافیعی دەبەیت وەك: تحفە ومغنی المحتاج و اعانە، تۆ خۆت بۆ ئیجتیهاد ناکەیت وەك ئەوان.

ئەویش فەرمووی: ڕاست ئەکەی بەلام دەزانیت مامۆستا ئاینیەکان و ئەوانەی لەگەڵیاندان چەند زمان درێژن و چی دەڵێن.

ئەو وتانەی من کە پەیوەندی هەیە بە قسەکەی شێخ (حسێن بۆسکێن)یەوە مانای ئەوە نیە کە من ئیمامەکان بە کەم دادەنێم یان ڕیزیان لێ ناگرم، بەلکو ئەو ئیمامانە خزمەتێکی زۆر گەورەیان بەئاینی ئیسلام کردووە و ئێمە زۆر سودمان لە فەرمودەکانی ئەوان وەرگرتووە. بەلام ئەوان وەك ئێمە وتویانە پێغەمبەر خاتەمی هەموو پێغەمبەرانە. بەلام ئیمامی شافعی نەیوتوە من خاتەمی هەموو مەزهەبێکم، یان حەنەفی یان ئیمام مالیك و ئەوانی تر نەیانوتوە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ بخەنە کەنارێکەوە و بە وتارەکانی ئێمە کردەوە بکەن.

هەروەها هیچ مامۆستایەکی ئایینی بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو ئیمامانە هیچیان (وەحی)یان بۆ هاتبێ لە ئاسمانەوە، بەلکو هەریەکێك لەوانە مامۆستایەکی چاك بوون - إجتهاد-ێکی باشیان کردووە، هەریەك بەرێی مەزهەبەکەی خۆی ڕۆیشتووە هەر شتێکی فەرمووە لە هەندێ شوێندا ڕاستە و لە هەندێ شوێندا نەیپێکاوە. چونکە حوکمی خوا یەکێکە ئەگەر ئیمامەکە لەکاتی ئیجتهادەکەیدا ئەو حوکمەی دۆزیەوە ئەوا فەرمودەکەی ڕاست دەبێت ئەگەر نەیدۆزییەوە ئەوا بەهەڵەدا چووە نابێت موسڵمانان دوای بکەوێت

پێغەمبەری خوا ئەفەرموێت: "الحاكم إذا حكم ثم أجتهد فأصاب فله أجران و إن حكم فاجتهد و أخطأ فله أجر".

واتە: مجتهد ئەگەر ویستی حوکم بدات بەسەر شتێکدا لە پاشدا ئیجتهادی کرد لە پێش حوکمەکەدا ئەگەر حوکمەکەی خودای دۆزیەوە بۆ ئەو شتە ئەوە ڕاستە ئەوە دوو پاداشتی هەیە، یەکێکیان هی ئەوەیە خۆی ماندوو کردوە بۆ دۆزینەوەی حوکمەکەی خودا یەکێکیان هی ئەوەیە کە بە هەڵەدا نەچووە حوکمەکەی خوای دۆزیوەتەوە.

بەڵام ئەوەی بەهەڵەدا چووە ئەوا یەك پاداشتی هەیە لەسەر ماندووبونەکەی.

شوێنکەوتنی مەزهەبیی تایبەتە بە هەموو مرۆڤێکی موسڵمانەوە وەك کوردێك لەدایك دەبێت دەڵێت من شافعیم دەژیم لەسەر مەزهەبی شافعی دەمرم لەسەر مەزهەبی شافعی ئەمە گەورەترین هەڵەیە هەموو موسڵمانێك دەیکات، چونکە خوای گەورە نەیفەرمووە: (فاسألوا الشافعي إن كنتم لا تعلمون)، واتە: ئەگەر شتێکتان نەزانی پرسیار لە شافعی و مەزهەبەکەی بکەن، هەروەها حنفی و مالکی و مەزهەبەکانی تر بەڵکو فەرمویەتی: ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾[1].

واتە: ئەگەر شتێکتان نەزانی لە زاناکان بپرسن ئەم زانایانە لە ئایینی ئیسلامدا دیاری نەکراون. بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەوەی کە ئەم قسانەی من بکات پێی دەوترێت (وهابی) هەروەك ئەوەی کە دوای شێخێك نەکەوێت پێی دەوترێت (منكر)، لە زەمانی (معتزلەکاندا) ئەوەی بیوتایە ئەی موسڵمانەکان ژێری بەکار بهێنن جیاوازی لە نێوان ئادەمیزاد و ئاژەڵدا بەژیریە پێیان دەوت (زنديق). ئەم وتانە و ئەم جیاوازییەی نێوان مەزهەبەکان هەتا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە و هەر (ڕق)ەبەرایەتی نێوان موسڵمانەکان زیاد دەکات، سەر لە هەمووی شێوا دوای چواردە سەدە لە ئیسلام بونەتە ژێر دەستەی ئەمریکا و ئینگلیز و ڕوس.

موسڵمانەکان هێشتا خەریکی گفتوگۆن کە مەزهەبی کێ ڕاستە، لە هەمان کاتدا ئەمریکا و روسیا بەنەوتی گەلانی موسڵمان کەشتی ئاسمانی ڕەوانە دەکەن بۆ مەریخ.

دەروێش پیرۆز:

ڕۆژێك باران بوو لەپاش نوێژی مەغریب من و دایکی محمد خەریکی نان خواردن بووین، لە پڕ دەروێشێك خۆی کرد بە ژووردا بێ ئەوەی لەدەرگا بدات، هەموو گیانی تەڕ بوو هەردوو

---

[1] سورة الانبياء/٧.

قاچی قوڕاوی بوو، سەلامی کرد و دانیشت هەرچەندمان کرد ئەم دەرویشەمان نەناسی، پاش نان خواردن لە پڕ وتی: مامۆستا دەزانیت مەلاکەی مزگەوتی (بن تەبەق) لە سلێمانی مرد، هەندێك مەلا خۆیان ئامادە کردووە بۆ جێگەکەی، من لەو ڕۆژەوە مدیری مەعاریف پێی وتم کە بۆ ناچیتە جێگەیەك پێشکەوتوتر بێت لەم جێگەیەی خۆم، حەزم ئەکرد کە بەرەو سلێمانی بڕۆم.

دەروێش نان و چایی خوارد و ڕۆشت نەمزانی لەکوێیەوە هات و چوو بۆ کوێ، نەمزانی ناویشی چیە، ئەگەر باوەڕ بکەم بەخورافات ئەوە دەڵێم ئەوە خەیری زیندە (خضر) بووە هات بۆ لام بەڵام باوەڕم بە خورافات نیە.

هەر جۆر بوو ئەو شەوە لە خۆشیاندا نەمدەزانی چۆن بنووم تا بەیانی ڕۆژ بووەوە لەپاش نان و چایی چوم بۆ لای سمایل ئاغا وتم: دەمێکە ئاگام لەماڵی باوکم و خزمەکانم نیە، دەمەوێت بچمەوە بۆ دێی خۆمان سێ چوار ڕۆژ لەوێ بم دوایی دێمەوە، ئەویش پێی وتم: خوات لەگەڵ بێت هەرچەند دەمێنیتەوە بمێنەرەوە، کاتێك هاتم بۆ سلێمانی بینیم دوو ڕۆژی ماوە بۆ ئیمتیحان یانزە کەس خۆیان ئامادە کردووە بۆ تاقی کردنەوە لە ئەوقافدا بۆ مزگەوتی بن تەبەق کە مەلاکەی مەلا (فتح الله) بوو وەفاتی کردبوو.

چووم عەریزەیەکم دا بۆ بەشدار بوون، بەمە ژمارەی بەشداربووان لە تاقی کردنەوەکە بوو بە (١٢) کەس. یەکێ لەو دوانزەیە خوالێخۆشبوو مەلا عبداللە ی چرۆستانی بوو کە زیاتر لە (٥٠) کەس ئیجازەی دوانزە عیلمیان لا وەرگرتبو، منیش هەرچەندە بیرم دەکردەوە زۆر بە دوورم دەزانی کە ببم بە مەلای ئەو مزگەوتەو لەو تاقی کردنەوەیەدا سەر بکەوم، چونکە ئەوان زۆر مەلای چاك و زیرەك بوون وەك مەلا عبداللە ی چرۆستانی و مەلا عەزیزی جوانڕۆیی، مەلا فاتحی مامۆستا مەلا عبدالکریم. هەندێکی تریش لە خوێندەواری چاك چاك.



هەروەها ئەوان نزیکەی ١٠ ڕۆژ بوو خەریکی خوێندن و خۆ ئامادەکردن بوون بۆ تاقی کردنەوە، منیش یەك ڕۆژم هەبوو بۆ خۆ ئامادەکردن چونکە دوو ڕۆژی مابوو بۆ تاقی کردنەوەکە. هەر جۆرێك بێت پەنام بەخوای گەورە برد و ڕۆژی تاقی کردنەوەکە پرسیارەکانیان دابەش کرد بەسەرماندا کە خوێندمەوە دیم زۆر گرانن. دەستم کرد بە وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانە پشتم بەست بەخوای گەورە کە یارمەتیم بدات، وابزانم من دووەم کەس بووم پاش مەلا عەزیزی جوانڕۆیی کە دەفتەرەکەم تەسلیمی لیژنەی تاقی کردنەوە کرد. لیژنەکە بریتی بوو لە:

مامۆستا مەلا حمە سەعید دێلێژەیی (خوگخانە)، مامۆستا مەلا شێخ مارف قەرەداغی، مامۆستا شێخ نوری شێخ بابا علی، مأموری ئەوقاف حمە علی ئەفەندی بەسەرۆکایەتی قازی (شێخ محمدی خاڵ).

دەفتەرەکەم دا بەدەست قازییەوە دەستی کرد بە تەماشاکردنی منیش لە دەرەوە ڕاوەستابووم، لە پاش ماوەیەك وتی مەلا تۆ نەڕۆیت تۆ میوانی منیت، منیش چاوەڕوانیم کرد تا تاقیکردنەوەکە تەواو بوو. قازی هاتە دەرەوە وتی: تۆ مەلای کوێی؟

وتم: من مەلام لە سەرسیان بەڵام خەڵکی زەڵمم. لەگەڵ خۆی چوینەماڵەوە نانی نیوەڕۆم خوارد ئەو ڕۆژە پێنج شەممە بوو. قازی عادەتی وابوو هەموو پێنج شەممەیەك لە حەوشەی مزگەوتەکەی لەگەڵ بازرگان و خەڵکی تر کۆدەبووەوە، پاش نوێژی عەسر لەوێ دانیشتبوو منی لە لای خۆیدا دانابوو، کاتێك کە میوانەکان هاتن وتی ئێوە ئەم مەلایە دەناسن؟ ئەوانیش وتیان نای ناسین، وتی: ئەم مەلایە لیرەیەکی ئاڵتونە بووە بەژێر تۆز و خۆڵەوە من دەمەوێت بیهێنمە سلێمانی، ئەگەر ئەمجارەش دەرنەچێت لە تاقی کردنەوەدا دەبێ هەر بێتە شارەکەوە قوتابییەکان سودی لێ وەربگرن، چونکە ئەم مەلایە ڕۆژێك پێش ئیمتیحان هاتووە لەدێیەکەوە لەکاتی تاقی کردنەوەکەدا بۆمان دەرکەوت کە مرۆڤێکی تێگەیشتووە، ئینجا من چوومەوە بۆ سەرسیان لە پاش ماوەیەك هەواڵم وەرگرت کە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە ئەوە بوو مەلا عزیزی جوانڕۆیی بە یەکەم دەرچووە و منیش دووەم بووم.

دیارە مزگەوتەکە دەدەن بە یەکەم. بەڵام گەڕەکەکە یەکەمیان نەویست بیانووەکەیان ئەوە بوو کە ماوەیەك لەو مزگەوتەی ئەوان خوێندوویەتی و ئەوان ڕەزامەند نین لە هەڵسان و دانیشتنی، وتیان ئێمە ڕازی نەبووین کە فەقێ بوو ئێستا چۆن دەیکەین بە مەلای خۆمان. هەموو داوایەکیان نووسیبوو ئیمزایان کردبوو کە ئەو مەلایەیان ناوێت، ئەم نوسراوەیان نارد بۆ ئەوقافی بەغدا ئەوانیش وەڵامی ئەمەیان دایەوە وتیان ئێمە ڕەزامەندی خۆمان

ڕائەگەیەنین بە داواکەتان بەڵام ئێمە مەعاشی مەلای ئەو مزگەوتە دەبڕین خۆتان مەلای دووەم دابنێن لەسەر ئەرکی خۆتان ئێمە موچەی نادەینێ.

بەرەو سلێمانی:

هەواڵیان بۆ ناردم بچم بۆ سلێمانی، کاتێك هاتم ئەهلی گەڕەکەکە لەگەڵم کۆبوونەوە وتیان مەعاشی مەلای مزگەوتەکەمان لە لایەن میرییەوە سێ دینار و نیوە ئێمە مانگی پێنج دینار بەتۆ دەدەین، منیش ئەوەندەم پێ خۆشبوو. وتم: ئێوە تەنیا ژورێکم بدەنێ ئیتر وازم لێ بێنن بۆ خوای گەورە إنشاء الله پەکم ناخات، لەپاش ئەوە شەرمم کرد بگەڕێمەوە ماڵئاوایی لە ئیسماعیل ئاغا بکەم کە سێ ساڵ بە دڵ و گیان خزمەتی کردم بەقەدەر زەڕرەیەك دڵی ئازار نەدام، پیاوێکی بەڕێزو خانەدان بوو.

کاتێك خەبەریان برد بوو بۆ ئیسماعیل ئاغا دەستی کردبوو بە گریان وتبوی لە خوا داوا دەکەم کە خۆشی و رەحەتی نەبینێت، چونکە من زۆرم خۆش دەویست هیچ شتێکم لەو درێغی نەکردوە، بەڕاستی ئیسماعیل ئاغا پیاوێکی موسڵمان بوو چونکە دوعاکەی گیرا بوو، کە ماڵەوە ماڵەکەیان هێنا بوو بۆ سلێمانی ئەو رۆژە لە کونە کۆتر ئوتۆمبێلەکە



ئەو خانوەی تێیدا نیشتەجێ بووین

پەنچەر بوو بوو، کاتیش پایزێکی درەنگ و زۆر سارد بوو، دایکی محمد نەخۆش کەوت و بەنەخۆشی هات بۆ سلێمانی منالێکی لەبار چوو توشی نەزیف بوو نەخۆشیەکەی زۆر درێژەی کێشا، منیش خۆم دوچاری کابرایەکی ناهەمواری زۆر خراپ بووم کە دەم سپی گەڕەکەکە بوو. هەرچی نوێژم بکردایە توانجی تیَ دەگرتم، لە نێوان نوێژەکاندا پێی دەوتم: تۆ نازانی نوێژەکەمان بە باشی بۆ بکەیت، ئەمەش لەبەرئەوەی کە لە پێش مندا مەلا عبدالله چرۆستانی لەویَ ئیمام بوو لە پاش مردنی مەلای پێشوو سێ مانگ ئیمامەتی بۆ کردبوون، دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو، تجویدێکی باشی دەزانی بۆ قورئان خوێندن، منیش لەوەدا کۆڵەوار بووم نەدەنگم خۆش بوو نە تەجویدم باش بوو، کاتێك نوێژی مەغریبمان دەکرد ئەو پیاوە لە پشت سەرمەوە نوێژی دەکرد کە پێیان دەوت (م.ص.ج) کە لە نوێژەکە دەبومەوە دەیوت تۆ ووشەی (ولاضالین) زۆرت داکێشا، منیش لە نوێژی عیشادا کورتم ئەکردەوە دەیوت تۆ (ی)ەکەی (لاضالین) زۆرت هەڵکێشا، ئیتر بەوە هەموو نوێژێکی ئێوارە و خەوتنان ئەو کابرایە سەری لەمن شێواندبوو. چونکە نەمدەزانی وەك گۆرانی سورەتی فاتیحە بخوێنم، ئەمەش یەکێکە لە نموونەی دواکەوتنی گەلی کورد، زانین و نەزانین لای ئەوان دەنگی خۆشە و لەراندنەوەی وشەکانی قورئانی پیرۆزە.

ڕۆژێك ئێوارە وەختە بوو، هێشتا بانگی مەغریب نەدرابوو، (ح.ط.پ) هاتە ژوری حەوشەکە پێی وتم: مەلا نوێژەکەمان بەباشی بۆ بکە پارە لە جگەرەوە دەردێ، ئەم پیاوە مانگی (١٠٠) فلسی دەدا، ڕۆژێکی تر یەکێکی تریان پێی وتم: بچۆرە لای کوێرەکانی مزگەوتی گەورە نوێژەکەت ڕەوان بکە، بە مەرجێ من فەقێیەکانم هەموو خەریکی تەواوکردنی خوێندن بوون. کەسیان بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ئەمە أصولی ئایین نیە، من دەستەڵاتم چیە کە من دەنگم خۆش نیە لە نوێژدا نازانم ووشەکان بلەرێنمەوە، من هەموو دەرسەکانم بەباشی دەوتەوە بەڵام لای ئەوان زیرەکی لەوە دایە دەنگت خۆشبێ.

فەقێیەکم هەبوو مەلا عبدالرحمن بانەیی زۆر زیرەك بوو، کتێبی (جمع الجوامع)ی دەخوێند لەلام، ڕۆژێك یەکێك لە ئەهلی گەڕەکەکە وتی: فەقیَ ئیتر تۆ بانگ نەدەیت چونکە بانگ دانەکەت لادێیانەیە. فەقیَ بڕیاری دا کە مزگەوتەکە بەجێ بهێڵێت ماڵئاوایی لێکردم بۆ جیابوونەوە وتی: تۆ مەلایت مەجبوریت ئەم ناهەمواریە و ناڕەواییەی ئەم گەڕەکە قبوڵ بکەیت بەڵام من مەجبور نیم قبوڵی بکەم، من نازانم جیاوازی چیە لە نێوان بانگی شاری و بانگی لادێی دا. پاش ئەوە فەقێیەکە ڕۆیشت ئەوەندە ئازار چووە دڵمەوە چوومە ئەو ژوورەوە کە دەرسم تیایدا دەوتەوە قورئانێکی تیادا بوو، کوتام بە زەمینەکەدا، ڕوومکردە ئاسمان و

وتم: خوای گەورە خۆ من حەزرەتی ئەیوب نیم تا بەرگەی ئەم ئێش و ئازارە بگرم. دانیشتم رومکردە خوا وتم: ئەی خوای گەورە ئەوە من شەش مانگە بەم دەردەوە دەناڵێنم گوناهەکەم هەر ئەوەیە دەنگم خۆش نیە و نازانم ووشەکانی سورەتی فاتحە چۆن هەڵیان بکێشم و دایان بکێشم.

هەرکەسێك بە دڵێکی زۆر تەنگەوە بە دەرونێکی زۆر پاکەوە ڕوو بکاتە خوا دوعاکەی قبوڵ دەبێت، ئەو پیاوە زۆر ئازاری دەدام توانجی لە نوێژەکەم دەگرت ڕۆژی دوایی هات بۆ مزگەوت زۆر بێ تاقەت بوو پێی وتم: مامۆستا لە دوێنێوە هەر دوو گوێم کەڕبووە، منیش وتم: تازە گوێی لە دەنگی من نابێت تا ڕەخنەم لێ بگرێت، لە پاش هەفتەیەك هەمان کەس هاتەوە وتی لە خوا بەزیاد بێت هەر دوو گوێم بەربوو، منیش لە دڵی خۆمدا وتم: خوای گەورە من چ گوناهێکم کرد تا ئەم کابرایە بۆ جارێکی تر گوێی بکرێتەوە.

بەڵام دیار بوو من هەڵە بووم چونکە بەکەمتر لە هەفتەیەك هەر دوو چاوی کوێر بوو هەتا کۆچی دوایی کرد هەر لە ماڵەوە کەوت و نەیدەتوانی بێت بۆ مزگەوت، زۆر جار کوڕەزاکەی دەنارد بۆ لام دەیوت با مامۆستا بێت بۆ لام زۆر بێتاقەتم، منیش بە دڵسۆزییەوە ئەچووم بۆ لای هەموو کردەوەکانیم لەبیرکرد بە دڵ و بە گیان گەردنم ئازاد کرد.



حوجرەی مزگەوتی بن تەبەق

ئاشتبونەوەم لەگەڵ ئیسماعیل ئاغا:

پاش ماوەیەك چومەوە بۆ سەرسیان خۆم ئاشت کردەوە لەگەڵ ئیسماعیل ئاغا و گەردنی ئازاد کردم و وتی: هیچ نەماوە لەدڵمدا بەرامبەر بە تۆ هیوادارم لە پاشەرۆژدا بەختەوەر بیت. پاش ئەمە رەحمەتی خوا رووی تیّ کردم، کاتێك گەڕامەوە سلێمانی خەڵکی گەڕەکەکە گۆڕا بوون، خزمەتیان دەکردم و رێزیان دەگرتم‌و رێزی فەقێیەکانیان دەگرت، لە ماوەی پێنج ساڵدا کە مەلای ئەو مزگەوتە بووم پێنج مەلام ئیجازە دا، من هەتا ماوم سوپاسی دانیشتوانی ئەو گەڕەکە دەکەم لەسەر پیاوەتی و چاکەیان، هەرچەند شەش مانگی یەکەم زۆر دڵیان ئازار دام، بەڵام ئەویش لە نەزانینەوە بوو وایان دەزانی هەر مەلایەك دەنگی خۆش نەبێت مەلا نیە.

هەندێك لەو شتانەی پێیان وتم لە ماوەی شەش مانگی یەکەم لە سلێمانی ئەمانە بوون:

رۆژێك بەپیاو ماقوڵەکانی گەڕەکەکە، لەکاتێکدا کەهەموومان لە ماڵی حاجی مەلا مارف شەو کۆ بوو بووینەوە، وتم: ئەو ژوورەی کە بەکریّ گرتومانەو دەرگاکەی روو بە گۆێژەیە، واتە روو بە رەشەبایە، خێزانم نەخۆشە، تکایە بەڵکو ژوورێکی ترم بۆ بدۆزنەوە کە ئەم زستانە تیایدا کات بەسەر بەرین، یەکیّ لەوانەی کە لە دواییدا زۆر چاکەی لەگەڵ کردم شتێکی وت، ئێستاش ئازاری لەسەر جەرگم ماوە، وتی: (خودایا عاقبت ما را خوب گردان)، واتە: ئەی خوایە عاقیبەتمان بەخێر بکەیت بەدەستی ئەم مەلایەوە، چونکە من کاتی خۆی پێم وتبون ژورێکم بۆ بگرن حەواڵەی خوام بکەن، ئەم پیاوە کە ئەمەی پیّ وتم لە پاش ئەوەی کە منی ناسی زانی کە تۆزێك خوێندەوارم دەرس وتنەوەکەم بۆ خودایە بۆ پارە پەیداکردن نیە، بەزۆر ماڵەکەمی گواستەوە بردمیە ماڵی خۆیان ژورێکی دامیّ زیاتر لە ساڵێك تیایدا بووم بەبیّ کریّ، تا کۆچی دوایی کرد بە دڵ و گیان خۆشی دەویستم، منیش ئەوم زۆر خۆشدەویست خوا پاداشتی بەخێری بداتەوە.

هەر ئەم پیاوە جارێکی تر لە ماوەی شەش مانگی یەکەمدا، قسەیەکی کرد ئەویشم هەر زۆر پیّ ناخۆشبوو. رۆژێك حاجی (ص.ز) وتی: مامۆستا چیتێکی زۆر جوان هاتووە هی ئێرانە با بەشی کراسێك لەو چیتە پێیان دەوت (جەلسە) بنێرین بۆ مامۆستا ژن پاشان پارەکەت لیّ وەردەگرین. ئەو پیاوە وەڵامی دایەوە وتی: حاجی (با ژنەکەی فێری ئەو شتانە نەبێت).

رۆژگاری ناهەمواری مەلا کە پێشەوای موسڵمانانە کراوە بە موچە خۆر و سەرفیترە و زەکات خواردن. خوێندنەکەمان هەرچەندە زۆر بوو بەپێی ئەو رۆژە سودی زۆر بوو، بەڵام

ژیانی مەلا ئەمەندە ناخۆشی و ڕسوایی تیابوو، زۆر کەس وەك من وازی لە مەلایی ئەهێنا و ئەچوو ئیشێکی تری ئەکرد.

خوالێخۆش بوو کاك شێخ ئەمین نەقشبەندی لە بابەتی ژیانی مەلاوە فەرمویەتی:

بەڕاستی سەختە ژیانی مەلا
چاك گیری کردووە لەناو ئەم گەلا
لەگەڵ راتبەی نان یان چێشت خواستن
هەر رۆژێ لەم لا بۆ ئەولا گواستن
داوای شکارتە و جێگەی مەنێ جۆ
چاوەڕێی زەکات یاخو چوڕێ دۆ
شوێنی ئیسقات و جمعانە و دەعوەت
تەواوی عمری ئەڕوا بەمەینەت
ئەمە ئەم دونیابێ دیار ئەو دنیا
حیساب و کیتابی ژیانی مەلا
چونکە مەسئولی گوناهی خەڵکە
چەن چاو ئەپۆشێ بۆ بەشکی و بەڵکە
ناهەق ئەبینێ چاو ئەنوقێنێ
چەن بەناهەق خەڵك ئەتۆقێنێ
بۆیە ڕای ئەگرن ژیانی ئەدەن
گەلی بۆ دێرن خزمەتی ئەکەن
ڕێگای شەریعەت نیشاندا پێیان
گونا و خراپە لابدا لێ یان
ئاگای شەریعەت لای هیچکام نیە
جوابی مەلا لای خوا چیە؟
مەوعظە و خوطبە و هاوار و فریاد
ئەپارێتەوە بەهاوار و داد
ئەوەن خوتبەی دا هەناسەی نەما
ئێوەبن و خوا چی دەسکەوت لەما

چونکه هەر خەڵکە و خەڵك تاڵان ئەکا
پیرە و کوردەوەی منالان ئەکا
بەراستی سەختە ژینی مەلاکان
کاش ئەیانگۆڕی هەموو ڕێی ژیان
بەزۆری بازوو بەنووکی قەڵەم
زیندەگی بکەن نان بخۆن بێ خەم
نانی بێ منەت بێ ختە و بۆڵە
زۆر زۆر خۆشترە لەم ژینە سۆڵە

شایەنی باسە کاك شێخ ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی پیاوێکی زۆر زانا و ژیر و بەڕێز بوو و بەوەفا بوو بۆ هەرکەسێك پەیوەندی لەگەڵ بوایە، کاتێك لە (ئەحمەد ئاوا) بوو لەپێش ١٩٥٨ دانیشتوانی دێیەکە لە هەموو لایەکەوە زۆریان خۆشدەویست، من ئەو کاتە لە دەرەوەی زەڵم بووم برادەریم لەگەڵ نەبوو، ساڵی ١٩٨٠ کەماڵیان هاتە بەغدا، لەگەڵ ئەوەش ماڵەکەیان دوور بوو بەڵام هەواڵی ئەپرسی و سەری ئەدا هەتاکو کۆچی دوایی کرد خوا گیانی پاکی بەبەهەشت شاد بکا[١].

ئەمەی کە کاك شێخ ئەمین نەقشبەندی باسی دەکات و منیش لەم ژیاننامەیەدا هەندێك لەبارەیەوە دواوم، لە بابەت ژیانی مامۆستایانی ئایینی، تایبەتە بەو کات و سەردەمە، بەڵام لە ئێستادا سوپاس بۆ خوا ژیانی مامۆستایانی ئایینیش گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووەو هەموویان مووچەی مانگانەیان هەیەو ژیانیان دابین کراوەو پێویستییان بە سەرفیترەو زەکات و یارمەتیی ئەم و ئەو نیە. ئەمەش وایکردووە کە خاوەن بۆچوونی خۆیان بن و لەژێر کاریگەریی کەسانی دیکەدا وتار و ئامۆژگاریی خەڵك نەکەن و، بە ڕاشکاویی ڕاستییەکان بخەنە ڕوو، خوا ژیانیان چاکتریش بکات و بەرەو پێشیان ببان بۆ خزمەتی ئایین و گەلەکەیان و پایەداریان بکات بۆ وتنی هەق و ڕاستی لە هەموو کات و سەردەمێکدا.

---

[١] دیوانی بێوەیی/١٩٨٧ (لا٤٠-٤١).

مردوو شتن:

خوا لێخۆشبوو مەلا فتح الله مەلای پێشووی مزگەوتەکە وەك دانیشتوانی گەڕەکەکە باسیان کرد ئەوەی مردبێت لەو گەڕەکەدا ئەگەر دەوڵەمەند بووبێت شتویەتی ئەگەر هەژار بوبێت نەیشتووە.

نزیکەی مانگێك بوو چووبووم بۆ سلێمانی، شەوێك لە یەکێك لە ماڵەکانی گەڕەکەکە کۆ بوبوینەوە، پێیان وتم: مامۆستا تۆ وەك مەلای پێشوو نەکەی کە هەر دەوڵەمەندی دەشت و هەژارەکانی نەدەشت، منیش وتم: زۆر زۆر شتێکی ناشیرینە ئەم قسانەی ئێوە بەرامبەر بەمن دەیڵێن، من هەرچەندە مردو شۆری بەشتێکی باش دەزانم لە ڕێگەی خودا کەسێك بیکات، بەڵام ئەم کردەوەیە زۆر زۆر بۆ مەلا ناشیرینە، لەبەرئەوەی لە هەموو شوێنێك پیاوێکی هەژاری لێ قەوماو هەیە مردووەکانی شوێنەکە دەشوات بۆ ئەوەی شتێکی بدەنێ پێی بژی.

من کامتان خۆتان زۆر بەپیاو ماقوڵ دەزانن لە گەڕەکەکەدا ئەگەر هەرچی سامان و ماڵی هەیە لەپێش مردنیدا بیدات بەمن بۆ ئەوەی کە کاتێك مرد من بیشۆم، وتم هەر لە دووریشەوە ڕاناوەستم لەسەری پیشانی یەکێکی بدەم کە بیشوات، هەر مەلایەك مردوو بشوات لەلای من کفرە کە پێی بوترێت مەلا.

چونکە هەرکەسێك پلەیەکی هەیە لە ژیان، پلەی زانیاری بەرزترین پلەیە لە ژیاندا، ئەوەی زانیاری هەبێ لە هەموو بازرگان و دەستمایەدار پیاوترە و بەنرخ ترە ئەگەر خۆی حورمەتی خۆی ڕابگرێت.

لە پاش ماوەیەك دراوسێییەکمان هەبوو منداڵێکی یەکساڵی هەبوو مردبوو، منیش خەریکی دەرس وتنەوە بووم لە حوجرەکەدا دەبینم پیاوێك هاتە ژورەوە وتی: مامۆستا منیان ناردوە کە تۆ بێیت کوڕەکە بشۆیت.

منیش قسەی سووکم پێ وت و وتم: بچۆرە دەرەوە بالەوە زیاتر بەسوکی قسەت لەگەڵ نەکەم لەمن کەمترتان نەدۆزیەوە لە گەڕەکەکەدا بچن پێی بڵێن مردوەکەتان بشوات؟ دوای ئەوە ئەو پیاوەی مناڵەکەی مردبوو و باوکی و براکانی تا دوو ساڵ نەهاتن بۆ مزگەوت بۆ نوێژکردن.

دیارە لێرەدا گلەیی لەو خەڵکە نەزان و دوا کەوتووە ناکرێت، بەڵکو گلەیی لەو مەلایە دەکرێت کە مەلای مزگەوت و مدرس بووە بەڵام ڕێزی خۆی نەگرتووە بۆ نیو دینار یان دینارێك چووەتە ماڵان مردووی شتووە.

جۆرەها کردەوەی ناشیرینی مەلا و مەلایەتی پاڵی بەمنەوە نا کە ئەو ڕێگا و شوێنە بەجێ بهێڵم، بیر لە واز هێنان بکەمەوە لە مەلایەتی ئەگینا زۆر هەوەسم هەبوو لە دەرس وتنەوە خۆم نەدەگۆڕیەوە بە پاشای عێراق.

کۆکردنەوەی موچەی گەڕەك:

هەروەك باسم کرد لەمەو پێش موچەی مەلای مزگەوتەکە لەلایەن میریەوە بڕا بوو، گەڕەکەکە خۆیان ئەوەیان گرتە سەرشانی خۆیان کە هەموو مانگێك بەهەموویانەوە پێنج دینار کۆ بکەنەوە بیدەن بەمن لەباتی موچەی میری، لە پاش دوو مانگ ڕۆژێك نوێژی مەغریب بوو هەموو کۆبووبوونەوە بۆ نوێژ، بەڵام هێشتا نزیکی چارەکە سەعاتێکی مابوو بۆ بانگدان، یەکێك لە ئەهلی گەڕەکەکە لە ناوەڕاستی مزگەوتەکە دەستەسڕێکی ڕاخست وتی: ڕەحمەتی خواتان لێ بێت با پارەکەی مامۆستا کۆبکەینەوە.

یەکە یەکە هەڵسان یەکی درهەمێك (٥٠ فلس)یان خستە سەر دەستەسڕەکە، لەو کاتەدا ئەگەر گیان دەرکردن بەدەستی خۆم بوایە گیانی خۆمم دەردەهێنا، بۆ ئەوەی ئەو کردەوە ناشرینە نەبینم، وتم: عەیب ناکەن شورەیی ناکەن، بۆچی من سوالکەرم، دەرۆزە دەکەم، لێ قەوماوم؟! ئەم کردەوە ناشرینە چیە؟ بەو جۆرە پارە بۆمن کۆ دەکەنەوە، لە شوێنێکی تر لە ماڵی خۆتان یەکێك دابنێن پارەکە کۆ بکاتەوە بیهێنن بۆ ماڵەوە یان حوجرە، لەسەر ئەو کردەوەیەی ئێوە پەیمانم دا موچەکەی میری زیندو بکەمەوە، یان بچم کەوەر بفرۆشم و مەلایەتی ناکەم.

لە پاش ئەو جارە هەموو جارێك کۆیان دەکردەوە و یەکێك دەیهێنایە ماڵەوە بۆم.

ڕۆژی جەژن:

لە لادێ و لە شارەکاندا لە کوردستان ئەو کاتە باو بوو کە لە پاش نوێژی جەژن خواردنیان دەهێنایە مزگەوت، هەرکەس لە ماڵی خۆی لە برنج و ساوەر یەکی سینیەکیان دەهێنا، ئەو کاتە زۆرتر تەنیا برنجەکە بوو یان ساوەرەکە بوو لە لادێکاندا، کاتێك مەلا بووم لە زەڵم لە پاش نوێژی جەژن هەموو هەڵئەسانەوە و دەستی یەکتریان ماچ ئەکرد بەدەنگی بەرز سەڵاواتیان ئەدا لەسەر پێغەمبەر ﷺ جارجار ئەگریان بەیەکتریان ئەوت توخوا گەردنم ئازا بکەن، بەو جۆرە ئەگەر دوو کەس ناکۆکیان لە نێوانیاندا بوایە بەدرێژایی ساڵ قسەیان

لەگەڵ یەك نەکردایە رۆژی جەژن دەستی یەکیان ماچ ئەکرد و ئاشت ئەبوونەوە و گەردنی یەکیان ئازاد ئەکرد.

ئینجا پاش ئەوە پارەیان کۆ ئەکردەوە بۆ دیاری ماڵی شێخ و خان، رۆژی دووەمی جەژن ئەچوون بۆ لای شێخ حسام الدین لە باخە کۆن یان شێخ علاء الدین لە بیارە، لە رۆژی سێیەم ئەچوون بۆ ماڵی خان ئەو کاتە (محمود خان) بوو پاش مردنی عبدالله خان بوو هەردوکیان لە (دزلی) دائەنیشتن حوکمڕانی هەورامیەکانی ئەم دیو و ئەو دیویان ئەکرد. هەروەها لە سلێمانی نانیان ئەهێنایە مزگەوت لە پاش نان خواردن بەگەڕەکدا ئەگەڕان ماڵ بە ماڵ جەژنە پیرۆزەیان لە هەموو ماڵێك ئەکرد.

ئەو کاتە من لەوێ مەلا بووم خوا لێخۆشبوو حاجی کریم ئاغا کە پیاوێکی قەڵەو و قسە خۆش بوو پێش هەموومان ئەکەوت ماڵ بە ماڵ بە گەڕەکەکەدا ئەگەڕاین، کاتێك ئەگەیشتینە بەردەرگای ماڵێك کەریم ئاغا بانگی ئەکرد نوقڵەکە بێنن چونکە ئەوەندە زۆربوین جێی دانیشتن نەبوو، ئینجا خاوەن ماڵەکە یان نوقڵ یان باسوق کە لە دۆشاوی مێوژ دروست ئەکرێ ئەیان هێنا سەروو دەنکمان هەڵە گرت و ئەچوین بۆ ماڵێکی تر.

شیرینی شیرینی ڕادەکێشێت:

سێ چوار جار چوومە لای مەئموری ئەوقاف (محمد علی افندی) دەموت ئەفەندی رزگارم بکە لەم ژیانە تاڵە کە من تیایدا دەژیم مەلایەکم خۆم بە خوێندەوار دەزانم، دەرس بە فەقێ بە باشی دەڵێمەوە، لە شوێنی خۆمدا حورمەتم هەبووە، ئێستا وەك سواڵکەر هەموو مانگێك هەریەك پەنجا فلسم ئەدەنێ بۆ ئەوەی خۆم و ماڵ و منداڵم بژین.

ئەویش هەموو جارێك بۆی دەنووسیم بۆ بەغدا بۆ زیندوکردنەوەی موچەکە وەڵامەکە بە پێچەوانەوە دەهاتەوە.

رۆژێك خزمێکم دووبەرە هەنگوینێکی بۆ هێنابووم، بیرم کردەوە وتم با ئەم دوو بەرەیە ببەم بۆ مەئموری ئەوقاف بەڵکو بە دڵسۆزانە ئەو موچەیەم بۆ زیندو بکاتەوە، شەوێك دوو بەرەکەم دایە بن دەستم و بردم بۆ ماڵیان. وتم: ئەمە ڕەشوە نیە بۆ تۆم هێناوە بەدیاری بۆمن هاتووە و منیش بەدیاری هێناومە بۆ تۆ ئیتر نەم وت یارمەتیم بدە. ئەویش وتی: سبەینێ دەتوانی بێیت بۆ ئەوقاف. وتم: سبەینێ دێم.

چووم و وتی: عەریزەیەك بنووسە لەرێگەی منەوە بۆ ئەوقافی بەغدا خۆی پیشانی دام کە چۆنی بنووسم، ئینجا ئەویش (تأید)ێکی لەسەر نووسی، هەردووکیانی خستە ناو زەرفێکەوە

پێی وتم: کەسێك پشت ملی بخورێت خۆی بیخورێنێ باشترە تا یەکێکی تر. وتم: مەبەستت چییە؟

وتی: خۆت بڕۆ بۆ بەغدا ئەم عەریزەیە و کتابی ئەوقافە ببە بۆ مدیری عام. چونکە ئەوکاتە وەزارەتی ئەوقاف نەبوو، کاتێك چوم بۆ بەغدا خوالێخۆشبوو (شفیق العانی) بەڕێوەبەری گشتی ئەوقاف بوو. پیاوێکی زۆر چاك و زۆر مەرد و زۆر موسڵمان بوو، بەدرێژی گوێی بۆ گرتم کە باسی خزمەتی خۆمم بۆ کرد لە بارەی دەرس وتنەوە بە فەقێ‌و جۆری ژیانم، ئەویش خوا خستیە دڵیەوە –إضبارة-ی مزگەوتەکەی هێنا و فەرمانیدا کە موچەکەم بۆ زیندوو بکرێتەوە کە بریتی بوو لە (پێنج دینار و نیو) هەر لەوێ کتابی پێدام وتی بڕۆ هەر لەم مانگەوە ئەم موچەیەت بۆ سەرف بکەن.

دیارە ئەمە هەموی خوا کردی بەڵام هەموو بەرەکەتێك حەرەکەتێکی دەوێت. ئەگەر شیرینی هەنگوینەکە نەبوایە منیش خوا ئەم شیرینیەی بۆ نەدەناردم، خوا بۆ هەموو شتێك هۆیەکی داناوە.

کاتێك لە بەغدا گەڕامەوە بۆ سلێمانی بە کەسم نەوت تا سەری مانگ، سەری مانگ چووم لە ئەوقاف مەعاشەکەم وەرگرت، بۆ رۆژی دوایی پیاوێك لە دانیشتوانی گەڕەکەکە موچەی گەڕەکی هێنا کە پێنج دینار بوو. وتم: ئەمە بەردەوە هەرکەسە (پەنجا فلس)ی خۆی بۆ دەگێڕیتەوە پێیان بڵێ لەم رۆژەوە موچەی ئێوەم ناوێت خوا موچەی بێ مننەتی بۆ بڕیەوە. هەرچەندە هەوڵیان دا کە ئەو مانگە وەری بگرم قبوڵم نەکرد ئینجا دانیشتوانی گەڕەکەکە وورده وورده خۆشەویستییان بۆمن زیاتر بوو.

کاتێك گەڕامەوە دوو کتێبم کڕی. یەکێکیان ئایینی بوو (إبراهيم أبو الانبياء)، دووەم ئایینی نەبوو (معركة نفط العراق). کاتێك هاتمەوە لەڕێگە لە تەینالْ تەفتیشیان کردم، ئەو کاتە لەبەر فراوانی و بڵاوبونەوەی فکری شیوعی بە -سلێمانی-یان ئەوت مۆسکۆی دووەم. (مفوض شورتەکە) کە جانتاکەی تەفتیش کرد وتی: ئەم کتێبە قەدەغەیە. وتم: من ئەمەم لەسەر جادەی پایتەخت کڕیوە، وتی: ئەوە خەڵکی پێ تاقی ئەکەنەوە. ئیفادەیان لێ وەرگرتم لەگەڵ کتێبەکە خستیانە زەرفەوە دوو پۆلیسیان لەگەڵ ناردم. لە گەراج دابەزین تکام کرد لە پۆلیسەکان دوام نەکەون و تۆزێ دوور بن بۆ ئەوەی کەس نەزانێ من تاوانبارم بە قسەیان نەکردم، کاتێك چووینە دائیرەی ئەمن پێیان ئەوت (شوعبە خاصە) بەڕێوەبەرەکەی کە خەڵکی سلێمانی بوو زۆر نامەرد و ناکەس بەچە بوو، وای ئەزانی گەورەترین تاوانباری گرتووە.

قیژانی بەسەرما وتی: مەلا ئیشی تۆ قورئان خوێندنە ئەم کتێبەت بۆچی کڕیوە؟ وتم: ئیسلام نوێژ و ڕۆژو نییە، بەڵکو یاسا و ڕژێمە بۆ ئادەمیزاد، وتم: قورئان ئەمرم پێ ئەکا ئەو کتێبانە بخوێنمەوە. دوای ئەوە بردمیانە لای بەڕێوەبەری شورتە عەرەب بوو، زۆر پیاوتر بوو لە کوردەکە، وتی: ئەم مەلایە ناوی هەیە لەوەو پێش لای ئێوە؟ وتیان: نەخێر، کوردەکە وتی بیدە بەدادگا با بگات بە سزای خۆی، عەرەبەکە وتی: کەواتە هیچی لەسەر نیە بڕۆ بەڵام دوایی کتێبەکە بسوتێنە.

ساڵی ١٩٦٢ لە کۆلیجی یاسا قۆناغی دووەم. مامۆستای مالیە (د.عبید عزت) داوای ڕاپۆرتی کرد لەسەر نەوت، منیش لەم کتێبە ڕاپۆرتەکەم دەرهێنا بە هۆیەوە (٢٠) نمرەم وەرگرت.

ئیسقاتی ژنەکەی حاجی سەید ئاغا:

ڕۆژێک لە حوجرە دەرسم دەوتەوە فەقێیەک هات وتی لە خانەقای مەولانا خالید مامۆستاکان کۆ بوونەتەوە و هاتوم بەدوای تۆدا کە بچیت بۆ ئەوێ، وتم: خێرە؟ وتی: بەڵێ خێرە، ئیسقات دەکەن بۆ ژنەکەی حاجی سەید ئاغا، کە یەکێکە لە دەوڵەمەندەکانی سلێمانی، کاتێک چووم بینیم چی مامۆستای شارەکەیە هەمووی دانیشتووە جەنازەی خوالێخۆشبوو لە هەیوانی مزگەوتەکە دانراوە قورئانی لەسەر دەخوێنن.

کاتێک وتیان با نوێژی لەسەر بکەین مەلاکان بەجارێک بەپێ خاوسی ڕووە و جەنازەکە ڕۆشتن بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین، لەو کاتەدا سەرنجم دا متصرف و مدیری مەعارف لەگەڵ خەڵکەکە دانیشتبوون دەستیان کرد بە پێکەنین. ئەمە زۆر کاریگەر بوو لە دڵمدا چونکە مانای ئەم پێکەنینە ئەوەیە مامۆستاکان بۆ دەوڵەمەندەکان سەریان پێوە نیە. بەڵام بۆ هەژارێک لە حوجرەکەی خۆیان نایەنە دەرەوە و لەرێی خوادا دوای جەنازەی هەژار بکەون و بچن بۆ سەر قەبران.

هەرچی مێزەر بەسەر هەیە لە سلێمانیدا کۆبۆتەوە بەدەور و پشتی جەنازەی خێزانی حاجی سەید ئاغادا یەکێ نوێژی لەسەر دەکات و یەکێ قورئانی لەسەر دەخوێنێ، کاتێک جەنازەکەیان برد بۆ سەر قەبران هەموو دوای کەوتن منیش لەداخی پێکەنین بە مامۆستاکان لەلایەن متصرف و مدیری مەعاریفەوە گەڕامەوە مزگەوتەکەم.

ڕۆژی دواتر مامۆستا عبدالله کە مزگەوتەکەی نزیک بوو لێمەوە هات بەدوامدا وتی: بابچین بۆ خانەقا بۆ ئیسقاتەکە. منیش وتم: من نایەم، بەزۆر لەگەڵ خۆی بردمی،

ئیسقاتەکەمان کرد، هەروەك ئەوەی لەگەڵ مەلا حمە ئەمینی قاجری لە ساڵی **١٩٤٢** کردمان، هەر مەلایەك (دینار و نیوێك)یان پێدا، کاتێك گەڕامەوە ماڵەوە لەڕێگە لەسەر دوکانێك دیم ئافتاو لگانێك دانراون، وتم بە خاوەنەکەی ئەوە بەچەندە؟ وتی دینار و نیوێك، وتم: ها بگرە. بەخوا نابێت ئەو پارەیە بچێتە ماڵی من، لە پاشان چومە مزگەوت دەست نوێژم گرت و چومە حوجرەکەم، قورئانەکەم داگرت وتم، قورئان بەساحێبی تۆ بەمانای تۆ سوێند ئەخۆم تاماوم فلسێکی ئیسقات ناخۆم، ئەگەر هەموو ماڵ و منداڵم لە برسانا بمرن بە پارەی ئیسقات زیندو بینەوە، جارێکی تر ئیسقات وەرناگرم.

ئیسقاتی دەروێشەکەی قەرەداغ:

ڕۆژێکی پێنج شەممە دایکی محمد پێی وتم: (٥٠) فلسمان بۆ پەیدا بکە بیدەین بە گۆشت، چونکە سلێمانی ئەو کاتە لە شەوی هەینی دا هەر ماڵێك بەپێی توانای خۆی چێشتی باشی لێدەنا، وتی: هەموو جارێك دایکی حاجی (ت.ف) دەڵێت تۆ بامیێ لادییانە لێدەنێیت واتە بامیێ بەبێ گۆشت.

وتم: نەك درهەمێك، فلسێکم نیە و بۆتان قەرز ناکەم.

لەو کاتەدا فەقێیەك هات وتی: مەلا عبداللە ئەڵێت بابێت بۆ مزگەوتی ئێمە. منیش کاتێك چووم دیم مامۆستا مەلا سەید عارف و مامۆستا مەلا سەید غەفور و مامۆستا مەلا مارفی خاوەیی لای مەلا عبداللە دانیشتوون. ئەم پێنج مامۆستایە زۆر پەیوەندیمان بەیەکەوە هەبوو. مەلا عبداللە وتی: دەروێشێکی شێخ عبدالکریم کربچنە لە قەرەداغ مردووە (١٨دینار)یان ناردووە من لێرە بیکەم بە ئیسقات چونکە (مەلا عبداللە)ش مریدی ئەو شێخە بوو.

وتی: ١٥ دیناری بۆ ئێمە یەکی سێ دینار، سێ دینارەکەی تریشی دەدەین بە فەقێیەکان، منیش وتم: بەشداریتان ناکەم لەم ئیسقاتەدا، ئێوە خۆتان بیکەن، پارەکە دابەشی بکەن بەسەر خۆتاندا من ئیسقات ناخۆم، وتەکەی منیان زۆر پێ عەجایب بوو. چونکە لەو ڕۆژەدا مامۆستای ئاینی نەبوو لەسەر ئەم زەمینەدا بڵێ من ئیسقات ناخۆم بە تایبەتی ئەگەر دەست کورت بێت. زۆریان هەوڵ دا من نەچومە ئەڵقەی ئیسقاتەکەوە بۆ ئەوەی دەروێشەکە پاك بکەینەوە لە هەموو گوناهێکی بە (١٨) دینار.

مەلا عبدالله (١٨) دینارەکەی خستە دەستە سرێکەوە یەکە یەکە دەیدا بە مامۆستاکان دەیوت ئەوا دام بەتۆ لە کەفارەی نوێژ و رۆژوی فەوتاوی دەروێش وسوێندی ناهەقی و هەر درۆ و دەلەسەیەك کردویەتی لە ژیانیدا و هەر کردەوەیەکی خراپ.

ئەویش دەیوت: ئەوا قبولّم کرد ئەوا دامەوە بەتۆ.

ئینجا ئاوا یەکە یەکە دەیدا بە مامۆستایەك و ئەویش قبولّی دەکرد و دەیدایەوە بە مەلا عبدالله. بەو (هەژدە دینارە) دەروێشیان کرد بە پەپولەی بەهەشت. لە دوایدا وتیان: هەرچەندە تۆ بەشداریت نەکرد لەم ئیسقاتەدا بەلاّم لەگەلّ ئەوەش (سێ دینارەکەت) دەدەینێ.. وتم: با پێتان بلێم بەخوا ئیستا هاتم لە مالّەوە داوای درهەمێکیان لێکردم بۆ خواردن نەمبوو، ئەگەر هەموو مالّ و مندالّم بمرن لەبرساندا من فلسێك وەرناگرم، ئینجا سێ دینارەکەیان خستە چاکی عەباکەم، منیش عەباکەم گرت و پارەکەم فرێ دایە دەرەوە، خوالێخۆشبوو یەکێ لە مامۆستاکان هەلّی گرت خستیە گیرفانیەوە وتی: (مالّی خۆنەخۆر بۆ چەکمە بۆر)، ئەو مامۆستایە پیاوێکی زۆر مەرد و زۆر خانەدان و زۆر (سەخی) بوو، بەلاّم لەو رۆژەدا لە هەموو عێراقدا یەکێك نەبوو لە مەلا و فەقێ کە خواردنی ئیسقات بە حەلالّ نەزانێ، بزانێت کە ئەمە نە لە قورئاندا نە لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا ﷺ نە لە زەمانی (خلفاء الراشدین)دا نەبووە کە هەموویان سەرچاوەی ئیسلامن.

مردنی ئەحمەدی کوڕم:

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ﴿وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلاَدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ﴾[1].

واتە: پێویستە لەسەر دایکان خۆیان شیر بدەن بە منالّەکانیان تا تەمەنی دوو سالّ تەواو دەکات.

ئەم فەرمودەی خوا لەبەر ئەم هۆیانەیە:

١- روون بۆتەوە بۆ پزیشکان کەشیری دایك بۆ لەش ساغی منالّەکە زۆر زۆر باشترە لە هەموو جۆرە شیرێکی تر.

چونکە ئەو خۆراکەی منالّەکە پێویستی پێی هەیە چەند جۆرە خوێ و ڤیتامینی تێدایەو دەیپارێزێ لە چەند جۆرێك نەخۆشی.

---

[1] سورة البقرة/٢٣٣.

٢- لای زانایانی دەروون زانی (علم النفس) ڕوون بووەتەوە کە شیردانی دایك گەلێك بایەخی بۆ منداڵەکە هەیە لە پاشە ڕۆژدا کە گەورە دەبێت و شێوازی هەڵس و کەوتی ئەو منداڵە لەناو کۆمەڵدا، چونکە زۆر جیاوازە کاتێك کە دایك شیر دەدات بە منداڵ و لەبەردەم چاوی خۆی دەبێت لەگەڵ ئەوەدا کە شیری مانگا یان مەڕ یان شیری وشك بدرێت بە منداڵەکەو لە سوچێکی ماڵەکەدا دابنرێت کەس نەبێت لە دەور و پشتی. هەر لەو کاتەوە ئەو منداڵە هەست بەوە دەکات کە فڕێ دراوەو بایەخێکی نیە کە ئەمە بنچینەیەکە لە پاشە ڕۆژدا ئەو منداڵە ببێت بە مرۆڤێکی ڕوو گرژی تووڕە.

٣- زانایانی ئایینی ئیسلام بۆیان ڕوون بووەتەوە کە شیری دایك بنەمای ڕەوشتی جوانە، لەبەرئەوە هەندێك دەفەرموون ئەگەر دایك ڕەوشتی جوان نەبوو نابێت شیر بە منداڵەکەی بدات نەوەك ئەوە بەمیرات بچێت بۆ منداڵەکە.

هەروەها خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ﴾.

واتە: لەسەر باوکی منداڵەکە پێویستە هەموو پێویستیەکانی ژیانی دایکەکە ئامادە بکەن وەك خواردن و جێگەی پاك. چونکە شیری دایکەکە خواردنێکی تەواوە بۆ ئەو منداڵە پێی بژی.

دیارە باوکی ئەحمەد کە مەلای مزگەوت بووم نەیدەتوانی ئەو پێویستیانە ئامادە بکات بۆ دایکی ئەحمەد، لەبەرئەوە شیرەکەی زۆر کەم بوو ئەحمەد تێری پێ نەدەخوارد، زۆر جار تۆزێك شەکرمان دەکردە ناو ئاوی گەرمەوە دوایی دەمان دایە، بەڵام هیچ سودی نەبوو، زۆرجار هەتا بەیانی لە برساندا دەگریا.

من کە موچەکەم (٥ دینار و نیو) بوو سەری مانگ (١٠٠) فلسم بۆ نەدەمایەوە بیدەم بە قتوە شیرێك، چونکە دوو دینارم دەدا بەکرێ خانوو، سێ دینار و نیوەکەی تر هەر بەشی شتە پێویستەکانی دەکرد بۆ ماڵەوە چونکە زوو زوو میوانم دەهات، منیش لە دوکان شتم دەکڕی بە قەرز سەری مانگ دەمدایەوە لەگەڵ ئەوەش ماڵی باوکم یارمەتیان دەدام هەر نەمدەتوانی مانگی (٣٠٠) فلس بدەین بەسێ قتو شیر بۆ ئەحمەد.

کاتێك بینیمان ئەحمەد ووشك بووەتەوە بردم بۆ لای دکتۆر (هاشم دوغرمچی) کە ئەو کاتە بەڕێوەبەری تەندروستی بوو، کاتێك کە سەیری کرد وتی: ئەم منداڵە هیچ نەخۆشیەکی نیە بەڵام لە برساندا وای لێهاتووە.

دوای ئەوە چووم (١٠٠) فلسم قەرز کرد دام بە یەك قتو شیر، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو ووشك ببووەوە ڕۆژی دوو سێ جار شیرەکەمان دەدا بە منداڵەکە، پاش ئەوە هەموو گیانی ئاوسا.

ئینجا پاش سێ ڕۆژ لە حوجرەی فەقێیەکان دەرسم دەوتەوە، ژنی دراوسێکەمان هات بۆ حوجرە، هەر لە دوورەوە ژنەکەم دی زانیم ئەحمەد مردووە.

کاتێك ئەحمەدیان دانا لە گۆڕەکەدا ئاواتم ئەوە بوو کە منیش لەگەڵ ئەودا بمرم، چونکە ستەمێکی زۆرم لەو کرد لە منداڵەکانی تریشم کە ڕێگەی مەلایەتیم گرت و ژیانی خۆم و منداڵەکانم کەوتە سەر زەکات و سەرفیترە و ئیسقات و سەرقەڵەمانە.

پرسیاری ناهەموار و وەڵامی نالەبار:

کاتێك کە بازرگانەکانی گەڕەکەکە ئەچون بۆ بەغدا بۆ شت کڕین کە ئەگەڕانەوە شەو هەندێك لە خەڵکی گەڕەکەکە ئەچوون بۆ ماڵیان بۆ بەخێر هاتنەوە، چونکە ئەو کاتە زۆر گرنگ بوو یەکێك بچێت بۆ بەغدا و بێتەوە وەك چووبێت بۆ ئەمریکا و هاتبێتەوە وەها بوو.

لەو جۆرە دانیشتنانە باسی هەموو جۆرە شتێك دەکرا وەك ئایین و بازرگانی و شتی تر، خوالێخۆشبوو (کاك عومەر) پێی ئەوترا (عومەری ئایشەخان) خوشکەزای حاجی مارف بوو، لە پیاو ماقوڵەکانی گەڕەکەکە بوو، (مدیری تحریرات) بوو کوڕی چاك بوو، بەڵام لە بیروباوەڕیدا بە ئایین زۆر باش نەبوو، ئینجا هەندێ جار لە دانیشتنەکاندا پرسیاری سەیر سەیری دەکرد. وەك ڕەخنە وا بوو لە بابەت ئاینی ئیسلامەوە.

ڕۆژێك لە ماڵی خاڵی دانیشتبووین پرسی: مامۆستا ئەوە بۆچی خوا ئەوەندە باسی شەیتان ئەکات لە قورئاندا؟

منیش وەڵامێکی نالەبارم دایەوە، پێم وت: لەبەرئەوەی لە هەموو دانیشتنێکی ئاوا شەیتانێکی وەك تۆی تیایە، هەرچەندە لەو کاتەدا هەبوو زۆر وەڵامەکەی پێ خۆشبوو بەڵام خۆی و خاڵی زۆریان پێ ناخۆش بوو، بەڕاستی وەڵامەکە ناشرین بوو.

ئێستا ئەگەر ئەو پرسیارەم لێ بکەنەوە دەڵێم: مەبەست لە شەیتان ئەوە نیە کە ئادەمی لە بەهەشت کردە دەرەوە، بەڵکو هەر مرۆڤێك شەیتانی تایبەتی خۆی هەیە هەردەم وا لەگەڵیا هەمیشە هانی دەدات بۆ شتی خراپ، وەك خوا لە قورئاندا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ﴾[1].

---

[1] سورة یوسف/٥٣.

ئادەمیزاد لەنێر و لە مێ خوا دوو هێزی بۆ دروست کردوون، یەکێکیان پاڵی پێوە دەنێت بۆ چاکە کردن ئەوی تریان پێی ئەوترێت -النفس یان شەیتان- هەردەم هانی ئەدات بۆ خراپە.

ئەم دوانە وەك شالیار -وەزیر- وان بۆ سەرۆكێك كە پێی ئەوترێت عەقڵ، هەریەك داوای لێ دەكات كە ڕێگەیەك بگرێت پێچەوانەی ڕێگەكەی تر، خوای گەورە باسی ئەم دوو هێزەی كردووە دەفەرمووێ: ﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا، فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا، قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا، وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا﴾[1].

واتە: سوێند بەو نەفسەی كە دروستی كردووە هێز و ئامادەیی شەڕ و چاكەی تیا دروست كردووە، لەم ئایەتەدا مەبەست لە (نفس) ئەو كەسەیە واتە مرۆڤەكە، بەڵام لە ئایەتی پێشودا مەبەست لە هێزی شەڕ و خراپەیە.

جارێكی تر (كاك عمر) پرسی وتی: مامۆستا عەقڵ بڕوا ئەكات كە (تۆماس أدیسون) كە كارەبای دۆزییەوە و هەموو گۆی زەوی ڕووناك بووەوە بچێتە (جەهەنم) بەڵام دەروێشێكی شێخ عبدالكریمی كرپچنە پرچی پڕە لە ئەسپێ بچێتە بەهەشت؟

لێرەدا وەڵامێكی ناشیرینم دایەوە بەڵام لەبیرم نیە ئەگەر ئێستا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، دەڵێم خوا فەرموویەتی:

﴿إِنَّ اللَّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاءُ﴾[2].

واتە: خوا خۆش ئەبێت لەوەی شەریك بۆ خوا دانەنێت.

لێرەدا دەردەكەوێت ئەوەی شەریك بۆ خوا دانەنێت، خوا لێی خۆش دەبێت با موسڵمان نەبێت، ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بێت.

میوانی هەنار فرۆش:

زەڵمییەكانی دێی خۆمان لە پایزدا هەنارەكانیان دەهێنا بۆ سلێمانی دەیان فرۆشت، لە پاشدا لەبەر دواكەوتن و نەزانی خۆیان یان لەبەر هەژاری نەدەچونە ئوتێل دەهاتن شەو لە ماڵی ئێمە دەمانەوە، ئەمە زۆر جار ڕووی دەدا، من لەو كاتەدا دەست كورت بوم، كاتێك كە نوێژی مەغریب رووم دەكردە دواوە دەموت بەنوێژكەرەكان (إستووا واتصلوا رحمكم الله) واتە: ڕێك بوەستن پاڵ بدەن بە یەكەوە ڕەحمەتی خواتان لێبێت، تەماشام دەكرد كە بزانم هەنار

---

[1] سورة الشمس/٧و٨و٩و١٠.

[2] سورة النساء/٤٨.

فرۆشیان تیادا نیە، ئەگەر کەسم نەدیبا نوێژەکەم بەدڵ ئاسودەیی تەواو دەکرد، بەڵام زۆر جار کە لێ دەبوومەوە تەماشام دەکرد ئەوا کۆمەڵە جەواڵێك دانراوە کە هەناریان پێ هێناوە بۆ فرۆشتن.

زۆر جار لە زستاندا من و دایکی محمد و محمد لە ژوری خەڵوزدا دەنوستین، عاباکەی خۆمان دەدا بەخۆماندا لەبەر میوان، چونکە یەك ژورمان هەبوو بۆ نوستن، ئەویش تەرخان دەکرا بۆ میوان، بەم جۆرە تا لە سلێمانی بووم بەدەگمەن بێ میوان دەبوین، ئەوی نەخۆشی هەبوایە دەهاتە لای ئێمە، ئەوەی هەناری بفرۆشتایە یان گوێز نەدەچونە ئوتێل، ئەمەش نیشانەی نەزانین و دواکەوتن و هەژاریە.

کاتێك شارەکانی کوردستان لە پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ جوێ بونەوە لە میری بە سەربەخۆیی دەژیان، حکومەتی هەرێمی کوردستان محمدی کوڕمیان ناردبوو کە من بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، پێم وت: من بە شانازیەوە دەمەوێت خزمەتی گەلەکەم بکەم، بەڵام من ناتوانم لە سلێمانیدا بژیم، چونکە ئەگەر بمێنمەوە دەبێت تەکیەیەك دروست بکەم وەك شێخەکان، دوو ژنی چێشت کەر بەکرێ بگرم بۆ ئەوەی شەو و رۆژ چێشت و نان بکەن بۆ میوان، جگە لەوە پیر بووم توانای ئەوەم نیە لە شوێنێکدا بژیم هەردەم دانیشتوەکانی لەناو خۆیاندا پارچە پارچە بن و هەریەکێك حزبێکی تایبەتی دروست بکا و ناچارم بکەن کە دوای یەکێکیان بکەوم و توشی دڵ ئێشان ببم لەگەڵ ئەوانی تر.

بۆچی کرام بە سەرباز؟

وەك لەمەو پێش باسم کرد لای مامۆستا مەلا حمە سەعید ئیجازەم وەرگرت بۆ ئەوەی نەکرێم بە سەرباز، بەڵام دیار بوو ئەمە کەڵکی نەبوو دەبوو تاقی کردنەوەی دوانزە پۆلەی خوێندنی مزگەوتم بدایە، ئەو کاتە بەندێك دانرابوو لە یاسای سوپادا بۆ ئەوەی هەرکەس دوانزە پلە (صنف) تاقی بکەنەوە و لەو پلانەدا دەربچێت ناکرێت بەسەرباز، من ئەو تاقی کردنەوەیەم نەکرد بوو، لەبەرئەوە دوای ئەوەی چومەوە بۆ زەڵم ناردیان بەشوێنمدا بچم بۆ (دائرە تجنید)ی هەڵەبجە، کاتێك چووم بۆ تجنید، وتیان ئەوە تۆ شەش ساڵە دوا کەوتیت (متخلف) دەبێت بتکەین بە سەرباز هیچ چارێك نیە، ئینجا منیش چووم بۆ داری کەلی بۆ لای (شێخ محمود) نامەیەکم هێنا بۆ مدیری تەجنید لە سلێمانی کە خزمی ئەو بوو ناوی (شێخ مارفی شێخ حمە غەریب) بوو، ئەویش چاو پۆشی کرد لەو شەش ساڵە وتی: بچۆ بۆ

(مجلس علمی ئەوقاف) عەریزەیەك بدە بۆ ئەوەی لەو دوانزە پۆلە تاقیکردنەوەت بکەن ئەگەر دەرچوویت ئەوا بچۆرەوە شوێنی خۆت ئەگەر دەرنەچوویت دەتکەن بە سەرباز.

ئەنجومەنی ئەم تاقی کردنەوەیە بریتی بوو لە مامۆستاکەی خۆم مامۆستا مەلا حەمە سەعید و مامۆستا شێخ نوری بابا علی، شێخ مارف قەرەداغی، مأموری ئەوقاف بە سەرۆکایەتی قازی شێخ محمدی خاڵ. ئینجا دوانزە پرسیاریان لێکردم لە دوانزە عیلمدا کاتێك وەڵامم دانەوە و دام پێیان، بڕوانامەیەکیان دامێ هەموویان ئیمزایان کرد ئەوقافیش مۆری کرد بۆ دائرەی تەجنید لە سلێمانی.

ئیشەکەم کەوتە لای (نائب ضابط)ێك پێی وتم: تۆ شەش ساڵ (متخلف)یت، وتم: (مدیری تجنید) بڕیاری بۆ داوم، وتی: ئەگەر لە تاقیکردنەوەکەدا دەرچوویت ئەوە شەش ساڵەکە حساب نیە، وتی: ئەوە مخالفی یاسایە هەر چۆنێك بوو رێکەوتین کە دووبەر هەنگوینی بۆ بەرم ئەو بڕوانامەیە بخاتە سەر دەفتەر خزمەتەکەم، ئیتر منیش رۆشتمەوە ئەو هەڵەیەم کرد نەچوومەوە لای کابرا بۆ ئەوەی بزانم کە بڕوانامەکەی خستوتە سەر دەفتەر ئەویش نەیخستبوو من هەروا بە (متخلف)ی مامەوە بەڵام دائرەی تەجنید داوای نەکردمەوە.

ساڵی ١٩٤٧ز کاتێك کە تۆماری گشتی (تسجیل عام)ی عێراق بوو ئێمە ماڵمان لە سەرسیان بوو، خانەمان لەسەر ئەوێ بوو، دوای ئەوەی هاتینە سلێمانی (محمد) کاتی ئەوەی هات بچێتە قوتابخانە دەبوایە خانەکەمان بگوازینەوە لە سەرسیانەوە بۆ سلێمانی، هەر کاتێك کە خانەی یەکێك نەقڵ دەکرێت بۆ شوێنێکی تر دەیدەن بە تەجنید، کاتێك زانیم گواستنەوەی (خانە) دراوە بە تەجنید و من لە ساڵی (١٩٤٢)ەوە متەخەلیفم.

رۆژێك لە حوجرەی فەقێیەکان دەرسم دەوتەوە پۆلیسێك هات سەلامی کرد وتی: مامۆستا، فەقێ (مصطفی زلمی) لەم مزگەوتەیە لای تۆ دەخوێنێت؟ منیش وتم: بەڵێ، وتی: کوا؟ وتم: منم، پۆلیسەکە سەری سوڕما وتی: کەوابوو زەحمەت نەبێ لەگەڵم وەرە بچین بۆ لای مدیری تەجنید. ئەو کاتە مدیری تەجنید (عقید أمین) بوو زۆر تووڕە و ناڵەبار بوو لە جوڵانەوەدا لەگەڵ ئەوانەی ئیشیان ببوایە بەو دائیرەیە، لەبەر ئەوە پێی ئەوترا ئەمینە شێت.

کاتێك چووم دانیشتم، وتی تۆیت مصطفی إبراهیم، تەماشای وێنەکەی مەلیك غازی کرد وتی: من بەعەدالەت ئیش دەکەم ئێستا (سدارە) دەکەمە سەرت و ئەو مێزەرەت پێ فڕێ دەدەم عاقڵت دەکەم بۆ هەموو مەلایەك چونکە تۆ (١٠ ساڵە) متخلفیت لەکوێ خۆت شاردۆتەوە، منیش وتم لە ساڵی ١٩٤٧ تاقیکردنەوەی پۆلی (١٢)م داوە بەیاسای عیراقی من ناکرێم بە سەرباز.

وتی: ئەم قسانە ناچێت بە گوێمدا، فەرمانی دا پۆلیسێك بێت لەگەڵمدا بۆ هەڵەبجە لەوێ بمکەن بە سەرباز، ئەم پۆلیسە ماوەی نەدام بچمەوە بەماڵەوە بڵێم، بردمی بۆ هەڵەبجە، کاتێك چووین بۆ ئەوێ دەوام نەمابوو، وتیان: لەبەر مێزەر و جبەکەی مەیبەنە بەندیخانە با لای ضابط خەفەر بێت.

منیش خەبەرم نارد بۆ (شێخ محمدی قەرەداغی) کە ئەو کاتە ئیمام و (خطیب) بوو لە مزگەوتی پاشا پێش ئەوەی بێتە سلێمانی، بۆ ئەوەی بێت ببێت بە کەفیلم شەو لەو جێگەیە نەمێنمەوە چونکە ئەوم بە برادەر و دڵسۆز زانی بەڵام نەهات ئیتر نازانم هۆکەی چی بوو.

لە پاشاندا هەواڵم نارد بۆ مامۆستا مەلا محمدی عەبابەیلێ کە لەوێ مەلا بوو، لە پاش نیو سەعات هات منی دی، وتی: بۆچی هاتویتە ئێرە. باسەکەم بۆ گێڕایەوە، ئینجا بە (ضابط) خەفەری وت: ئەمشەو دەیبەمە ماڵی خۆمان، وتی: ناتوانیت.

مامۆستا وتی: ئەگەر ئەمشەو لێرە بێت ئێستا دەچم چی مەلا هەیە لە هەڵەبجەدا هەموویان دەهێنمە ئێرە یان دێتە دەرەوە یان هەمومان لێرە دەمێنینەوە، پاشان رازی بوو منیش لەگەڵ مامۆستا چووم بۆ ماڵیان شەو لەوێ بووم، بەیانی بردمیە لای (قائمقام) وتی: ئەمە باشترین مەلایە لە سلێمانی ئێوە چۆن دەیکەن بە سەرباز، وتی: بە (ضابط تجنید) بڵێ بزانە رێگەیەکی بۆ بدۆزەرەوە، ئەویش وتی: ناتوانم، چونکە ئەم بەیانیە زوو مدیری تەجنیدی سلێمانی تەلەفۆنی بۆ کردم وتی: زوو جل و پۆستاڵی لەبەر دەکەیت و جبە و عەباکەی لا دەبەیت و دەینێریتەوە بۆ سلێمانی، دووبارە منیان ناردەوە بۆ سلێمانی بە پۆلیسێکدا هەموو پێویستیەکی سەربازیان تەواوکرد، وتیان: هەموو بەیانیەك برۆ بۆ تدریب پێش هەتاو کەوتن، منیش هەموو بەیانیەك دەچوومە مزگەوتەکەی کانی ئاسکان کە نزیکی شوێنی (تدریب) بوو جلەکانم دەگۆڕی لەوێ فێری (یەسیەمیان) دەکردم، ئەو هەموو فەقێیەم هەبوو هەموو بەبێ دەرس مابوونەوە چونکە مامۆستاکەیان فێری (الی الوراء در) دەکرد.

شایەنی باسە پۆستاڵم نەبوو قۆنەرەی سورم لەپێدا بوو، عەریف ئەمین، کە پێیان ئەوت ئەمینە شێت، مەشقی پێ دەکردین بەیانیان کە دەهات یەکەم شت تەفتیشیان دەکردین تا بزانن قیافەتمان چۆنە، کە گەیشتە سەرەی من وتی: ئەوە بۆ قۆنەرەکانت سورن؟ وتم: نە قۆنەرەی رەشم هەیە نە بۆیاخی رەش من مەلام بە نارەوایی منیان هێناوەتە ئێرە، وتی: من ئەوە نازانم مەلا، بەیانی بە قۆنەرەی رەشەوە دێیتە ئێرە. منیش چووم پەڕۆیەکی کۆنم هێنا سریم بەڕەشی مەنجەڵی چێشتەکەدا و هێنام بە قۆنەرەکاندا و بۆیاخی رەشم کردن. بەیانی کە

چووم بۆ تدریب ناو ساحەکە ئاوەنگ بوو کاتێك بەناو ئاوەنگەکەدا رۆشتم هەموو رەشیەکانی لێ بۆوە بووەوە بە سور.

ئەمینە شێت هات وتی: مەلا پێم نەوتیت بە پێلاوی سورەوە نەیەیت بۆ تدریب، وتم: واللە رەش بوو بەیانی کە هاتم بە ئاوەنگەکەدا بووەوە بە سور، وتی: ئەمجارە قەیناکە بەلاّم جارێکی تر سزات دەدەم، کاتێك لێ بوومەوە چووم بۆ لای (امر مرکز التدریب) خوا لێ خۆشبوو رائید خەسرەو پیاوێکی باش بوو باسی بەسەرهاتی خۆمم بۆ گێڕایەوە، وتم: پێنج رۆژ ئیجازەم بدەرێ تا خۆم دەگەیەنمە بەغدا چونکە من بڕوانامەم هەیە بەپێی یاسا ناکرێم بە سەرباز، وتی: تۆ ئەوە سێ رۆژە بوویت بەسەرباز هیچ کەس ناتوانێت کاتژمێرێك پشوت بداتێ، بەلاّم لەسەر (مەسئولیەتی) خۆم (٧) رۆژ ئیجازە دەدەم بەتۆ بڕۆ ئیشی خۆت بکە. بڕوانامەکەم لە تەجنید نەدۆزیەوە لەبەرئەوە چووم لە دائیرەی ئەوقاف دەرم هێنا نوسخەیەکم وەرگرت و مۆریان کرد و عەریزەیەکم دا بەمدیری تەجنیدی عام، بەلاّم لە هەمان کاتدا (مەزبەتەیەکم) کردەوە مەلاکانی شارەکە ئیمزایان کرد بردم بۆ (عومەر عەلی) کە ئەو کاتە متصرف (محافظ) بوو، یەك دوو مەلای باش هاتن لەگەلّم، عومەر عەلی وتی: بۆچی سەربازی ناکەیت؟ وتم: لەبەرئەوەی مەلام و دەرس دەلێمەوە، وتی: پێغەمبەر ﷺ خۆی سەرباز بووە تۆ لە پێغەمبەر گەورەتریت. مەلاکان وتیان: کەلّك و سودی بۆ گەل و ئایین و ئیسلام زۆرترە کە مەلا بێت لەوەی بچێت دوو سالّ سەربازی بکات.

هەر چۆنێك بوو قەناعەتیان پێ کرد کە کتابێکم بداتێ بۆ بەڕێوەبەری تەجنیدی عام، ئینجا خوا لێخۆشبوو (أحمد فهمی) دراوسێمان بوو زۆر پەیوەندی هەبوو لەگەلّ قازی یەکەمی بەغدا (قازی شێخ عبدالحمید ئەتروشی) نامەیەکی ئەوم برد بۆ قازی لە دادگا (محکمە) وتی: سبەینێ لە بەردەرگای وەزارەتی دیفاع چاوەڕوانیم بکە سەعات ٨ی بەیانی.

رۆژی دوایی لە هەمان کاتدا قازی هات بردمی بۆ لای مدیری تەجنیدی عام و پێی وت: ئەم مەلایە باشترین مەلای سلێمانیە بڕوانامەی هەیە بەپێی یاسای سوپا ناکرێت بەسەرباز.

لەگەلّ ئەوەش مدیری تەجنیدی سلێمانی بەرقدا کەوتووە کردویەتی بە سەرباز. ناردی دوو چاییان بۆ هێنایـن، تا چاکانمان خواردەوە فەرمانی دەرکرد بە بەتالّ کردنەوەی سەربازیەکەم کتابیان دامێ کە بۆ مدیری تەجنیدی سلێمانی بەرم، ئینجا کە کتابەکەم برد بۆ (عقید أمین) زۆر خەجالّەت و شەرمەزار بوو. بچوایەتە هەر شوێنێك لە سلێمانی سەرزەنشتیان دەکرد.

یەکەم ئیجازە:

لە ماوەی (١٩٤٩-١٩٥٠ز) کە لە سلێمانی مەلا بووم و دەرسم دەوتەوە پێنج فەقێ خوێندنیان لەلام تەواوکردو ئیجازەی مەلایەتیان وەرگرت، هەرچەند من خۆم ئەوەم پێخۆش نەبوو کە ئیجازە بدەم چونکە نەگەیشتبوومە ئەو پلەیە، بەو فەقێیانەی کەئیجازەم پێدان دەموت بچن بۆ لای (مامۆستا مەلا عبدالکریم مدرس) ئیجازەکەتان وەربگرن، ئەوانیش وتیان لای تۆ خوێندنمان تەواوکردووە و لای تۆیش ئیجازە وەردەگرین.

ئەو فەقێیانەش ئەمانە بوون:

١-مەلا سەید ئەحمەد نولچکەیی.

٢-مەلا سەید محەمەد چنگیانی.

٣-مەلا عبدالرحمن موکریانی.

٤-مەلا محەمەد موکریانی.

ئەم دووانەی دواوە بەیەکەوە لەیەك ڕۆژدا ئیجازەیان وەرگرت.

٥-مەلا ڕەشیدی بزەینانی.

یەکەم کەس کە ئیجازەی وەرگرت لە لام مەلا سەید ئەحمەد نولچکەیی بوو کە فەقێیەکی زۆر تێگەیشتوو بوو زۆر بە ئەدەب و بە شەرم و حەیا بوو، ئێستا وا لە قەلادزێ مەدرەسەیەکی هەیە دەرسی فەقێی تیا دەڵێتەوە وەك زەمانی کۆن.

ئەم یەکەم ئیجازەیە دانیشتوانی گەڕەکەکە زۆر بایەخیان پێدا چوون مێزەر و جبەیان هێنا بۆ مەلا سەید ئەحمەد زۆر پیاو ماقوڵی شارەکەیان بانگ کرد.

کاك محەمەدی مامۆستا مەلا کریم ئەدیبێکی گەورەی کوردە شانازی پێوە دەکرێت ئەو سەرپەرشتی ڕێك خستنی ئاهەنگەکەی کرد، (مکبرە)یەکمان لە دەرگای حوجرەی دەرس وتنەوە دانا بۆ ئەوەی چەند وتارێك هەیە کە لەوێدا بوترێت دەنگەکەیان بگاتە دانیشتوانی ئاهەنگەکە.

یەکەم کەسێك کە وتاری خوێندەوە کاك محەمەد بوو کە وتارەکەی زۆر پڕ مانا بوو، بەڵام بەداخەوە هەندێك لە مەلاکان کە هەردەم ئارەزوویان لە تێکدانی ئیش و کاری خەڵکی تر دەکرد، بوونە هۆی ئەوەی ئیجازەکەیان لێ تێك دام و مەجلسەکەیان بەجێ هێشت.



الاجازة العلمية

العدد / ١١٨

تشكل المجلس العلمي السليماني في يوم ٢٢/٦/١٩٦٢ برئاسة القاضي السيد [illegible]
مامور اوقاف السليمانية السيد محمد علي الخليفة والاعضاء السيد معروف القرداغي [illegible]
[illegible] والشيخ نوري بابا علي للنظر في امر اختبار السيد مصطفى ابراهيم من مواليد [illegible]
ولدى النظر في الاوراق [illegible]
العلمي في العلوم العقلية والنقلية [illegible]
والشفهي وفاز ب (١٣٢) درجة من مجموع (٢٠٠) درجة [illegible]
المادة (٦) من تعليمات مديرية [illegible] المرقمة [illegible]
في [illegible] ١٩٥٥ .
[illegible]
[illegible]

العضو	العضو	العضو	العضو	رئيس المجلس العلمي
الشيخ نوري بابا علي	السيد محمد سعيد احمد	الشيخ معروف القرداغي	مامور الاوقاف	الشيخ محمد الخال

کاك محمد وتی: مەلا لەجێگەی پێغەمبەرە ﷺ نوێنەری ئەوە، پێغەمبەر لە دوو لاوە ئیشی دەکرد بۆ موسڵمانان لە لایەنی ئاینیەوە وەك پێغەمبەرێك، لەلایەنی دونیاوە وەك سەرۆك دەوڵەتێکی ئیسلامی، بەڵام مەلاکان ئاگایان لە کۆمەڵ نیە نازانن چی هەیە و چی نیە، تەنیا ئیش و کاریان بووەتە ئەوەی چوار رکات بەرنوێژی دەکەن لە مزگەوتەکەیاندا، ئەگەر موچەیان نەدەنێ نایەنە مزگەوت ئەو چوار رکات نوێژەش ناکەن.


لەم کاتەدا مەلا (م.ر)، کە هەردەم سەرەتابوو لە کێشە دروست کردنی شارەکەدا، هەڵسایەوە وتی دەی مەلایان با بچینە دەرەوە، کە هەڵسا هەشت نۆ مەلا دوای کەوتن لەو کاتەدا (مامۆستا سەید غفور) پیاوێکی زۆر مەرد و ئازا بوو، بانگی کردن‌و وتی: (وامتازوا الیوم أیها المجرمون)، واتە: جیا ببنەوە لەوانەی کە باشن و حەز لە کردەوەی باش دەکەن ئەی تاوان کارەکان.

بەداخەوە هەردەم ئەوانەی کە خورافات و شتی هیچ و پوچ پەسەند ئەکەن گەلێك زۆرترن لەم جیهانەدا لەوانەی کە هەوڵ و کۆشش دەدەن بۆ دەرخستنی راستی و راستەقینە.

ئەم ئیجازەیە یەکەم هەنگاو بوو کە وای لە مەلاکان کرد هەندێکیان لە پاشە رۆژدا لە دژم وەستان، خوای گەورەش ئەو کردەوەی ئەوانی کرد بە کامەرانی و بەختەوەریم کە ئێستا تیایدا دەژیم و ئێستا تەمەنم (٧٧) ساڵە هەرچەند بیر دەکەمەوە من لە (زەڵم) بەهۆی (عبدالله خان)ەوە دەربەدەر بووم، ئینجا لە سلێمانی بەو جۆرە بوو کە باسم کرد ئێستا گەیشتمە ئەوەی ببم بە مامۆستای زانکۆ ئەوەی دەمناسێت ئەوەندە رێزم لێ دەگرێت خۆم تەریق دەبمەوە.

هەر ئەمەش بووە هۆی وەستانی هەندێك مەلای سلێمانی لە دژم و هەوڵیان دا ملم بشکێنن، کەچی خوای گەورە گەیاندمیە ئەم پلەیەی ئێستا بە بڕوانامەی مەلایەتیمەوە -٧- بڕوانامەم هەیە، وە پلەی پرۆفیسۆریم هەیە لە زانستدا.

ژیانی ماموستا مەلا سەید ئەحمەد (ناسراو بەمەلا پەپوولە)



"ماموستا سەید ئەحمەد ناوی (احمد عبدالفتاح محمد مستەفا)یە، لەدایك بووی سالی ١٩٢٦ه لە گوندی نۆلچكەیە لەناوچەی مەرگەی ناحیەی بنگردی سەر بەقەزای دوكان لە پارێزگای سلێمانی، دانیشتوانی ئەم گوندەش زۆربەیان سەیدن و سەر بەساداتی بەرزنجەن.

ماموستا سەید ئەحمەد كەسێكی ناودارو خاوەن كەسایەتیەكی گەورەو ماموستایەكی شارەزا لەهەموو زانستەكان و هەمیشە خاوەن مزگەوت و حوجرەو فەقێ بووە.

زۆربەی زۆری ماموستایانی پشدەرو بیتوێن و مەرگە و هەتا ئێرانیش سودیان لە زانستی ماموستا وەرگرتووە.

وەك مەلایەتی لەهەر شوێنێكیش بوبێ مزگەوت و حوجرەو فەقێ و تەدریسی هەر هەبووە، سەروەت و سامانی ئەو كەعلم وزانست و زانیاری بوو، وەك ماموستا بەرێزەكەی ماموستا مستەفا زەلمی بەخشیویەتی و سەرفی كردوە و نەی شاردۆتەوەو لەناوی نەبردوە.

لەبەر بێ نەفسی و خۆ بەكەم گرتنی خەلك نازناوی (مەلا پەپولە)یان لێ ناوەو بە مەلا پەپولە مەشهور بووە.

ماموستا سەید ئەحمەد بەزۆری لەخوێندن و كاتی فەقێیەتیدا رەفیقی جەنابی ماموستا مەلا محمد نوردەدینی ماموستا مەلا محمد چۆمخركەیی و ماموستا سەید سلیمان و ماموستا سەید محمود نۆلچكەیی و ماموستا مەلا محمدأمین مام قاسمە و چەندان ماموستای تریش بووە.

مامۆستا سەید ئەحمەد لەلای زۆر مامۆستا خوێندویەتی لە وانەش مامۆستای ڕەش و مامۆستای پایە بەرز جەنابی مامۆستا مەلا عبدالکریم المدرس و مامۆستای نوسەرو ڕۆشنبیرو بیر تیژو خاوەن دەیان کتێب و سەدان نوسین مامۆستا مستەفا زەڵمی.

ئیجازەی علمی یا ئیجازەی مەلایەتی کەبەدەست و پەنجەی مامۆستا محمد زاناو نوسەرو بیر تیژی کورد کوڕی جەنابی مامۆستا مەلا عبدالکریم مودەریس لەساڵی ١٩٥٣ نوسراوەتەوە، لەمزگەوتی (بن تەبەق)لەسلێمانی ڕۆژی هەینی بەئامادە بوونی خەڵکێکی یەکجار زۆر لەزانایان وخەڵکی کەسایەتی و چەماوەری شار پێدراوەو ئەوەش یەکەم ئیجازەی مامۆستا مستەفا زەڵمی بوو کە بە مامۆستا سەید ئەحمەدی بەخشی.

فەرمووی یارە بی غەرقی ڕەحمەتی خوا بێ ئەوەندەی من لەو ڕازی بووم لەهیچ فەقێ و مامۆستایەکی تر بەو شێوەیە ڕازی نەبووم.

هەردوو مامۆستا جەنابی مامۆستا عبدالکریم و مامۆستا مستەفا زەڵمی ئەو کاتەی کەلەبەغدا بوون لەبیریان نەدەکرد، هەردوکیان نوسین و بەر هەمەکانی خۆیان دەکردە دیاری و بەلەسەر نوسین و واژوی خۆیان بۆیان دەنارد.

مامۆستا سەید ئەحمەد بەزۆری تەمەنی ژیانی خۆی وەك مەلایەتی لەسۆفیان و هەڵۆنە و نۆڵچکەو گەرمکان و سندۆلان بووە، لەساڵی ١٩٦٨ هاتە قەلادزەولەمزگەوتی جوتکانیان و دواتریش مزگەوتێکیان بۆ دروست کرد لەساڵی(١٩٧٠) هەر بەناوی خۆی (مزگەوتی مەلا سەید ئەحمەد) لەگەڵ چەند ژوور (حوجرە) بۆ فەقێ و موستەعیدەکان بۆدەرس خوێندن و وانە ووتنەوە کەهەتا (٢٤-٤-١٩٧٤)بەردەوام بوو، بەلام کەبۆردومانی قەلادزە کراو خەڵك ئاوارەو دەربەدەری ئەو دیو سنوور بوو مامۆستاش یەکێك بوو لەو ئاوارانە، لەئۆردوگای (سەرابی گەرم) نیزیك قەسری شیرین بەجیرانەتی و دۆستایەتی جەنابی مامۆستا سەید کاکە، لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە بۆ قەلادزەو هاتەوە هەمان مزگەوت و دەستی کردەوە بەتەدریس، بەلام بەکز بوونی چرای شۆڕشی کورد چرای زانست و زانیاریش لەحوجرەو مزگەوتەکان بەرەو کز بوون و نەمان ڕۆیی.

مامۆستا سەید ئەحمەد (١٣) جار حەجی ماڵی خودای کردوە.

مامۆستا سەید ئەحمەد چوار کوڕو کچێکی هەیە، دوو کوڕی بوونە میرات گری خۆیی و میحرابەکەیان چۆڵ نەکردو بوەنە مەلاو وتار خوێن لە قەلادزێ.

مامۆستا سەید ئەحمەد لەشەوی چوارشەممە ٣-لەسەر ٤-١١-١٩٩٩ کات ژمێر ٨ و ٢٥ دەقیقە دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوت و گیانی پاکی انشاء الله بەبەهەشت شادو کامەران و

بەختەوەر بووە.

لەمەڕاسیمی بەخاك سپاردنی جەنابی مامۆستا سەید ئەحمەدیشدا لەقەڵادزە خەڵکی شار هەمووی بەشداری ئەو مەڕاسیمە یان کرد."[١]

❊ ❊ ❊

ئاگری نەورۆز و مەلا:

بەداخەوە هەتا ئێستاش لەلای هەندێك کەس کردنەوەی ئاگری نەورۆز لە ڕۆژی (٣/٢١) کە یادی سەری ساڵی کوردیە جەژنی نەتەوایەتی کوردە لای هەندێك بە کفر و ئاگر پەرستی دادەنرێت.

ئەمەش بەهۆی نەزانین و تێ نەگەیشتنە لە بەراوردکردنی لەنێوان ئاگرکردنەوە و ئایینی ئیسلامدا.

ئەوەی ئەو ئاگرە دەکاتەوە مرۆڤێکە نوێژ دەکات و بڕوای بەخوا و ئایین هەیە هیچ کەم و کوڕییەکی نیە کە بەهۆی ئاگر کردنەکەوە بێت.

هەتا ئەمرم خەفەتی ئەوەم لەدڵ دەرناچێ ساڵی (١٩٥٤) من و مامۆستا شێخ نوری و مامۆستا سەید غەفور دوو مەلای تر بەناوبانگ بوون بەبۆنەی جەژنی نەتەوەکەمان بڕیارماندا لە مزگەوتەکەی مامۆستا سەید غەفور کۆبووینەوە بۆ ئەوەی بەشداری بکەین لەگەڵ ئەو دڵسۆزانەدا کە ئاهەنگی نەورۆزیان دەگێڕا و لەلایەن پیرەمێردی شاعیرەوە، ئێمە ئەو پێنج مامۆستا ئاینی یە بانگهێشت کرابووین بۆ بەشداریکردن، بەڵام نەمانوێرا بڕۆین بۆ ئەوەی تاوانبار نەکرێین بە ئاگر پەرست و کافر.

بێخود و عبدالقادر بەگ و سەفەری زەڵم:

ڕۆژێك خوالێخۆشبوو ئەدیب و زانای کورد (مەلا مەحمودی بێخود) فەقێیەکی نارد بۆ لام وتی: میوانێکی زۆر خۆشەویستم هاتووە (عبدالقادر بەگی دەکە) پێی خۆشە سەرچاوەی زەڵم ببینێت ئەگەر پێت خۆشە لەگەڵمان وەرە بچین بۆ زەڵم، منیش چووم بۆ خزمەتیان، وتم: سبەینێ بەیانی زوو بەفێنکی دەڕۆین، کاتێك چووین دووشەو لەماڵی باوکم لە زەڵم ماینەوە.

---

[١] لە بنەماڵەی مامۆستا مەلا سەید ئەحمەد وەرگیراوە.

ئەو دوو شەوە خوالێخۆشبوو (بێخود) ئەوەندەی قسەی خۆشی بۆ گێڕاینەوە هەتا ئێستاش لەمێشکما ئەو قسە خۆشانە ئەزرنگێنەوە، چونکە وتەکانی کۆمەڵایەتی و پڕبوون لە فەلسەفە و منطق، یەکێك لەو قسە خۆشانە گێڕایەوە وتی:

جارێك هەندێ (درویش) و (درویشە) واتە پیاو و ژن لە ئێرانەوە دێن بۆ عێراق ئەچن بۆ ماڵی شێخ، لەڕێگەدا دەروێشێك لەگەڵ (دەرویشە)یەك دەبن بەبرادەر، شەویان لێ دێت لە قۆپی قەرەداغ هەریەك لەبن دارێك ڕائەکشێ و ئەخەوێ، دەرویش لە پاش خەوتنی هاوڕێکانی لەسەر سك خۆی ڕائەکێشێ و ئەچێت بۆ لای (دەرویشە)، ئەویش ئەڵێت: -دەروێش- بەحەیای خۆتەوە بگەڕێرەوە یا هاوار ئەکەم، دەرویش ئەڵێت بۆ خاتری پێغەمبەر دەست مەنێ بەڕومەوە یا بەنائومێدی نەگەڕێمەوە، (دەرویشە) ئەڵێت بەو پێغەمبەرە ئەبێت بگەڕێیتەوە.

ئینجا بۆ جاری دووەم خوا ئەکات بە تکاکار، ئەویش ئەڵێت ئەبێت بەو خوایە بگەڕێیتەوە شوێنی خۆت.

بۆ جاری سێیەم ئەڵێت: تو ئەو شێخەی ئەچین بۆ لای دەست مەنێ بە ڕوومەوە، (دەرویشە) چەپۆکێك لەناو چاوی دەرویش ئەنێت ئەڵێت چۆنت دۆزیەوە خوا بتگرێ، ئینجا لەبەر خاتری شێخ دڵخوازەکەی بەجێ دێنێ پاش ئەوەی نەخاتری خوا و نەخاتری پێغەمبەری گرت.

ئەمەش مانای وایە (دەرویشە) شێخی لا گەورەترە لە خوا و لە پێغەمبەر.

ئەم جۆرە بیروباوەڕە ئێستاش ماوە بەتایبەتی لەلای شیعەکان سوێندی درۆ ئەخۆن بە (خوا و پێغەمبەر) بەڵام بە (عەلی و عەباس) نایخۆن.

کورتەیەك لەژیانی بێخود*

"بێخودی شاعیر ناوی تەواوی "مەحمود"ە و کوڕی موفتی حاجی مەلا ئەمینی کوڕی موفتی گەورە حاجی مەلا ئەحمەدی چاومارە کە ناوبانگی بە (پیرحەسەن) دەرکردووە، ئەمیش کوڕی مەلا مەحمودی دێلێژەیی پیرحەسەنی کوڕی مەلا ئەحمەدی دێلێژەییە کە لە ساڵی (١٢٠٦)ی کوچیدا کۆچیدوایی کردووە، ئەمیش کوڕی مەلا محەمەدی دێلێژەییە کە بەناوبانگ بووە بە (مەلای گەورە) و لە ساڵی (١١٧٣)دا لە دێلێژە وەفاتیکردووە. ئەم زاتە خوێندنگەیەکی گەورەی هەبووە لە دێلێژەو هاوچەرخی شێخ ڕەزای دێلێژە بووە.

* تێبینی: وەك یەکێك لە هاوڕێ و کەسە نزیکەکانم پێم خۆش بوو ژیاننامەی لەم بەرکەدا دابنرێت.

بێخودیش لە ساڵی ١٢٩٦ کۆچیدا هاتوەتە دونیاوە، لای زانایانی ناوداری ئەو سەردەمەی سلێمانی خوێندنی تەواوکردووە. ساڵی ١٩٠٠ زاینی کراوە بە حاکمی هەڵەبجە، لەگەڵ مامۆستایان (ڕەفیق حیلمی) (زێوەر) دا مامۆستایەتیی کردووە، بێئەوەی بەرامبەر بەوە هیچ مانگانەیەك وەربگرێت.

پێش کۆچی دوایی مەلا عەبدوالعەزیزی کاکی، کە موفتی سلێمانی بوو، چەند ساڵێکی لە هەڵەبجە بەسەربردووە. ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و تا مردنی لە جێگاکەی ئەودا مفتی بووە. کاتژمێر سێ و چارەکی پاشنیوەڕۆی ٢٥/٨/١٩٥٥ بەرامبەر بە (١٣٧٦ی کۆچی) بۆ دواجار ماڵئاوایی کرد."[١]

* * *

لە پاشان گەڕاینەوە بۆ هەڵەبجە شەوێك میوانی خوالێخۆشبوو (حەسەن بەگی جاف) بووین، بۆ نیوەڕۆ میوانی مامۆستا (شێخ رسول) بووین. یەك دوو سەعات چوینە مزگەوتەکەی مامۆستا شێخ رسول، مامۆستا و بێخود و عبدالقادر بەگ خەریکی یاری (شطرنج)بوون، منیش کتێبێك لە تاقی میحرابەکە دانرابوو ژیانی پێغەمبەر بوو ﷺ لە نووسینی زانا و ئەدیبی میسر (حسنین هیکل) دەستم کرد بە خوێندنەوەی تا ئەوان تەواو بوون، ئینجا کە تەواو بوون مامۆستا شێخ رسول وتی: من تا ئێستا ئەم کتێبەم نەخوێندۆتەوە لەبەر دوو شت:

یەکەم: کاغەزەکەی سپییە، من هەر کتێبێك کاغەزەکەی سپی بێت حەزم لێی نیە.

دووەم: دانەری ئەم کتێبە زۆر جار ناوی پێغەمبەر دەبات و سەڵاوات نادات لە دیاری.

منیش وتم: مامۆستا یەکەم: نرخی کتێب و سودی لەو زانیاری یە کە تیایدا کۆکراوەتەوە بە زەردی و سپی کاغەزەکەی نیە.

دووەم: دانەری ئەم کتێبە خۆی لە پێشەکی کتێبەکەدا وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە دەڵێت: سەڵاوات لە دیداری پێغەمبەر (سونەتە) و یەکجار بەسە ئەگەر لە شوێنێکدا چەند جارێك دووبارە بووەوە، هەروەها دەڵێت: من زۆر شوێن هەیە وتارەکەیم لە پیاوێکی گاورەوە گواستووەتەوە کە ئەو ناوی (محمد)ی بردووە دیارە ئەو کاتە سەڵاواتی لەگەڵدا باس ناکرێت.

مەبەستم لە گێڕانەوەی ئەمە جیاوازی بیروباوەڕ لە نێوان مەلا و فەقێ و لە نێوان کاغەزی وسپی و زەردا، لایان وابوو ئەگەر کتێبێك کاغەزەکەی سپی بوو خوێندنەوەی ڕەوا نیە.

هەروەها زۆر مەلا هەبوو نەیدەهێشت فەقێیەکەی ڕۆژنامە بخوێنێتەوە یان گۆڤار.

---

[١] بەکورتی لە ویکیپیدیاوە، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد.

مامۆستا مەلا نوری فارس کە مەلایەکی زۆر چاکە و وەرگێڕێکی زۆر بەرزە، جارێکیان هات بۆ لام وتی: من لای مامۆستا (ر.پ) دەخوێنم، دەری کردم لەسەر ئەوەی کە ڕۆژنامەم دەخوێندەوە، ئەم جۆرە بیروڕایانە لای هەندێك مامۆستایانی ئایینی هەبوو، بەهێزترین هۆ بوو بۆ دواکەوتنی خوێندەواری مزگەوت کە کاتێك ئیجازەی وەردەگرت ئاگای لە هیچ شتێك نەبوو کە پەیوەندی بە ژیانی جیهانەوە هەیە، دیارە ئەو کەسە لە دونیا تێ نەگیشت بە قوڵی و ووردی لە ئایینی ئیسلام تێناگات، چونکە ئەم ئاینە هاتووە بۆ ئەوەی کە بەرێك و پێکی پەیوەندی هەر مرۆڤێك لەگەڵ یەکێکی تر ڕوون بکاتەوە بەڕاست و بە چەوتەوە بیخاتە ڕوو.

سەفەری موسڵ ساڵی ١٩٥٤:

حاجی عبدالقادر عبدالجبار (حاجی میرزا قادر) یەکێك بوو لە بازرگانەکانی سلێمانی، لەو دەوڵەمەندانە بوو هەمیشە هەستی دەکرد بە پێویستی خزمەتی مزگەوت و مەلا و فەقێ.

جارێکیان چوار مەلای هەڵبژارد لە سلێمانی بۆ ئەوەی لەسەر ئەرکی خۆی بیانبات بۆ موصل بۆ زیارەتی (نبی یونس). ئەم چوار مەلایە بریتی بوو لە: مەلا عبداللە چرۆستانی، مەلا رحیمی پەرخی و مەلا عبدالرحمن داربەڕولەیی و چوارەمیان من بووم.

بە ئوتۆمبێلەکەی خۆی ڕۆیشتین بۆ موصل، کوڕێکی خۆشی لەگەڵ هێنابوو ئەو کاتە لە شەشی سەرەتایی بوو (کاك عبداللە) خوا لێی خۆشبێ، لە ڕێگا قسە کرا و وەڵام دەدرایەوە چونکە دەڵێن قسەکردن ڕێگە نزیك دەخاتەوە.

لەڕێگا وتیان: (حەزرەتی سلێمان) هەزار ژنی بووە هەموو شەوێك چۆتە لای ئەم هەزار ژنە.

منیش لە هەموویان بچوکترم لە تەمەن و لە زانایيدا، چونکە ئەوان مامۆستای مامۆستاکانم بوون. پێم وتن: ئەم شتە دوورە لە ژیرییەوە -منطق- چونکە ئەو ژنانە ریز بکەیت و هەریەکە -یەك دەقیقەی- پێ بچێت، ئەکاتە هەزار دەقیقە دابەشی بکەیت بەسەر (٦٠)دا ئەکاتە (١٧ سەعات) لە ڕۆژێکدا یان وەك ئەوان ئەڵێن لە شەوێکدا. ئینجا پێغەمبەرێك هەموو ڕۆژێك (١٧) سەعات لە تەمەنی لەم ئیشەدا بەسەر بەرێت چۆن پێغەمبەرێکە؟

ئەوانیش وتیان -معجزە- بووە.

وتم: شتێکی تر نەبوو کە ببێت بە -معجزە- لەمە زیاتر.

ئینجا وتیان: تۆ ئیمانیت زەعیفە بیروباوەڕت تەواو نیە.

وتم: ئەمە شتێکی دروست کراوە و خورافاتە، منیش بیروباوەڕم بەمە نیە.

کاتێك چوینە موسڵ لە پاش زیارەتی (نبی یونس) چووین بۆ زیارەتی مەرقەدی (فتحی الموصلی) لەڕێگە باسی (خدری زیندە) کرا.

وتم: ئەمەش یەکێکی ترە لەو خورافاتانەی بیروباوەڕتان پێی هەیە.

وتیان: ئەگەر تۆ ئینکاری خدری زیندە بکەیت ئەوا بیروباوەڕت هێشتا دانەمەزراوە.

وتم: لەبەر چی (خدر) دەبێ تا رۆژی قیامەت بمێنێت؟ ئەگەر لەبەرئەوەیە سودی زۆرە بۆ موسڵمانان خۆ لە پێغەمبەر ﷺ گەورەتر نیە، بۆچی پێغەمبەر ﷺ (٦٣) ساڵ ژیاوە خدر دەبێ هەتا هەتایە بمێنێ، یان مانەوەی لەبەرئەوەیە چونکە خوا ناتوانێت خدرێکی تری وەها دروست بکات ئەمەش کفر و کەم باوەڕییە بەخوا.

ئینجا ئەوان گومانیان پەیدا کرد لە موسڵمانێتی من، چونکە ئەم جۆرە چیرۆکانە ناچێتە مێشکمەوە.

کاتێك گەڕاینەوە بۆ هەولێر چوینە حوجرەکەی (مەلا صالحی کۆزەپانکەیی) کە مەلایەکی زۆر باش و زۆر بەناوبانگ بوو.

کاتێك دانیشتین پاڵم دایەوە بەدیوارەکەوە سەرم بەر کتێبەکان کەوت، منیش کتێبێکم دەرهێنا، کە دەبینم ئەمە تەفسیری مەداریکە (تفسیر النسفی)، کە کردمەوە بە ئیرادەی خوا وا رێکەوت لەسەر لاپەڕەی لای راست لەدێری یەکەمدا خوێندمەوە دەڵێت: (وأما قصة خضر والیاس فهي من الخرافات)، واتە: چیرۆکی خدر و الیاس درۆیە و خورافاتە.

کتێبەکەم داخستەوە وتم: بیروباوەڕتان چیە بەرامبەر بە تەفسیری مەدارك؟ وتیان: باشترین تەفسیرە.

وتم: ئەگەر ئەو شتێك بڵێت باوەڕتان پێی هەیە؟

وتیان: ئەگەر بڕوامان بەو نەبێ مانای وایە باوەڕمان بە هیچ نیە.

ئینجا کتێبەکەم دانێ وتم: بیخوێننەوە، کە خوێندیانەوە خۆ ناتوانن بەویش بڵێن کافرە، هیچ وەڵامیان پێ نەبوو.

ئایینی ئیسلام هەزاران شتی ناڕاستی تێکەڵاو کراوە پێویستە مامۆستا و مەلا جیایان بکاتەوە.

ئەوانەی لەگەڵم بوون بەدەیان ئیجازەیان داوە بە مەلا و مامۆستا کە بە حیساب بوون بە (عالم) بیروباوەڕیان بەو جۆرە شتانە هەر هەیە. کوڕەکەی حاجی قادر کە لە شەشی سەرەتایی

بوو پێی وتم: گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانە مەکە، چونکە هەر شتێك چۆن چۆتە مێشکیانەوە هەروا دەمێنێتەوە.

کارگەی تەڵاق چاککردنەوە:

مزگەوتەکەی مامۆستا (م.ر) بەهاوبەشی هەندێ لە مامۆستاکانی دەرەوە وەك مامۆستا (ن.ب) کارگەیەکیان دانا بوو کە بریتی بوو لە حوجرەکەی مامۆستا بۆ دەرس وتنەوەو تیایدا تەڵاقیان چاك دەکردەوە.

هەر کوردێکی هەژار ناکۆکی بوایە لەگەڵ ژنەکەی لەبەر داماوی و نەبوونی رۆشنبیری چەکی تەڵاقی بەکار دەهێنا لە دژی ئەو ژنە بێ تاوانە، بەبێ ئەوەی بیر بکاتەوە لە پاشە رۆژی خۆی و منداڵەکانی. ئەیوت بە ژنەکە: (هەر سێ تەڵاقت کەوتبێ).

ئینجا دوای ئەوە پیاوەکە رقەکە لە دڵی دەردەچوو پەشیمان ئەبووەوە، مەلا بە مەلا مزگەوت بە مزگەوت ئەگەڕا بۆ ئەوەی یەکێ بڵێ تەڵاقت نەکەوتووە یان چاك دەکرێتەوە.

زۆربەی مامۆستاکانی کوردستان هەتا ئێستاش باوەڕیان وایە کە ژن بەیەکجار هەر سێ تەڵاقی ئەکەوێت، کەچی قورئانی پیرۆز زۆر بەئاشکرا دەڵێت: (تەڵاقێك کە ژن و مێردەکە نەتوانن یەك بگرنەوە بریتیە لە سێ جار)، دیارە لە پیاوێکی نەخوێندەوار بپرسە بڵێ (سێ جار) لەگەڵ (سێ ژمارە) جیاوازن یان نا؟ ئەویش ئەڵێت جیاوازە، چونکە جار لەگەڵ جار زەمان ئەکەوێتە نێوانیانەوە بەڵام ژمارە هەرچەند بێ لەیەك کاتدا ئەبێتەوە.

لە سلێمانیدا مزگەوتی ناوبراو بوو بە کارگەیەکی زۆر سەیر بۆ چاك کردنەوەی (تەڵاق)، بۆ یەکەم جار (فتوی)یان دەدا کە سێ تەڵاقی کەوتووە، بەڵام لە پاشان بە دەیان (فڕوفێڵیان) دەدۆزیەوە بۆ چاك کردنەوەی.

یەکێ لەو مامۆستایانەی بەشدار بوو لەو کارگەیەدا بۆی گێڕامەوە: ژن و پیاوێك هاتن بۆ لامان بۆ پرسینی تەڵاقەکەیان، ئینجا ئێمەش لێمان پرسی لە پیاوەکە: ئەگەر ژنێکی تازە بێنێت چەندی تێ ئەچێت؟ ئەویش وتی بەلای کەمەوە (١٠٠) دینار، ئێمەش پێمان وت تۆ (٥٠) دینار بە ئێمە بدە تەڵاقەکەت بۆ چاك دەکەینەوە. ئەڵێت: پیاوەکە زۆری پێ خۆش بوو چونکە ژنەکەی زۆر خۆش دەویست ئامادە بوو هەرچەند داوا بکەن بیدات، ژنەکەی پێی وت: هەڵسە بابڕۆینەوە بۆ ماڵەوە، وتیان: ئەی تەڵاقەکە چاك ناکەنەوە؟

وتی: مامۆستا ئەگەر تەڵاق کەوتبێ بە (٥٠) دینار چاك نابێتەوە، ئەگەر نەکەوتبێ (٥٠) دیناری کەرانەی خۆمان بۆ بدەین؟!

هەروەها لە هەڵەبجە لە مزگەوتی مامۆستا (ص) کارگەیەکی تر هەبوو لـە جۆرێکی تـر، یەکەم جار بڕیاری ئەدا سێ تەڵاقەکە کەوتووە، ئینجا ئەی وت: لەبەرئەوەی ئێوە (مذهب)تان (شافعی)یە و لای شافعی ئـەبێ شـاهدی نکـاح عـادل بێت واتـە (بـێ گونـاه و بـێ تـاوان) لەبەرئـەوەی نکـاحی پێشـوو بـەتاڵ بـووە چـونکە شـایەتەکان فاسق بـووە لەبەرئـەوە خۆتـان تەقلیدی-إمام حنفی- بکەن کە لای ئەو نکاح دروستە با شایەتەکانیش –فاسق- بن هەر بەو جۆرە جارێکی تر ژنیان مارە دەکردەوە لە پیاوەکە بەرامبەر پارەیەك لە سەری رێك ئەکەوتن.

ئینجا ئەم کردەوەیە نە خوا فەرمویەتی و نـە پێغەمبـەری خوا ﷺ، زۆر بـە ئاشـکرا خـوا فەرمـوویەتی: (تەڵاق بەسێ جـار) ئـەبێ و تـەواو ئـەبێ، شـەریعەتی ئیسـلام هـی شـافیعی و حەنەفی نییە، تا ئەوان ئەرکان و مرۆڤی بۆ دابنێن.

ئەمـەش ئەگەر خوێندەوارە موسڵمانەکان لەسـەر مانـای قورئـان بـڕۆن نابنـە هـۆی وێـران کردنی هەزاران ماڵ و سەرگەردانی هەزاران منـاڵ کـە باوکەکـە سێ بەسـێ دایکەکـە تـەڵاق دەدات.

هەروەك باسم کرد من خۆم یەکێ بووم لەو نەزانانەی کە دووجار فتوای نارەوام داوە، هـەتا بۆ ئەو مەبەستە لە بڕوانامەی ماجستێردا کتێبێکم دانا لە ژێر ناونیشانی (تەڵاق لە هـەموو ئایین و یاساکانی دنیادا لە ماوەی ٤٠٠٠ ساڵدا).

بە ووردی لەم کێشەیەم کۆڵیەوەو گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە تەڵاقی (سێ بەسێ) (یەك) تەڵاقی پێ دەکەوێ، بەپێی فەرمودەی خوا لە قورئانی پیرۆزدا، ئەمـەش زۆر لـە مەزهەبـەکان (فتوی)یان لەسەرداوە.

هەڵەکە لەمەوە هاتووە کـە لـە زەمـانی (خلافـە)ی عمـری کـوڕی خطـاب ﷺ کەسـی وا هەبوو بەژنەکەی دەوت –سێ بەسێ- تەڵاقت کەوتبێ، حەزرەتی عمر فەرمووی: نـاوی ژمـارە مەبەن چونکە ژمارە لە تەڵاقدا نیە بەڵکو جار هەیە، خـوا فەرمـوویـەتی: (ژن و پیـاو لەیـەك ئەپچڕن بەیەکجاری پاش تەڵاق دان بە (٣) جار).

حەزرەتی عمر فەرمووی: ئەوەی لەمەولا بەژنەکەی بڵێ (٣) تەڵاقت بکەوێ نایەڵم ژنەکەی بچێتەوە لای لە تۆڵەی ئەوەی کە ژمارە بەکاردەهێنێ، بەم بڕیـارەی حـەزرەتی عمـر دەوترێـت (السیاسة الشرعیة) واتـە: بـۆ ڕابـەری ئیسـلام هەیـە کـە هەنـدێ شـت بڕیاربـدا کـە خـوا و پێغەمـبەر نەیفەرمووە لەبەر (ڕامیاری ئایینی). ئینجا ئەم فەرمودەی حەزرەتی عمر هەنـدێك لە مەزهەبەکان کردیان بەبەڵگە کە تەڵاقی سێ بەسێ بە یەکجار هەرسێ تەڵاق ئەکەوێ، لـەو کاتەدا کە حەزرەتی عمر ئەوەی مەبەست نەبووە.

ئینجا لەسەر ئەم بڕیاری سیاسەتی شەرعی یەی عمری کوڕی خەتاب ﷺ زۆرترین مەزهەبەکان بڕیاریاندا کە تەڵاقی سیٚ بەسیٚ بەیەکجار دەکەویٚت، لەسەر فەتوای ئەم مەزهەبانە مەلای کورد بە هەزاران خیٚزانی کوردیان سەرگەردان کرد و ژن و میٚردیان لەیەك پچڕاند، بە یەکجاری سەریان لیٚ شیٚواو منداڵەکانیان کەوتنە کۆڵانان، لە پاش ئەوە میٚردەکە ژنیٚکی تری هیٚنا و ژنەکەش شویەکی تری کرد، بەبیٚ ئەوەی یەکیٚك لەو مەلایانە لە فەرمودەکەی خوا وردبیٚتەوە کە دەفەرمووێ: (الطلاق مرتان)، واتە لەدوو مەجلیسی جیا جیادایە. نەی فەرمووە: (الطلاق إثنان)، تەڵاق بە سیٚ جار دەکەویٚ نەك بەسیٚ ژمارە.

لەو شتە سەیرانەی لە ژیانمدا بینیم، جاریٚکیان مامۆستا (ع.ك)، کە زۆر هاوڕیٚم بوو، کاتیٚ لە سلیٚمانی مەلا بووم، لە سەرەتای حەفتاکاندا لە سلیٚمانییەوە هات بۆ بەغدا بۆ سەردانم، لە دەرگای حەوشەوە پیٚشوازیم لیٚ کرد، ئاسایی دیار نەبوو، بەر لەوەی سەلامم لیٚ بکات وتی:

خوا ماڵت ویٚران بکات، تۆ وتوتە سیٚ تەڵاقە یەك تەڵاقی پیٚ دەکەویٚت؟

وتم: نەخیٚر.

وتی: ئەی ئەوە قسەی ئیبن تەیمییەیە؟

وتم: نەخیٚر.

وتی: ئەی قسەی شیعەی ئیمامی یە؟

وتم: نەخیٚر.

وتی: ئەی باشە کیٚ ئەمەی وتوە؟

وتم: خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا وای فەرمووە، بە نەصیٚك کە (قطعي الثبوت وقطعي الدلالة)یە، دەفەرمویٚت: ﴿الطَّلاَقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ﴾، لیٚرەدا (تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ) جاری سیٚیەمە.

وتم: مامۆستا، ئیٚوە ساڵانیٚکی زۆر زانستی (أصول الفقه) دەخویٚنن و دەیڵیٚنەوە، بەڵام بەباشی لیٚی ورد نابنەوە، لە قەواعیدە چەسپاوەکانی زانستە (لا مجال للإجتهاد في مورد النص).

لەو کاتەدا تەماتەفرۆشیٚك لەبەر دەرگا بوو، پیٚم وت: ئەو تەماتەفرۆشە عەرەبە بەڵام خویٚندەوار نیە، با لیٚی بپرسین جیاوازی هەیە لەنیٚوان (مرتان) و (اثنان) یان (عددان)دا، دەڵیٚت بەڵیٚ، (مرتان) زەمەن لەنیٚوانیان هەیە، بەڵام لە (اثنان) و (عددان) زەمەن نیە.

ئەویش وتی: بەخوا ڕاست دەکەیت من ئەگەر لەبەر شافیعی نەبوایە عەمەلم بەم ئایەتە دەکرد.

ئەمە وتاری یەکێکە لەوانەی کە ڕێگەی ئایین بەهەزاران پیشان دەدەن بەبێ ئەوەی خۆی تێ بگا و کردەوەی پێ بکات.

هەروەها سوێند خواردن بە (تەلاق) لەگەڵ تعلیقی (تەلاق) لە زەمانی پێغەمبەر و -خلفاء الراشدین- نەبووە بەڵکو -ئەمەویەکان- دایان هێنا، کاتێك عەلەوییەکان لە ژێرەوە ئیشیان دەکرد لەدژی ئەمەوییەکان کە ئاشکرا نەبوون، ئەیان گرتن سوێندیان نەئەیان بە قورئان چونکە بەدرۆوە سوێندیان بەقورئان ئەخوارد.

ئەمەوییەکان ئەیان وت سوێند بخۆن بە (تەلاق) یان ئەگەر بڵێین لەدژی ئێوە بوەستین تەلاقی ژنەکانمان بکەوێ.

ئینجا ئەم ئیشە کە پەیوەندی بە فەرمودەی پێغەمبەرەوە نیە، هەندێ لە مەزهەبەکان (فتوی)یان پێدا کە تەلاق بە سوێند و -تعلیقی طلاق- تەلاقی ئەکەوێ کەچی هیچ بەڵگەیەك و بنچینەیەك نیە جگە لە کردەوەی (ئەمەوییەکان) دیارە کردەوەی ئەوان نابێت بە بەڵگەی شەرعی.

لەساڵی ١٩٧٧ بەسەردان چومەوە بۆ زەڵم، کاك علی عبدالله هاتە لام وتی: لەگەڵ ژنەکەم ناکۆکیمان بووە هەر سێ تەلاقم داوە، لای هەر مەلایەك دەچم دەڵێن تەلاقەکەت بەجاش نەبێت چاك نابێتەوە، ئێستا گیرم خواردووە، دڵم بڕوایی نادات بەم کردەوەیە ژنەکەم بێتەوە لام، لە لایەکی تریشەوە (٧) منداڵم هەیە منداڵەکان سەرگەردان دەبن و خۆم و ژنەکەشم سەرمان لێ ئەشێوێ، چارم چییە؟ منیش وتم: بچۆ ژنەکەت لەگەڵ باوکی ژنەکەت بێنە بۆ ئێرە، کاتێك هاتن، بە خوالێخۆشبوو سۆفی ئەحمەد باوکی ژنەکەم وت: ئەم کچەت یەك تەلاقی کەوتوە بەپێی ئیسلام و فەرمودەی خوا کە فەرمویەتی: ﴿الطَّلاَقُ مَرَّتَانِ﴾ نەی فەرموەوە (الطلاق إثنان)، بۆ جاری سێیەم ئەگەر تەلاقی دا فەرموویەتی: ﴿فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجاً غَيْرَهُ﴾، واتە: کەسێك سێ جار ژنەکەی تەلاق بدات بۆ جاری سێیەم دەبێت مێرد بکات بەیەکێکی تر، ئەگەر ئەو یەکە تەلاقی دا یان مرد بۆی هەیە بچێتەوە لای مێردی پێشوو، ئینجا دوو شەیەتمان هێنا ژنەکەم لە کاك عەلی مارە کردەوە وتم: ئێستا ئەوە تۆ لە سێ تەلاقەکە یەك تەلاقت ڕۆیی دوو تەلاقت ماوە.

کاتێك گەڕامەوە بۆ بەغدا پاش چەند ڕۆژێك کاك علی هات بۆ ماڵمان وتی: ئەوە مەلاکان هەموویان منیان بەکافر داناوە، پێیان وتوم ئەو ژنە ژنی تۆ نیە هەر دروست بونێکت لەگەڵ ئەودا بەزینایەك لەسەرت حسابە.

منیش نامەیەکم بۆ نووسی باسی ئەو بەڵگانەم کرد لە فەرمودەی خوا و پێغەمبەر کە تەلاقی سێ بەسێ یەکجار تەلاقی پێ دەکەوێت، وتم پێی بیبە بۆ ئەو مامۆستایانە کە تۆ بەکافر دادەنێن، پێیان بڵێ با ڕەدی ئەم نامەیە بنووسنەوە.

ئەویش بردبوی لای خوا لێخۆشبو مامۆستا مەلا محمدی مەلا بەها کە مەلای خورماڵ بوو وتبووی: من ناتوانم وەڵامی ئەمە بدەمەوە ئەوەی نوسراوە هەمووی ڕاستە، هەروەها چوبو بۆ لای خوا لێخۆشبوو مامۆستا مەلا عوسمانی مەلا عزیز، ئەویش فەرموو بووی: من نە لە مەلا مصطفی موسوڵمان ترم، نە لەو زانا ترم، بێنە با ئیمزای بکەم کە ئەوەی لەم نوسراوە دایە هەمووی ڕاستە.

سەرفیترەی ئاخیر ساڵی مەلایەتیم:

ساڵی ١٩٥٥ز کە دوا ساڵی مەلایەتیم بوو، کاتێك ڕەمەزان هات دانیشتوانی گەڕەکەکە وتیان بە (مجەوەرەکە) چەند کیلۆیەك گەنم بێنێ بۆ ئەوەی سەرفیترەکەمان بقەبلێنین لە لای مامۆستا، شایەنی باسە خوای گەورە و پێغەمبەری خودا ﷺ هەندێ شتیان پێویست کردووە لەسەر ئادەمیزاد بۆ یارمەتی هەژار و لێ قەوماو، لەبەرئەوەی کە جەژنی ڕەمەزان جەژنی هەژار و لێقەوماوانە، دەبێت بەخۆشی ئەو جەژنە بەسەر بەرن، دیارە دڵ ناخۆشی ڕۆژی جەژنیش بەو بۆنەیەوە منداڵی هەژار ناتوانێت لەو ڕۆژەدا وەك منداڵی دەوڵەمەندەکان هەڵسێ و دابنیشێ بە ئارەزووی خۆی بچێت بگەڕێت بەشوێنە خۆشەکاندا، یان شتێکی خۆش بکڕێ بچێ دڵی خۆی خۆش بکات لەو ڕۆژەدا، لەبەرئەوە ئایینی ئیسلام پێویستی کردووە لەسەر موسڵمانان ڕۆژێك لە پێش جەژندا، بڕێك لەو خواردنە کە دەیخوات لە مانگی ڕەمەزاندا لە پاش ڕەمەزان وەك گەنم یان برنج یان خورما، بۆ هەریەکێك لە خێزانەکە بیدات بەماڵە هەژارێك ئەگەر ماڵێك حەوت کەس بن دەبێت حەوت (صاع) لە خواردەمەنی بدەن بەماڵە هەژارێك، بۆ ئەوەی ڕۆژی جەژن هەست بە نەبوونی نەکەن ئەمەش پێی دەوترێت سەرفیترە واتە زەکاتی سەر.

بەڵام بەداخەوە ئەو کاتە لە نێو کوردی عێراق و کوردی ئێران باو بوو کە ئەم سەرفیترەیە نادرێت بە هەژار و لێقەوماو بەڵکو دەبێت بدرێت بە مەلای مزگەوت چونکە ئەو کاتە مەلا

هیچ موچەیەکی نەبوو ژیانی لەسەر سەرفیترە و زەکات و سەرقەڵەمانە و ئیسقات و خێر و خێراتی تری هەژارەکان بوو.

ساڵی (١٩٥٥ز) پێش ئەوەی دانیشتوانی گەڕەکەکە دەست بکەن بە چاك کردنەوەی سەریان پاش نوێژی شێوان بە هەموو گەڕەکەکەم ڕاگەیاند کە من ئەمساڵ سەرفیترەی کەس وەرناگرم، چونکە بیرم لەم ئیشە کردوەتەوە کە ئەمە رزق و ڕۆزی هەژار و لێقەوماوە مەلای مزگەوت لێی داگیرکردووە.

دانیشتوانی گەڕەکەکە لەدژم وەستان وتیان: دەتەوێت ڕێگای باوباپیرمان وون بکەیت و بیگۆڕیت.

منیش وتم: دەمەوێت ڕێگەی خوا و پێغەمبەرتان پیشان بدەم. سەرفیترە بۆ هەژار پێویست کراوە، من کە ئەو سەرفترەیە وەردەگرم بەناوی هەژاری و نەبونیەوە لێتان وەرەگرم، ئەمەش زۆر عەیبە بۆ موسڵمانێك کە پێشەوا بێت بچێتە ئەو پلەیە کە سەرفیترەی پێ بشێت.

زۆرم هەوڵدا کە تێیان بگەیەنم سوودی نەبوو، بەڵام لە ئەنجامدا وتم: من سوێندم خواردوە سەر فیترە و زەکات وەرناگرم. زۆریان هەوڵدا هەر وەرم نەگرت، هەرچەند ئەوان ئەم کردەوەیەی منیان لەلا شتێکی نارەوا بوو، چونکە پێچەوانەی عورف و عادەتی باوباپیران بوو.

بەداخەوە ئەم بیروڕایە لە کۆتایی مەلایەتیدا زانیم، بۆ یەکەمجار بیرم لێکردەوە نەمدەزانی ئەگەر نا هەر لە سەرەتاوە خۆم دوور دەخستەوە لە سەرفیترە و حەرامم دەکرد لەسەر خۆم، هەروەك ئیسقاتەکەم حەرام کرد.

هۆیەکانی دواکەوتنی خوێندنی مزگەوت:

کاتێك لە سەرسیان مەلا بووم زۆر هیلاك ئەبووم بە ئامادەکردنی دەرسی فەقێوە، هەموو شەوێك بۆ ئەوەی خەوم لێ نەکەوێت، نانم نە ئەخوارد لەجیاتی ئەوە قۆرییەك قاوەم لێ ئەنا ئەم خواردەوە، پاش ئامادەکردنی دەرسەکان نانی ساردم دەخوارد، ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی ئازار لە گەدەمدا -معدة-، دواتر بووە هۆی -قرحة المعدة-، لە سلێمانی ڕۆژێك لە کاتی نوێژی شێواندا (مغرب) کەوتم بورامەوە لەبەر ئازاری زۆر، ڕۆژی دواتر پزیشك -هاشم دوغرەمچی- وتی -نەشیعە- بگرە دەرکەوت (قرحة)یە. ئینجا ئامۆژگاری کردم، وتی: نابێت دەرس بڵێیتەوە.

منیش فەقێکانم دابەش کرد بەسەر مەلاکاندا بۆ ئەوەی دەرس نەڵێمەوە.

بەڵام نەمەتوانی بیّ کتیّب خویّندنەوە دانیشم، لەبەرئەوە لەو کاتەدا کتیّبەکانی (کاك عبداللە)ی ئامۆزام دەبرد دەمخویّندەوە، کەوتە میّشکمەوە (تاقی کردنەوەی خارجی) ئەنجام بدەم.

ئینجا بە دزیەوە تاقیکردنەوەی پۆلی (شەشەمی سەرەتای)م دا، ئەو کاتە ڕەمەزان بوو هەموو رۆژیّك دوای پارشیّو دەستم دەکرد بەخویّندن، چونکە شەو خەریکی نویّژی تەراویح و دواتر وتارم دەدا بۆ خەڵکەکە.

بەیانیان بە دزیەوە خۆم دەگۆڕی، مشکیەکم دەبەست و کەوا و سەڵتە و جبەکە لە ماڵی (مەلا حسەنی گردەزوبەیری) خوا لیّی خۆشبیّت دا ئەنا.

رۆژیّك روەو ئەو قوتابخانەیە دەچووم کە تاقیکردنەوەکانی تیادا دەکرا، لەریّگە کتیّبیّکم بەدەستەوە بوو دەمخویّندەوە لەپڕ لوتم نا بەلوتی یەکیّك لە دانیشتوانی گەڕەکەکەمانەوە، ئینجا تەماشای یەکترمان کرد هەردووکمان حەپەساین، من لەبەرئەوەی کە ئاشکرا بووم لەم ئیشەدا کە بەشتیّکی زۆر نارەوا دادەنرا، ئەویش لەلای شتیّکی زۆر نامۆ بوو کە من مەلایەکم و بەم شیّوەیە ممبینیّ لەسەر ئەو ریّگەیە، لە پاشاندا لیّی پرسیم: مامۆستا ئەمە چییە؟ وتم: تاقیکردنەوەی پۆلی شەش دەدەم، ئەویش دەنگی نەکرد و رۆشت دیار بوو بەدانیشتوانی گەڕەکەکەی وتبو کە شتیّکی وەهای دیوە، ئەوانیش لەبەرئەوەی خۆشیان دەویستم شتیّکی وایان پیّ نەوتم کە ئیّش بەدڵم بگەیەنیّ، بەڵام پرسیان وتیان: تۆ شەهادەی شەشی سەرەتایت بۆ چیە؟ کە تۆ مەلایەکیت ئیجازەی دوانزە عیلمە دەدەیت بە مەلای تر.

منیش وتم: لە ئایینی ئیسلامدا فیّربوونی زانیاری لە سنوریّکدا ڕاناوەستیّت بەڵکو هەموو خویّنەواریّك دەبیّت خۆی بەخویّنەوار بزانیّت هەوڵ بدات شتی زیاتر بزانیّت تا ئەو رۆژە کە لەم جیهانەدا کۆچی دوایی دەکات، چونکە وتویانە: (العلم من المهد إلى اللحد)، بەڵکو هەندیّك کەس دەڵیّن ئەمە فەرمودەی پیّغەمبەرە ﷺ واتە: فیّربونی زانیاری لە بیّشکەوە دەست پیّ دەکات تاکو کۆتایی دیّت بە رۆشتنە ناو گۆڕەوە.

ئەوانیش دڵیان بەرامبەر بەمن نەگۆڕی چونکە زۆر ریّزیان دەگرتم و منیش خۆشم دەویستن، خۆشەویستی منیش لای ئەوان زۆر بوو.

ئەنجامی تاقیکردنەوەکە لە هەموو دەرسەکان دەرچووم، بەڵام ئینگلیزی سفرم هیّنابوو، چونکە ئەلف و بای ئینگلیزیم نەئەزانی، هاوینەکەی (مامۆستا عبدالخالق) کەمامۆستای ئینگلیزی بوو لەقوتابخانەی ناوەندی لەسلیّمانی دەرسی دەوتەوە، من دەرسی شەرعم بەو ئەوت ئەویش ئینگلیزی وتەوە بەمن بەو هۆیەوە توانیم لە دەوری دووەم (٧٠) نمرە وەرگرم.

وزارة المعارف العراقية

شهادة الدراسة الابتدائية

إن [illegible] من طلاب الخارجيين في لواء السليمانية [illegible] في الامتحان العام للدراسة الابتدائية [illegible] ١٩٥١-١٩٥٢ [illegible] درجة من مجموع [illegible] درجة [illegible] القبول في المدارس المتوسطة .

تاريخ [illegible]

بۆچی سلێمانیم بەجێ هێشت:

ڕۆژێك بە فەقێکانی شارم وت: هەمیشە مامۆستاکانی مەعاریف ڕەخنەمان لێ دەگرن چونکە ئێمە حیساب و جەبر و فیزیا و کیمیا نازانین، هەرچەندە خوێندنی ئێمە زیاتر و قورسترە لەوان لەبەرئەوە ڕۆژانی سێ شەمە و جومعە ئەو وانانە دەڵێمەوە لە مزگەوتەکەم کێ دەیەوێت بێت.

ئینجا تەختەیەکی ڕەشم هەڵواسی لە مزگەوت کە ئەمە یەکەم جار بوو لە کوردستاندا شتی وا ڕوو بدات هەموو خەڵکی گەڕەکەکە دەهاتن سەیریان دەکرد سەرسام مابوون.

من بۆیە ئەمە هات بەمێشکمدا لەوەو پێش باسم کرد کە زۆر زانای گەورە لە کورد هەڵکەوت وەك قزلجی، پێنجوینی، قەرەداغی، مەلای نۆدشە، مەلا قادری گەورەی بیارە، سەدانی تر کە هەریەکێك کەمتر نەبوو لە ئیمامەکانی ئیسلام وەك (رافعی و رەمەلی) لە شافعییەکان، کاسانی و حەسکەفی و إبن الهمام لە حنفیەکان، أشهب و سحنون و مصعب لە مالکییەکان و إبن تیمیە و إبن قیم لە حەنبەلیەکان.

لەگەڵ ئەوەش هیچ بەرهەمێکیان بەجێ نەهێشت، چونکە هەموو ژیانیان دابەشبوو بەسەر چەند فەقێیەك کە هەر ڕۆژە یەك دەرسی دەوتەوە بەو فەقێیە و هەریەکە (مەنهەجێکی) جیاوازی هەبوو.

ئینجا ئەو فەقێیە کە بەو جۆرە پێ دەگەیشت چەند ووشەیەکی لە حاشیەوە فێردەبوو، دەیکرد بە فیز و فشە بەسەر ئەوانی تردا کە نەیاندەزانی تەنها لەو کتێبەدا دەیزانی بخوێنێتەوە، چونکە بەمەرەکەبی سور سەر و بۆری دەکرد، ئەگەر لەباتی هەمان (کتێب) کتێبێکی ترت بۆ بهێنایە نەیدەزانی بەدەرس بیڵێتەوە، هەتا درێنیش خەتیبەکانی مزگەوتەکان (إبن نبات)ەیان ئەخوێندەوە کە بریتیە لە (٤٠) خوتبە هەریەکە لە جومعەیەکدا بۆ ساڵێك چونکە لە ساڵێکدا (٤٠) هەینی هەیە.

وەك جارێکی تریش وتم مامۆستاکان ئەوەندە کتێبی لاوەکیان دەخوێندەوە ئەوەندە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەریان-درودی خوای لێبێت- نەئەزانی.

ئەم کردەوەیەی من وای کرد کە مامۆستاکان لەبەر ئەم هۆیانە پیلانێك لەدژی دابنێن:

یەکەم: فەقێکان هی ئەوان بوون ئەهاتن بۆ لای من.

دووەم: ئەم دەرس وتنەوەیەی منیان بەپێچەوانەی ڕەوشتی ئایینی ئیسلام دادەنا.

من بۆخۆم ڕۆژێك لەگەڵ مامۆستا مەلا عبدالکریم مدرس و خوالێخۆشبوو مامۆستا (شێخ نوری شێخ بابا علی) ڕۆشتین بۆ ماڵی خوا لێخۆشبوو (حاجی مەلا عینایەت).

کاتێك چامان دەخواردەوە حاجی مەلا عینایەت لە مامۆستا عبدالکریمی پرسی: بیروباوەڕت چییە بەرانبەر بەخوێندنی مەکتەب؟؟

منیش پێش وەڵامەکەی مامۆستا مەلا عبدالکریم کەوتم و وتم: ئەوەی منالی خۆی بخاتە مەکتەب کافر ئەبێ.

مەلا عینایەت چایەکی بەدەستەوە بوو لە داخاندا داینا چونکە تازە دوو منداڵی خستبووە مەکتەب بەزۆری ژنەکەی.

وتی: مەلا بۆچی کافر ئەبێ؟

وتم: بە منطق بۆت ئیسپات ئەکەم: ئەو منداڵەی ئەچێتە مەکتەب کافر ئەبێ، هەرکەس ببێت بەهۆی کافربوونی یەکێکی تر بۆخۆشی کافر ئەبێت.

ئەم هەڵەیە یەکێکە لە سەدان هەڵەکانی ژیانم، بەهۆی جۆری خوێندن و بیروباوەڕی چەوتەوە سەپاندم بەسەر مەلا عینایەتدا. من جگە لەوەی حوکمەکەم هەڵە بوو لەوەشدا هەڵە بووم کە پرسیارەکە لەمن نەکرا بەڵکو لە مامۆستا مەلا عبدالکریم کرا کە لە من گەورەتر بوو، لەمن زانا تر بوو، مامۆستام بوو.

مامۆستای مامۆستاشم بوو. جگە لەمانە لەهەمووی ناشیرینتر ئەوەیە یەکێك پرسیار لە یەکێك بکات یەکێکی تر خۆی تێ هەڵقورتێنێ وەڵامی بداتەوە.

بەسەر بردنی رۆژ و رۆژگار لەگەڵ پیاوی نەزان فێری زانایی و ژیریت ئەکات ئەگەر بیر بکەیتەوە لە نەزانی ئەو، بەم بۆنەیەوە شتێکی خۆشتان بۆ ئەگێڕمەوە: لە ساڵی (١٩٦٢ز) لە پۆلی (٢) لە کۆلیجی قانون (زانکۆی بەغدا) لەکاتی پشوودا هاتمە دەرەوە کوڕێکی گەنج ڕووبەڕووم هات بە پێکەنینەوە، سەلامێکی گەرمی کرد و زۆر بەڕێز بوو وتی: ئەمناسیت؟ وتم: نا.

وتی: من کوڕی حاجی مەلا عینایەتم، باوکم ناردوومی بۆ لای تۆ راسپاردەیەك هەیە پێتی ڕاگەیەنم. باوکم زۆر سەلامت لێ ئەکات و ئەڵێت تۆ دووجار کافریت، خۆت لە مەکتەبی و منالەکانیشت لە مەکتەبن.

راسپاردەکەم زۆر پێ خۆشبوو لەبەر ئەو گۆڕانەی بەسەرما هات تۆزێ لە ئایین و لە ژیان تێگەیشتم، پیاوەتیەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ عبداللە خانی دزلی و هەندێك لە مامۆستاکانی سلێمانی منیان دەربەدەر کرد. ئەمەش بەرزی و حیکمەتی فەرموودەکەی خوا پیشان دەدات کە ئەفەرمووێ: ﴿وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئاً وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾[1].

---

[1] سورة البقرة/٢١٦.

واتە: شت هەیە لە ژیاندا ئێوە بەخراپی ئەزانن کەچی لەپاشە ڕۆژدا بۆتان دەرەکەوێت چاکە.

﴿فَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئاً وَيَجْعَلَ اللّهُ فِيهِ خَيْراً كَثِيراً﴾[1].

کاتێك کە عبداللە خانی دزلی بوو بەهۆی ئەوەی من ماڵئاوایم لە دێی زەڵم کرد، لام وابوو ئەوە سەرەتای نائومێدییە لە ژیانمداو ڕووە و ژیانێکی ڕەش دەڕۆم، چونکە زەڵم کە جێگای باوباپیرمە کە بەهەشتێکە بەڕووی ئەم جیهانەوە لێی بێبەری کرام نەیان هێشت سود لە ژیانی دێیەکەم وەربگرم.

هەروەها هەندێك لە مامۆستاکانی سلێمانی پیلانیان بۆ گێرام ناچاریان کردم شارە خۆشەویستەکەم بەجێ بهێڵم‌و واز لە دەرس وتنەوەی ئایینی ئیسلام بهێنم کە لەلام لە هەموو شتێك گرنگتر و شیرین تر بوو، زۆر هەستم بە بەدبەختی خۆم‌و تاریکی ژیانی پاشەڕۆژم کرد، کەچی بە پێچەوانەوە خوا ئەو کردەوانەی لەگەڵ مندا کران کردی بەهۆی بەختەوەریم و ژیانێکی پڕ لە کامەرانی، کە ئێستا هەستی پێ دەکەم، هەموو جار فاتحە دەخوێنم بۆ گیانی ئەو بەگانە و ئەو مامۆستایانەی کە بوون بەهۆی ئەوەی کە من دەربەدەر ببم و بکەومە خاکی عەرەبستان، بەڕاستی فەرمودەکەی خوا زۆر ئاشکرا و زۆر ڕاستە، مرۆڤ نازانێت لە ژیانیدا چاکی و خراپی لەچیەوە پەیدا دەبێت پێشکەوتنی و دواکەوتنی هۆکانی چییە.

ئینجا بگەڕێینەوە سەر مامۆستاکانی سلێمانی:

مامۆستا (م.ر) کە پیاوێکی دیار و دەرکەوتوو بوو لە شارەکەدا زۆر تێکەڵی هەبوو لەگەڵ پیاوانی میریدا، چەند مامۆستایەکی بردبوو لەگەڵ خۆی بۆلای (متصرف) پێی وتبوو: مەلای مزگەوتی بن تەبەق هەموو هەفتەیەك دووجار فەقێکانی ناو شارەکە کۆ دەکاتەوە، بەناوی دەرس وتنەوە حیزبێکی دروست کردووە ئەم فەقێیانە پەیوەندی دەکەن بەم حیزبەوە.

(متصرف)ی سلێمانی عەرەب بوو ناوی (مزاحم ماهر)بوو، تا کاتی ئەم نووسینە لە بەغدایە ماوە، لەسەر وتەی مامۆستاکان هیچ شتێکی نەکرد دژی من، بەقازی شێخ محمدی خاڵی وتبوو: تۆ ڕات چییە لەم مەلایە؟

وتبووی: ئەمە تەنها مەلایەکە کە بە دڵ و گیان دەرس بەفەقێ دەڵێتەوە بێ گوێدان بە موچە و بەرانبەر.

---

[1] سورة النساء/١٩.

لەپاش ئەوە مامۆستاکان مەنعی فەقێیەکانیان کرد بێن بۆ مزگەوتەکەم.

ڕیش تاشینم بۆ یەکەمجار:

لە ماوەی ژیانی فەقێیەتی و مەلایەتیمدا ریشم نە ئەتاشی، بەڵام لە ئەنجامدا لەبەر ئەم هۆیانە تاشیم:

هەموو ئەو مامۆستایانەی کە بازرگانیان بە ئاییینەوە دەکرد لەژێر مێزەر و جبەدا بەرێشەوە وایان لە خەڵکەکە کردبوو کە بەو جۆرە باوەڕیان پێ بکەن، هەموو دواکەوتنی خوێندن و بڵاوبوونەوەی بیروڕای چەوت و خورافات بەهۆی ئەمەوە بوو.

دواجار کە هەوڵم دا خوێندنی مزگەوت بەرەو پێش ببەم هەر ئەو مامۆستایانە چوون بە فەقێیەکانیان وت: ئەوەی بچێت بۆ مزگەوتەکەی (مەلا مصطفی زلمی) (شوعبەی خاص) کە ئێستا پێی دەوترێت دائیرەی (أمن) وێنەتان دەگرن و دوایی موحاسەبە دەکرێن، وای لێ هات فەقێکانی خۆم ڕۆژ بە ڕۆژ کەم دەبوونەوە، دواجار یەك فەقێم مایەوە ئەویش مەلا صالح کانی چناری بوو (جمع الجوامع)ی لا ئەخوێندم.

پێم وت: بڕیارم داوە سلێمانی بەجێ بێڵم و واز لە مەلایەتی بێنم، وتی: من وەك ئەوانی تر ناچم بۆ مزگەوتی تر تا خۆت چۆڵی نەکەیت. بەڵام دیار بوو ئەویشیان ترساند، ڕۆژێك بەیانی بوو چووم بۆ مزگەوت، مجەوەرەکە وتی: مەلا صالح کتێبەکانی پێچایەوە و چوو بۆ مزگەوتی شێخ سلام، دانیشتم بەخەفەتەوە دەستم نایە بەر ئەژنۆم تەماشایەکی مەدرەسەکەم کرد کە دیم چۆڵ و هۆڵە لەپاش ئەوەی گرمەی دەهات لە بەیانی تا ئێوارە لەبەر فەقێ.

وتم: خوا سەبەب کار بگرێت عەهد بێت هەرچی نیشانەی مەلایەتی هەیە ئەبێت لە خۆمی دوور بخەمەوە، یەکەمیان ئەبێت ڕیش بتاشم چونکە هەموو مامۆستاکان ڕیشیان هەیە.

گەڕامەوە ماڵەوە لەڕێگە موسێکم کڕی بەدوو فلس بۆ یەکەم جار ڕیشم تاشی.

پاش نیو سەعات یەکێك لە دەرگای دا کە چوومە دەرەوە فەقێیەك وەستا بوو، وتی: شێخ عمری هەڵەبجە وەفاتی کردووە و مەلاکان لە مزگەوتی شێخ سەلام کۆبوونەتەوە ئەچن بۆ هەڵەبجە بۆ سەرەخۆشی منیان ناردووە بەدوای تۆدا کە بچیت لەگەڵیاندا.

لەو کاتەدا نەمئەزانی چی بکەم، نابێت بەبێ ڕیش بڕۆم ناکرێت نەڕۆم بۆ پرسەکە.

دوایی ڕۆیشتم بۆ لای مامۆستاکان لە نێوان مەلا محمدی چرۆستانی و فەقێیەکی ڕیش پان دانیشتم.

ماموٚستا مەلا محمدی چروٚستانی خوا لێی خوٚشبێت پیاوێکی قسه لەڕوو بوو شەرمی لە کەس نەدەکرد قسەکانیشی جوان و ڕاست بوون، وتی: ئێستا مەلا مصطفی زلّمی تەماشای ئەو فەقێیە دەکات کە لە تەنیشتیدا دانیشتووە و بستێك ڕیشی درێژە تەریق دەبێتەوە.

وتم: بەخوا تەریق نابمەوە، ڕووم کردە ماموٚستاکان و پێم وتن:

ئەمە یەکەمجارە لە ژیاندا ڕیش ئەتاشم، ئەزانن بوٚچی؟

وتیان: ئێمەش سەرسام ماوین بوٚچی ڕیشت تاشیوە؟

وتم: لەبەرئەوەی ئێوە ڕیشتان هەیە. بەردەوام بووم وتم: پەیمانم داوە لەگەڵ خوا هەتا ئەو ڕوٚژەی دەمخەنە گوٚڕەوە ڕیش بتاشم چونکە بوٚتە هوٚی خەڵك خەڵەتاندن.

کێ دەڵێ مەولەویش بەو دەردەی من نەچووە کە ئەڵێت:

ریشـی چـەنی مـن نـەبو حضـور
مەبوٚ بتراشوش تا وە نـەفخی صـور

مەلا و مەلایەتی

فـەقێی حـوجرەی مزگـەوت کاتێـك ئەگەیشـتە دوا پلـەی خوێندنەکـەی بـەپێی عـورف و عادەتی ئەو کاتە خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی ئەو مامۆستایەی کـە لـە دوا پلـەی خوێندنـدا دەرسی پێ دەڵێت لای ئەو ئیجازە وەربگرێت، مانای ئیجازەش ئەوە بوو کە ئەو فەقێیـە بـۆی هەیە وەك مـامۆستاکەی مەدرەسـەیەکی ئایینی پێکەوە بنێت ئـەو بابەتانـەی زانیـاری ئـایینی کە خوێندویەتی بەدەرس بیانڵێتەوە بەچینێکی تـر لەفـەقێی مزگـەوت، هەروەها بـۆی هەیـە بەرنوێژی و نوێژی جومعە و فەتوا و (وعظ) و ئامۆژگاری بکات هەروەك ئـەو مامۆسـتایەی کە لەلای ئیجازە وەردەگرێت.

بەڵام دەبوایە لە پێش ئیجازە وەرگرتندا شوێنێك بدۆزێتەوە لەدێیـەك یـان لـە شارێك بـۆ ئەوەی بچێتە ئەو جێگەیە ببێت بە مەلای ئەو جێگەیە.

ئەم جێگەیەش دەبوایە یان لە ڕێگای ئاغای ئەو شوێنەوە بوایە یان لە ڕێگای شێخێکەوە بوایـە کـە دانیشـتوانی ئـەو شـوێنە مریـد و مەنسـوبی ئـەو شـێخەن، یـان لـە ڕێگـای مامۆستاکەیەوە ئەگـەر ئـەم مامۆستایە پەیوەندیـەکی خزمایـەتی یـان دۆسـتایەتی هەبوایـە لەگـەڵ دانیشتوانی ئـەو شـوێنە، یـان لـە ڕێگـەی خۆیـەوە ئەگـەر فەقێیەکـە ناسـراوی یـان خزمایەتی هەبوایە لەگەڵ دانیشتوانی شوێنەکە.

لە پاش جێ بەجێ کردنی دۆزینەوەی ڕێ و شوێن بۆ مەلا ئینجـا بـۆ ئیجازەکـەی بەچـەند پیاوێکی بازرگان یان دەست ڕۆشتوو لەو شوێنەدا کە مامۆستاکە مەلای ئەوێیە پێـی ئـەوتن کە یارمەتی ئەم فەقێیە بدەن بۆ تەواوکردنی پێویستیەکانی ئیجازەکە، ئەوانیش ئەرکەکـەیان دابەش دەکرد بەسەر خۆیاندا، یەکێك جبەکـەی بـۆ ئامـادە دەکـرد، یـەکێك مێـزەر و یـەکێك جوتە پێڵاوێك، ڕۆژێکیان دیاری دەکـرد بـۆ ئاهـەنگ و کۆبونـەوەی ئیجازەکـەو خوێندنـەوەی بەسەر فەقێیەکەدا.

لەو ڕۆژەدا هەندێك لە مامۆسـتای ئـاینی و فـەقێ بـانگ دەکـران لەگـەڵ هەنـدێك پیـاو مـاقوڵی شـوێنەکە، لـە پاشـان مامۆسـتاکەی یـان مەلایـەکی تـری شـیاو ئیجازەنامەکـەی دەخوێندەوە، ئەمەی لای خوارەوە نمونەیەکە بۆ ئەو ئیجازەیە، کە ئیجازە نامەکـەی خۆمـە لای مامۆستا مەلا محمد سەعیدی دێلێژەی لە سلێمانی لە مزگەوتی خـۆم خانـە وەرم گرتـووە لـە بەهاری (١٩٤٦)دا.

پاشان مامۆستا بۆ خۆی یان مەلایەکی تر هەڵ دەستایەوە جامەدانەکەی لەسەری فەقێ ئیجازە دراوەکە دادەگرت و مێزەرەکەی دەبەست بەسەریداو عاباکەی لەبەر دەکرد و ئینجا دەستی یەکتریان ماچ دەکرد و ئامادەبووان پیرۆزباییان لە فەقێکە دەکرد.

دواتر مامۆستاکە یان دوو فەقێ یان پیاوێکی ناسراو لەگەڵ ئەم مامۆستا تازەیەدا دەچوون بۆ ئەو شوێنەی کە بۆی دیاری کراوە.

لەپاش چەند رۆژێك بیریان لەوە دەکردەوە ژنێك بۆ مامۆستا بهێنن بۆ ئەوەی بەیەکجاری جێگیر ببێت لەو شوێنەدا، چونکە ژن هێنان مامۆستاکە جێگیر دەکات بیر لەوە ناکاتەوە ئەگەر توشی تەنگ و چەڵەمەیەك بێت شوێنەکە بەجێ بهێڵێت و بچێت بۆ شوێنێکی تر.

دەڵێن جارێك لەپیاوێکیان پرسیوە ماڵت لەکوێیە لە وەڵامدا وتویەتی: هێشتا ژنم نەهێناوە، واتە ژن هێنان یەکێکە لە گەورەترین هۆی جێگیری و دامەزراندنی مرۆڤ لەو شوێنەدا کە پەیوەندی بە ژن هێنانەکەوە هەیە.

هەروەها وتویانە (الزواج نصف الایمان) واتە: ژن هێنان نیوەی ئیمانە و بیروباوەڕی ئایینی تەواو دەکات چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی لە کردەوەی خراپی دەپارێزێت.

لە پاش تەواوکردنی ئەم پلەیەش دەبوایە بڕیارێك بدرێت بۆ ژیانی مامۆستاکە، ئەو کاتە موچەیەك نەبوو نە لە لایەنی میریەوە نە لە لایەنی ئاغاوە یان شێخەوە یان دانیشتوانی شوێنەکەوە بەڵکو ئەو مامۆستایە گرنگترین هۆی ژیانی زەکات و سەرفیترەی دێیەکە و ئیسقاتی مردوو خێر و خێراتی تر کە بۆ هەژار و فەقیر دانراوە لە ئایینی ئیسلامدا.

هەندێك جار شکارتە و گەلە جوتیان بۆ مامۆستای ئاینی دەکرد ئەگەر شوێنەکەی لە ناوچەی کشتوکاڵیدا بوایە.

جگە لەمانە دەبوایە مامۆستای ئاینی پەیوەندیەکی زۆر پتەوی هەبوایە لەگەڵ ئاغای شوێنەکە بۆ ئەوەی ژیانەکەی بەباشی بڕوات، ئاغا ببێت بە پشتیوانیو قوتاری بکات لەو تەنگ و چەڵەمانەی کە دووچاری دەبن لەماوەی ژیانیدا.

لە پاداشتی ئەم پشتیوانی ئاغاوە بۆ مامۆستای ئاینی دەبوو مامۆستا چاو بپۆشێ لە هەموو کردەوەیەکی ناڕەوا بکات کە ئاغا بەرامبەر بەدانیشتوانی شوێنەکە ئەیکات، ئاغا یا بەگی وا هەبوو زیاتر لە دە دێ کاسپیان بۆ ئەو دەکرد هەر کشتوکاڵێکیان بکردایە دەبوایە لەگەڵ ئاغا بەشی بکەن مامۆستا جارێك لە ئاغای نەدەپرسی کە ئەم دە دێیە لە چ ڕێگەیەکەوە بونەتە موڵکی ئەو، چونکە خوا و پێغەمبەر ﷺ فەرمویانەی زەوی و باخ و ئاو

یان بەکڕین دەبێت بە موڵکی مرۆڤ یان بەمیرات گرتن یان بەئاوەدانکردنەوەی بە کۆشش و ڕەنج، وەك پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: ((من احیا ارضا میتةً فهي لە)) واتە: هەرکەس زەوییەکی بێ خاون ئاوەدان بکاتەوە ئەبێتە هی ئەو، ئاغاکانی کوردستان هەیان بوو دە هەزار دۆنم زەوی بەراوی هەبوو کە لە لایەنی عوسمانیەکانەوە پێی درابوو، بۆ ئەوەی ئاسایش و هێمنی ئەو دێهاتانەی کە پێی ئەدرێن رای بگرێت، نەیەلێت هیچ شتێك یان هیچ جولانەوەیەك لەو شوێنەدا لەدژی سەڵتەنەتی عوسمانیەکان رووبدات.

ڕۆژێك لە ڕۆژان مامۆستا نەیدەتوانی بەو ئاغا بلێت: ئەم ئەرز و ئاوە کە دەوڵەتی عوسمانی بەتۆی داوە ئەگەر هی دەوڵەتە ئەوە کەس ناتوانێت بیبەخشێت چونکە پێی دەوترێت (الاموال العامة) واتە: ماڵی گشتییە و هیچ کەس ناتوانێت تصرفی تیادا بکات بەپێی یاسای خوا و پێغەمبەر و یاسای دەستکردی ئادەمیزادیش، ئەگەر ئەم ئاو و زەویە موڵکی یەکێکی ترە دوبارە خەلیفە ناتوانێت ماڵی یەکێك داگیر بکا و بیدات بە یەکێکی تر چونکە ئەمەش پێی دەوترێت (غصب) غصبیش تاوانێکی زۆر گەورەیە لە ئاینی ئیسلامدا.

ئەگەر شوێنەکە ئاغای نەبوایە دانیشتوەکان مرید و مەنسوبی شێخێك ببونایە دەبوایە ئەو مامۆستای ئاینی یەش ئەو ڕێگەیەی بگرتایەتە بەر و ببوایە بە مرید و مەنسوبی ئەو شێخە تا خۆی دڵنیا بکردایە لە ژیاندا دانیشتوانی شوێنەکە زیاتر خزمەتیان بکردایە و ڕێزیان بگرتایە، زۆر جار هەبوو مامۆستا دەبوو بە خەلیفەی شێخەکە بۆ ئەوەی لە دوو ڕێگەوە ژیانی خۆی دابین بکات:

یەکەم: لەڕێگەی مەلایەتیەوە.

دووەم: لەڕێگەی خەلیفەگەریەوە.

هەر مامۆستایەکی ئاینی ئەم دوو ڕێگەیەی بۆ جێ بەجێ ببوایە نانی ئەکەوتە ڕۆنەوە.

لەم ڕووەوە مامۆستای ئاینی نەیدەتوانی ڕۆژێك لە ڕۆژان بەو خەلکە بلێ ئێوە بۆچی پشتان بەشێخ زیاتر بەستوە لە خوا و پێغەمبەر ﷺ، یەکێك نەخۆش دەکەوێت دەچن بۆ لای شێخ دوعای بۆ بکات، ژنێك منداڵی نابێت دەچێت بۆ لای شێخ تا منداڵی ببێت، هەروەها لە هەموو تەنگ و چەڵەمەیەکدا پەنا بەشێخ زۆرتر دەبرا تا خوا.

ئەگەر نارەواییەکی بدیایە لە شێخ یان لە دەست و پێوەندەکەی نەیدەتوانی بەشێخ یان بەدانیشتوانی شوێنەکە بلێ ئەمە نارەوایە بە پێچەوانەی فەرمودەکانی خوا و پێغەمبەرەوەیە.

لەماوەی مەلایەتی و فەقێیەتیدا تەنها یەك مامۆستام دی کە ڕاست بێت بەڕاستی قسە بکات لەگەڵ دانیشتوانی شوێنەکە و لەگەڵ شێخ و ئاغا، ئەویش بریتی بوو لە مامۆستا

مەلا سەید عارف چۆڕی خوا پلەی بەرز بکاتەوە لە لای خۆی.

کاتێك کە مەلای خورماڵ بوو هیچ وەخت نارەواییەکی لە شێخ یان ئاغا یان میری قبوڵ نەکردووە، بەئاشکرا بە شێخ (حسام الدین)ی دەوت: ئەوەت هەڵەیە و ئەوەت پێچەوانەی ئایینی ئیسلامە، لە کاتێکدا شێخ حسام الدین زیاتر لە چوار پێنج ملیۆن مرید و مەنسوبی لە عێراق و ئێران و تورکیا و پاکستان و سوریا هەبوو، هەموویان بەتەمای ئەوە بوون لە رۆژی قیامەت شەفاعەتیان بۆ بکات.

شایەنی باسە شێخ علاءالدینی بیارە خوا پلەی بەرز بکاتەوە لای خۆی خزمەتێکی زۆری مەلا و فەقێی دەکرد، یەکەم شێخێك بوو لە هەورامانـدا ئەرکی فەقێ و مەلای گرتبێتە سەرشانی خۆی، من مەبەستم لەوە نیە کە توانج بدەم لەو شێخانە یان لە کردەوەیان، چونکە لەو رۆژەدا خزمەتێکی زۆری ئاینیان دەکرد، هەرچەندە لەلایەکی ترەوە بەکەسیان نەدەوت ژیانی مرۆڤ تەنها بۆ ئەوە نیە هەوڵ بدات بۆ بەهەشت، بەڵکو لەسەر هەموو موسڵمانێکە هەوڵ بدات بۆ ژیانی دونیا و ژیانی قیامەت، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا﴾، واتە: ئەو بەشەی بۆت دیاری کراوە لە جیهاندا هەوڵی بۆ بدە و لەبیری خۆتی مەبەرەوە کۆشش بکە بۆ ئەوەی لە ژیانی دونیاتدا کامەران بی و لە شارستانی و پێشکەوتندا بیت.

هەروەها وتراوە: (إعمل لدنياك كأنك تعيش أبدا وأعمل لأخرتك كأنك تموت غدا).

واتە: کار بکە بۆ ژیانی دونیات وەك ئەوەی وا بزانیت تۆ هەتا هەتایە دەژیت، بۆ قیامەتیش کۆشش بکە بەجۆرێکی وەها وابزانە سبەینێ دەمریت، هەروەها وتراوە: (الرجل رجل الدنيا والاخرة)، واتە: مرۆڤ دەبێت پیاوی دونیا بێت و پیاوی ئایین و رۆژی ئاخرەت بێت، کردەوەکانی دەبێت بۆ هەردوو لا بێت، نابێت یەکێکیان واز لێ بهێنێت بۆ ئەوی تریان.

مەلا و مزگەوت

پەیوەندی مەلا بە مزگەوتەوە شتێکی زۆر سەیرە، چونکە پێویستییەکانی سەرشانی بەپێی ئەم پەیوەندیە ئاسانترین ئیشە کە مرۆڤ پێی هەستێت لە هەمان کاتدا گرانترین ئیشە.

ئاسانیەکەی لەو ڕووەوەیە ئەگەر مامۆستای ئاینییەکە دەرس بەفەقێ نەڵێتەوە ئەرکی سەر شانیەتی رۆژی پێنج جار بەرنوێژەکەیە، ماوەی ئەنجامدانی هەر نوێژێکیان لە (١٠) دەقیقە زیاتر نیە، واتە هەمووی دەکاتە (٥٠) دەقیقە، لام وایە هەموو ئەرکێکی سەرشانی مرۆڤ ماوەکەی زیاترە لە (٥٠) دەقیقە، لەگەڵ ئەوەی ئەرکی سەرشانی بەجێدێنێت لەهەمان کاتدا

مووچەی لەسەر وەردەگرێت.

واتە لەم ڕووەوە پێویستی سەرشانی زۆر ئاسانە، جگە لەوەی خۆی لەسەریەتی وەك تاکێکی موسڵمان لەم پێنج کاتەدا نوێژ بکات واتە وەك هیچی نەکردبێت وایە.

چونکە جیاوازیەك نیە لە نێوان ئەوەی نوێژەکە بەتەنها بکات یان ببێت بەپێش نوێژ.

گرانیەکەشی لەو ڕووەوەیە چونکە بەستراوە بە مزگەوتەکەوە بۆ ماوەی زیاتر لە (١٤) کاتژمێر، ئەمەش دوو هێندەی ماوەی کاری هەموو موچە خۆرێکی میریە لە هەموو فەرمانگەکاندا.

چونکە مامۆستای ئاینی دەبێت پێش ڕۆژ بونەوە بۆ بانگی بەیانی لەخەو هەستێت و بچێت لە دەرگای مزگەوت بدات و مجەوەرەکە دەرگای بۆ بکاتەوە، لەپاش دەستنوێژ هەردەم سەیری کات ژمێرەکە بکات بزانێت کەی بانگ دەبێت، ئینجا خۆی یان مجەوەرەکە بانگ بدات و نوێژەکە بکەن، بەهەمان شێوە لەکاتی نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب و عیشا مامۆستا دەبێت لە پێش کاتی نوێژەکە چاوەڕوانی بانگ بکا، بەینی نوێژی شێوان (عیشا) و نوێژی بەیانی زیاتر نیە لە (١٠) سەعات واتە مامۆستا تەنها دە سەعات لە شەو و ڕۆژێکدا دەوامی نیە، کاتی خۆی بەجۆرە بوو، وەك ئێستا نەبوو هەموو مزگەوتێك بانگدەری هەبێت.

بەجۆرە ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان مامۆستا ئامادە نەبێت لە مزگەوتدا بۆ پێشنوێژی بۆڵەی بەسەردا دەکرێت، ئەوتریٚ ئێمە مامۆستای ئاینیمان بۆچی ڕاگرتووە، بەرامبەر بەم دەوامە دوور و درێژەی موچەکەی ئەو کاتەی بریتی بوو لە زەکات ساڵی جارێك ئەگەر هەبێت، لەسەر فیترەی ساڵی جارێك لەمانگی ڕەمەزاندا، لە سەرقەڵەمانە ئەویش خۆی و بەختی، هی وا هەیە بەدوو مانگ هێلکەیەکی دەست ناکەوێت لەسەر قەڵەمانە.

دیارە ئەمە بۆ هەموو مامۆستا ئاینیەکانی لادیٚ کانە، بەڵام مامۆستای ئاینی شارەکان لەم دواییەدا- لە سەرەتای چلەکان- هەر مامۆستایەکی ئاینی لە لایەن میریەوە (٧٥٠) فلس موچەیان بۆ بڕینەوە، هەموو سەری مانگێك دەچوو لە فەرمانگەی ئەوقاف وەری دەگرت، هەر بەو جۆرە تا ساڵی پەنجاکان خوا لێخۆشبوو (عبدالرحمن خضر) بوو بە بەڕێوەبەری گشتی ئەوقاف، چونکە ئەو کاتە ئەوقاف وەزارەتی نەبوو، ئەم پیاوە زۆر پەیوەندی بە ئایینی ئیسلامەوە بەهێز بوو بەحاڵی ژیانی مامۆستای ئاینی دەزانی، ئەو هات موچەی هەموو مامۆستای ئاینی کرد بە (١٨) دینار، مجەوەریش بە (١٠) دینار، میری ڕازی نەبوو لەسەر ئەم زیادەیە، چونکە لەلای میری ئەمە زۆر بوو بۆ مامۆستای ئاینی، لەبەرئەوە (١٨)

دینارەکەیان کرد بە (١٠) دینار بۆ مامۆستای ئاینی (١٠) دیناری مجەوەرەکەش کرا بە (٥) دینار.

شایانی باسە ئەوانەی لە شارەکان دادەنیشتن هەفتەی جارێك بەیانیان دەچوون بۆ حەمام، ئەو کاتە هیچ کەس لە ماڵی خۆیدا حەمامی نەبوو، بەڵکو لە شارەکەدا دوو سێ حەمام هەبوون لە نوێژی بەیانیەوە تا نیوەڕۆ بۆ پیاوان بوو، لە نیوەڕۆوە تا ئێوارە بۆ ژنان بوو، من زیاتر لە (٥)ساڵ مەلا بووم لە سلێمانی لەبەر نوێژی بەیانی نەمدەتوانی بچم بۆ حەمام، ئەگەر پێویستم بە خۆشتن ببوایە دەبوایە پێش بانگی بەیانی بچم بۆ مزگەوت دابەزم بۆ سەر کارێزی مزگەوتەکە، کە کارێزێك لەمزگەوتەکەدا هەبوو بە(٢٠) پلیکانە دەگەیشتیە حەوزەکەی، جاری وا هەبوو کات زستان بوو، ڕێگا و بان پڕ لە بەفر بوو، کە دەچوومە ناو ئاوەکەوەو بیرم لەهاتنە دەرەوە دەکرد کەئەبێ جلەکانم بەتەڕی لەبەر بکەمو دەرەوەش زۆر سارد بوو، دەچوومە مزگەوتی چۆڵ، مجەوەرەکە ئەهات دوو سەلکە داری دەخستە ناو سۆپاکە و نەوتی بەسەردا دەکرد کە بەکاتژمێرێك گەرم نەدەبوو، من لە سەرمادا هەڵدەرزیم وەك کەوی سەربڕاو، قرچەی ددانم دەهات لەبەر سەرما، چاوەڕوانیم دەکرد یەکێك بێت بەرنوێژیەکەی بۆ بکەم.

ڕۆژێك لە ڕۆژان بە هەڵەدا چووم، بەیانی پێش نوێژ چووم بۆ حەمام، لەبەرئەوە فریای بەرنوێژی بەیانی ئەو ڕۆژە نەکەوتم، ئینجا لە دوایدا لێیان پرسیم بۆچی نەهاتی بۆ نوێژی بەیانی؟ وتم: لەبەرئەوەی چوم بۆ حەمام، ئینجا ئەم ڕۆشتنی حەمامەی من بوو بە دەنگ و باس لە گەڕەکەکەدا.

مامۆستای ئاینی و ڕۆژی هەینی

خوای گەورە سێ کۆبونەوەی بۆ موسڵمانەکان داناوە بۆ ئەوەی ئاگایان لە یەکتر هەبێ، وەك یەك خێزان بەبون و نەبونی یەکتر بزانن، ئاگایان لە ساغی و نەخۆشی و هەژاری و تەنگ و چەڵەمەی یەکتر هەبێت بۆ ئەوەی یارمەتی یەکتر بدەن، وەك برا یارمەتی برا دەدات خوشك یارمەتی خوشکی دەدات، ئەمەش لەسەر فەرمودەکەی خوا لە قورئانی پیرۆزدا کە دەفەرمووێ: ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾.

واتە: ئەی ئادەمیزاد من ئێوەم لە نێر ومێیەك دروست کردووە (لە باوك و دایکێك)، ئێوە هەریەك جۆرە زمان و جۆرە ژیانێکی تایبەتیتان هەیە ئەو (تفاوت)ە لە نێوان ئێوەدا،

به زمان و بەرەنگ و بەجێگا و بەهۆکانی ترەوە نابێت کاریکاتە سەر برا و خوشکایەتیتان، بەڵکو دەبێت یارمەتی یەکتر بدەن پشتی یەکتر بگرن هەردەم بە خۆشی و شادی و ئاشتی بژین، تواناتان یارمەتی بێ توانا بدات، دەوڵەمەندتان یارمەتی هەژار بدات، زاناتان نەزان فێری زانایی بکات، هەروەها پەیوەندیتان پتەوبێت لە هەموو جۆرە بابەتێکی ژیانەوە.

لەم ڕووەوە خوا فەرمانی داوە بە موسوڵمانان سێ جار کۆ ببنەوە، یەکێکیان کۆبونەوەی رۆژی پێنج جارە لە مزگەوت دا بۆ نوێژی جەماعەت بۆ ئەو کەسەی کە پێی بکرێت، چونکە نوێژی جەماعەت واجب نیە بەڵکو سونەتە ئەگەر یەکێك بیکات پاداشتی لای خوا هەیە بە چاکەوە، ئەگەر نەیکات بە گوناهبار لە قەڵەم نادرێت لای خوا، ئەم کۆبونەوەیە لە مزگەوت سودەکەی ئەوەیە کە هەردەم دانیشتوانی دێیەکە ئاگاداری یەکتر ئەبن، ئەمڕۆ کە لە چەرخی ٢١ی زاینی دا دەژین هۆی نزیك بونەوەی وڵاتەکان زۆر زۆر بووە، بەجۆرێکی وەها لە هەر دەوڵەتێك لەم جیهانەدا شتێك ڕوو بدات گەورە یان بچوك، هەموو مرۆڤێك لە دانیشتوانی سەر زەمین لە پاش کەمتر لە کاتژمێرێك ئەم هەواڵەیان پێ دەگات، نزیك بونەوەی ئادەمیزاد لە هەموو دەوڵەتەکان بەجۆرێکی وەهایە کە ئەگەر شتێکی ناهەموار لە هەر دەوڵەتێك ڕوو بدات کاریگەر دەبێت لەسەر ژیانی دانیشتوانی دەوڵەتەکانی تر.

بۆ نمونە کارەساتەکەی جەنگی کەنداو لە ساڵی (١٩٩١)دا کە دەوڵەتەکان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا هێرشیان کردە سەر سوپای عێراق بۆ ئەوەی لە کوێت بچێتە دەرەوە، ئەم کارەساتە ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە هەموو وڵاتدا تێکدا، ئینجا لەم ڕووەوە ئەو مامۆستایەی کە دەچێتە سەر مینبەرەکەی پێغەمبەر ﷺ دەبێت وتارەکەی بریتی بێت لەو کارەساتانەی ناوخۆیی یا دەرەوە بەجۆرێکی وەها باس بکات کە بیبەستێتەوە بە فەرمودەیەك لە فەرمودەکانی خوا یان پێغەمبەری خوا ﷺ، بەڵام بەداخەوە تا ماوەیەك لەمەوپێش زۆر بەدەگمەن دەست دەکەوت مامۆستایەك هەڵبسێت بەم جۆرە ئیشە، یا لەبەر نەخوێندەواری مامۆستاکە، یان لە بەر هەست پێ نەکردنی ئەو، یان لە بێ ئاگایی لەو شتانەی کە ڕوو دەدەن لەم جیهانەدا، من لە ماوەی ئەو دوانزە ساڵەی فەقێ بووم و نزیکەی دە ساڵیش مەلا بووم لە مزگەوتەکانی کوردستاندا کە مامۆستای ئایینی دەچووە سەر مینبەر کتێبێکی دەگرت بەدەستەوە پێیان دەوت (خوتبەکانی ئیبنولنەباتە). ئەم کتێبە بریتی بوو لە (٤٠) خوتبە بۆ ماوەی یەك ساڵ، هەر خوتبەیەك دانرا بوو بۆ رۆژێکی هەینی، ئەم مامۆستایە کە دەچوە سەر مینبەر کتێبەکەی دەگرت بەدەستەوە وەك گۆرانی بڵێت خوتبەکەی ئیبن و نەباتەی دەخوێندەوە و دەیلەرانەوە بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە ئەم دانیشتوانە هەموو

کوردن زمانی عەرەبی نازانن، خوتبە وانەیەکە دەوترێت بەنوێژ کارەکان بۆ ئەوەی سودێکی لێ وەربگرن لە بابەت ئایینەوە یان لە بابەت ژیانیانەوە.

ئەو مامۆستای ئاینی یە هەر چییەکی بوتایە لەکەم و زۆر، لە چاك و خراپ، یەکێك خوێندەوار نەبووایە تێی نەدەگەیشت چونکە بەزمانەکەی خۆی نەبوو، بەلام ئێستا سوپاس بۆ خوا گۆڕاوەو مامۆستاکان وتار بەزمانی کوردی دەدەن و زۆربەشیان بابەتەکەیان وا بەچاکی ئامادەکردووە بێ ئەوەی کاغەز بەدەستەوە بگرن وتارەکەیان دەدەن و پەیوەستی دەکەن بەبابەتەکان و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەوە.

خوای گەورە ئاینی ئیسلامی بە زمانی عەرەبی ناردووە بۆ پێغەمبەری خوا، بەلام بۆ هەر گەلێك هەیە بە زمانی خۆی مانای فەرمودەکانی خوا و پێغەمبەر ﷺ بلاو بکاتەوە، کاتێك مالمان لە جەلەولا بوو لە سالی (١٩٥٧ز) چووم بۆ خانەقین بەسەردان، لەوێوە چووم بۆ لای خوا لێ خۆشبوو مامۆستا مەلا سید عبدالحكیم، ئەم مەلایە پیاوێکی زۆر چاك بوو هەردەم ئاواتی ئەوە بوو ڕۆژێك لە ڕۆژان ژیانی کامەرانی ئەو گەلەی بینێ بەلام بەداخەوە لە هەمان سالدا کۆچی دوایی کرد، ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەینی بوو، وتی: ئەمڕۆ تۆ میوانی منی لە پاش نوێژی جومعە دەچینەوە بۆ مالەوە، منیش لەبەر خۆشەویستیمان نەم توانی داواکەی ڕەت بکەمەوە، کاتێك کە چووە سەر مینبەر دەبینم کتێبەکەی خوتبەکانی ئیبن و لنەباتەی بەدەستەوەیە، ئەم خوتبانە هەریەکی مناسبەی هەبوو لەگەل مانگەکەی خۆیدا، ئەو ڕۆژە ڕۆژی شەهید کردنی ئیمامی حوسێن کوڕی ئیمامی عەلی بوو خوا لە هەردوکیان ڕازی بێت، بە کورتی خوتبەکە بریتی بوو لەمە:

کاتێك حوسێن شەهید کرا لە ئاسمانەوە وەك باران خوێن دەباری، لە زەمین دا لە هەموو شوێنێك خوێن هەلدەقولا، لەبەرئەوەی کە خوێنی حوسێن ڕژا بەسەر زەمین دا بەبێ تاوانی دوا ڕۆژی ژیانیان تەواوکرد بەبێ گوناهی و بە ناڕەوایی.

کاتێك لە نوێژەکەی بوەوە و چوینەوە بۆ مالەوە لێم پرسی وتم: مامۆستای ئەوەی فەرمووت لە فەرمودەی ئیبن ولنەباتەدا خۆت باوەڕت پێی هەیە؟

وتی: ئەی چۆن، نازانیت ئەو کوشتنە چەند ناڕەوا بوو.

وتم: لە شەهید بوونی حوسێنەوە هەتا ئەمڕۆ بە ملیۆنەها ئادەمیزاد بەناڕەوایی کوژراوە و خوێنی ڕژاوەتە سەر زەمین، بۆ یەکێك لەوانە لە ئاسمانەوە دلۆپە خوێنێك نەکەوتە خوارەوە و لە زەویشەوە دلۆپە خوێنێك هەل نەقولا.

وتم: مامۆستا ئەمانە هەمووی خورافیاتە هەمووی هەڵبەستراوە، تۆ پیاوێکی خوێندەواری ژیر و زانایت نابێت دوای ئەم شتە پڕ و پوچانە بکەویت یان بە خەڵکی تری بلێیت، وتم: لە ئاینی ئیسلامدا شتێك نیە پێچەوانەی ژیری ئادەمیزادەوە بێت.

بەداخەوە بۆم دەرکەوت مامۆستا بە گیان و بە دڵ باوەڕی بەم خورافاتە هەبوو لە بەر چاکی و دڵپاکی خۆی، لەگەڵ ئەوەی پیاوێکی هەڵکەوتوو و زیرەك و ژیر بوو بەڵام دواکەوتنەکەی لە دواکەوتنی ئەو خوێندنەوە بوو کە پەیوەندیەکی زۆر کەمی هەبوو لەگەڵ ژیانی جیهان یان لەگەڵ ئاینی ئیسلام.

کۆبونەوەی سێیەم

کۆبونەوەیەکی ساڵانەیە، ساڵێ جارێك موسڵمان پێی هەڵدەستێت‌و لەمانگی(ذي الحجة) کۆچی بۆ ئەو موسڵمانانەی کەتوانای ماڵی هەبوو یەك جار لەتەمەنیدا فەرزەو ئەویش بریتییە لە حەج، بەداخەوە زۆر لە موسوڵمانەکان کە چون بۆ حەج یان لە مەولا دەچن بۆ حەج، نە لە مانای حەج گەیشتوون نەدەزانن خوای گەورە حەجی بۆچی داناوە، ئەو حاجیانەی کە بە دەور و پشتی کەعبەدا دەسوڕێنەوە بە هەموو بیروباوەڕیانەوە لایان وایە خوا لە ژوورەوە لەناو ئەم خانوەدا لەسەر کورسیەك دانیشتووە پێشوازی ئەوانە دەکات کە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە، جاران ئەمە وابوو، بەڵام ئێستا لەم رووەو خەڵك تارادەیەك باشترە.

هیچ بیر لەوە ناکەنەوە کە خوا شوێن و مەکانی بۆ خۆی دانەناوە بەڵکو لە هەموو شوێنێك هەیە، موسوڵمانەکان کە دەچن بۆ حەج لایان وایە حەج بیتاقەیەکە دەیبڕن بۆ داخڵ بوونی بەهەشت.

ئیتر نازانێت کە پێغەمبەر ﷺ چۆن حەجی کردووە، بۆچی هاتووە بۆ حەج، ئەوەی بە قوڵی لە ئاینی ئیسلام بگات دەزانێت حەج کۆنگرەیەکی گشتی ئیسلامییە، نوێنەری هەموو وڵاتێك لە وڵاتە موسوڵمانەکان بریتییە لەو حاجیانە بۆ ئەوەی لەوێ کۆ ببنەوە لە نزیکی کەعبەدا کە نیشانەی یەکێتی موسوڵمانەکانە، جل و بەرگی خۆیان لاببەن و جل و بەرگی مردوو لەبەر بکەن کە پێی دەوترێت (إحرام) بۆ ئەوەی هیچ جیاوازیەك نەمێنێ لە نێوان گەورە و بچوك دەوڵەمەند و هەژاردا لە نێوان هەموو نەتەوەکاندا بۆ ئەوەی کەس خۆی بەزیاتر نەزانێت لە یەکێکی تر، ئینجا بەدڵێکی پاك دابنیشن لەپاش ئەنجامدانی مەراسیمی حەج هەرکەسێك تەنگ و چەڵەمەی وڵاتەکەی خۆی باس بکات بۆ ئەوانی تر بۆ ئەوەی بە هەموویانەوە بڕیار بدەن کە هەر گەلێك یارمەتی گەلەکانی تر بدات لەوانەی کە زۆر

ستەمیان لێ کراوە لە وانەی کە مافەکانیان زەوت کراوە، لەوانەی کە دوچاری هەژاری بوون و وولاتەکەیان کشتوکاڵی نیە یان کانزایی نیە یان شتێکی تری نیە ببێت بەهۆی بژێوی ژیانیان، هەر بڕیارێك بدرێت لەوێ دەبێت ملپێچی نەکرێت لە جێ بەجێ کردنی ئەمەیە مەبەستی حەج کردن.

ئەمە سوودێکی گشتی کۆنگرەی گشتی حەجە، سودە تایبەتییەکانی هەر مرۆڤێك لە حەجدا ئەوەیە کە دەچێت رەجمی شەیتان دەکات، ئەمە مانای ئەوە نیە کە شەیتان لەوێ دانیشتبێ و ئەمان بچن بەرد بارانی بکەن، بەڵکو مەبەست لە شەیتان نەفسی ئینسانە، هەرکەسێك شەیتانی خۆی وا لەگەڵ خۆیدا کە خوا ناوی دەبات بە فەرماندەی شەڕ و ناڕەوایی وەك لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: (إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ).[1]

واتە: نەفسی ئینسان هەردەم خاوەنەکەی هان دەدات بۆ خراپە و بۆ شتی ناڕەوا.

ئەو حاجیە کە رەجمی شەیتان دەکات مانای ئەوەیە پەیمان دەدات بە خودا کە من ڕەجمی ئەو نەفسە دەکەم کە هەردەم هانم دەدا بۆ خراپە، کاتێك چومەوە وڵات و شوێنی خۆم هیچ شتێك ناکەم کەناڕەوا بێت و بە پێچەوانەی فەرمودەکانی خوا و پێغەمبەر بێت.

بەڵام بەداخەوە ئەوانەی کە دەچن حەج دەکەن زۆریان بە سەفەری سیاحەتی دەزانن یان بۆ قاچاخ چێتی دەچن یان بۆ چەند دۆلارێك دەچن کە میری دەیان داتێ بەناوی ڕێ پیشان دانی حاجەکانی ترەوە.

بە کورتی ئەتوانم بڵێم زۆرێك لە موسڵمانان تا ئێستا لە موسوڵمانێتی نەگەیشتوون تا ئێستاش نازانن نوێژ بۆچییە و رۆژو بۆچییە و حەج بۆچییە؟، لەبەرئەوە ئەگەر کردەوەی موسوڵمانێك بەراورد بکەی لەگەڵ کردەوەی گاورێك دا دەبینی هەندێجار جیاوازییان زۆر کەمە، ئەویش لەبەرئەوەی ئەو موسوڵمانە نازانێت بۆچی نوێژ دەکات، یان بۆچی رۆژوو دەگرێت یان بۆچی دەچێت بۆ حەج، دیارە ئەم جۆرە موسوڵمانە لە دایك و باوکیەوە فێری ئەم شتانە بووە هەروەك چۆن یەکێك فێری جگەرە کێشان دەبێت و عادەتی پێوە دەگرێت و دوایی ناتوانێت دەستی لێ هەڵبگرێت، واتە لەبری ئەوەی عیبادەت بێت بۆتە عادەت نوێژکردنەکەی.

---

[1] سورة یوسف : ٥٣



مامۆستای ئاینی و دەرس وتنەوەی حوجرەی مزگەوت

دێهاتەکانی کوردستانی عێراق و ئێران هەر دێیەك لە (٥٠) ماڵ زیاتر بوایە مامۆستای ئاینی و مزگەوتێك و مەدرەسەیەکی ئاینی تیادا بوو لەگەڵ هەندێك فەقێ دا کە ژمارەیان دەگەیشتە (٢-٣) فەقێ، لەمەشدا هەر دێیەك بەپێی شوێنەکەی و توانایان و زانیاری مامۆستای ئاینیەکە، ئەمانە بە فەقێ و مامۆستای ئاینییەوە ئەرکیان دابەش کرا بوو بەسەر دانیشتوانی دێیەکەدا لەگەڵ ئاغای ئەو دێیە.

ئەگەر ژمارەی هەر دێیەك کەمتر بوایە لە (٥٠) ماڵ مامۆستای ئاینی و مزگەوتیان هەبوو، بەلام کەم هەلدەکەوت کە فەقێیان هەبێت ئەمەش بە پێچەوانەی دێهاتەکانی عەرەبستانەوە، کە بەسەدەها دێ هەبوو زیاتر لە (١٠٠) ماڵ بوو بەلام نە مزگەوتی تیادا بوو نە مامۆستای ئاینی و نە فەقێ. ئەو مامۆستا ئاینییانە لە عەرەبستان کە وەك مامۆستا ئاینییەکانی کوردستان دەرسیان دەوتەوە زۆر کەم بوون، بەتایبەتی لە شاری بەغدا کە پایتەختە، زۆرترینی ئەو مامۆستایانە کورد بوون، وەك خوا لێ خۆشبوو (ئەمجەد زەهاوی)، خوا لێخۆشبوو (مەلا محەمەدی قزلجی)، خوا لێ خۆشبوو (مەلا شێخ محەمەدی بالیسانی)، خوا لێخۆشبوو (مەلا عومەر مەولود دیبەگەیی) و مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس کە تا ئێستاش ماوە خوا تەمەنی زیاد بکات.

ئاشکرایە مامۆستای ئاینی و فەقێ لە کوردستانی ئێران و عێراق سودێکی زۆریان هەبوو بۆ گەلی کورد لە بواری ئاینیی و رەوشت و رۆشنبیرییەوە، چونکە لەو کاتەدا جگە لە مامۆستای ئاینی و فەقێ خوێندەوار نەبوو لە دێهاتەکاندا، خوێندنی قوتابخانە و کۆلێج و زانکۆکان هەر لە شارە گەورەکاندا هەبوو، مندالی دێهاتەکان بێ بەش بوون لەم جۆرە خوێندنە تازەیە، جگە لە مندالی دەولەمەند و دەست رۆیشتوو.

بەلام لە هەمان کاتدا جۆری خوێندنی مەلایەتی لە مەدرەسە ئاینیەکاندا زۆر دوواکەوتو بوو، لەبەر ئەو هۆیانەی کە باسمان کردن و چەند هۆیەکی ترەوە کەلێرەدا باسیان دەکەم:

یەکەم: چەند کتێبێك دیاری کرابوون بۆ خوێندنی مەلایەتی کە پێیان دەوترا دوانزە عیلمە، ئەم کتێبانە زۆریان دووبارە بوون، وەك کتێبەکانی عیلمی (نحو، صرف، منطق)، هەر قوتابییەك بەلای کەمەوە پێنج ساڵ لە تەمەنی بەخت دەکرد لەرێگای فێربوونی نەحو و صرفدا، کەچی ئەگەر بچینە سەر بنچینەی ئەم کتێبانە دەبینین هەمویان دوبارەن. پێم وایە لەهەر بابەتێك لەو سیانە یەکێك یان دوو کتێبی کەدووبارە بوو بەزیادە دەخوێندرا.

دووەم: مامۆستای ئاینی بەدرێژایی ساڵەکانی تەدریسی هەر فێری ئەو کتێبانە دەبوو کە بەدەرس دەیوتنەوە، ئیتر فێری عیلمەکە نەدەبوو، بۆ نمونە مەلای وەها هەبوو زیاتر لە (٢٠) جار کتێبی (جمع الجوامع) کە (أصول الفقه)ی شافعییەکانە دەیوتەوە، تەنیا فێری کتێبەکە و حاشیەکانی دەبوو، نەیدەتوانی قاعدەیەك لە قواعدی أصولی فقە بەکار بهێنێت لە دەرهێنانی حوکم لە قورئانی پیرۆز یان فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ، بەڵکو هەر پرسیارێکی لێ بکرایە، لەباتی ئەوەی بڵێ خوا فەرمویەتی یان پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی، دەیوت شافعی یان شێخی ئیبن ولحەجەر لە (توحفە)دا فەرموویەتی. هەروەها ناوی یەکێکی تری دەبرد لە شافعییەکان.

ئەگەر دەرسێکی فقهی ئیسلامی بوتایەتەوە نەیدەزانی ئەو حوکمانە کە لەو کتێبەدا هەن چۆن وەرگیراون لە سەرچاوەکانیان کە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەرە ﷺ و (إجماع) و (عرف) و (قیاس) و (مصلحە) و (إستحسان) و (إستصحاب).

هەروەها سەرچاوەکانی تری فقەی ئیسلامی، ئەمەی کە دەیڵێم لە خۆمدا هاتۆتە دی، هەمووی راستە چونکە من (جمع الجوامع) کە لەلای مامۆستا ئاینییەکانی کوردستان باشترین کتێبە لە (أصول الفقە)دا لای چاکترین مامۆستای ئاینی خوێندم لە کوردستانی ئێراندا کە مامۆستا (مەلا باقر)ە، لە ساڵی (١٩٤٧ز-١٩٥٥ز) ئەم کتێبەم هەشت جار بەدەرس وتەوە بەفەقێی چاك چاك، فێری عیلمەکە نەبوم، بەڵکو فێری کتێبەکە و شەرحەکەیی و حاشیەکانی بووم، واتە نەمتوانی مانای وشە عەرەبییەکانی ئەم کتێبە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی و بەفەقێیەکەی بڵێم، ئیتر ئەوەندە فێر نەبووم بتوانم بۆ خۆم لە ڕێگەی قواعدی ئەم عیلمەوە حوکمێك دەربهێنم لە قورئان یان فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ یان یەکێك لەو سەرچاوانە کە باسم کردن.

لە ساڵی ١٩٧٧ز دا داوایان لێکردم لەگەڵ مامۆستایەکی تر کتێبێکی أصولی فقە دابنێین بۆ پۆلەکانی پێنج و شەش لە پەیمانگا ئیسلامییەکاندا.

بەدانانی ئەم کتێبە تۆزێك چاوم کرایەوە، لە ساڵی (١٩٨٠ز) داوام لێکرا کە کتێبێکی (أصول الفقە) دابنێم بۆ قۆناغی چواری یاسا (قانون) لە کۆلێجی یاسای زانکۆی بەغدا کە ئەو کاتە مامۆستا بووم لەوێ، منیش ئەم کتێبەم دانا (دلالات النصوص وطرق إستنباط الاحکام في ضوء أصول الفقه الاسلامی).

لە پاش ئەم کتێبە چاوم زیاتر کرایەوە کە أصولی فقە بۆ ئەوەیە کە حوکمی شەرعی پێ دەربهێنی لە سەرچاوەکانی هەروەك ئەم مانایە تصریف دەکرێت دەوترێت (أصول

الفقة قواعد كلية يستعان بها في استنباط الاحكام الشرعية الفرعية من أدلتها التفصيلية).

لە سالّی (١٩٨٩ز) کتێبێکی تری (أصول الفقه)م دانا بەناوی (أصول الفقه الاسلامی فی نسیجه الجدید). ئەم کتێبە دوو بەرگە بریتییە لە پالاّوتە و ناوەڕۆکی أصولی فقهی هەشت (مذهب)ی ئیسلامی (أصول الفقه الحنفي والمالكي وشافعي وحنبلي وجعفري وزيدي وظاهري واباضي).

لەهەر چلێك گوڵێکم لێکردەوە و خستمە ناو ئەم کتێبەوە بەبێ ئەوەی بەنەفامی دوای یەکێك لەم مذهبانە بکەوم، بەڵکو هەوڵم ئەدا بزانم وتەی کامیان راستە دوای ئەوە دەکەوتم.

ئەم کتێبە یەکەم دانراوێکە کە نمونەکانی دوو جۆرە، جۆرێك لە شەریعەتی ئیسلام و فقهی ئیسلامیدا جۆرێك لە بەندەکانی یاسادا، لەبەرئەوە ئێستا ئەم کتێبە بۆ ماوەی (١١) ساڵە کراوە بەبابەتێکی (منهج)ی لە کۆلیجەکانی قانون لە زانکۆکانی عێراقدا هەروەها لە ئوردن و یەمەن و ئەندەنوسیا و مالیزیاو هەندێ ولاّتی تر لە کۆلیجەکانی شەریعەت و یاسا بەدەرس دەوترێتەوەو، تا ئێستا (٢٢) جار چاپکراوەتەوە بەکوردی و فارسی وەریان گێڕاوە.

لە پاش گرتنە بەری ئەم رێچکەیە و تۆزێك فێربوونی عیلمی أصولی فقه گەڕامەوە سەر جمع الجوامع کە لە لای کوردەکان زۆر پیرۆز و زۆر بەنرخ و وێنەی نیە لە جیهاندا لە (أصول فقه)ی ئیسلامیدا، بۆم دەرکەوت بەسەدان هەڵەی گەورە لەم کتێبەدا هەیە کە مەلای زۆر چاك چەند جار بەدەرس ئەو هەلاّنەی وتوەتەوە ئەوەندە بیروباوەڕی بەهێز بووە بەرامبەر بە دانراوەکەی بەلای ئەو هەلاّنەدا نەچووە، چونکە هیچ وەخت بیری لەوە نەکردۆتەوە کە هەموو (مجتهد)ێك وەك بەرهەمەکەی راستی تیادایە هەڵەشی تیادایە، هەروەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (الحاكم إذا حكم فاجتهد وأصاب فله أجران وإذا حكم فاجتهد وأخطأ فله أجر).

مەبست لە حاکم لێرەدا مجتهدە لەهەر عیلمێك دا، واتە: هەر مجتهد یان زانایەك ویستی حوکمی شتێك باس بکات بیدۆزێتەوە لەسەرچاوەکانی کە ئەویش بریتییە لە حوکمی خوا ئەگەر توانی ئەو حوکمە بدۆزێتەوە ئەوا بڕیارەکەی راستە و دوو جار پاداشتی هەیە لەلای خوا، یەکێکیان هی رەنج و کۆششەکەیەتی دوەمیان هی ئەوەیە کە حوکمەکەی خوای دۆزیوەتەوە دەری هێناوە لە سەرچاوەکانیدا.

بەڵام ئەگەر بەهەڵەدا چوو گەیشتە حوکمێك جیاواز بوو لە حوکمەکەی خوا یەك پاداشتی هەیە بەرامبەر بە کۆشش و هەوڵ دانەکەی.
ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەریش ﷺ هەموو مجتهدەکانی ئیسلام دەگرێتەوە چ لە عیلمەکاندا چ لە فیقهی ئیسلامیدا.

سێیەم: زۆربەی مامۆستای ئاینی کوردستانی ئێران و عێراق بە ساڵەهای ساڵ ئەو کتێبانەیان ئەوتەوە کە لەکاتی ئەواندا کرابوون بەکتێبی منهجی لە هەموو مەدرەسە ئاینیەکاندا.

نەیاندەتوانی ئەو کتێبە بگۆڕن بە کتێبێکی ئاسانتر بۆ ئەوەی قوتابییەکان بە ئاسانی فێریان بن بە ڕاستی لێیان تێ بگەن، بەڵکو باشترین مامۆستای ئاینی کوردستان ئەوەبوو کە هەندێ حاشیەی دەکرد لەسەر یەکێ لەو کتێبانە لەباتی ئەوەی کە بابەتەکە رون بکاتەوە و ئاشکرای بکات دەیکرد بە مەتەڵ، بەجۆرێکی وا دەینووسی کە تەنیا خۆی بیزانێ، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە خوێندەواری خۆیو پلەی زانیاری خۆی پیشان بدات، زۆر جار لە دوای مەتەڵەکەوە دەیوت (تأمل) یان (فتأمل).

ئەمە کە دەینووسم ئەگەر هەرکەسێك بڕوای پێ ناکات با بچێ حاشیەکانی قزلجی سەر (تصریف)ی مەلا عەلی بخوێنێتەوە، یان حاشیەکانی بهاءالدین عاملی لەسەر کتێبی (سیوطی) (الفیة إبن مالك)، یان حاشیەکانی خەیالی لەسەر عەقائدی نەسەفی، یان حاشیەکانی پێنجوینیو قەرەداغی لەسەر گەلەنبوی بورهان، تەنها چەند کەسێکی وەك شێخ عومەری ناسراو بە ئیبن قەرەداغی نەبێت کەئاسانکاری کردووە لە زۆرێك لەو کتێبە قورسو گرانانەدا.

هەروەك لەوەو پێش باسمان کردووە زۆر فەقێ هەبوو وەك من دەسوڕایەوە بە روت و قوتی و سکی برسی و پێ خاوسی و دورکەوتنەوە لە باوك و دایك و خزم و کەس و کار، وڵات بە وڵات دەگەڕا دەیپرسی چ مەلایەك فلانە حاشیە باش دەزانێت بۆ ئەوەی بچێتە لای ماوەیەك لە تەمەنی خۆی بەفیڕۆ بەخت بکات بۆ شتێك نەکەلکی ئاینی ئیسلامو نە کەلکی گەلی کوردی تیادا بوو.

هەر لەبەر ئەم جۆرە خوێندنە دوا کەوتووە مامۆستایەکی ئاینی مجتهد هەڵنەکەوت وەك ئیمامی شافعی یان ئیمامی حنفی یان ئیمامی مالك، لەگەڵ ئەوەش مامۆستایانی ئاینی کوردستان گەلێ گەلێ بەهێز و تواناتر بوون لەو ئیمامانە بۆ

ئەوەی هەریەکێ بین بە مجتهیدێك و کوردەکان دوای فەتواکە و مذهەبەکەی بکەون، بەڵام ئەوەیان نەکرد گوایە ئەوان هیچیان نەهێشتۆتەوە بێ چارەسەر.
لە کوردستانی ئێراندا خوا لێ خۆشبوو مەلا ئەبو بەکری مصنف (٩٠٠-٩٩٩ك) توانی بگاتە ئەو پلەیە بەڵام بەداخەوە ئەویش بەدەگمەن نەبێت لە بازنەی فقهەکەی ئیمامی شافعی نەچووە دەرەوە، هەروەها لە عێراقدا خوا تەمەنی زیاتر درێژ بکا مامۆستا عبدالکریم مدرس کتێبێکی لە فقەی ئیسلامیدا بە کوردی دانا ئەویش بریتی بوو لە گۆڕینی وتاری شافعیەکان لە عەرەبییەوە بۆ کوردی بەجۆرێکی روناك و ئاشکرا کە هەموو کوردێك سوودی لێ وەربگرێ، لەگەڵ ئەوەش نەیوێرا جارێك بڵێت خۆم بیروڕام ئەوەیە، بەڵکو وتەکەی دەدایە پاڵ شافعی یان یەکێك لە فەقیێیەکانی مذهبی شافعی لە کاتێکدا کە ئەم پلەی زانیاری لەوان کەمتر نەبوو.
چوارەم: هەندێك لەو کتێبانە کە کرابوون بە (منهج) لە مەدرەسە ئاینیەکاندا، مامۆستا ئاینییە چاکەکان بەدەرس دەیان وتنەوە بە ساڵەهای ساڵ لە کوردستاندا پڕبوون لە خورافات و خەیاڵ.

شایانی باسە جارێك پارچە شیعرێکی خوا لێ خۆشبوو زانای بەناوبانگ مەولەویم کەوتە بەرچاو کە نوسیویەتی بۆ شێخی (ضیاءالدین) خوا پلەی بەرز بکات، لای خۆی شێخیش وەڵامی داوەتەوە هەردوکیان بڕیاریان لەسەر ئەوەیە کە گۆی زەمین لەسەر ئاو راوەستاوە تا ئێستاش بانگ دەرەکانی مزگەوت لە پێش بانگی بەیانی هەندێك شت دەخوێننەوە دەڵێن: (سبحان من بسط الارض علی ماء جحد)، ئەمە هەموو بەیانیەك لە بەغدا لە بانگ دەری مزگەوتەکەی لای خۆمان کە پێی دەوترێ مزگەوتی (طیبة) بەگوێی خۆم دەبیستم کە ئەم بانگدەرە لە پایتەختی عێراقدا دەژی لە سەدەی (٢١)دا دەژیت، هەموو رۆژێك گوێی لە هەواڵی جیهان دەبێت، بەڵام وتارە خورافیە کۆنەکە لە مێشکیدا جێگیر بووە.

هەروەها لەنامەکەی مەولەوی و شێخی ضیاءالدین دا کە بە شیعر نوسرابوون ئەمەی تیادایە کە زەمین لەسەر ئاوە و ئاویش لەسەر شانی نەهەنگە نەهەنگەکەیش لەسەر گایەکە، ئەمە لەبەرئەوە نا کە ئەم دوو زاتە گەورەیە لە ناتێگەیشتوێتییەوە ئەمەیان وتووە، بەڵکو لەبەر دڵپاکی خۆیان بیستویانە لە سەرچاوەکەیەوە کە ئەوان بڕوایان پێی بووە، ئیتر بیریان لەوە نەکردوەتەوە کە ئەم سەرچاوەیە هەڵەیە.

هەر بەم بۆنەیەوە یەکێکی تر لە هەڵەکانی زانا گەورەکانی مەزهەبی شافعی کە ئەویش پێی ئەوترێ شێخی (ئیبن و الحەجەر) لە کتێبی (فەتاوا)کەی دا دەڵێت: سەرچاوەی نیل لە

بەهەشتەوە دێت، مەبەست لە نیل ئەو رووبارە گەورەیە کە بە خاکی سودان و میسردا تێ دەپەڕێت و دەچێتە دەریای سپیەوە، ئەم زانا گەورەیەش ئەم شتە خورافییەی نوسیووە ئەمەش لە ڕوی دڵپاکییەوە لە سەرچاوەیەکەوە وەری گرتووە و بڕوای پێ کردووە، چونکە مرۆڤ کە خۆی راست بێت وتەی هەموو کەس بەراست دەزانێت.

دەگێڕنەوە دەڵێن لەئادەمیان پرسی: تۆ چۆن باوەڕت بە شەیتان کرد و هەڵی خەڵەتاندی تا لە بەهەشت هێنایتیە دەرەوە؟ وتی: لەبەرئەوەی من هیچ کات بیرم بۆ ئەوە نەچووە کە یەکێك بەدرۆ سوێند بەخوا بخوات و نەمزانی شەیتانە، کە سوێندی خوارد بەخوا منیش باوەڕم پێ کرد.

هەروەك لەمەو پێش باسمان کرد پێویستە لەسەر هەموو ژیر و زانایەك هەرچییەکی بیست بۆ خۆی وردی بکاتەوە و لێکی بداتەوە بزانێت لە راستی و ناڕاستییەوە چەندە نزیکە، هەروەك وتویانە: (أنظر إلى ما قيل ولا تنظر إلى من قال).

واتە: هەردەم تەماشای وتەکە بکە و تەماشای خاوەنەکەی مەکە، بەڵام تەنیا لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ تەماشای خاوەنەکەیان دەکەین، جگە لەمە نابێت تەماشای خاوەنەکەی بکەیت بەڵکو دەبێت بەژیری لێی بکۆڵیەوە.

چونکە ئەگەر ئێمە باوەڕیان پێ بکەین ئەوانەی دوای ئێمەش بڕوایان پێ دەکەن لەبەرئەوەی ئەوانە جێگەی بڕوای ئێمە بوون.

بەراوردێك لە نێوان مامۆستایانی ئاینی کوردستان و مجتهدەکانی (فقە)ی ئیسلامیدا

ئەگەر تەماشای ژیانی مامۆستای ئاینی کوردستان و مجتهدە گەورەکانی ئایینی ئیسلام بکەین بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەو سەرچاوانەی کە مجتهدەکان (فقە)ی ئیسلامیان لێ دەرهێناون مامۆستا ئاینییە چاکەکانی کوردستان بەدەرس وتویانەتەوە بە فەقێی زۆر زیرەك، وەك لە کتێبەکانی (أصول الفقه)دا، ئەو زانستانە کە هەردەم یارمەتی مجتهدیان داوە بۆ دەرهێنانی حوکمە شەرعیەکان لە سەرچاوەکانیانەوە، مامۆستای ئاینی کوردستان دەستێکی باڵایان هەبووە تیایاندا، وەك زانستی (عیلمی بلاغە)، (معان وبيان وبديع ونحو وصرف) و زانستی (منطق)و (أصول الفقه)و (فلسفە) بابەتەکانی تر کە بە وردی لە مەدرەسە ئایینیەکان لە کوردستانی ئێران و عێراق و تورکیا بە دەرس دەوترانەوە و بەحاشیەی وردەکاری لەسەر ئەم زانستانەیان دەنووسی‌و دەچونە ناو قوڵاییانەوە کە ئەمانە پێیان

دەوترێت (العلوم الالیە) واتە (زانستە ئامێرییەکان)، بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم بەراوردە بە پێویستی دەزانم بە کورتی باسی ئەو سەرچاوانە بکەم کە مجتهدەکان (فقە)ی ئیسلامیان لێ دەرهێناوە، دوای ئەوە باسی رابەری ئەو مەزهەبانە بکەم بۆ ئەوەی روونی بکەمەوە کە هەندێ مامۆستای ئاینی باش هەمیشە لە کوردستاندا بوون پایەی زانیارییان هیچ وەخت لەو (مجتهد)انە کەمتر نەبووە.

سەرچاوەکانی (فقە)ی ئیسلامی:

١-قورئانی پیرۆز: یەکەم سەرچاوەیە کە هەموو حوکمێکی شەرعی لێ وەردەگیرێت، لەو ئایەتانەدا کە باسی ئەو حوکمانەیان کردووە بە ئاشکرایی.

٢-فەرمودەکان و کردەوەکانی پێغەمبەر ﷺ: زۆر جار حوکمی شەرعی بە ئاشکرایی باس نەکراوە لە قورئاندا بەلاّم پێغەمبەر ﷺ یان لە فەرمودەکانیدا باسی کردوە یان بە کردەوە خستویەتیە روو.

ئەم دوو سەرچاوەیە بنچینەی هەموو حوکمێکی شەریعەتی ئیسلامن، سەرچاوەکانی تر هەموویان دێنەوە سەر ئەم دوو سەرچاوەیە.

٣-الاجماع: واتە کۆدەنگی (اتفاق)ی هەموو زانا پێشوەکانی ئیسلام لە یارەکانی پێغەمبەر و ئەوانەی لە دوای ئەوان هاتوون لە (مجتهد)ەکان.

٤-(القیاس): ئەگەر دوو شت هەبوون وەك یەك وابون لەهۆی حوکمەکانیاندا، بەلاّم یەکێکیان قورئانی پیرۆز یان (حدیث الشریف) باسی کردبوو ئەو حوکمە دەدرێت بەوی تریان چونکە هەردوو لا وەك یەك وان لە هۆی هاتنی ئەم حوکمە، بۆ نمونە: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (لایرث القاتل)، واتە: ئەگەر میرات گرێك میرات لێ گیراوەکەی خۆی کوشت بێ بەش (محروم) دەکرێت لە میراتەکەی، ئینجا (مجتهد) یان قازی یان مفتی دەتوانێت بڵێت ئەگەر یەکێك وەسیەتیان بۆ کرد وەسیەت کەرەکەی کوشت بێ بەش دەکرێت لەو وەسیەتە، هەروەها ئەگەر یەکێك ماڵێکیان بۆ (وقف) کرد (وقف) کەرەکەی کوشت ئەویش بێ بەش دەکرێت لەو (وقف)ەدا، چونکە هۆی بێ بەشکردنەکە لە میرات دا لەم دوو نمونەیەشدا دێتە دی.

کە ئەوەش بریتییە لە پاراستنی گیانی مرۆڤی بێ تاوان چونکە ئەگەر میرات گرەکە یان وەسیەت بۆ کراوەکە یان ئەوەی وەقفێکی لەسەر کرابێت بزانێت بەکردەوەی کوشتن بێ بەش دەبێت ئەو کردەوەیە ناکات.

٥-(المصلحە) بەرژەوەندی: مەسلەحەت لە ئایینی ئیسلامدا بریتییە لە راکێشانی سود و نەفعێك (جلب المصلحة) یان دوورخستنەوەی زیان و زەرەرێك (درة المفسدة)، حوکمەکانی خوا هەمووی بۆ بەدیهاتنی ئەم دوو مەبەستە هاتووە.

من زیاتر لە (٦٠) ساڵە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام دەژیم بەخوێندن و دەرس وتنەوەیی و کتێب دانانو بەراوردکردن لەگەڵ یاسادا، لەم ماوەیەدا بۆم روون بووەوە هەر شتێك سودی تێدابێت بۆ ئادەمیزاد ئەوە لە ئاینی ئیسلامدا حەلاڵە ئەگەر ئەو سوود و نەفعە زیانێکی تیادا نەبێت بۆ یەکێکی تر.

هەروەها هەر شتێك زەرەر و زیانی تیادابێت بۆ ئادەمیزاد ئەو شتە خوا حەرامی کردووە، ئەگەر ئەو زەرەرە یان ئەو زیانە سودێکی گەورەی تیادا نەبێت بۆ کۆمەڵی ئادەمیزاد، وەك سزای تاوانبار بە حەپس یان بەجۆرێکی تر، زیانی تیادایە بۆ خۆی بۆ خێزانەکەی بۆ گەلەکەی، بەڵام هەموو ئایینەکان و یاساکانی جیهان ئەم سزایەیان پەسەند کردووە و بڕیاریان لەسەر دروست بوونی داوە، چونکە سودێکی گەورەی لێ پەیدا دەبێت ئەویش بریتییە لە پاراستنی گیان و ماڵ و شەرەفی مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا، چونکە ئەگەر پرسینەوە و سزا نەبێت بۆ تاوانبارەکان مرۆڤی خراپ ژیان تاڵ دەکەن لە کۆمەڵگەکەیان.

٦-(الاستحسان): خوای گەورە بۆ هەموو شتێك دوو حوکمی داناوە لەسەر ئادەمیزاد، یەکێکیان پێویستە لەسەری ئەنجامی بدات لە کاتێکدا هیچ عوزرێك و تەنگ و چەڵەمەیەکی نەبێت ئەمەش پێی دەوترێت (العزیمە)، حوکمەکەی تریان بۆ ئەوەیە کە پێویستە لەسەر ئادەمیزاد لە کاتێکدا کە عوزرێکی هەبێت یان لە ژیانێکی ئاسودەیی دا نەبوو ئەوا دەتوانێت پاش لاچوونی عوزرەکە ئەنجامی بدات، بۆ نمونە خوای گەورە رۆژوی رەمەزانی واجبکردووە لەسەر هەموو مرۆڤێکی باڵغ و ژیر بەڵام ئەگەر کەسێك نەخۆشبێت یان شیر بەمنداڵ بدات یان سەفەر بکات دەتوانێت رۆژوو نەگرێت لە رەمەزاندا لەو ماوەیەدا کە ئەو عوزرەی هەیە.

ئەنجامدانی حوکمی دووەم لە کاتی عوزردا هەروەك پێی دەوترێت روخسەت، واتە هەڵسان بەم حوکمە لەلای خوا شتێکی چاك و جوانە، هەروەك لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێ: ﴿يَاأَيُّها الَّذِينَ آمنُوا كُتِب عَلَيْكُمْ الصِّيَامُ كمَا كُتبَ عَلَى الَّذين مِنْ

قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ، أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾[1].

هەروەها خوای گەورە گۆشتی مردو و بەراز و خوێنی ئادەمیزاد یان ئاژەڵی حەرام کردووە لەسەر مرۆڤ لە کاتێکدا عوزرێکی نەبێت ئەمە پێی دەوترێت (عزیمە)، بەڵام بۆی حەڵاڵ کردووە لە کاتی عوزردا ئەمە پێی ئەوترێت روخسەت، هەروەك لەم ئایەتەدا فەرموویەتی: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ﴾ لە کۆتایی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ[2] غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِإِثْمٍ[3] فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾[4].

واتە: لە کاتی ئاسودەیی و بێ عوزریدا گۆشتی مردو و بەراز و خواردنەوەی خوێن حەرامە لەسەر ئادەمیزاد چونکە توشی نەخۆشی و دەردەداری دەکات، بەڵام لەکاتێکدا کە گرانی بێت و خواردنی تری دەست نەکەوێت، دروستە ئەمانە بخوات بەمەرجێك ئەم خواردنە لە سنوری پێویستی تێ نەپەڕێت.

لە (فقە)ی ئیسلامیشدا یاسا دانراوە: (الضرورات تجيز المحظورات)، واتە: زەرورەت شتی حەرام رێگە پێدەدات-بۆ ماوەیەکی کاتی-.

ئینجا هەڵسان بەم حوکمە دروستە لە کاتی پێویستیدا پێی دەوترێت (روخسەت)، زاناکانی (أصول الفقه)ی ئیسلامی وتویانە: استحسان: (استثناء بعض الجزئيات من القاعدة الكلية، لما يوجب ذلك).

واتە: (استحسان) بریتییە لە حوکمێك کە وەك حوکمی روخسەت وایە بەکاردەهێنرێت لە کاتی عوزر و پێویستیدا، ئەم حوکمە لە جێگای حوکمە ئەسڵییەکەدا دادەنیشێت لە کاتی پێویستی و عوزردا.

٧-(العرف): ئەگەر شتێك لە کردەوە یان وتە زۆر جار بەکارهێنرا لەنێو گەلێکدا یان لەناو هەموو گەلاندا ئەوە پێی ئەوترێت عورف، ئینجا ئەم عورفە ئەگەر دژی ئایینی ئیسلام و یاسا نەبێت (مجتهد) یان قازی یان موفتی ئەتوانێت حوکمی لەسەر بنیاد بنێت.

---

[1] سورة البقرة/١٨٣-١٨٤.

[2] مخمصة: برسێتی.

[3] لإثم: بەم جۆرە تەجاوزەکان لە سنوری زەرورەت و پێویستین.

[4] سورة المائدة/٣.

وەك ئێستا لە عێراقدا مارەیی ژن نیوەی بە پێشەکی دەدرێت بە ژنەکە نیوەکەی تری لە پاش مردنی مێردەکەی پێ دەدرێت، یان لە پاش تەلاق دانی ئەگەر تەلاق درا.

بەلام ئەگەر عورفەکە دژی ئایین یان یاسا بوو ئەوە دروست نیە حوکمی لەسەر بنیاد بنرێت، وەك ئەو قاعیدە فیقهیەی دەلێت: (العرف محکم) وەك کرینو فرۆشتن ناکرێت بەبێ مامەلە.

وەك سەر قوفلانە کە ئێستا لە عێراقدا باوە یان دروست کردنی خواردن لە رۆژی سێیەمی پرسەدا لەسەر ئەرکی خاوەن مردووەکە، ئەم جۆرە عورفە نابێت پەیرەوی بکرێت.

٨-(سد الذرائع): ئەگەر شتێك خۆی دروست بوو بەلام ئەنجامەکەی نادروست بوو ئەوا خۆشی بە نادروست دادەنرێتو قەدەغە دەکرێت، وەك کەسێك دیاریەك بنێرێت بۆ ئافرەتێك مەبستی لەم دیاریە ئەوە بێت پەیوەندیەکی نارەوای لەگەل ببەستێت ئەو دیاریە بە حەرام دادەنرێت دەبێ قەدەغە بکرێت، هەرچەند دیاری بۆ خۆی شتێکی زۆر باشە بەلام ئەگەر بەکارهێنرا بۆ گەیشتن بە ئامانجی نارەوا خۆشی بەنارەوا لە قەلەم دەدرێت.

٩- (الاستصحاب): مرۆڤ کە لە دایك دەبێت بێ تاوان و بێ گوناهەو گەردنی ئازادە لە هەموو مافی مرۆڤێکی تر، لەبەرئەوە هەر کاتێك گەورە بوو یەکێك داوایەکی لەسەر تۆمار کرد پێویستە لەسەر قازی یان موفتی بەو جۆرە کە لە دایك بووە تەماشای بکات، نابێت رازی بێت بەو داوایە تاوەکو خاوەنەکەی بەتەواوی ساغی نەکاتەوە، سەرچاوەی ئەمەش ئەو قاعدە شەرعیەیە کە دەلێت: (الاصل في الانسان براءة ذمته من جميع الالتزامات المدنية والجنائية حتى يثبت خلاف ذلك).

هەر لەسەر ئەم سەرچاوەیە قاعیدەی شەرعی یاسایی کە دەلێت: (المتهم بريء حتى تثبت إدانته)، واتە: هەموو کەسێك تۆمەتێك بدرێتە پالی پێویستە لەسەر قازی بەبێ تاوانی بزانێت تۆمەتەکەی ساغ بکرێتەوە بەبەلگەی شەرعی و یاسایی.

ئەگەر ژنێك شوی کرد بە پیاوێك لەپاش ماوەیەك داوای کرد لە قازی یان مامۆستای ئاینی مارەی بکات لە پیاوێکی تر پێویستە لەسەر ئەو قازیە یان ئەو مامۆستا ئاینی یە بڕیار بدات کە هێشتا ئەم ژنە پەیوەندی ماوە لەگەل مێردە پێشوەکەی هەتا بیسەلمێنێت کە مێردی پێشو مردووە یان تەلاقی داوەو عیدەی تەواو بووە.

بەڵگـەی قازیەکـە و مامۆسـتا ئـاینی یەکـە سەرچـاوەی (استصـحاب)ە، واتـە: (استصحاب) ئەوەیە کـە هـەر شتێك حـوکمێکی هـەبوو لـەوەو پـێش دادەنرێت ئـەو حوکمـە هـەر بەرپایـە تـاوەکو پێچـەوانەی ئـەوە روون بکرێتـەوە بەبەڵگـەی شـەرعی و ئاینی.

ئینجـا ئـەم سەرچـاوانە کـە ئیمامـەکانی هـەموو مەزهەبـەکانی ئیسـلام حوکمیـان لێ دەرهێناون لەرێگای (اجتهـاد)ەوە، مامۆسـتا ئـاینی یـەکانی کوردسـتان بـە سـاڵەهای سـاڵ بەدەرس دەیان وتەوە لە مەدرەسە ئایینیەکاندا، بەڵام رۆژێك لە رۆژان ئەم سەرچاوانەیان بەکار نەدەهێنا بەوجۆرەی کە ئیمامـەکانی مەزهەبـەکان بـەکاریان هێنـا، بـەڵکو هەرکەسێك هـەر پرسیارێکی ئایینی لێ بکردایە هەڵمەتیان دەبرد بۆ کتێبێك لە کتێبەکانی مەزهەبی شافعی بۆ ئەوەی بزانن وەڵامەکەی لەناو ئەم کتێبەدا چۆنە. بەپێی ئەوە ئـەوانیش وەڵامیـان دەدایـەوە بەمەرجێك کە ئەم مامۆستا ئاینی یە هەندێك جار گەلێك زاناتر بووە لە خاوەنی ئەو کتێبە.

ئینجا هەر بەم جۆرە زاناکانی ئایینی ئیسلام لـە کوردسـتاندا، هەریـەکێك وەك چرایەك وابوو لە ماوەی ژیانیدا کاتێك دەکوژایەوە بەکۆچی دوایی لـە پـاش خـۆی هیـچ روناکییـەکی بەجێ نەدەهێشت کە ئـایینی ئیسـلام یـان گەلەکـەی سـوودی لێ وەربگرێـت مەگـەر لـەدوای خۆیان نووسینێکیان بەجێ هێشتبێ.

ئیمامی مەزهەبەکان

ئەو ئیمامـانە کە مەزهەبەکانیان پەیڕەوی لێ دەکرێـت لـە وڵاتـە موسـوڵمانەکاندا بـریتین لەمانەی خوارەوە بەپێی زنجیرەی سەردەمی هەریەکێك لەوانە:

یەکەم: ئیمامی جابر الاباضی (٣-٨٢ك):

جابری کوڕی زەید یەکەم کەسێکە لە ئیسلامدا یەکەم مەزهەبی دانا کە پێی دەوترێت مەزهەبی (الاباضی). بە (تابعی) دادەنرێت لە لای عبداللەی کوڕی عەباس و ئەنەسی کوڕی مالیك و عبداللەی کوڕی عمر خوێندویەتی، خوێندنەکەی گەلێك کەمتر بووە لە خوێندنی مامۆستای ئاینی کوردستان لەگەڵ ئەوەش مەزهەبێکی سەربەخۆی بۆ خـۆی دانا ئێستا لە وڵاتی (عمان) پەیڕەوی ئەم مەزهەبە دەکرێت.

سەرچاوەکانی مەزهەبەکەی هەمان ئەو سەرچاوانەیە کە باسمان کرد.

دووەم: ئیمام جعفر الصادق (٨٠-١٤٨ك):

ئیمام جەعفەر کوڕی محەمەد باقر کوڕی عەلی زین العابدین کوڕی حسین کوڕی عەلی کوڕی أبی طالب دایکی (وفره)ی کوڕەزای حەزرەتی (أبوبکر)ە، ئەو کتێبانە کە ئەم ئیمامە خوێندویەتی گەلێك کەمتر بووە لە کتێبەکانی مامۆستای ئاینی کوردستان خوێندویانە، ماوەی خوێندنەکەشی گەلێك کەمتر بووە لە خوێندنی ئەوان، لەگەڵ ئەوەش توانی مەزهەبێکی سەربەخۆ دابنێ کە پێی دەوترێت (المذهب الجعفري) کە گەورەترین مەزهەبی شیعەیە بە ملیۆنەها موسوڵمان لە ئێران و عێراق و وڵاتەکانی تردا بەپێی ئەم مەزهەبە دەچن بەڕێوە، سەرچاوەی ئەم مەزهەبە ئەمانەی لای خوارەوەیە:

١-قورئانی پیرۆز.

٢-فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ.

٣-فەرمودەکانی دوانزە ئیمامەی شیعە.

٤-ئیجماع (اجماع)ی هەموو موسوڵمانەکان یان ئیجماعی ئیمامەکانی خۆیان.

٥-عەقل و ژیری: لای شیعە هەر کاتێك دووچاری شتێك بوون لە چوار سەرچاوەکەی پێشوودا حوکمەکەیان نەدۆزیەوە، لەرێگای عەقڵ و ژیریەوە حوکمەکەی ئەدۆزنەوە، بەو مەرجە دژی ئەو چوار سەرچاوەیە نەبێت، دیارە ئەو ژیری و عەقڵە کە ئیمامی جەعفەر بویەتی مامۆستا ئاینییە چاکەکانی کوردستانیش بوویانە بەڵام هیچ وەخت بەکاریان نەهێناوە.

سێیەم: ئیمام زید (٧٦-١٢٢ك):

زیدی کوڕی عەلی زین العابدین کوڕی حسین کوڕی علی کوڕی ئەبی طالب، ئەم ئیمامە لای باوكو براکەی ئیمام محەمەد باقر و عبدالله ی کوڕی حسین و عطا مەزهەبی موعتەزیلەی خوێندووە، خوێندنەکەی هەمووی زۆر کەمتر بووە لە خوێندنی مامۆستا ئاینییە باشەکانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەش توانی مەزهەبێکی سەربەخۆ دابنێ کە ئێستا خەڵکێکی زۆر لەوڵاتی یەمەن و چەند وڵاتێکی تر پەیڕەوی لێ دەکەن.

سەرچاوەکانی ئەم مەزهەبە ئەمانەی خوارەوەیە:

١-قورئانی پیرۆز.

٢-فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ.

٣-ئیجماع (الاجماع).
٤-قیاس.
٥-عەقڵ و ژیری.

ئەم مەزهەبە هەرچەندە بەشێکە لە مەزهەبی شیعی بەڵام وەك جەعفەرییەکان (تعصب)ی تایفەگەریان نیە، بەڵکو ئەم مەزهەبە پێك هاتووە لەو ڕایانەی کە لە هەموو چەرخێکدا پەسەند دەکرێن.

چوارەم: ئیمام ئەبو حەنیفە (٨٠-١٥٠ك):

ئەبو حەنیفە ناوی نعمان کوڕی ثابت کوڕی ماە لە ئەسڵدا فارس بووە، لەشاری کوفە بازرگانی کردووە بەڵام زۆری پێ خۆشبووە هەردەم لە پاش ئیش و کاری بازرگانی لە مەجلیسی زاناکانی ئایینی ئیسلام دابنیشێ گوێ بگرێت لە وتە و ڕای ئەوان، لەم ڕووەوە خۆشەویستی خوێندەواری بووە چوەتە قولایی مێشکیەوە وازی لە بازرگانی هێناوە و دەستی کردووە بە خوێندن، خوێندنی زیاتر لای حەمادی کوڕی ئەبی سلیمان بووە لە مەدرەسە ئاینیەکەی کوفەدا، ئەگەر خوێندنەکەی ئیمامی حەنەفی بەراورد بکرێت لەگەڵ خوێندنی مامۆستای ئاینی کوردستان (١٠٠%) زیاتر نەبووە، بەڵام لەبەر ژیری خۆیی و تێگەیشتنی لە ژیانی خوێندەواری و بازرگانی مەزهەبێکی تایبەتی بۆ خۆی دروست کردووە کە ئێستا باشترین مەزهەبە لە جیهانی ئیسلامدا، ئەم مەزهەبە دەگونجێت بۆ هەموو زەمان و شوێنێك، (٥٠%) یاساکانی باری کەسێتیو مەدەنی لە ولاتە عەرەبیەکاندا لەم مەزهەبە وەرگیراوە، دەوڵەتی عوسمانی (خەلافەتی عوسمانیەکان) تا ئەو ڕۆژەی کۆتایی پێ هات پەیڕەوی ئەم مەزهەبەیان دەکرد، سەرچاوەی یاسای تایبەتیان لە هەموو شتێکدا ئەم مەزهەبە بوو.

سەرچاوەکانی ئەم مەزهەبە بریتی بوو لەو هەشتەی کە باسمان کرد، ئەبوو حەنیفە دەڵێت: ئەگەر شتێك ڕووی دا لە قورئانی پیرۆز دا دەگەڕێم بۆ حوکمەکەی، ئەگەر دەستم نەکەوت دەچمە سەر فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ، ئەگەر لەوێش دەستم نەکەوت دەچمە سەر فەرمودەی یارانی پێغەمبەر ﷺ، ئەگەر لەم سێ سەرچاوەیە دەستم نەکەوت بۆ خۆم ئیجتهاد دەکەم، لە ڕێگەی ئیجتهادەوە حوکمەکە دەدۆزمەوە هەروەك خەڵکی تر چۆن ئیجتهادی کردووە.

ئیمامی ئەبو حەنیفە هەرچەند بلیمەتێکی زۆر گەورە بووە بیروباوەڕی زۆر قوڵ بووە، بەڵام بڕوا ناکەم مەلای قزلجی و مەلای پێنجوینی و مەلای نۆدشی و مامۆستا

ئاینییه گەورەکانی کوردستان هیچ وەخت لەو کەمتر بوبن لەرووی زانستو زانیارییەوە، بەڵام ئەو مامۆستا ئاینییانە هیچ بەرهەمێکیان بەجێ نەهێشت لەبەر دوو شت:

یەکەم: خۆیان تەسلیمی مەزهەبی ئیمامی شافعی کرد.

دووەم: تەمەنی خۆیان بەدەرس وتنەوە و حاشیە دانان بەسەر کتێبەکان بەسەر بردوو زاناییەکەیان دەکوژایەوە بەکۆچی دوایی خۆیان.

پێنجەم: ئیمامی مالك (٩٣-١٧٩ك):

ئیمامی مالیك کوڕی ئەنەس کوڕی مالیك کوڕی عامر لای عبدالرحمن کوڕی هرمز خوێندوویەتی، هەروەها لای عبدالرحمن کە پێی وتراوە (ربیعە الرأی) دەستی کردووە بە تەدریس و فەتوادان لە مەدینە کاتێك کە تەمەنی گەیشتوەتە (١٧) ساڵ، لە پاشاندا مەزهەبێکی سەربەخۆی داناوە کەسەرچاوەکانی بریتییە لەو هەشت سەرچاوەیەی کە باسمان کرد، ئەم مەزهەبە زۆر پێش کەوتووە بەهۆی جێگەکەیەوە چونکە شوێنەکەی مەدینەی پیرۆز بووە کە جێگای پێغەمبەر و یارەکانی بووە، لە لایەکی تریشەوە سودی وەرگرتووە لەو پرسیارانەی کە لە ئیمامی مالیك کراوە لە هەموو وڵاتە ئیسلامیەکانەوە لەکاتی حەجدا کە حاجییەکان چونەتە مەدینە هەر پرسیارێکیان بوبێت هی وڵاتەکەیان لەویان پرسیووە ئەمەش بۆتە هۆی پێشکەوتنی مەزهەبەکەی، یاسای مەدەنی فەرەنسی کە لە سەردەمی ناپلیۆن دانراوە واتە لە ساڵی (١٨٠٤)دا زۆر سودی وەرگرتووە لە مەزهەبی ئیمامی مالیك، ئەتوانین بڵێین ئەوەی لەم یاسایەدا هەیە (٤٠٪)ی لە مەزهەبی ئیمامی مالیك وەرگیراوە.

ئاشکرایە کە ئەم ئیمامەش لە مامۆستا ئاینییە باشەکانی کوردستان خوێندەوارتر نەبووە، بەڵام لەبەر ژیری خۆی خۆی نەبەستووەتەوە بە مەزهەبێکی ترەوە بەڵکو هەوڵی داوە بەخۆی و قوتابییەکانەوە، جوانترین مەزهەبیان بەجێ هێشتووە بۆ موسوڵمانەکان.

شەشەم: ئیمامی شافعی (١٥٠-٢٠٤ك):

ناوی محەمەد کوڕی ئیدریس کوڕی عەباس کوڕی عثمان کوڕی شافع کوڕی عبدالمناف.

لە غەزە کە شارێکە لە فەلەستین لە دایك بووە، لە پاش دوو ساڵ باوکی مردووە، دایکی بردویەتیەوە بۆ مەککە چونکە باوکی خەڵکی ئەوێ بووە، هەر بە منداڵی

قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە، لە زمانی عەرەبیدا زۆر بەهێز بووە، لە لای ئیمامی مالیك کتێبی (الموطأ) کە دانراوی ئیمامی مالیکە خوێندویەتی.
لە لای محەمەدی شەیبانی لە بەغداد ماوەیەك خوێندویەتی، شایانی باسە محەمەدی شەیبانی یەکێکە لە قوتابییەکانی ئیمامی ئەبو حەنیفەو زانایەکی زۆر هەڵکەوتوو بووە.
لە پاش ئەوە ئیمامی شافعی کە شارەزای مەزهەبی ئیمامی مالیك و مەزهەبی ئیمامی حەنەفی بووە. مەزهەبێکی سەربەخۆی بۆ خۆی دروست کردوە کە پێك هاتووە لە بیروڕای ئەو دوو مەزهەبەو بیروڕای مەزهەبەکانی تر. شافعی بلیمەتێکی زۆر گەورە بووە، مەزهەبەکەی لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکاندا بەکار دێت، من خۆم مەزهەبم شافعیە لەرێگەی تەقلیدەوە.
ئیمامی شافعی لەلام زۆر گەورە و بەرێزە، دەمەوێت ڕاستییەت بە مامۆستایانی کورد بڵێم، کە ماوەی (٥٠) ساڵە لەگەڵ ئەم مەزهەبە دەژیم بە نووسین و دەرس وتنەوە و بەراورد کردن لەگەڵ مەزهەبەکانی تردا، تا ئێستا توشی رایەك و فەرمودەیەکی شافعی نەبووم کە لە پێش ئەودا نەوترابێت. ئینجا ئەوەی کە شافعی کردویەتی زۆر لە مامۆستا چاکەکانی دەیانتوانیّ بیکەن، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی بیروڕای ئەم و ئەو، بەڵام ئەوان وەك ئیمامی شافعی ژیرو بەجورئەت نەبوون، بەڵکو وەك باسم کرد ماوەی خۆیان بە دەرس وتنەوەی ئەو شتانە تەواو دەکرد، کە نە گەلەکەیان کەڵکی لیّ وەرگرت نە ئایینی ئیسلام.
شایانی باسە هەندێك (حدیث)ی درۆ لە بابەت ئیمامی شافعییەوە هەڵبەستراوە بەدەمی پێغەمبەرەوە کە هیچ ئەساسێکیان نیە.

حەوتەم: ئیمامی ئەحمەد (١٦٤-٢٤١ك):

ناوی ئەحمەد کوڕی محەمەد کوڕی حنبل کوڕی هلال زەهلی ناسراو بە ئیبن حەنبەلە، بەرەچەڵەك دەچێتەوە سەر فارسەکانی شاری (مروی)، بەڵام لە بەغدا لە دایك بووە و گەورە بووە.
لە لای زانا ئاینیەکانی بەغدا و بەسرە و مەدینە و شام خوێندنی تەواوکردووە، لە تەمەنی شانزە ساڵیدا قوتابی أبی یوسف بووە، کە یەکێکە لە فقهای مەزهەبی حەنەفی، هەروەها لای ئیمامی شافعی ماوەیەك خوێندویەتی لە پاش وەفاتی شافعی سەربەخۆیی وەرگرت مەزهەبێکی تایبەتی پێکەوەنا، سەرچاوەکانی زیاتر

فەرمودەکانی پێغەمبەرە ﷺ لەگەڵ سەرچاوەکانی تر کە لەوەو پێش باسمان کردن، لە پاش خۆی دوو ئیمام پەرەیان بەم مەزهەبەدا:

١-إبن تیمیە (٦٦١-٧٢٨ك).

ناوی (ئەحمەد کوڕی عبدالحلیم کوڕی عبدالسلام)ە.

٢-إبن القیم (٦٩١-٧٥١ك).

ناوی (محمد کوڕی أبوبکری کوڕی أیوب کوڕی سعد)ە.

ئەم دوو ئیمامە زۆر پێشکەوتوو بون، بەپێی ئەو زەمانە ژیری و مێشکێکی فراوانیان هەبووە، لەبەرئەوە هەندێ شتیان خستوەتە ئەم مەزهەبەوە کە ئەمڕۆ موسوڵمانەکان زۆر سودی لێ وەردەگرن، وەك ئەوەی کە تەڵاقی سێ بەسێ یەك تەڵاقی پێ دەکەوێت، هەر تەڵاقێك تعلیق بکرێت بەشتێکەوە ناکەوێت، یان سوێند خواردن بە تەڵاق ئەویش تەڵاقی پێ ناکەوێت چونکە سوێند خواردن بە غەیری خوا و سیفەتەکانی بە تاڵە.

شایانی باسە تعلیقی تەڵاق و سوێند خواردن بە تەڵاق لەئیسلامدا نیە، نە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ هەبووە نە لە سەردەمی (خلفاء الراشدین)دا، بەڵکو ئەمەوییەکان ئەم دوو جۆرە تەڵاقەیان خستە ناو ئایینی ئیسلامەوە، کاتێك عەلەوییەکان بەربەرەکانیان دەکرد لەگەڵ ئەمەوییەکان لەسەر خەلافەتی ئیسلامی، ئەمەوییەکان شکیان لە هەرکەسێك ببوایە کە لەگەڵ عەلەوییەکان بێت لە دژی ئەوان سوێندیان ئەدا بە قورئان، دوایی بۆیان دەردەکەوت کە سوێند خۆرە عەلەوییەکە لە دژی ئەوان ئەجوڵێتەوە سوێندەکەی بە درۆوە خواردووە، لەبەرئەوە وازیان هێنا لە سوێنددان بە قورئان گۆڕیان بە سوێنددان بە تەڵاق بۆ ئەوەی ئەو کەسەیە درۆزن دەرچوو لە دوایدا ژنەکەی لێ بسێننەوە و نەیەڵن بڕواتەوە لای، بەم جۆرە بۆ یەکەجار لە ئیسلامدا سوێند خواردن بە تەڵاق پەیدا بوو، کە مامۆستای ئاینی کوردستان بە هەزاران ماڵی کوردیان وێران کردووە بەوەی فەتوایان داوە کە سوێند بە تەڵاق تەڵاقی پێ دەکەوێت ئەگەر سوێند خۆرەکە بە پێچەوانەی سوێندەکەیەوە بجوڵێتەوە، لەگەڵ ئەوەیش لە هەموو سەرچاوەکانی فیقهی ئیسلامی دەڵێن سوێند بە غەیری زاتی خوا و صیفاتی خوا بەتاڵە، هەندێك دەڵێن کفرە، هەندێك دەڵێن شرکە.

هەروەها ئەمەوییەکان گومانیان لە هەرکەس بکردایە کە لەگەڵ عەلەوییەکانە پێیان دەوت بڵێ هەر وەخت لەگەڵ عەلەویەکان ئیشم کرد دژی ئێوە تەڵاقم بکەوێت، بەم

جۆرە (تعلیق)یش پەیدا بوو بڵاوبوەوە لەئیسلامدا کە هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نیە لە قورئانو فەرمودەکانی پێغەمبەردا.

هەشتەم: داود الظاهری (٢٠٠-٢٧٠ك):

داود کوڕی علی الظاهری کوڕی خلف، لە بەغدا لە دایك بووەو خوێندنی تەواوکردووە، بەڵام بنچینەکەی خەڵکی أصفهان بووە لە ئێران، یەکێکە لە قوتابیەکانی ئیمامی شافعی، بەڵام لە پاشان وازی هێنا لە دوا کەوتنی ئیمامی شافعی بۆخۆی مەزهەبێکی سەربەخۆی پێکەوە نا کە ناو دەبرێت بە مەزهەبی (ظاهری)، چونکە سەرچاوەکانی (ظاهری)ی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری خودایە، ئەم مەزهەبە ددان نانێت بە سەرچاوەکانی تردا جگە لە إجماعی صحابە.

پاشان یەکێك لە فەقێکانی کە ناوی ابن حزم الظاهری (٣٨٤-٤٥٦ك) پەرەی دا بەم مەزهەبە ئەمەش ناوی عەلی کوڕی ئەحمەد کوڕی حزم ناسراوە بە (أبو محمد)، لە قرطبە لە دایك بووە لە ئەندەلوس واتە ئیسپانیای ئێستا کاتێك کە موسوڵمانەکان حوکمڕانی ئەو شوێنەیان دەکرد، بوبە وەزیر لە سەردەمی عبدالرحمن کوڕی هشام لە ساڵی (٤١٤ك)دا.

باوەڕناکەم لە فقهاکانی ئیسلامدا هیچ کەسێك بوبێت هێندەی ئەم شارەزا بوبێت لە هەموو جۆرە زانستێکدا.

یەکەم جار خەریکی مەزهەبی شافعی بوو، لە پاشان وازی لەم مەزهەبە هێنا کەوتە دوای داودی ظاهری، هەروەك ئەو هیچ سەرچاوەیەکی پەسەند نەکرد جگە لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و إجماعی صحابەکانی.

شایانی باسە لەم باسە کورتەی ئەو هەشت سەرمەزهەبە کە لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا بڕوا پێکراون و بەپێی ئەوانە هەڵدەستن، بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ یەکێك لەو سەرۆك مەزهەبانە هێندەی مامۆستا ئاینی یە باشەکانی کورد خوێندەوار و شارەزا نەبون لەو زانستانەدا کە یارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆ دەرهێنانی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی لە قورئانی پیرۆز و حەدیثی پێغەمبەر ﷺ .

بەڵام هەروەك باسمان کرد ئەو هۆیانە کە نەیانهێشت ئەو مامۆستا ئاینی یە چاکانە یەکێکیان ببێت بە خاوەن مەزهەبێك وەك عەرەبەکان، دوو شت بوون:

یەکەم: خۆبەستن بە مەزهەبی ئیمامی شافعییەوە و بیروباوەڕێکی زۆر بەم مەزهەبە، بەجۆرێکی وا لە لایان لە پاش خوا و پێغەمبەر تەنها ئیمامی شافعی هەیە کە هی ئەوەیە کە مرۆڤ دوای بکەوێت.

دووەم: هەڵەی خوێندن و دەرس وتنەوە لە مەدرەسە ئایینیەکانی ئیسلام لە کوردستاندا، چونکە بەساڵەهای ساڵ مامۆستای ئاینی دەرسی دەوتەوە هیچ وەخت کەم تەرخەمی نەدەکرد بە سەرچاوە گەورەکانی شەریعەتی ئیسلام کە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەرن، ئەگەر مامۆستای ئاینی بیویستایە دەرسێکی تەفسیر بە فەقێیەك بڵێت جگە لە تەفسیری (بیضاوی) هیچی تر لە لای بایەخی نەبوو، ئەم تەفسیرە زۆرترین ئەو حدیثانە کە باسیان دەکات لە کۆتایی هەموو سورەتێکدا ئەساسیان نیە و بەدەمی پێغەمبەرەوە هەڵبستراون.

دیارە ساویلکەیی کورد و دڵپاکی خۆی نەیهێشتووە هیچ وەخت پێش بکەوێت نە لە ئاییندا نە لە سیاسەتدا.

لە حەنەفییەوە بۆ شافعی لە شافعیەوە بۆ حەنەفی:

لەمەزهەبی ئیمامی حەنەفیدا ئافرەت کچ یان بێوە ژن ئەگەر بالغ و ژیر و رەشید بێت ئەتوانێت خۆی مارە بکات لەو پیاوە کە هەڵی دەبژێرێت بۆ هاوبەشی ژیانی بەبێ ئەوەی بەڵێن لە وەلیەکی وەربگرێت. (باوکی یان باپیری یان برای یان کەسێکی تری نزیك). بەڵگەی ئیمامی حەنەفی ئەوەیە ئەڵێت هەروەك ئەم ئافرەتە ئەگەر ماڵێکی هەبێت نەتوانێت بەسەربەخۆیی خۆی بەبێ ڕێپێدانی وەلییەکەی تصرف لەم ماڵەدا بکات چونکە ماڵی تایبەتی خۆیەتی بەشی کەسی پێوە نیە ئەتوانێت تصرف لە نەفسی خۆشیدا بکات بەوەی کە شوو بکات بە هەرکەسێك کە خۆی حەزی لێ بکات، بە پێچەوانەی مەزهەبی ئیمامی شافعی ئەو لای وایە خوا ئەم سەربەخۆییەی نەداوە بە ئافرەت بەڵکو هەردەم پێویستە وەلییەکەی باوکی یان باپیری یان برای مارەی بکات لەو کەسەی کە هەردوکیان ڕەزامەندبن لەسەری، چونکە ئافرەت ئەگەر ئەو سەربەخۆییەی بدرێتێ کە ئیمامی حەنەفی فەرمویەتی زۆر جار هەڵدەخەڵەتێت دەکەوێتە داوێکەوە پاشە ڕۆژی ژیانی ژن و مێردایەتی لێ تاڵ دەکات، جگە لەوەی قیاسی نەفسی ئافرەت ناکرێت لەسەر ماڵی چونکە ئافرەت ئەگەر بەسەربەخۆیی خۆی شوو بکات بۆ خێزانەکەی ناشیرین و نا ڕەوا دەبێت، ناویان لەناو خەڵکیدا بەخراپە دەبرێت،

واته شوکردن یان ژن مارەکردن هەروەك پێویستی بە دوو شایەت هەیە هەروەها پێویستیشی بە موافەقەی وەلییەکەی هەیە.

ئینجا بێینەوە سەر گۆڕینی مارەکردنی حەنەفی بە شافعی زۆر جار ڕوودەدات ئافرەتێك حەز لە پیاوێك دەکات بەڵام پیشەکی دەزانێت وەلیەکەی و کەس و کارەکەی رازی نابن بەم شوکردنە، یان ئەو پیاوە ژنێکی تری هەیە لەبەرئەوەی ئاژاوە پەیدا نەبێت لەماڵەکەیدا دەچێت بە دزیەوە ئەو ژنە کە لە گەڵی ڕێکەوتووە مارە دەکات لای مامۆستای ئاینی و بەئامادەبوونی دوو شاهید بەمەزهەبی حەنەفی، ماوەیەك لەگەڵ ئەم ژنە بەدزیەوە ژن و مێردایەتیەکەیان بەسەر دەبەن، لە پاشاندا خۆیان بەگوناهبار دەزانن بەرامبەر بە شافعی کە بە مەزهەبەکەی ئەو مارە کردنەکە تەواو نەبووە، یان ڕۆژێك لە ڕۆژان خزم و کەس و کارەکەی ئەو یەکگرتنەیان پێ ڕەوا دەبێت، یان ژنە پێشوەکەی رازی دەبێت لەسەر ئەو مارە کردنە یان دەمرێت یان تەلاقی دەدات، ئینجا بۆ جارێکی تر دەچنەوە لای مامۆستای ئاینی بۆ ئەوەی مارە بکرێتەوە بە مەزهەبی شافعی بە موافەقەتی وەلیەکەی و حازر بوونی دوو شاهید.

بۆ نمونە مەلا (ع) لە سلێمانی مزگەوتەکەی نزیکی مزگەوتەکەی من بوو، زۆر برایەتیمان خۆشبوو، منیش زۆر ڕێزم دەگرت چونکە پیاوێکی زۆر ڕاست بوو، ئەوەی لە دڵیدا بوو بەزمان دەیوت دووڕوویی نەبوو، منیش ئەو جۆرە پیاوانەم زۆر خۆش دەوێن، ئەم برادەرەم بوو بوو بە خەلیفەی شێخ (ع.ك) دەروێشێکی ئەم شێخە کە ناسراوی دەبێت کۆچی دوایی دەکات، ژنەکەی (أ) ئافرەتێکی بە حورمەت و بەشەوکەت بوو لەگەڵ یەکتر ڕێك دەکەون بەدزی ژنەکەیی و باوکی ئەو ژنەوە مارەی دەکات بە مەزهەبی حەنەفی، دوو ساڵ ژن و مێردایەتی لەگەڵ کرد بەنهێنی، لە پاشان توانی باوکی ئەو ژنە ڕەزامەند بکات کە بۆ جارێکی تر لێی مارە بکاتەوە بە شافعی، هات بۆ لای من وتی: ئیشێکی وام کردووە دەمەوێت تۆ لە حەنەفیەوە بۆم بکەیت بە شافعی لە پاش ڕەزامەندی باوکەکەی.

ڕۆژێکی بڕیاردا پێکەوە ڕۆشتین بۆ ماڵی باوکی ژنە تازەکەی، باوکی حازر بوو لەگەڵ دوو شایەت سەر لەنوێ من مارەم کردەوە لەسەر مەزهەبی شافعی، ئەو ڕۆژە ژنەکەی خواردنێکی زۆر خۆش و بەلەزەتی دروست کردبوو کە ئێستاش هەست بە لەزەتەکەی دەکەم، چایەکی لێ نابوو پڕی کردبوو لە هێل، کاتێك گەڕامەوە وتم بە دایکی محمد ئەمڕۆ نان و چاییەکی زۆر بەلەزەتم خواردووە بەڵام خوا پاشە ڕۆژی بەخێر بگێڕێ، ئەم کردەوەیە ڕێکەوتی مانگێك پێش واز هێنانم بوو لە مەلایەتی و بونم بە ئیمامی سوپا، ڕۆژێك لە حوجرەی فەقێیەکان دەرسم

دەوتەوە دەبینم ژنە کۆنەکەی مامۆستا مەلا (ع) هات هەردوو دەستی گرت بەملا و ئەو لای دەرگای حوجرەکەم. وتم فەرمووو وەرە ئەمدیوو.

وتی: لە شاری سلێمانیدا لەتۆ کافر تر نەبوو کە ئەو ژنە مارە بکات لە مەلا (ع).

وتم: خوشکم مێردەکەت دوو ساڵە بە مەزهەبی حەنەفی بەنهێنی لەگەڵ ئەو ژنەدا ژن و مێردایەتیان بەسەر بردووە، من تاوانەکەم تەنها ئەوەیە لە حەنەفییەوە بۆم کردووە بە شافعی.

ئینجا هەندێك قسەی ناشیرینی وت و رۆشت، پاش هەفتەیەك ژنە تازەکەی هات بە هەمان جۆر ئەمبەر و ئەوبەری دەرگاکەی گرت، وتی: تۆ لە کاتی مارەکردنەکەدا بەڵێنت دا بەمن کە مێردەکەی واتە مامۆستا مەلا (ع) خانووی سەربەخۆم بۆ بگرێت تا ئێستا هیچ شتێکی نەکردووە بۆم.


وتم: خوشکم من تاوانم چییە ئێوە ئەوە دوو ساڵە لەگەڵ یەکتر ژن و مێردن بۆ داوات نەکردووە خانووی سەربەخۆت بۆ بگرێ.

وتی: من تۆ ئەناسم خانووم لەتۆ ئەوێ.

ئینجا نیوەڕۆ کەچوومە ماڵەوە بۆ دایکی محمدم گێڕایەوە وتم نان و چێشتی رۆژی مارە کردنەکەیان لێکردم بە زەهری مار.

شایانی باسە تا ئەو مانگە تەواو بوو کە وازم لە مەلایەتی هێنا و بووم بە ئیمامی سوپا رۆژێك ژنە کۆنەکە ئەهاتە سەرم رۆژێك ژنە تازەکە، بەڵام خوا قوتاری کردم لەدەستی ئەو گوناهە کە مامۆستا مەلا (ع) پێی کردم، ژن هێنانەکەم لە حەنەفیەوە بۆ کرد بە شافعی.

لەنێوان ژیانی مەلایەتی و سەرەتای ژیانی ئیمامەتی سوپا، دەڵێم بە مامۆستایانی بەڕێزی کورد، ژنهێنان و تەڵاقدان و مەرجەکانیان، خواو پێغەمبەر بڕیاری داون، لەپێش لەدایکبوونی ئیمامی (ئەبو حەنیفە)و ئیمامی (شافیعی)، ئەم ئاڵوگۆڕییە لەکوێوە هاتووە؟!



لە بەهاری ساڵی ١٩٢٤ز لە دێی زەڵم هاتومەتە ئەم دونیایەوە، تا ئێستا کە یاداشتەکانم دەنووسمەوە، نە لەم دونیایە گەیشتم و نە لەو کەسانەی لە گەڵیاندا ژیام، بیروباوەڕم بەخوای گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) و ئایینی ئیسلام زۆر پتەو و بەهێزە، چونکە ئەم بیروباوەڕەم لە ڕێگەی دواکەوتنی دایك و باوکەوە نەبوو - ئیمانی تەقلیدی- بەڵکو لەماوەی ژیانمدا لە نێوان بەراوردکردنی ئایینی ئیسلام و هەموو یاسای دەوڵەتان و بیروباوەڕی جیاوازو ئاینەکانی تر زیاتر لە چل ساڵ و، تێکەڵاویم لەگەڵ خەڵکی جیاوازی جۆر بەجۆر ئەم بیروباوەڕەم بۆ دروست بوو، شتێکم نەدی ئیسلام بڵێت مەیکە ژیری بڵێت بیکە، هەروەها بە پێچەوانەی ئەوەوە شتێکم نەدی ئیسلام بڵێت بیکە ژیری بڵێت مەیکە، گەورەترین شت بۆ ژیانی ئادەمیزاد لە ئیسلامدا ئەوەیە پەیوەندیت دەبەستیت بەهێزێکی نادیارەوە کە پێی دەوترێت - خوا- تەنها ئەو نادیارە دەتوانێت ڕۆحی نادیارمان خۆشحاڵ بکات و، هەر تەنها ئەوە دەتوانێت ڕۆحی نادیارمان لە ژەنگ و پیسیی جیهانی مادده ڕزگار بکات. تەنها ئەشقی خوای نادیارە خۆشییەکانی بێ سنوورە وەك زەریاکان.



